# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨٢ ، ساڵی حەوتەم، سەرماوەز ٢٧١٢ی کوردی، نۆڤەمبەر ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆتیف:

پەری عەبدولواحید

تیراژ

٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی... | عادل قادری | ٧ |
| لەنێوان عەقڵ و جەستەدا... | ئارام سدیق | ٢٢ |
| شەپۆرە تازەکانی شیعر و کەڕبوونی... | بڵند باجەلان | ٣٥ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| نامۆبوون... | زانا سامان | ٥٧ |
| ئەو شوێن پێیانەی لەسەر بەفر ئەچنەوە... | پشتیوان عەلی | ٥٩ |
| عەشق نائومێدییەکی خۆشە... | گۆران رەئوف | ٦٢ |
| دڵم کەوتۆتە ناو پێڵاوەکانتەوە... | سیروان کەریم | ٦٥ |
| چەند شیعرێکی کورت... | زمکان عەزیز | ٦٧ |
| چوار کورتەشیعر... | سارا زینەتی | ٧١ |
| من وا دەڕۆم... | شادی نەوزاد | ٧٣ |
| پرسەی تێپەڕبوونی تەمەن لەچاوەڕوانی... | ئەفسانە سروش | ٧٥ |
| لەتێک سێبەر... | فریاد عەلی | ٧٨ |
| شاری قەلا... | فەرهاد چۆمانی | ٨١ |
| سێ چیرۆکی زۆر کورت... | عەلی دەسماڵی | ٩٠ |
| ئەو رووبارە بۆ وا دوورە؟... | قادر عەلی خا | ٩٤ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| هەڤپەیڤین لەگەڵ مەنسوور کوشان... | سازدانی: بابەک سەحرانەوەرد | ٩٧ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| میراتی نیچە و چیرۆکی پۆست مۆدێرن... | پەرویز زەبیح غولامی | ١١١ |
| وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ موویان... | سولەیمان ئەبوبەکری | ١٣١ |
| گفتوگۆیەک لەگەڵ (گۆنتەرگراس)... | کارزان محەمەد | ١٣٤ |
| پەپوولەکان... | ئەمین گەردیگلانی | ١٤٠ |
| ڕێگا... | شەریف فەلاح | ١٤٣ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| قوبادی: ئەو فیلمە بۆ من لە دایکبوونێکی دیکەیە... | و: جەواد حەیدەری | ١٥٧ |
| چریکەی زیندوو، حەمە ساڵح دیلان... | جەلال هانیسی | ١٦١ |
| ئەحمەد ڕەئوف: شانۆ سەنگی مەحەکە... | دیداری: شەنکار عەبدوڵڵا | ١٦٤ |
| وتووێژ لەگەڵ ڤودی ئالێن... | و: ئازاد بەهین | ١٦٨ |
| هونەرمەند و سەردەمەکەی... | و: سەروەر عومەر | ١٧٢ |

پێشانگەی کتێب ١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە

کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی لێو — **عادل قادری**

لەنێوان عەقڵ و جەستەدا — **ئارام سدیق**

شەیپورە تازەکانی شیعر و کەڕبوونی خود — **بڵند باجەلان**

# کورتەیەک بۆ گوناهی سێو و مەعریفەتی لێو لە گۆشەنیگای شەیتانەوە!

(بە خوێندنەوەیەکی کورتی قەسیدەی گوناهی بەختیار عەلی)
خوێندنەوەیەکی فەلسەفی-ئەدەبی

**پێشکەشە بە «شلێر. ن» کە گوناهی یەکەمینم بوو...**

ئەمە منم؟
ئەی گوناهی
خۆشەویستی،
یان ئاوێنەی تۆ؟

**عادل قادری**

١ - ٢

**کلیل وشەکان: بوون-گوناە- مەعریفەت- زماناگۆ- زماندرێژ- تابۆ-هەبوون**

**هاتوچۆی مرۆڤ لەنێوان گوناە و مەعریفەتدا**

مەعریفەت تەنها پێشبوونێکە کە گومان هەڵگر نییە و لەوەی کە مرۆڤ گومانیش لە مەعریفەتی خۆی بکات هەر هێما و ئاماژەیەکە بۆ بوونی ئەم وزە، ئەم توانایییە یان وەکو زۆرتر وا دەنوێنێت و وادەڵێن ئەم گوناهە کە بە گوناهی یەکەمین ناوی زڕاوە. هەڵبەت درووستبوونی ئەم حاڵەتە بەو مەرجەیە کە بە روانین و عەقڵییەتی دیکارتی مەعریفەت بخوێنینەوە، واتە گومان و شک بە بنەمای بوون و تێفکرین بهێنینە ئەژمار، هەر بەم پێیەش لەئاوەها رەوتێکدا مەزەندەی ئەوەش بکەین کە خودی گومان، کرۆک و جەوهەری مەعریفەتە.

پێش لەوەی بچمە نێو قووڵاییەکانی پێوەندی و دەستەویەخەبوونی گوناه و مەعریفەت، دەمەوێت گێڕانەوەیەکی گشتی لە مانا و دەلالەتەکانی مەعریفەت-گوناه بدەم بەدەستەوە تا بزانین شوێنگە و پێگەیان لە ئاست یەکدیدا چۆنە و ئاوێزانبوون و ئاوقابوونیان لەئامێزی یەکدیدا چۆن دەخەملێت.

تابۆ (Tobou)کان و بڤەکان بە وتەی ژۆرژ باتای ئەرکیان کپکردنەوە و داتەکاندن و لەناوبردنی توندوتیژیگەلێکە کە لە بوونی ئادەمیدا مەزەندە دەکرێت. سەربووردە و تەمەنی تابۆکان دوورەدەستتر و ئاسۆلێڵترن لەوەی کە ئێمە بتوانین هۆکار و بەرکاری هاوکێشە تابۆییەکان دیاری بکەین، تاکو ئەگەر دواتر تابۆ شکێنی کرا خوێندنەوەیەکی فرەرەهەند و هەمەلایەنی لێبکەین. «بوون» بە «تابۆ یەک» بە ناوی گەنم یان سێو یان... دەستی پێکرد و بە شکاندنی ئەو تابۆیە و تامکردنی ئەو چێژە، بوون درێژ بووە و هەبوون (Become) تێکەڵی گەلێ ئاشوب و بشێو و قڕان و... بووەوە و چارەسەری رازی ئەم سەرچاوە سوور و پرتەقاڵییە[1] لە هاتنەئارای بە بڤەکردن و تابۆکردنی شتی دیکە بوو. کە وەکو رێسا و پەرژینێک پارێزگاری لە بوون بە هەموو فرەرەهەندی و فرەدەرکەوتەیی خۆیەوە بکات. کەواتە «بوون» لە هاوکێشەیەکی تابۆیی و بڤەئاوی پێچەڵپێڵووچ و لێکدژانەدا دەژی. هەڵبەت ئەمەش سرووشتی هاوکێشە و هاوبوونە تابۆییەکانە. ئێمە تا بۆ دەشکێنین، مەعریفەت کە بریتی بێت لە تام، چێژ، حەز جا چ جەستەیی بێت یان رۆحی و هتد... وەردەگرین، لەم ئاڵووێرەدا ماڵوێران دەبین و سزای تابۆشکێنیش وەردەگرین کە ئەویش خولقاندن و داهێنانی تابۆیەکی دیکەیە، بەڵام ئەمجارە بە مەعریفەتەوە، واتە بە روانگەیەک جیاوازتر لە پێشوو تابۆ دەخولقێنین و لە شکاندنیشی بەهەمان تۆخی و خەستی زانینمانەوە پارێز دەکەین و برەو بە تابۆسازی دەدەین و لە دواجاردا پەرستش و رووگە دێتە کایەوە. دەتوانین ئەم پرۆسیس و پێشڤەچوونە رەوایەت بکەین و بگێڕینەوە تا دەگاتە سنوور و لێواری نابوودی شارستانییەت و کولتوورەکان. واتە تابۆ و هاوکێشەی تابۆیی شاکلیلی بوود و لەهەمانکاتیشدا نابوودە، بوون و نەبوونە، کۆتایی و ناکۆتایە و... ئەوەش لە یەک کات و چرکەی هاوسەنگ و هاوبەشدا.

مەسیح تابۆکانی پێش خۆی تووڕدا، سزای بە خاچەوە بۆ کێشرا، هەنووکە مەسیح تابۆیەکی پۆڵایینە... (بەشێک لە فیلمێک لەبارەی ژیانی عیسای ناسری).

تابۆشکاندنی یەکەمینی ئادەم (مەبەست ئادەم و حەوایە) لە کولتوورە دینی و میتافیزیکی و ئەدەبییەکاندا گێڕانەوەی جۆراوجۆر و فرەچەشنی لێکراوە، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە یەکەمین و گەورەترین قەدەغە و بڤەیەک بووە

کە مرۆڤ دەستی لێداوە و شکاندوویەتی. هەنووکە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر و تەنانەت دژلەیەکیش بۆ ئەم کردارە[٢] لەئارادا هەیە، کە ئەم جۆراوجۆری روانینەیشە گرێدراوی هەر هەمان ویستەناو و کرۆکی جەوهەری هەر کام لەو میتافیزیک و کولتوورانەیە. شتێک کە گومان هەڵگر نییە ئەوەیە، کە روودانی ئەم کردەیە لەناو هاوکێشە و بگرەوبەردەیەکی ئاڵۆز و پڕپێچدا دەخوێنرێتەوە و هەڵدەسەنگێنرێت کە ئەویش هەر وەکو وتم: ناوزەدە بە هاوکێشەیەکی تابۆیی. دەتوانین وەکو ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی ئەم وتەیە یەکێک لە گێڕانەوەکان وەکو نموونە بهێنینەوە و جەمسەر و رەهەندە دیار و نادیارەکانی بخەینە روو، بەڵام بەر لەوە دەشێت بڵێم کە گوناهی یەکەمین مەرج نییە کردە یان رەفتارێکی پراکتیکی بێت لە لایەن بوونەوەرێکەوە کە ئادەم بێت، بەڵکو زۆرتر وێنا و میتافۆڕ (خوازە) و گێڕانەوەیەکە کە خۆی بە ئاراستەی میتۆلۆژی و ئەدەبیات و دین و ئایینە کۆنەکاندا دەناسێنێت.

دەگێڕنەوە کە باری تەعالا بوونەوەرێکی تاقانەی بە ناوی «ئادەم و حەوا» لە باغێکی جاویدان و خەیاڵیدا هێنابوو. ئەوەش هەر تەنها بە هانینە زارێک بۆ «بوون» (کن فیکون)[٣]. باغێک کە هەنووکەش خەیاڵدانی ئۆنتۆلۆژیکاڵ و هزری جوانیناسانەی ئێمە ناتوانێت رەنگرێژ و نیگاری بکات. باری تەعالا بەو یەکە تاقانەیە فەرمووی: لە تامکردنی ئەو درەختە بێوەری بن، بەڵام هەر ئەم دەستوور یان ئەمر یان پێشنیارە... وەسوەسە و تامەزرۆییەکی لەناخیاندا چاند و ئالاهەڵگر و «رچەشکێنی» ئەم کردەیەش حەوا بوو نەک... جا تۆ بڵێی هەوا (حەوا)ی نەفس بووە یان حەوای ئادەم بوو؟ هەڵبەت لێرەدا رۆڵی «تاووس» وەکو وەسوەسە هەڵگر و نیشانێک بۆ جوانی و رۆڵی ئیبلیس وەکو فریشتەیەکی (نادان و نافەرمان یان زانا و پرسیارساز و یاخی) و دەوری مار وەکو دەمامکی ئیبلیس هەموو لەم رووداو و هاوکێشە گرینگەدا جێگەی باس و لێکدانەوەی زۆرن. ئەگەر ئەم کردە و رووداوە وەکو ئاراستە یان «شت»[٤]ێکی درێژەدار دانێین و بەشێوەیەکی زنجیرەیی حەڵقەکانی دیاری بکەین، دەشێت رەهەند و لایەنەکانی ئاوا نیگار بکرێن: ١- باری تەعالی ٢- ئادەم و حەوا ٣- شەیتان ٤- حەوای ئادەم ٥- مارێکی درێژ ٦- فرمان یان ئەمر یان پێشنیارێک لەژێر ناوی «مەخۆن» ٧- خواستی بوون لە قەوارەی (کن فیکون)دا ٨- زمان (کە ناوی هەموو ئەم شت و کردە و فرمان و ئامێر و بوون و بوونەوەرانەی تێدا نەخشێندرا). من لەبەر ئەوەی کە هێشتا ئەم رەوایەت و باسانە تابۆ و بڤەی تایبەتی خۆیان لەسەرە، نامەوێت لە خستنە رووی جەمسەر و رەهەندەکاندا

تابۆشکێنی بکەم، چونکە سزای تابۆیی هێشتاکە لای ئێمە لە لووتکەی کارکردن و سوورانی خۆیدایە، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە پێویست بووە بۆ گرێدانی ئەم کورتەیەم بە کرۆکی مەبەستی خۆم لە وتارەکەدا، من ئامانجی خۆم پێکاوە و قورسایی لێکدانەوەکەم دەخەمە سەر چەند رەهەندێک کە لێرەدا و بۆ دۆزینەوەی ماناکانی گوناە باسی دەکەم. بۆیە لە دواجاردا دەڵێم: کە هەموو ئەو رووداوانە لە هەرێم و شوێنگەیەک هاتنە ئاراوە کە پێی دەڵێن زمان. درێژی و کورتی گێرانەوەکانی ئێمە لەو گوناهە یەکەمینییە، بەندە بە کورتی و درێژی زمانێک کە ئەو جەمسەر و رەهەند و ئاڵقانە پێکەوە گرێدەدات و وێنەیەکی لێ وێنا دەکات. ئێمە بە هۆکارگەلی زۆر و زەبەندەوە، ئاسمانی و زەمینییەوە و... هەندێ جار لە باسکاری و توێکاری ئەم رووداوە زمانگۆ بووین و لەهەندێجار و چرکەساتی کورتی مێژوویشدا زماندرێژ بووین. واتە دەکرێت زمانگۆیی و زماندرێژی وەکو دوو دیاردەی بوولێڵی خەلیقەت لەدوای گوناهی یەکەم چاو لێبکەین. هەبوونی ئەم دوو دیاردەیە لە پانتا و درێژایی مێژووی کولتوور و دین و ئایینەکاندا سەلمێنەری ئەوەیە کە خواست و ئارەزووی کولتووری مرۆیی بە تابۆسازییەوە فرچک کراوە تاکو تابۆ شکێنی، دەڵێی ئادەم هێشتاکەش لە شۆک و داچڵەکانی ئەو تابۆشکێنییەی یەکەم نەبووبێتەوە و لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی بێت، هەروەکو چۆن لە سرووشتی رووداوە تابۆییەکاندایە. واتە هەر تابۆ شکێنێک دواتر تابۆ سازێکی لێدەردەچەێت. ئایا هەر تابۆ شکاندنێک پێشمەرجی تابۆ سازدانی لە ناخی خۆیدا هەڵنەگرتووە؟ گەر نۆڤڵێتی «حەسار و سەگەکانی باوکم»ی شێرزاد حەسەن بخوێنینەوە، ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت. لەو نۆڤڵێتەدا ئێمە پاڵەوانێکمان هەیە «بێناو» کە هەموو هێما تابۆیی و دیاردە قودسییەکانی دەور و تەنیشتی کە بریتی بێت لە ئاپۆرە و مێگەلی دایکان و خوشکانی تەژی لە گرێی جینسی و رەوگە و مۆڵگەیەک لە ئاژەڵان و گیاندارانی خەسێندراو و...، هانی دەدەن بۆ تابۆشکاندنێک کە لێرەدا کوشتنی باوکێتی، دوابەدوای ئەو کوشتنەی باوک، هەموو دایکان و خوشکان و... واتە هەر هەمان هاندەرانی پاڵەوانی چیرۆک «دەبن بە سزادەران و جەنگاوەرانی تابۆ. من هەوڵدەدەم لە دەرفەتێکی لەبارتردا بەهەموو وردەکایی و پانتابلاوییەکانییەوە ئەم شاکارە ئەدەبییە بیخوێنمەوە و لێکیبدەمەوە»، بەڵام بەداخەوە لێرەدا دەرفەت نییە.

دەتوانین لە رووبەری مێژوودا ئاماژە بە برێک لەو تابۆشکێنانە بدەین کە سڵیان لە تابۆ- ناسین نەکردۆتەوە، واتە روویان لە تابۆ شکاندن وەرنەگێڕاوە، چونکە پێشمەرجی هەر جۆرە ناسین و مەعریفەتێک با مەعریفەتی تابۆییش بێت،

شکاندنییەتی! واتە پێشمەرجی هەر ناسین و مەعریفەتێک کردەیەکە با ناوی شکاندنی لێبنێین. لە رووبەر و گێڕانەوەی درامایی و سینەماییشدا دەتوانین ئاماژە بە فیلمگەلی (خەون بینەکانDreamers ) بە دەرهێنەری بێرناردۆ بێرتۆلووچی، (قەڵەمپەڕەکان) کە دەرهێنەرەکەیم لە یاد نەماوە و... بکەین. بە گشتی و کورتی رووبەری مێژوو شایەتحاڵی دەرکەوتن و هاتنەمەیدانی کۆمەڵێک زماندرێژ بووە، کە ئەگەرچی بەجارەها و لە چرکەساتە مێژووییەکاندا ئەم زماندرێژانە زمانگۆ و زمانبڕ کراون، بەڵام هەنووکە زمانی مرۆڤ درێژتر و ئازادتر لە سەردەمێک بووە کە تێیدا مرۆڤ و ئازادیخوازانیان لەسەر هاوردنە زاری پەیڤی ناباو و ناقودسی و ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێکردنی پیرۆز و ناپیرۆز لە ئاگرەکاندا دەسووتان یان رەوانەی سەرداب و عەڵەو خانەکانی کڵێسە و حوجرەکانی مزگەوت دەکران، بەڵکو زماندرێژیی نەکەن و بەو زمانەی کە زمانی دین، نەریت، کولتوور، دیسیپلین و بەها خێڵەکییەکان و... هتد بووە، ئیمان بهێنن و وەڵامەکانی خۆیان وەرگرن و لە پرسیار داڕێژی و زماندرێژی بکەون. ئەمڕۆ ئێمە خاوەنی سامانێک لە گوناهی جوان و ناجوانین کە بوونی وزە و توانایی مەعریفەتی مرۆڤی، تۆکمەتر و جڵەودارتر و لە هەمانکاتدا یاخیتر و لاسارتر کردووە. دەیگێڕنەوە لێرە و لەوێش، لەوێ و لێرەش! کە گوناهی یەکەمین هاوکێشەیەکی سێ رەهەندی سادەی لە پشت بووە، هەرچەند ئەمڕۆکە خوێندنەوە و شرۆڤەکان لەوە ئاڵۆزترە کە تەنانەت باسی رەهەنددار بوونی ئەم رووداوە بکەین. ئەو سێ رەهەندە بریتی بوون لە خودا، شەیتان، ئادەم و حەوا. خودا لە سۆنگەی رەحمەت و فەیزی ناکۆتایەوە، و بە «کون فیکون» بوونی هێنایە گۆڕ. موقەڕەبانی باری تەعالا گوتیان: تۆ مرۆڤێک دەئافرێنی و دەینێریتە زەوین کە خوێن بڕێژێت و گــەندەڵی بکات؟ و... ئەویش فەرمووی: (من تشتێک دەزانم ئێنگۆ بێ بەرین لێی)[٥]. تا هەنووکەش لە تێرامان لەم فەرمایشە قودسی و رازئاوییە بە ئاکامێکی تەواو و رەها نەگەییشتووین و رەنگیشە سرووشت و جەوهەری بوون بۆ بەردەوامێتی و درێژایەتی هەر ئەوە بێت کە لە سڕ و رازی ئەم گوڵە سوورە[٦] دا شەلاڵ و ون ببین، بەڵام ئەوەی کە چەسپاو و سەلمێندراوە ئەوەیە کە لە جیهانی کەونارا و سەردەمی دەسەڵاتی دیرۆک و ئەفسانە و حەماسە و... تاکو رۆژگاری سەروەری زانست و تەکنۆلۆژیا و قەڵشتاندنی ئەتۆم و... هتد،گوناه و بڤە و تەوتەم و تابۆ یەکێک لە وتەزا و بابەتە هەمیشە ئامادەکانی کولتوور و شارستانییەت و زمان و بوونی ئادەم و بەگشتی هەناوی میتافیزیکە کە لەگەڵ مرۆڤدا بوون و دەبن، ئەم وتەزایە خۆی بەئاڵوز و سادە، بە گەورە و بچووک،

سەغیرە و کەبیرەیەوە و... پێمان دەناسێنێت و دەگێڕدرێتەوە. میتافیزیک لێرەدا بە واتای هایدیگەر، واتە گشتییەتی شتێک خۆی لەخۆیدا. هەندێک لەم میتافیزیکانە بنەما و جەوهەریان هەر لەسەر خوێندنەوە و پێناسەکردنی گوناە ڕۆناوە. گوناە بە واتای موجەڕەد خراپە و نەدەبوایە بکرایە، بەڵام وەسوەسە و شەوهەت و چڵێسی مرۆڤ ئەمەی کردووە و بۆ هەتا هەتایە ئینسان ئەم کردەیە ناتوانێت قەرەبوو بکاتەوە. هەندێکی تر بە نەرمونیانییەوە دەڵێن: ئەوە گوناە نەبوو بەڵکو مەعریفەت بوو. مەعریفەتێک کە بۆ بوون و هەستی پێویستە و بە بێ ئەوە بوون نەدەهاتە هاتن. واتە دەڵێن: ئەو میوە کە گەنم بووبێت یان سێو، میوەی قەدەغەکراو نییە بە تەنها یان تەنها ڕەهەندی قەدەغەبوون و بڤەئاویبوونی نییە، بەڵکو میوەی مەعریفەت و زانیاری پەیداکردن لەسەر چاکە و خراپەش بووە. واتە مرۆڤ ڕەنگە لە ململانێی نێوان خودا و شەیتان و خۆیدا کردەیەکی سادە-ئاڵوزی کردبێت، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە ئادەم (مرۆڤ) بەم فریوخواردنەی لە ئیبلیس، لە حەوا، بەم شەهەوت و چڵێس بەردانەوە لە خۆی بۆ عیشوەی حەوا، بۆ زمانی لووس و درێژی مار وەکو بیچم و قەوارە و دەمڕاستێک لە شەیتان و هتد... لە پرۆسە و داهاتنی بوون و کن فیکون-دا بەشداری جیددی بووە. ڕاستییەکی مێژوویی- عەقڵیشمان بەردەوام لە بەردەمە کە «بوون» تا هەنووکەش گرێدراوی ئاڵوزی و سڕئاوی بوونە و ئەوەش لە پەیوەست لەگەڵ چەمک و وتەزا و پرسگەلی وەکو پرسی بوون، ڕازیبوون، مانای بوون، چییەتی بوون، جەوهەری بوون و ئامانجی بوون و... دەریدەخات کە لە دەقە دینی و میتۆلۆژییەکانەوە بۆ وتار و گوتارە عەقڵی و زانستییەکانەوە پرسی بوون بەردەوام حازر و ئامادەیە. هەر لە یۆنانی کەوناراوە تاکو فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتوون لەوێشەوە بۆ دیکارت و سەردەمی ڕۆشنگەری و لەوێتریشەوە بەرەوە ڕۆژگاری مۆدێرن و جەنگە جیهانییەکان و دواتر پۆست مۆدێرنیتە و وەک هەندێک دەڵێن: سەروبەندی ئاپۆکالیپس و ئاخرزەمانیدا «بوون» هەر بووە و دەشبێت. بوون شاکلیل و زێڕەتەوەری وجوود بووە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ بە پرس و بابەتی مەعریفەت و گوناهەوە هەڵوەسراوە و بەم پێیە لە ڕۆژگاری دەرکەوتنی بوونەوە ئێمە لەگەڵ گوناە و مەعریفەتدا هاوزا و هاودەمین. لەو ڕۆژگارە تاکو ئێستا کە سامان و بارستاییەکی قەبە لە گوناە و مەعریفەتمان کۆکردۆتەوە کە بە پرسی بوونەوە گرێدراوە، بەڵام بڕیار و لێبڕانێکی ڕەها و تەواومان بۆ پرسی گوناە نییە کە شاکلیلی بوونە، ئەمەش هەر وەکو گوتمان وابەستەی جەوهەری ڕێژەیی و ڕازئاوی بوونی گوڵێکی سوورە کە دەبێت تێیدا

شەلاڵ بین. واتە بە گشتی، بوونی گوناە ڕەهایە، بەڵام چۆنبوون و چییەتی ئەم بوونە دابەشکارییەکی بۆ مەعریفەت و گوناە و هەموو وتەزاکانی بوون بەگشتی دروستکردووە. و میتافیزیکی یۆنانی و مەسیحی و ئیسلامی و نیچەیی و غەیری دینی و هتدی... لێکەوتۆتەوە. ڕەنگە یەکێک لە چڕترین حاڵەتەکانی هاوکێشەی داهاتنی بوون و بەشداری مرۆڤ لە پرۆسیس و ڕەوتاندنی «بوون»دا لە لای هیگل بووبێت. ئەو لە کتێبی دیاردەناسی ڕۆحدا و لە بەشی «خودا و بەندە»دا دەڵێت:

بەندە حەریفێکی دۆڕاوە و لە گیانبازیدا بۆ سەرکەوتن تا ناکۆتا نەڕۆشتووە و یاسای خودا، واتە سەرکەوتن یان مەرگی قبووڵ نەکردووە-... ئەو بەندەگی بەسەر مەرگدا سەپاند و بەم هۆیەش و بەم پێیەش بە زیندوو مان و ژیاندن، ژیانی وەئەستۆ گرتووە.

لەم هاوکێشەیەدا ڕەهەندان و پرسانێکی وەک گوناە، مەرگ، نەمری، ناکۆتا، مەعریفەت و هتد... خۆیان لەو دەربڕین و ڕەوایەتەی هیگل هەڵکورماندووە و داشاردووە. بۆیە ڕاڤە و شرۆڤە و خوێندنەوەی باسێکی هیرمنۆتیکی و فەلسەفی و زمانییە کە لێرەدا دەرفەت نییە بپەرژێمە سەری. ئەم چەند وتە کورت و نیوەچڵەم خستە بەردەم بۆ ئەوەی کە بڵێم: بەگشتی پێ بەپێی گوناە، مەعریفەتیش باڵای کردووە. هاوشان لەگەڵ تەقینەوەی گوناە لە قاڵبی بۆمب و... زانستیش تەقینەوەی شۆڕشگێڕانەی تێدا کراوە و دەشێت بڵێین: کە لە پشت تەقینەوەی یەکەمەوە تەقینەوەی دووهەم خەوتووە و ڕەنگە بکرێت بڵێین، کە ئەم «دووانە» یەکێکن و لە هەندێک حاڵەتدا یەکەیەکی دووانەن، واتە: (گیانێکن لە دووجەستەدا – وەک شیعر و ئاواز لە دوو بەستەدا)[٧].ئێستا لەژێر ڕۆشنایی ئەم کورتە خێرایەدا دەتوانین لایەنی دوالیزم (دووفاقێتی) یان فەلسەفە کەونینەیی و جیهانی ڕەش و سپی، خێر و شەڕ یان یین و یانگ[٨]، کە بنەما و کرۆکی فەلسەفەی چینە، بدۆزینەوە.گوناە دەتوانێت لایەنی شەڕانی و ڕەشی تاریکی هەبێت و مەعریفەتیش دەتوانێت نوێنەر و دەمڕاستی لایەنی ڕووناکی و گەشاوەی کردەیەکی سادە - ئاڵۆزی مرۆڤ بێت. مرۆڤ کە گوناهی کرد ئیدی دەزانێت گوناە هەیە و دواتر دەزانێت ئایا دەبێت گوناە بکرێت، یان دەشێ بکرێت یان نا؟ گوناە کرا، هۆکارەکەی چییە و نەکرا هۆکارەکەی چییە؟ و ... بۆیە ئەم پرسە دەتوانێت وەکو چەمک و وتەزا، وەکو میتافۆڕ و خوازەیەک لە جیهانی ئەمڕۆکەدا بێتە کایەوە. گوناە، پرسیار خولقێن و مەعریفەت زایە. ئێمە بە گوناهەوە بووین و بەگوناهیشەوە دەمرین. لێکدانەوە و ڕاڤە و شرۆڤەکردنی ئەم پرس و چەمکە

دەتوانێت بابەتی چەندەها کتێب بێت، بەڵام من لێرەدا خێرایانە و کورتانە چەند دیمەن و ڕەهەندێک لە پێوەندی و دەستەملانێی گوناه و مەعریفەتم خستە ڕوو کە هاوزا و هاوبوونن. ئێستاکە دەمەوێت لەرەهەندێکی کورتەوە ماناکانی ئەم چەمکە سەرمەدی و ئەزەلییە لە ناو میتافیزیکی زمانیی کوردی لە شیعری «گوناه»ی بەختیار عەلی دا لێکبدەمەوە.

**خوێندنەوە(Reading)چییە؟**

**خوێندنەوە تابۆکان دادێنێت و دادەپاچێت...**

((ئەمە پێناسەیەک نییە بۆ خوێندنەوە، بەڵکو ئاسۆیەکە بۆ کردنەوەی خەستیی مانا لەجیهاندا، کە ئاخێزگە بنەڕەتیەکەی خوێندنەوەیەکی بوون ناسانەیە))

خوێندنەوە، هەوڵ و خواستێکە لە مرۆڤدا بۆ گێڕانەوەیەکی مانادار بە واتایەکی ڕێژەیی لە جیهان و بوون و دەق، بەگشتی هەموو دەرکەوتە و دیاردەکانی دونیا. لە ڕوانگەی جۆرج ئیستاینێرەوە بۆ هەڵنیشتن و هاتنە ئارای ئەم کردارە یان پەرچەکردارە![٩]چەند هۆکار ڕۆڵ و کاریگەری دەگێڕن. یەکەم توخم و هۆکار کە وەکو خواست و ئیرادەیەکی ئەزەلی مرۆیی دێتە کایەوە، عەشق و خۆشەویستی مرۆڤە، بە وشە واتە لۆگۆس(Logose)ە. ئەگەرچی ئەم وشەیە وەکو مەنتیق و لۆژیک پێناسەیەکی گشتی بۆ کراوە و وەکو ئەوەی کە لۆژیک ئامێری بیرکردنەوەیە و کێشانەیەکە بۆ هەڵنرخاندنی بیروڕاکان، بەڵام کاتێک کە ورد دەبینەوە تاقانەترین ئامێر کە بنەما و کۆڵەکەی لۆژیک و پێکهێنەرێتی هەر هەمان وشەیە. واتە خۆشەویستی بۆ وشە و ئیرادە بۆ فامکردنی وشە، یەکەم توخم و خواستی خوێندنەوەیە و خوێندنەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و نەبڕاوەیە کە لە بڕیاری ڕەها و وشکەباوەڕی دەمانپەڕێنێتەوە و بۆمان دەلوێنێت کە بۆ فامی ئەویدی و لەگەڵ ئەویدی بووندا بکەوینە دیالێکتیک و دانوستانەوە. ڕەنگە لە سەرەتا دا ئەم خۆشەویستیە بۆ وشە لە چوارچێوەی وشەناسیدا دەربکەوێت، بەڵام بە تێپەڕبوون لەم قۆناغە و چوونە ناو پێکهاتێک بەناوی ڕێزمان، پانتای و ڕووبەرەکە هەراوتر دەخشێت. بە وتەی ئیستاینێر، ڕێزمان مۆسیقای بیرکردنەوەیە. بۆیەشە کە ڕێزمانی جیاواز و میتافیزیکی زمانی جۆراوجۆر دێنە کایەوە و مۆسیقای ڕەنگاڵەیی و هەمەچەشن و ناکۆتا لە ڕێگەی هزرەوە دێتە ئاراوە. لە هەندێک لە زمانەکاندا فرمانی ڕابردوو بوونی نییە، یان لە زمانی عەرەبیدا کردارەکان لە خشتەی داهاتوودا نایەنە زار و ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیهانبینی و گۆشەنیگایەکی ناکۆتا، کە خوێندنەوە لە پشتی دا خەوتووە. دواتر

دەگەیین بە ڕێسان یان داڕێژراویی مێژوویی کە لە هەر ڕێزمان و زمانێکدا گەشە ونەشەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم پرۆسە ئاڵوز و ناکۆتایە کە ناوی خوێندنەوەیە و بە گەروو و ناوی مانا و عەشق و جیهان و ئەویدی و مەرگ و... تێدەپەڕێت، سەرەتای هەیە، بەڵام کۆتایی نییە و هەمدیس مژاری بابەت و وتارێکی ترە و دایدەنێم بۆ کاتێکی تر.

**گوناه وەک پرس و پرسیار و بەرپرسایەتی لە ئاستیدا**

چییەتی و ماهییەتی گوناه وەک کردەیەک کە نەدەبوایە بکرایە، هەنووکەش لێڵ و تەماوییە. ڕەنگە ئێمە بزانین بەدواداهات و پێشهاتی فڵان کردە، یان فیسار جووڵەی گوناهئامێز چییە، بەڵام هەنووکەش ناتوانین بە لێبڕاویی و ڕەهاییەوە بڵێین چی گوناهە و چی گوناه نییە؟!(هەڵبەت پێکهات و سیستەمە ئایدۆلۆژییەکان بەدەرن لەم حاڵەتە) هەر جۆرە باسکردنێک لەبارەی ئەم چەمک و پرسە فەلسەفی و وجوودییە، ئێمە ڕێنمایی بۆ چەمک و پرسێکی گشتگیرتر و فرەواتاتر دەکات. کە ئەوەش چەمکی شەڕ(Evil)ە، لێرەدا مەبەست لە شەڕێکە کە لە ئاست خێردایە. ئەم باس و خواسە تیۆرێکی و هزرییە لەمەڕ شەڕەوە کرۆک و کاکڵی فەلسەفەی ئەخلاقە و جەمسەر و ڕەهەندی تاقانەی فەلسەفەی ئەخلاق پرس و بابەتی شەڕە. بە تەواوی ئەو پێشڤەچوون و باڵاکردنە هزری و زانستییەی مرۆڤ هێشتا ئەم چەمکە یۆنیڤێرساڵ و بێتخووبە، لە لێڵی نەڕەویوەتەوە و بگرە تەمومژاویتریش بووە. تا شوێنێک کە کەسێکی وەکو ئالبێر کامۆ کە زۆرتر لای ئێمە بە ئەدیب ناسراوە و یەکێک لە بیرمەندانی ئەم پانتایەی فەلسەفە، واتە فەلسەفەی ئەخلاق بووە، وتەیەکی بەناوبانگی بۆ ئەم پرسە هەیە کە بۆ مەبەستەکەی ئێمەش زۆر لەبارە. کامۆ دەڵێت: من هەنووکەش نازانم خێر و چاکە چییە، بەڵام هەوڵدەدەم خراپە و شەڕ بدۆزمەوە و خۆم لێیان ببوێرم، چونکە من ئیدی لە دۆزینەوەی چاکە نائومێد بووم. ڕەنگە لە سەردەمی ڕۆشەنگەریدا و بە وتە بەناوبانگەکەی فەیلەسووفی ڕۆشنگەری، واتە ئیمانوئێل کانت بە شێوازێکی ژێرەوانکێ و لاڕوانینانە بیرۆکەی بەرپرسایەتی مرۆڤ لە ئاستی گوناهدا لە وتە و پێناسەکانی کانت بۆ سەردەم و چاخی ڕۆشنگەریدا هەڵبهێنجین. ئەو دەڵێت: ((پێناسەی ڕۆشنگەری ئەوەیە کە منی مرۆڤ لە ئەمڕۆ بە دواوە هەر بەتەنها خۆم لە ئاستی زانیاری و کرداری خۆمدا بەرپرسیارم)). دواتر بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی و تەقینەوەی مەعریفی و لەهەمانکاتدا ڕوودانی جەنگ و کاولکارییە جیهانییەکان، روخسار و بیچمی گوناه مرۆڤی سەیروسەمەرەتر

و دەعجانیتر کرد. ئێمە بەرهەمێکی وەکو (مەسخی) کافکا لە گوێماندا زرینگەی دەهات. کە ئاماژە و تەعبیرە بۆگوناه، کە لە جەستەی خودی مرۆڤدا دەردەکەوێت و فەسال و روخساری نادیاری خۆی وەدیار خستووە. لەسەردەمی نیچە دا و بە خوێندنەوەکانی ئەو لەو دیو سنوور و کەوشەنی ((چاکە و خراپە))وە هەمدیس پێناسە و مانا و دەلالەتەکانی گوناه ئاڵۆزتر و جیاوازتر بوون. بۆیە هەنووکەش پرسیاری ((گوناه چییە؟)) لە زەین و هەناوماندا ئامادەیە و مانایەکی هەتاهەتایی بۆ پێناسە نەکراوە و ناکرێت، بەڵام بەسەرنجدان بەو تێڕوانینەی کانت و کۆمەڵێک پێدراو و دەیتای سرووشتی و مرۆیی و مێژوویی، ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە بەرپرسی سەرەکی، خواستی»گوناه«(مەعریفەت) مرۆڤ خۆیەتی. هەنووکە رەنگە لە سەردەمێکدا بژین کە بە رۆژگاری زاڵبوونەوەی ترس لە گوناه و دائانینی دووبارەی تابۆکان لە قەوارەی یاسا و رێکخراو و بنەما و دیسیپلینە جۆراوجۆرەکان و... لەقەڵەم بدرێت و وەکو هەندێک و لە سەرووی هەمووشیانەوە فرانسیس فۆکۆیاما دەڵێن: بە کۆتایی مێژوو گەییشتبین. ئەم وێنە مێژووییە نیوەچڵ و کورتە، کە لێرەدا باسکرا، مەبەستێتی ئەوەمان پیشان بدات کە ئێمە لە چەند رەهەندەوە هێشتاکەش دەبێت بجووڵێین و دانەسەکنێین، تاکو واتا و مانای گوناه لەقەوارەی بنەما و بنەوەچ و یاسایەکی رەها و لێبڕاو و لەهەمانکاتدا کوشندە، خۆی نەپەستێتە ناو مێژوو و بوونمانەوە. سزای گوناهەکان لە بارستایی و بارتەقای گوناهەکان چەند ئەمەندەتر نەبن. بە گشتی دەمەوێت بڵێم: تاکو وەسوەسە و هەناسە و «هەوا» مابێت بۆگوناه، ئەم کردارە دەبێت، ئەوەی کە لەسەرمانە هەڵکۆڵین و دۆزینەوەی دەلالەت و ئاماژە شاردراو و ژێرەوانکێکانیەتی ئەوەش بەمەبەستی زێدەکردنی سامان و هەرێمێک لە مەعریفەت بەناوی گوناه یان دۆزینەوە و پاراوکردنی دارستانێکی گوناهئالوود بە ناوی مەعریفەت. گوناهستانێکی پڕمەعریفەت و پرسیار، شایستەی هەبوونی لە زانینگایەکی بێگوناه زۆرترە. رەنگە هەر ئەمەش بووبێت کە لەهەر لایەکەوە لێکیدەدەینەوە گوناهی یەکەم بە «دەبێت» ەوە جما و هاتە ئارا. گوناهێک دەبوایە ببایە و نەدەبوایە نەبایە! گەر بەزمانی فەلسەفەی ئەخلاق بیڵێم دەڕواتە خانەی ئاکارە دەبێت بکرێتەکانەوە(١٠).

**دەلالەتەکانی گوناه لە قەسیدەی ((گوناه))دا**

**گوناه هات**
**ئەی خوایە تۆ لەکوێ بوویت؟**
**وەک شوانێکی سەرمابردوو، فووت لە کوورەکانی دۆزەخ دەکرد؟ یان...**

خشتە و پێکهاتی شیعری گوناه لە رەوتێکی جەغزئاسا دا و لە هەشت ئەپیزۆد دا مانای گوناه دەخاتە روو. پێکهاتی مانایی شیعرەکە پێکهاتێکی جەغزییە، بەو واتایەی کە شیعرەکە بە پرسیارێکەوە لەبارەی گوناهەوە دەست پێدەکات (پرسیارێک کە زایەڵە و بانگێکی لۆمەئامێز و تەوسئاسای هەیە و روخساری نەرێنی و دزێوی گوناهی لا زەقترە) و بە قبووڵکردن و ملکەچی بۆ کردەیەک کە پێش مەرج و پێش گریمانەی بوون و خەلیقەت بووە، کۆتایی پێدێت. هەر وەکو پێشتریش لە وتارێکدا بە ناوی ((ئانتۆلۆژی لە شیعری نوێی کوردیدا))[١١] کە بۆ سیمیناری ئەمساڵی مەریوان نووسیبووم، ئاماژەم پێداوە، دەکرێت ئەم ٨ ئەپیزۆدەی پێکهاتی شیعرەکە وەکو ٨ قۆناغ و وێستگەی زانیاری و هۆشیاری دازاین (Dasein)بدەین لە قەڵەم. Daبە واتای (لەوێندەرێ) و Seinیش بە واتای (بوون) و بە کۆیی دازاین دەکاتە لەوێندەرێ بوون. هەڵبەت رووبەرووبوون لەگەڵ چەمکە هایدیگەری و زاراوە فەلسەفییەکانی ئاڵماندا ماندووبوون و شەونخوونی زمانی و پێکهاتی زۆری دەوێت. هەندێک لە شیکارانی بەرهەمەکانی هایدیگەر، بە هۆی ئەو ناپێکهاتمەندی و پێکهاتشکێنییەی لە زمانی ئاڵمانیدا بەرپای کرد، هایدیگەر دەدەنە بەر توانج و بگرە هەندێکجار نفرین. بەهەرحاڵ هەر کەسێک ئەو وتارەی خوێندبێتەوە مەبەستی من بە وردی تێدەگات و لێرەشدا لەسەری ناڕۆم، چونکە نەدەرفەت هەیە و نە جێگاشی ئێرەیە. بەس ئەوە دەڵێم کە لێرەدا وەگێڕ(راوی) هەر دازاینە و من لە هەر شوێنێکدا باسی وەگێڕم کردووە، ناوی دازاینم نەهێناوە، ئەوەش بە مەبەستی ئەوەی کە سەرزەمین و هەرێم و یانەی زۆرتر بە مومکین و شیاو دەزانم لە جیهاندا کە شایستەی ئەوەیە بخرێتە بەردەممان، بەڵام هەر دەشێت مەبەستی سەرەکی دازاین بێت، بەڵام من لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یان ئاماژەم بە وەگێڕ نەکردووە یان بە ئاوەڵناوێک ئاماژەم پێداوە.

هەروەکو ئاماژەم پێدا پێکهاتەی جەغزی یان بازنەیی ئەم شیعرە دەشێت دالێک بێت بۆ دەستەملانێتی و هاودەمبوونی گوناه و ئاوارەیی، گوناه و سووڕانەوەیەکی بەردەوام بە دوای خودێک، کە هەرچەندە لێی نزیک دەبییەوە

دوورتر و سەرابیتر دەبێت، گەڕان و دواکەوتنی خۆم بە دوای سێبەرەکەمدا و وەک بەختیار عەلی لە شوێنێکی دیکە دا دەڵێت: «من سەرابیترین پیاوی دنیام... «.

**ئەپیزۆدی یەکەم**

ئەپیزۆدی یەکەمی شیعرەکە، وەگێڕ و نیگارکەری سات و شوێنگەیەکە کە زەقی و گەرماوی بوونی هێشتا لە زەین و جەستەی وەگێڕ کزی نەکردووە و بەو پێکهاتە پرسیارمەندەشیەوە کە سەرتاپای بەشی یەکەم دەتەنێتەوە، ئاماژەیە بۆ مەرگەسات و چرکەساتێک، کە هێشتا هەموو روو و رەهەندێکی روون و بینراو نین و زۆرتر سیمای ئەو کردە خولْقێنەرانە کە ناوی گوناهە لەبەرچاو و لەسەر زمانە. ترس و سام لە ترپەی پێی کردەیەک ئاوا دەنەخشێنێت:

گوناه هات/ بێهوودە گوێی درەختی باخچەکانم بە تەرزە ئاخنی، تا گوێیان لە شەیپوورەکەی نەبێت/...

بانگمکرد و گووتم: بمدەنە دەست ئاوێک، لەسەرچاوەوە کچە سپڵەکان دەمیان تێنەخستبێ...

هەروەکو لەم چەند دێڕەی بەشی یەکەمدا دەردەکەوێت خولیای گەڕانەوە بۆ دارستان[١٢]و بەقودسیکردنی دۆخی پێشووی «بوون»ی، رەنگێکی تۆخی هەیە. تا شوێنێک کە لە درێژەدا ئەو حەز و گەڕانەوەیەی وەکو دیمەن و وێنەیەک لە پێکهاتی رستەیەکی سکاڵاویانەدا دێنێتە نیگار:

گووتم: گەڵا مەنێن بە رووتییە پاکیزەکەمەوە...

کە جۆرێک هەڵاتن و راچڵەکان لە قەرەباڵغی و ئاپۆرەیی حەز و تاسە و خەون و ئارەزوو و... بە دیار دەکەوێت و پەرچەکرداری ئاوا دێتە گۆڕێ:

لێگەڕێن با خۆم خێزان و خێڵ و نەتەوەی خۆم بم/... ئەو تەمە نازکەی رۆح بم، کە دەستی هیچ کچێک نایگرێت...

ئەو قافڵەیە بم کە نەجەردەیە و نەیاسا/ ئەو باڵندەیە بم کە نەراوکەرە و نە نێچیر

هەموو ئەم وێناکردنانە وێنەگەلێکی قودسین و بەدوورن لە پێکهاتێک بە ناوی هاوکێشە. بەدوورن لە هاوکێشە بەواتا رەهاکەی. واتا، بوونێک وێنا دەکەن کە لەژێر سێبەر و تیشکی هیچ یاسا و ئەگەر و نەگەر و دەبێت و دەشێتێکدا ناژی، بەڵام ...

بەڵام وای بۆ پەژارەی من...وای/ وای لە ئازاری من...وای

چرپەی رۆحێکی نەزانراو کە نیوەی لە خوا دەچوو، نیوەی لە شەیتان/

پێیگوتم: ئەو ڕۆژە دێت... ئەو ڕۆژە دێت/ کە بەو لێوە تۆزاوییانە بە تۆزی بەخیلی و خیانەت، ماچت دەکەن/ ئیدی ئەو کوڕە پەپوولەیە نابیت،.../ئەو کوڕە بێگەردە نابیت،...

وەک دیارە پاکێتییەکەی رووشاوە و سام و ترس گەمارۆی داوە، ئایا وڕێنە دەکات یان لەگەڵ خۆی یان خوا دا دەدوێ؟

ئەی گورزەیەک لە تیشکی خوا، هیچ شتێک نییە، تۆ بکوژێت/ خۆت نەبێت... خۆت نەبێت... خۆت نەبێت.

لێرەدا بەرپرسایەتی قورسی کردەیەک بەناوی گوناه یان مەعریفەت بۆ سێو یان حەز بۆ لێو و... بەگوێیدا رادەگەیەنرێت، واتە گوناه دەکەوێتە هاوکێشەیەکی سێ کوچکەیی بەناوی پرسیار، گوناه، بەرپرسیارێتی.

ڕۆحێک کە نیوەی لە ئاو بوو، نیوەکەی دیکەی لە خەڵووز/... پێیگوتم: ئیدی ئەو ڕۆحە ئازادە نیت کە هیچ جادووباز و پادشایەک نەتوانێت، بە تۆڕی هیچ تەلیسمێک راوتبکات.../وای چ ماسییەکی دەسخەڕۆیت... وای...

... وا گوناه بە خۆی و پادشاکانییەوە هات/ ترس بە خۆی و ژەنەڕاڵەکانییەوە هات/ مەرگ وەک سیحربازێک، بە پرچە درێژەکانییەوە، لەوسەری شەقامەکانەوە دەرکەوت/....

...وای لەمن...وای لەمن...وای لەمن...و..ا..ی

...وەرن سەیری هەناسەم کەن/ دەڵێی دڵم ئەو کیشوەرە تەنیایەیە، کە شەیتان حوکمی تیا دەکات.

... بە زمانی جادوویەکی گەورە و مەزن... ئۆقیانووسەکانی خەیاڵیان، نیشاندام/ ڕۆیشتم و هەور ناخودای گێل و خەواڵووی سەفەرم بوو.

بەم چەند دێڕەی بەشی یەک کە لێرادا ریزم کردووە و تێکتەنراوی واتایی تێیاندا شەپۆلان دەدات، دەمەوێ بڵێم: کە هاتنە ئارای گوناه وەکو کردنەوە و تەقینەوەی ڕۆچنە و کەلێنێک لە نیگا و روانین بوو کە سەرەڕای ڕەنگاڵەیی و ئاڵوواڵاییەک کە دەشێت تێیدا هەڵبهێنجرێت، لەدەسپێکدا ترس و دەسەڵاتی سامناکی خۆ دەنوێنێت. ترسێک کە ڕەنگە بۆ مرۆڤی ناسکار و مەعریفەتخواز پێویست بێت. ئایا ترس ئاسیو و خەسارێکە یان دەرفەت و ڕۆچنەیەکە بۆ رزگاری؟

ئەوەی کە هەنووکەش دەس بە لێو و حەپەساوینی ئەوەیە کە ئایا گوناهمان کرد، یان گوناهمان پێکرا؟

گوناهم کرد، گوناهی سپی و ڕەنگاوڕەنگ/ من سێبەری خۆڵەمیشی نیگای

شەوم، لەناو دەفتەرەکانی خوادا دی.../ گوناهم کرد/ تفەنگێک نەبوو بمترسێنێ و سێدارەیەک نەبوو خەوم لێخا...

وابزانم لێرەدا شتێک دەردەکەوێت کە وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوەمان دەداتەوە، بەڵام من راشکاوانە باسی ناکەم، چونکە ئەوەش تابۆ و گوناهێکە کە سزاکەی لەسەر من زۆر قورسە و بەردەنگی وشیار خۆی دەزانێت!

کۆتایی بەشی یەکەم ئاوا کۆ دەکەمەوە کە کردەیەک (یان ئاوەڵ کردەیەک یان پەرچەکردەیەک و ...)، کە ناوزەد بوو بە ناوی گوناه، خوڵقێنەر و بەدیهێنەری جیهانێک بوو لە ئەزموون و واتا، ئەگەرچی هێشتاش تخووب و کەوشەنەکانیمان لێ دیار نییە، بەڵام بێ بەری نییە لە مەرگ و کوشتن و سزا.

گوناهم کرد/ وەک ئەو وشانەی لەژێر پەنجەمدا مردن/ لەژێر زەبری جوانییەکەیدا، دڵم ژاکا.../...گوناهم کرد تا بەلەشی پاکیزەوە نەگەڕێمەوە بۆ لای خوا/ بەڵام «من» جەستەم یەخسیری خەیاڵێکی تەماوی بوو.../... خەیاڵێک کە گەرووی پڕکردم لە کوفر و لە ستایش/ نەیدامەدەست یەزدان و شەیتانیش دڵی لێمشکا/ ... ئەهریمەن داڵدەی نەدام و لە بەهەشتیش ئابڕووم تکا.

کۆی بەشی یەکەم و بەسەرەنجی زۆرتر بەم دێڕانەی دوایی دەکرێت لە ئاوەها بەرئەنجامگیرییەکدا کۆبکەمەوە و لە دەربڕینێکی پارادۆکسیکاڵ و دژوازدا بڵێم کە گوناه کردەیەک بوو وەکو عیبادەت بۆ خەلیقەت پێویست بوو و هاوسەنگی و هاوتایی جیهان گەرەنتی دەکات. واتە گوناه پیرۆزە.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١-خوازەیەکە بۆ دەستپێکی خولقانی جیهان و بوون.

٢- ناوبردنی ئەنجامدان یان ڕوودانی شتێک کە ئادەم و حەوای لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی تووڕدا بە کردار کارێکی نیوەچڵ و بگرە هەڵەشە بۆیە لە درێژەی نووسینەکەدا من بە کردار، ئاوەڵکردار، کردار و ئاوەڵەکانی و... هتد. ناوزەدم کردووە و بۆ خۆبواردن لە هەر جۆرە هەڵنیشتنی بەستێنێکی رەها و موتڵەق لە راڤە و خوێندنەوەی ئەمەدا من بە گشتی ئەوەم بە شت ناوزەد کردووە. شت کە یەکێک لە چەمکە ناوەندی و تەوەرییەکانی فەلسەفەی مارتین هایدیگەرە بەو مانایە دێت کە ئەگەر و شیمانەی هەراو و بەرین لەبەردەم ناسینی و ناونانی دیاردە یان ڕووداوێک دا هەیە.

٣- ئاماژەیە بە ئایەتێک لە سوورەتێکی قورئانی پیرۆز.

٤- بڕگەی دووی پەراوێز بخوێننەوە.

٥- ئاماژەیە بۆ چەند ئایەتێکی سوورەتی بەقەرە لە قورئانی پیرۆزدا.

٦- خوازەیەکە وەکو سەرچاوەی سوور و پرتەقاڵی کە لە برگەی یەکدا باسم کردووە و لەژێر کاریگەری شیعرەکانی سوهراب سپێهری و کتێبی رازی گوڵی سووری کارڵ گوستاف یۆنگ دەروونناسی گەورەی سویسرایی وەرمگرتووە.

٧- هۆنراوەیەکە کە لە گۆرانیبێژێک بە ناوی ئیبراهیم خەیات بیستوومە و تەنها بۆ تەعبیر کردن لە یەکیەتییەک کە لەنێوان گوناە و خۆشەویستی و یان گوناە و مەعریفەت و یان سێو و لێو دا هەیە.

٨- دوو چەمک یان دوو جەمسەری گشتی و دێرین لە فەلسەفەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دا و بە زۆری لە فەلسەفەی چین دا باو بووە و بە بنەما و بنچینەی بوون لە قەڵەم دەدرێت کە بەواتای دوو جەمسەری دژلە یەک دێن وەکو رەش و سپی، تاریکی و رۆشنی، خێر و شەڕ، ...کە لە رۆژهەڵاتی زەویدا شتێکی غەریب و غەوارە نییە و بنەمای زۆربەی میتافیزیکەکان بووە، هەر لە زەردەشتەوە تاکو دینی ئیسلام.

٩- برگەی دوو بخوێننەوە.

١٠- دەبێت بکرێتەکان لە بەرامبەر دەشێت بکرێتەکاندا دێت و دووجۆرە لە دەستەبەندی بۆ ئاکار و ئەخلاقی مرۆیی و یەکێک لە باسە گرینگەکانی فەلسەفەی ئەخلاق.

١١- ئەم وتارە لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە و بە سانایی دەست دەکەوێت.

١٢- ئاماژەیە بۆ برگەیەک لە شیعرێک هاوڕێی شاعیر و نابینا و تازە کۆچکردووم ئیسماعیل فەرەجی نوور لە دیوانی ئێوارە تێرم ناکات کە هەوڵدەدرێت بەم زووانە لە چاپ بدرێت.

# لەنێوان عەقڵ و جەستەدا

## خوێندنەوەی شیعری (پێست)ی ئاریان ئەبوبەکر

ئارام سدیق

**سەرەتا**

ئایا هیچ شتێک نوێ نییە؟ ئەمە ئەو رستە پرسیارەیە زۆرجار گوێمان لێدەبێت، بەڵام ئایا ئەگەر هیچ شتێک نوێ نییە نووسەر و شاعیران بۆ دەنووسن؟ ئەگەر شتی نوێ لە جیهاندا نەماوە، ئایا وەزیفەی مرۆڤ چییە؟ هەق نییە چیتر نووسەر و شاعیران لە سوچێکدا دابنیشن و بەلای وشەدا نەچن. ئەگەر هیچ نوێ نییە، ئەو پەرجووە چییە، کە زۆر دەق بەرەو خۆی کێشمان دەکات و ناچارمان دەکات لەم سەردەمە جەنجاڵەدا ئاوێتەی بین؟ ئەگەر شتی نوێ هەیە ئەو شتە نوێیە چییە؟ ئایا دیدگای ئێمەیە وەکو (تاک) بۆ شتەکان، یان چی تر؟ رەنگە ئەمە قسە زۆر هەڵبگرێت، بەڵام من لێرەدا پەیوەست بەم باسەوە چەند رستەیەکی (سەباح رەنجدەر)ی شاعیر دەهێنمەوە، کە لەبارەی ئەزموونی نووسینی خۆیەوە دەڵێت: "هیچ وشەیەک لە ژیان و مردن کۆنتر نییە، وشەش لەسەر کۆنی و نوێی نەکەوتووە، بگرە لەسەر تێگەیشتنی نووسەر کەوتووە چۆن بەکاری دێنێت و ئاست و ئاراستە و ئاسۆی لێ دەدۆزێتەوە. نەمویستووە جیهانی کۆن بڕووخێنم و جیهانی نوێ بونیاد بنێم، تێکۆشاوم لەناو جیهانی کۆندا جیهانی تر بدۆزمەوە بیکەم بە نموونەی روونی و خاوێنی بەهەشتی تا هەتایە".

دەکرێت لەم رستانەی (رەنجدەر)ەوە، بگەینە ئەوەی رەنگە هیچ شتێک نوێ نەبێت بۆ ئەوەی شاعیران و نووسەرانی ئێستا بیڵێن، بەڵام ئەوەی نوێیە ئەو دیدگایەی ئەوانە بۆ ئەو شتە کۆنانەی کە چەندین سەدەیە بەردەوام هەیە و لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هاتوونەتەوە گەردوونەوە. یان هەوڵ و گەڕانی ئەوانە لەنێو

ئەو جیهانە کۆنەدا بۆ چێکردنی جیهانێکی نوێ. رەنگە هەر ئەم وەزیفەیە بەس بێت بۆ ئەوەی نووسەران و شاعیرانی نوێ بەردەوام بن بەدوای کنەوپشکنین لەم جیهانە تازەیەدا و بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی پنتی شاراوە و پێدانی مانا و وەزیفەی نوێ بە شتەکان.

نووسەران و شاعیران مەحکومن بەوەی لەنێو دێڕەکاندا دیدگاکانیان بۆ دەوروبەر بەیان بکەن، هەر بۆیە هەر نووسەرە و لە تێکستەکانییەوە دیدگاکانی دەخوێنرێنەوە و لەوێوە هەست بەو پنتە شاراوە و نوێیانە دەکەین کە لەنێو جیهانە کۆنەکەدا دۆزیویەتییەوە. ئایا کێ جیهانی نوێ لەنێو جیهانی کۆندا دەدۆزێتەوە؟ یان کام نووسەر دەتوانێت ئەو جیهانە نوێیانە بدۆزێتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە لەنێو دەقەکاندا ئێمە وەڵامەکەی وەردەگرینەوە.

ئەوەی پەیوەستە بەم باسەوە، شیعری نەوەی نوێیە. ئەو نەوەیەی زۆرجار تۆمەتبار دەکرێت بە جوینەوەی شیعری پێشووتر و زۆرجار بە کۆپیکەرێکی بێتام ناو دەبرێت، بەڵام ئایا ئەم نەوەیە هەموویان کۆپیکەرن و هەموویان خەریکی جوینەوەی تێکستەکانی پێش خۆیانن؟ بێگومان نەخێر، چونکە رۆژانە بەر تێکست و دیدگای نوێ دەکەوین کە نووسەرە لاوەکان خاوەنین و ئەوانیش وەکو نەوەکانی پێش خۆیان لە هەوڵی چێکردنی جیهانی تایبەت بەخۆیاندان، یان لەنێو ئەو داروپەردووە کۆنەی جیهانی ئێستادا سەرقاڵی دروستکردنیماڵێکی نوێن.

یەکێک لەو شاعیرە نوێیانەی لەم نووسینەدا دەمەوێت لە شیعرێکی بدوێم (ئاریان ئەبوبەکر)ە. ئەم شاعیرە نوێیە لە ریزی ئەو شاعیرانەدایە، کە خاوەنی دیدگا و تایبەتمەندییەکی شیعری خۆیەتی و لەنێو تێکستەکانیدا هەوڵی دروستکردنی فەزای تایبەت بەخۆی دەدات. فەزایەک، کە بەس هی خۆی بێت و مۆری دوودڵی و حوزنەکانی خۆی بەرامبەر ئەم جیهانە پێوەبێت. لەم نووسینەدا خوێندنەوە بۆ دەقی (پێست)ی ئەم شاعیرە دەکەم، کە یەکێکە لەو دەقانەی بەلای منەوە سەرەتایەکی تایبەتی ئەم شاعیرەیە و هەوڵێکی ئەوە بۆ چێکردنی ماڵی تایبەتی خۆی لەنێو شیعری نوێی کوردی.

### لەبارەی شیعری نەوەی نوێوە

قسەیەکی باو هەیە، کە دژ بە جیاکردنەوەی نەوەکان و قۆناغبەندیی (تەمەنی)یە، بەڵام زۆرجار بەناچاری توێژەران رووبەڕووی ئەم قۆناغبەندییە دەبنەوە و ناچارن بەپێی تەمەن قۆناغ بۆ ئەدەب دەستنیشان بکەن، بەڵام ئەوەی من

هەرگیز لام پەسەند نییە قۆناغبەندی ئەدەبە بەپێی ڕووداوە سیاسییەکان. ڕاستە سیاسەت بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر کایەی ئەدەب هەیە، بەڵام ناکرێت ئەدەب بەپێی ڕووداوە سیاسییەکان بپێوین بەتایبەت بۆ گەلێکی وەکو ئێمە کە خاوەنی ڕووداوگەلی سیاسی ئەوەندە گرنگ و گەورە نییە، کە وەرچەرخانی گەورەی خولقاندبێت (بێگومان بەدەر لە ڕووداوی ڕاپەڕینی ١٩٩١).

ئەگەر قسە لە شیعری نەوەی نوێ بکەین. من لێرەدا مەبەستم نەوەی دوای دوو هەزارەکانە ئەو نەوەیەی، کە لە ١٠ساڵی ڕابردوودا لەنێو وشەدا کاری کردووە و لەئێستادا کەم تا زۆر جێپەنجەی لەنێو ئەدەبی کوردییدا بەدیار کەوتووە. ڕەنگە ئێرە دەرفەتێکی باش بێت بۆ خستنەڕووی چەند تایبەتمەندییەکی شیعری ئەم نەوە نوێیە:

١- ڕزگار نەبوونی بەشێک لەم نەوەیە لەو زمانە وەسفیەی شاعیرانی پێشووتر بەکاریان بردووە و دووبارەکردنەوەی ئەو زمان و وێنانە، کە تاڕادەیەکی زۆر بۆ خوێنەری ئێستا سواون.

٢- بوونە سێبەری هەندێک دەنگ، کە خۆیان خاوەنی ئەزموونی دەوڵەمەندی شیعریی نین، هەر بۆیە ناکاملّی هەندێک لە ئەزموونەکان بەتەواوی دەردەکەوێت.

٣- دۆزینەوەی پنت و خاڵی شاراوە، یان زۆر نەبینراو بۆ کارکردن لای بەشێک لەم نەوەیە، کە ئەمە دەکرێت وەکو یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگ و جوانەکانی ئەم نەوەیە سەیر بکرێت.

٤- فرێدانی قسەی بەرز و نزم بەناوی نوێگەری و زۆرجار دروستکردنی وێنەی بێمانا و تا ئاستی ئەوەی هەوڵی فریودانی خوێنەر بدەن و بەناوی نوێگەری و داهێنانەوە، کە دواجار جگە لە هیچ نەگوتن هیچی تری لێبەرهەم نەیەت.

٥-گەڕان بەدوای زمانێکی نوێی شیعرییدا کە لای بەشێکی زۆری ئەم نەوەیە نائامادەیە، بەڵام لای هەندێک دەنگی کەم ئەم زمانە لە خەملێندایە و زۆرجار گوزارشتی زۆر جوان و وێنەی سەرنجڕاکێشی پێدەکێشرێت.

(دڵشاد عەبدوڵلا) لە بارەی شیعری نوێوە دەڵێت: "ئەو ساتانەی مرۆڤ بچووک دێتە بەرچاو، کە تەنیا یەک جۆر فڕین و یەکجۆر چڕین بزانێت. شیعری نوێ هەوڵدانە بۆ جۆرەکانی تری فڕین و جۆرەکانی تری چڕپاندن".

ئەگەر شیعری نوێ ئەمەی کردبێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم ئەزموونگەلی نوێداین و ئەگەر ئەمەش نەکردبێت ئەوان دەبێت چاوەڕوان بین، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا

دەبینرێت، شیعری نەوەی نوێ ئەگەرچی رەنگە لە ئاستی تموحی خوێنەردا نەبێت، بەڵام ناکرێت ئەو هەڵە زۆر باوە دووبارە بکرێتەوە، کە بە شیعری کلاسیک، یان بە شیعری سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەراورد بکرێت، بەڵکو دەکرێت لەگەڵ شیعرە هاوسەردەمەکانی تری ئەمڕۆی وڵاتانی دنیادا بەراورد بکرێت، چونکە دنیای ئەمڕۆ هەڵگری رەنگی تر و هەوای تر جۆرێک بینینی ترە، بۆیە بۆ هەزمکردنی ئەو دنیایە پێویستمان بە روانینی نوێ هەیە.

دەکرێت لێرەوە قسە لە یەکێک لە دەنگە نوێکانی شیعری نوێی کوردی بکەین، کە ئەویش (ئاریان ئەبوبەکر)ە، کە دەخوازین تیشک بخەینە سەر یەکێک لە تێکستەکانی ئەم شاعیرە.

**لەبارەی ناونیشانەوە**

لێرەدا نامەوێت بچمە سەر باسکردن لە گرنگی ناونیشان و خستنەڕووی بۆچوونی تیۆریسیەنەکان لەبارەی ئەم رەگەزەوە، تەنها دەمەوێت باس لەو خەسڵەتانە بکەم کە رەگەزی ناونیشان لای ئاریان هەیەتی.

بەشی زۆری شیعری نوێی کوردی بارکراوە بەناونیشانی درێژ و ئەمەش زۆرجار شاعیر دێڕێک لەسەرەتا یان ناوەڕاست و کۆتایی تێکستەکەی دەکاتە ناونیشان، ئەمەش هیچ خۆپێوە ماندووکردنێکی نەگەرەکە. دەتوانین نموونەی ئەم جۆرە لە ناونیشان لای (جەمال غەمبار دلاوەر قەرەداغی) ببینینەوە. هاوکات لەنێو شاعیرانی نوێشدا هەریەکە لە (داستان بەرزان و پشتیوان عەلی) دوو نموونەی دیارن کە ناونیشانی درێژ بەکاردەبەن ئەمە وەکو خستمانەڕوو ئەو ناونیشانە رستەیەکی مەئلوفی نێو تێکستەکەیە.

ئەگەر سەرنجی ناونیشانی شیعرەکانی ئاریان بدەین دەبینین بەشی زۆریان لە یەک وشە تێناپەڕن، کە دەتوانین ئەم نموونانە ریز بکەین (کێ مرۆڤە؟، بۆشایی، سەگ، قۆنەرە، پێست، ١٠٠٪ پەشیمانم) ئەمە بێجگە لەوەی کە ناونیشانی یەکێک لە شیعرەکان بەشێوەی سایتی ئینتەرنێتی نووسیوە، کە ئەمەیە (www.bwnman.com). بەگشتی ناونیشان لای ئەم شاعیرە ئەگەرچی هەڵقوڵاوی نێو شیعرەکەیە، بەڵام کارکردنە لەسەر چەمکێک هەموو ناونیشانەکان وەکو چەمکێک مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و راڤە کراون و شیکراونەتەوە. هەر بۆیە ئەم خاڵەش دەبێتە یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم شاعیرە نوێیە.

**لە (پێست)ەوە بۆ کوێ؟**

هەر نووسەرێک خاوەنی تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی نەبێت، ناتوانێت هەنگاوی نوێگەری لە ئەدەبدا بنێت. ئەوەی ئەم هەنگاوە نوێیانەش کامڵتر و جوانتر دەکات بوونی بینینی تر و روئیای ترە بۆ شتەکان و دەوروبەر و بینینی دونیایە بە جۆرێکی تر و بەخشینی تەفسیری ترە بە چەمکەکان. ئاریان لەو شاعیرانەیە کە خاوەنی روئیا و بینینی ترە بۆ شتەکان بەجۆرێک، ئەو دەیەوێت لەو شتە پەراوێزخراونە بدوێت، کە پێشتر، یان زۆر بەکەمی باسی کراوە، یان هەر بیری لێنەکراوە و نووسەران و ئەدیبانی کورد پەراوێزیان خستووە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری (ئاریان) بوونی (خوازە)یە. لەنێو ئەو نەوە نوێیەی شیعری کوردییدا هیچ شاعیرێکم نەبینیوە هێندەی ئەم شاعیرە پشت بە بەکاربردنی خوازە ببەستێت. کە ئەمەش زۆرجار هەم بە زیان بۆ تێکستەکانی شکاوەتەوە، بەو پێیەی تەفسیری هەڵە بۆ مەبەستەکانی کراوە. بە دیوێکی تردا بووەتە یەکێک لە خاڵە جیاواز و بەهێزەکانی شیعری ئەم شاعیرە، چونکە خوێنەر لەبەردەم دەقێکدایە، کە دەتوانێت خۆی راڤەی جۆراوجۆری بۆ بدۆزێتەوە.

لەبارەی بوونی خوازەوە بەشێک لە لێکۆڵەرانی ئەدەب جۆرەکانی خوازە بە زیاتر لە ٢٠٠ جۆر ئەژمار دەکەن، بەڵام ئێمە لێرەدا نامانەوێت جۆرەکانی خوازە بخەینەڕوو و ئەوە کاری ئەم نووسینە نییە، بەڵام ئەوەی هەیە بگوترێت ئەوەیە کە بوونی خوازە لە شیعرەکانی ئاریاندا بەگشتی وەکو یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەم شاعیرە نوێیە دەردەکەوێت.

هەر لەبارەی بوونی خوازە و گرنگی خوازەوە لە شیعردا (رۆبەرت فرۆست) دەڵێت: "شیعر ئەو مۆڵەتەمان پێدەدات شتێک بڵێین، بەڵام مەبەستمان شتێکی دیکەیە". ئەگەر لەم رستەیەی (فرۆست) وردبینەوە دەبینین شاعیران سەر بەو نەسلەن کە لەپاڵ وشەدا ماناکان پەنهان دەکەن و دۆزینەوە و کەشفکردنیان بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵن. (ئاریان)یش زۆرجار لە تێکستەکانیدا لەڕێی شتێکەوە دەیەوێت باس لە شتێکی تر بکات. بەتایبەت لەم شیعرەدا، کە دەیەوێت لەرێی (پێست)ەوە بەهەموو بەدەنی ئینساندا شۆڕبێتەوە و دواجار بێتە سەر ئەوەی خەونی ئینسان گرنگترە لە هەموو بەدەنی. هەرچەندە بەدەنی ئینسان خەونەکانی ئەویان هەڵگرتووە، بەڵام مرۆڤی بێخەون چ سوودێکی هەیە، ئایا هەر بوونی هەیە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دواتر دێمەوە سەری.

**لە (پێست)ەوە بۆ ئەو**

یەکێک لە گرنگییەکانی هەموو دەقێکی ئەدەبی لەگەڵ ئەوەی ئامادەبوونی بیرۆکەیەکی نوێیە، بەڵام هاوکاتیش چۆنێتی تەوزیفکردنی ئەو بیرۆکەیە. لەسەر ئەم بابەتە قسەیەکی (ئالن تیت) هەیەکە دەڵێت: "بیرۆکەی وشە هیچ مانایەکی نییە، شتێک کە ناوی بیرۆکە بێت بەبێ قەسیدە کامڵ نییە و قەسیدە بیرۆکە دروست دەکات".

لێرەوە ئەگەر بەتەنها لە ناونیشانی شیعرەکەی ئاریان وردبینەوە دەبینین وشەی (پێست) لە رووکارە ئاساییەکەیدا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو ئەوە هێزی شیعرە، کە ئەو توانا و گرنگییە دەدات بە وشەکە کە (پێست)ە.

شیعرەکەی ئاریان بە باسکردنی (پێست) دەست پێدەکات. (پێست) جارێک وەکو بوویەکی پێکهێنەری بەدەنی مرۆڤ و جارێکیش وەکو چەمکێک، کە مرۆڤ تا ئێستا بیری لێنەکردووەتەوە، یان فەرامۆشی کردووە، لە کاتێکدا ئەگەر بیری لێبکرێتەوە رەنگە هیچی کەمتر نەبێت لە ئەندامێکی وەکو چاو، یان گوێ، چونکە بەشێک لە جەمالییەتی ئەم دوو ئەندامەی تر بەهۆی پێستەوەیە، بۆیە رەنگە زیادەڕەویی نەبێت پێست وەکو تەواوکەری بەشی هەرە زۆری ئەندامەکانی جەستە سەیر بکەین. با لێرەوە بچینە لای دەسپێکی شیعرەکە:

**هەموومان کەوتووینەتە ناو پێستەوە**
**ئەمە شتێکە هەمووما دەیزانین**
**هەمووما خاوەنی پێستین**
**مرۆڤ لەبەر خاتری خۆی پێستی رێویەکانی کرد بە قەمسەڵە**
**مرۆڤ لەبەر خاتری خۆی پێستی ورچەکانی کرد بە قۆنەرە**

وەک دەبینین شاعیر بە باسکردن لە پێست وەکو چەمکێک و وەکو هەبوویەکی بەدەنی مرۆڤ دەست بە شیعرەکە دەکات، بەڵام دواتر هەست بە پەڕینەوە دەکەین لە پێستەوە بۆ ئەو (یان باشترە بڵێم گوێگرە وەهمییەکە). ئەو پەڕینەوەیە لە باسکردنی پیستەوە بۆ ئەو مەعشوقە وەهمییە، هەم ریتمێکی تری بە گێڕانەوەی شیعرەکە داوە و هەم بە جۆرێک لە جۆرەکان پەلکێشکردنی خوێنەرە بۆ نێو دنیایەکی تر، کە شاعیر دەیەوێت لە پێستەوە لەگەڵ مەعشوقە وەهمییەکەدا دروستی بکات.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دەقەی ئاریان ئەوەیە کە گۆڕانی لە ریتمی شیعرەکەدا خولقاندووە. بەجۆرێک هەناسەی شیعرەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی

بە یەک هەناسە نییە، بەڵکو لە دوو جێگادا دوو گۆڕان روودەدات، کە زیاتر یارمەتیدەری خوێنەرە بۆ بەردەوام بوون لە دەقە، چونکە دەقەکە تارادەیەک دەقێکی درێژە و ئەگەر بەهەمان هەناسە و لەسەر هەمان ریتمی سەرەتا و هەمان تێما بەردەوام بوایە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەقەکە تووشی کێماسی دەبوو و خوێنەری تووشی مەلەل دەکرد.

شیعرەکە لەسەرەتاوە بە یەک ریتم و زیاتر مەنەلۆگئاسا دێت، تا ئەو جێگایەی شاعیر دەنووسێت (لە نامەیەکدا بۆتۆ/ تەنها ئەم دێرە دەنووسم/ سەلام لە پێستت دەکەم)، لێرەوە خوێنەر هەست بە بوونی گۆڕانێک لە ریتمی مەنەلۆگئاسای شیعرەکەدا دەکات، کە تەواو ئەو ریتم و هێمنییەی لە پێشوودا فەزای شیعرەکە دروستی کردووە، تێکی دەدات و خوێنەر دەخاتە بەردەم ریتمێکی تر و هاوکات پەیدابوونی (گوێگرێکی وەهمی).

گۆڕانی دووەم لە ریتمی شیعرەکەدا لەو کاتەدا دەست پێدەکات، کە شاعیر دەنووسێت (ملیۆنەها مرۆڤ دەناسم/ سڵاو و چۆنی و چاکیم دەکەن...)، لێرەشەوە دووبارە ریتمی شیعرەکە بە جۆرێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، کە ئەگەرچی لە رووی تێماوە درێژەپێدەری گۆڕانی پێشووترە، بەڵام خولقاندنی فەزایەکی ترە بۆ نووسینەوەی کەڵکەڵە خودییەکان.

لەگەڵ ئەم گۆڕانی ریتمەی شیعرەکەدا خوێنەر بەر ئەوە دەکەوێت کە پێست بەجۆرێک لە جۆرەکان بەهانەیەکە بۆ ئەوەی شاعیر باسی مەعشوقە وەهمییە بکات، بەجۆرێک جارێک پێست وەکو چەمکێک ئامادەیی خۆی لەنێو شیعرەکەدا مانیفێست دەکات. جارێکی تر دەبێتە خوازەیەک و شاعیر لەوێوە دەیەوێت بپەڕێتەوە بۆ مەعشوقە وەهمییەکە.

### لەنێوان عەقڵ و جەستەدا

ئەو جەدەلەی دەقی پێست دەیەوێت دروستی بکات، بەتەنها باسکردنی گرنگی و بایەخی پێست نییە، وەکو شاعیر لە چەند شوێنێکی شیعرەکەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵکو باسکردنە لەو جەدەلە گرنگەی نێوان (جەستە و عەقڵ). پێست، کە وەکو نوێنەری جەستە لەم شیعرەدا بەکاربراوێکە، بەڵام سەر وەک کانگای عەقڵ، یان (باشترە بڵێم من وەکو نوێنەری عەقڵ دەیبینم) کار دەکات.

کاتێک بەر ئەم تێکستە کەوتم تا ئەو شوێنەی (سەر) وەکو بەکاربراوێت نەهاتە ناوەوە بیرم بۆ ئەوە نەچوو شاعیر ویستبێتی دەرگا بە رووی ئەم جەدەلەدا بکاتەوە. بەجۆرێک کاتێک ئەو شوێنەی لە تێکستەکەدا باس لە (سەر)

دەكرێت، بەڵام هەر بە باسكردن لە پێكهاتەكانییەوە شاعیر داناسەكنێ، بەڵكو ئەو دێت و باس لە ناوەوەی سەریش دەكات و تا دەگاتە ئەوەی دەنووسێت:

**وای سەر چەند جوانە**
**مرۆڤ ئەمانەی هەبێت یان نەیبێت هەر جوانە**
**مرۆڤ زۆر زۆر جوانە**
**ئەگەر خەونی هەبێت جوانترە**
**مرۆڤ زۆر جوانە**

ئەم هیومانیستییەی ئاریان لەم تێكستەدا خستوویەتییەڕوو گرنگییەكیی تایبەتی هەیە، بەتەنها ئەو گرنگییەی نییە، كە شیعری كوردی لە قۆناغی ئەوەی بەتەنها بۆ رەگەزێك، یان مەعشوقێك بنووسرێت تێدەپەڕێت و بیركردنەوە لە مەعشوق فراوانتر و گەورەتر دەبێت مرۆڤ دەبێتە سەنتەری دەقەكە، لەگەڵ ئەمەشدا گوزارشتی (ئەگەر خەونی هەبێت جوانترە) بەم رستەیە جەدەلی نێوان (عەقڵ و جەستە) دەست پێدەكات. گوزارەی، یان خوازەی (خەونی مرۆڤ) وەكو نوێنەری عەقڵ خۆی مانیفێست دەكات و هەر بۆیە مرۆڤ ئەگەر خەونی هەبێت جوانترە. واتە دەتوانین بڵێین باسكردن لە پێست و دواندنی بەشێكی زۆر لە پێكهاتەكانی بەدەنی ئینسان بۆ خستنەڕووی گرنگی بوونی جەستەیی مرۆڤە لەنێو گەردووندا و هاوكات جوانی و گرنگی ئەویش لەنێو ئەم گەردوونەدا، چونكە تەنها ئەو توانیویەتی مانا بەم گەردوونە بدات، بەڵام لەگەڵ ئەم بوونە جەستەییەدا مرۆڤ توانیویەتی بە خەونەكانی گەردوون بەرەوپێش ببات و ژیان لە قۆناغە سەرەتاییەكانییەوە بگەیەنێتە ئەمڕۆ. بۆیە ئەگەر جەستەی ئینسان خاوەنی گرنگی و جوانی تایبەت بێت ئەوان خەونی ئینسان خاوەنی گرنگی زیاترە، یان ئاریان گوتەنی مرۆڤ بە خەونەوە جوانترە. بەو پێیەی خەونەكانن، ئینسانەكان لە قۆناغێكەوە دەبەنە قۆناغێكی تر و داهێنان بە مرۆڤ دەكەن.

## زمانی شیعریی ئاریان

لەبارەی گرنگی زمانی شیعرییە بەشی زۆر توێژەرەوان رای جیاجیایان دەربڕیوە بەشێكیان پێیانوایە زمان بەلای شاعیرەوە بریتییە لە كیانێكی سەربەخۆ، ئەمەش پێچەوانەی قسەكەر و پەخشاننووسە، كە هەردووكیان لە پشتەوەی قسەكردن و نووسینەوە هەوڵدەدەن ماناكانیان بخەنەڕوو. هەندێك لە توێژەرانی تریش لایانوایە زمانە ئاوێتەی جیهانە. هاوكات مالارمەی شاعیر

لای وایە کەی شیعر لە وشە دروست دەکرێت، نەک وشە وەک گوزارشت لە بیرۆکەکان.

ئەگەرچی رەنگە بێمانا بێت سنووربەندی بۆ ئەدەب دابنرێت و بەتایبەتیش بۆ شیعر، بەڵام کە من لێرەدا باس لەوە دەکەم ئاریان زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە مانای سنووردارکردنی ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرە نییە. دەمەوێت لێرەدا بگەڕێمەوە بۆ گوتەیەکی سارتەر کە لە کتێبی ئەدەب چییە؟ دا خستوویەتییە روو و دەڵێت:

"دەتوانین بە سانای لە گێلی ئەو کەسە تێبگەین، کە داوا دەکات شیعر پابەند بێت. بەڵێ، پێدەچێت پاڵنەری پارچە شیعرێک هەڵچوونێک یان سۆزێک بێت، ئیتر بۆ نابێت پاڵنەرەکە تووڕەبوون و وەڕسبوونێکی کۆمەڵایەتی و هەڵشاخانێکی سیاسی بێت، بەڵام گشت ئەو پاڵنەرانەی ئاماژەکانیان لە شیعردا روون نابنەوە، وەک ئەوەی لە نامەیەکی جنێوئامێزدا یان نامەیەکی دانپێدانانندا روون دەبێتەوە".

یەکێک لەو خاڵانەی دەبێتە تایبەتمەنی بۆ هەر شاعیرێک، بوونی زمانێکە بۆ گوزارشتکردن، کە دواجار ئەو زمانە هێزی گوزارشتی (قوه التعبیر) ئەو شاعیرە دەردەخات. ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری شاعیرانی نەوەی نوێ نەیانتوانیوە بەدوای زمانێکی نوێ و هاوکات تایبەتدا بگەڕێن بۆ خۆیان و لە ماڵی شیعر بیدۆزنەوە، بەڵام ئاریان لەو شاعیرانەیە کە لە سەرەتای ئەزموونی ئەم شاعیرەوە زمان تایبەتمەنی خۆی وەردەگرێت.

ئەو تایبەتمەندییەی لە زمانی شیعری ئاریاندا هەیە زمانی میللی شیعرییە، یان رەنگە دروستتر بێت بڵێم بەکاربردنی زمانی رۆژانەیە. ئەم زمانە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر جیاکاری ئاریان هەیە لەگەڵ هاوسەردەمەکانی. بێگومان قسە لەوە نییە کە ئەم زمانە باشە یان خراپ؟ بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە شاعیر توانیویەتی بەم زمانە مانای نوێ بەرهەم بهێنێت و وێنە رۆژانەییەکان بەشیعر بکات. هەر ئەمەشە بووەتە پەنجەمۆری شیعریی ئەم شاعیرە و من وەکو دەنگێکی جیای شیعری نەوەی نوێ دەیبینم.

### یاخیبوون، یان پەشیمانی

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە ئەزموونی شیعری ئاریان پێدەناسرێتەوە ئەوەیە کە هەوڵێک هەیە بۆ یاخیبوون لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان و فڕێدانی ئەو بەرگانەی کۆمەڵگا بۆ بەری تاکەکانی دەدورێت و هاوکات ئەو روانینانەی کۆمەڵگا بەسەر تاکەکاندا دەیسەپێنێت. ئەمەش بەلای منەوە یەکێکە لە جوانییەکانی

شیعری نەوەی نوێ، چونکە هەموو کێڵگەکانی داهێنان بە بارانی یاخیبوون تێراو دەبن و بەبێ یاخیبوون مەحاڵە داهێنان و بێتە گۆڕێ، بەڵام ئەوەی پاش خوێندنەوەی بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ئەم شاعیرە ئەوەی بۆ من جێی سەرنج بوو و هاوکات وەکو خاڵێکی هاوبەش نێوان هەموو تێکستەکان بوو ئەو خاڵە بوو، کە لە کۆتایی تێکستەکاندا پاڕانەوەیەکی رووت هەیە لەبەردەم (خودا) دا، بەشێوەیەک، کە هەست بەوە دەکرێت شاعیرە لە کۆتایی هەموو شیعرێکدا پەشیمانە لەو یاخیبوون و سنووربەزاندنەی لەنێو شیعرەکەدا کردوویەتی، هەر بۆیە داوا لە خودا دەکات تا چاکی بکات.

لێرەدا بۆ روونکردنەوەی مەبەستم دەچمە لای پێناسەی ئەلبێرت کامۆ، کە بۆ (مرۆڤی یاخی) کردوویەتی. کامۆ لەو کتێبەدا دەنووسێت:

"مرۆڤی یاخی کێیە؟ ئەو مرۆڤەیە کە دەڵێت نەخێر، بەڵام ئەم رەتکردنەوەیەی مانای ئەوە نییە کە حاشا لە هەموو شتێک دەکات، بەڵکو ئەو مرۆڤێکە کاتێک دەست بە بیرکردنەوە لە خۆی دەکات دەشڵێت بەڵێ."

هەروەها کامۆ لەبارەی کاتی یاخیبوونەوە دەنووسێت: "یاخیبوون کاتێک روودەدات کە مرۆڤی یاخی هەست بکات لە شوێنێک و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر هەقە".

بەپێی ئەم پێناسەیەی کامۆ بێت، ئاریان بە تێکستەکانی و لەنێو تێکستەکانیدا بە کۆمەڵگەی وتووە نەخێر و بەشی هەرە زۆری دەقەکانی بۆ وتنەوەی ئەو نەخێرەیە، بەڵام دواجار دەنگی ئەو نەخێرە لە کۆتایی هەموو تێکستێکی ئەم شاعیرەدا نوزن دەبێت و تا دەگاتەوە ئەوەی دەنگی نەخێر بەتەواوی لەدوا دێڕی تێکستەکانیدا کپ دەبێت و نامێنێت.

لێرەدا بۆ روونکردنەوەی مەبەستم نموونەیەک لە کۆتاییەکانی ئاریان دەخەمەڕوو لە شیعری (قۆنەرە) کە تێیدا هاتووە:

**"من دۆعا دەکەم**
**(خودا)یە خودایە واملێبکە خۆشبوویستریم**
**کۆمەڵێک دۆعا دەکەم**
**زۆر لە خودا دەپاڕێمەوە**
**وەک زۆربەی کات دەڵێم ئەی (خود)ا لێت دەپاڕێمەوە چاکم بکە".**

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم چەند رستەیەی کۆتایی شیعری (قۆنەرە) بدەین دەبینین ئەمە هەرگیز لە گوتەی شاعیرێکی یاخی ناچێت، شاعیرێک پێشتر و لە

سەرەتای هەمان شیعردا خەونی فڕینی هەبووبێت، چونکە فڕین دالێکە مەدلولی یاخیبوون و هەڵاتن لە سیستم و کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە کۆتایی هەریەکە لە شیعرەکانی (سەگ، بۆشایی،www.bwnman.com، کێ مرۆڤە، پێست)دا هەست بە بوونی هەمان رستەکانی سەرەوە دەکرێت. دیسان ئەو پرسیارە لای من سەرهەڵدەداتەوە، ئایا ئەگەر شاعیرێک یاخی بێت و خاوەنی دەیان خەونی لە چەشنی فڕین و دژە سیستم بێت، ئەی بۆ لە کۆتایی هەموو تێکستەکاندا هەست بە پەشیمانی دەکەین. من تەنها خوێندنەوەیەک بۆ ئەم حاڵەتە هەمبێت ئەوەیە، کە ئاریان لەو شاعیرانە کە پێیەکی لەنێو کۆمەڵگەدایە و پێیەکی لەنێو سەرزەمینی یاخیبووندایە و تا ئێستاش نەیتوانیوە بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە بدات لەوەی ماڵی ئەو لە کوێدایە؟ ئەگەر لە سەرزەمینی یاخیبووندایە چیداوە لەم هەموو پاڕانەوەیە بۆئەوەی (چاک) بێت. بەگشتی دەکرێت تێکستەکانیئەم شاعیرە ئاوێنەیەک بن بۆ خوێندنەوەی ئەو نەوەیەی کە لە ئێستا دەژین و بەر شتەکان دەکەون. بەشێوەیەک لەنێوان دووفاقی و دوو دڵییەکی گەورەدا بژین، بەجۆرێک پێیەکیان لەنێو یاخیبوون و پێیەکی تریان لەنێو ئاکارە گشتییەکانی کۆمەڵگەدایە، کە ئەمەش زۆرجار نەوەیەکی ماسکاوی بەرهەمهێناوە و بەرهەم دەهێنێت.

### چەند سەرنجێک لەسەر شیعری ئاریان

شیعری ئاریان لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا لە چەند دەقێک تێنەپەڕیوە، بەڵام زیادەڕەوی نییە وەکو ئەزموونێکی جیاوازی شیعری نەوەی نوێ ناوی بەرین. بەو پێیەی وەک بەشێکی ئەم نووسینەدا خستمانەڕوو ئەم شاعیرە خاوەنی دونیابینی و روئیای خۆیەتی بۆ شتەکان و ئەو بە چاوێکی تر لە شتەکان و دەروبەر و مرۆڤ دەڕوانێت، کە هەر ئەمەش ئەو دەکاتە خاوەنی دیدگای جیاواز بەرهەمهێنانی دیدگای نوێ لە شیعردا، بەڵام لەگەڵ ئەم خاڵەشدا ئەزموونی کەمی ئەم شاعیرە بەدەر نییە لە کەموکورتی و بەگشتی بە چەند خاڵێک لێرەدا دەیانخەمەڕوو:

١-دووبارەکردنەوەی هەندێک رستە و موفرەدە، یان جەختکردنەوەی زۆر لەسەریان، کە زۆرجار وەکو زیادە لە تێکستەکانی ئەم شاعیرەدا خۆیان بەیان دەکەن.

٢- درێژنووسی و زۆر مەسرەفکردنی وشە، کە من لاموایە ئەمەش دیسان بەجۆرێک لە جۆرەکان زیانی لە دەقەکانی ئەم شاعیرە داوە بەتایبەت لە دەقی

پێستدا لە باسکردنی جوانی پێستدا باس هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکات و ناویان دەنووسێت لەکاتێکدا ئەمە پێویستییەکی گرنگ نییە. یان چەندجارێک جەخت لە بوونی (لووت) دەکاتەوە. هاوکات لە شیعری (سەگ)دا بەتەواوی هەست بە درێژکردنەوەی شیعرەکە دەکرێت کە بەجۆرێک خوێنەر حەوسەڵەی ئەوەی نامێنێت دووبارە بگەڕێتەوە سەر دەقەکە.

٣-بوونێکی بێپەردە و ئامادەییەکی پۆرنۆئاسای سێکس، کە ئەمەش زۆرجار بە زیانی تێکستەکانی ئەم شاعیرە شکاوەتەوە، کە لاموایە تا ئەو رادەیە پەردە هەڵماڵین لە دیوە غەریزەییەکەی مرۆڤ لەنێو شیعری (ئاریان)دا پێویست نییە. هەرچەندە ئەم حاڵەتە لە شیعری (پێست)دا نابینرێت، بەڵام دەقەکانی تری شاهیدی ئەم راستییەن.

٤-یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەزموونی ئاریان بوونی زمانێکی تایبەتە بە خۆی، کە دەتوانین بڵێین ئەو زمانەی گوزارشتی پێدەکات تایبەت بەخۆیەتی و زمانێکی رۆژانە، یان میللییە. کە ئەمەش دیسان بۆ بوونی روئیا و تایبەتمەنی خەونی ئەم شاعیرە دەگەڕێتەوە. هەر لێرەشەوە کە وەکو سێبەری شاعیرانی پێش خۆی دەرناکەوێت.

ئەگەر زیاتر لەسەر زمانی شیعری نەوەی نوێ بدوێین لەگەڵ ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو نەوەیە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆی، بەڵام ئاریان لەو نەسلەیە کە لە هەوڵی چێکردنی فەزایەکی تایبەت بەخۆیی و دۆزینەوەی زمانێکدایە کە بناسرێتەوە. لەبارەی گرنگی زمانی شیعرییەوە بە بڕوای یاکوبسن گەوهەری شیعر جۆرە دەرخستن و وێناندنی (projection) زمانێکە کە لەسەر دەستی ئەو زمانە شیعر تەوەرەی خوازەیی، یان پارادیگماتیکی زمان لەسەر تەوەرەی مەجاز، یان سینتیگماتیکی وێنا دەکات. هەر بۆیە ئاریانیش لەهەوڵی ئەوەدایە کە لەسەر دەستی ئەو زمانە شیعر تەوەرەی خوازەیەی لەسەرەوەش ئاماژەم بۆ کرد زمانێکی نوێ بونیاد بنێت.

### لەبری کۆتایی

لەگەڵ ئەو تێبینییانەی لەسەرەوە لەسەر چەند لایەنێکی ئەم شیعرە خرایەڕوو هاوکات وەکو (لۆرانس پێرین) بڕوام وایە، کە پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر یان هەر بەرهەمێکی تری هونەری، سێ پرسیاری بنچینەیی بخرێنەڕوو: یەکەم ئامانجی سەرەکی دەقەکە چییە؟ دووەم تا چ رادەیەک گەیشتووەتە ئەم ئامانجە؟ سێیەم ئەم ئامانجە تا چ رادەیەک گرنگە؟

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دەمەوێت بڵێم ئەم تێکستەی ئاریان توانی بە سەرکەوتووانە وەڵامی هەرسێ پرسیارەکە بداتەوە و هەم ئامانجە سەرەکییە دیاریکراوە و هەم بەپێی ئەو خوێندنەوەی من گەیشتووەتە ئەو ئامانجە و ئامانجەکەش، کە جەدەلی نێوان عەقڵ و جەستەیە خاوەنی گرنگی تایبەتی خۆیەتی.

**ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە:**

-ئاریان ئەبوبەکر، دەقی پێست، هەفتەنامەی رەخنەی چاودێر ژمارە (٣٢٦)، رۆژی (١٣)ی ئابی ٢٠١٢.

-لۆرانس پێرین، شیعر چییە، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٨.

-ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، وەرگێڕانی، ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٢.

-نڤیسار،کۆمەڵێک بابەتی تیۆری، کۆمەڵێک نووسەر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.

-دڵشاد عەبدوڵڵا، ئیرۆسکێ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥.

-سەباح رەنجدەر، دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، ٢٠١١.

# شەپپورە تازەکانی شیعر و کەڕبوونی خود

## خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ شیعری کوردیی دوای (٢٠٠٠)

**نووسینی: بڵند باجەلان**

### ١ - ٢

A desao siamo a mondo ,
ed it treno
vi si ferma una mezz ora
– Volete una?

**ئیستا ئێمە لە جیهانین**
**ئەو شەمەندەفەرەش**
**دوای نیو کاتژمێر دەوەستێ**
**- پێویستیت بە ترێ نییە؟**

(پارچە شیعرێکی فابیۆ کۆرتۆی شاعیری گەنجی ئیتاڵییە
لە کتێبی منداڵ- II bambino، وەرگیراوە).

(**بۆرخیس**): شیعر واتە موزیک (music) و هەست (consciousness).

(**ئەدۆنیس**): لە قورئاندا خودا (God) گوێ لە یەکەمین دوژمنی خۆی کە شەیتانە، دەگرێت.

(**بلۆم**): شیعر فێرمان دەکات لەپێناو داهێنان و واتای تازە، فۆرم تێکبشکێنین.
(کریتیک) لای (شکسپیر) بە واتای تێپەڕاندنی سنوورە ئەخلاقییەکانە.

ئەخلاق تەفسیرێکی تایبەتی هەیە لای (شکسپیر) کە لە دەقەکانیدا رەنگی داوەتەوە. (هاملێت) و (ماکبێس) گوزارشت لە فۆرمێک لە ئەخلاق دەکەن بە جیاوازییەکانی نێوانیانەوە. لای (کانت)ی فەیلەسوفی مۆدێرنە، رەخنە واتە فۆرمێک لە دادوەری و (هیگل)یش رەخنەی بەو واتایەی (کانت) قبووڵ کردووە و لە (ئۆدیسەی رۆح)دا بەکاری هێناوە.

جوانترین دەق ئەو دەقەیە زۆرترین رەخنە (censure) هەڵدەگرێت و زۆرترین بەیەکداکەوتن و جەنگی ناوخۆیی لەنێوان وشەکانیدا روو دەدات. وەکو پێویستییەک و ئەلتەرناتیڤێک بۆ ستایشکردن، رەخنەم گرتووە. ئەو میتۆدە رەخنەییەی ئیشم لەسەر کردووە، رێزگرتنە لە ماندووبوونی شاعیران و خەیاڵدانێک شیعر بەرهەم دەهێنێت. لە بازنە گشتییەکەی ئەدەبدا کە پەیوەندی بە بازنەی تریشەوە هەیە، رەخنەم لە دەق و لە رەخنە خۆشی گرتووە.

لە (هاکسلی) تەنزنووسیان پرسی:

**"تۆش وەکو (فرجیناوڵف) بە رەخنەی رەخنەگران دڵتەنگی"**

**گوتی:**

**"نەخێر، کارم لێ ناکەن، چونکە قەت رەخنەکانیانم نەخوێندۆتەوە".**

دووپاتکردنەوەی روانگە نەریتییەکانی درِدۆنگی توندرەوانە و پابەندبوون بەو واقیعەی لە وەهم و ئەندێشە رووتەکانەوە نزیکە، تاریکستانی فکر بەرهەمیەتی. رەخنەگرتن لە پاڵ ئەوەی پرۆسەیەکی درێژکراوە و درێژخایەنی مەعریفییە، دروشم و سیمبولە و لە مەلجەئی ئەدەبیی و فکریدا، خۆمان (منی نووسەر) و دەقەکانمان (دەقی نووسراو)ی پێ دەناسینەوە. کەسانێک ئەو میتۆدەیان بەدڵ نییە و ئەم وتەیە دووبارە دەکەنەوە: (شیعر هەموو کەسێک پێی دەوێرێ)، ئەم وتەیە زادەی نەبوونی رۆشنبیرییەکی فکری و شیعرییە و دابرانە لە رۆشنبیری ئێستای رۆژئاوا و رۆژهەڵات. ئەگەر لەسەر کۆمەڵێک بنەمای شیعری (نەک پێوەری شیعری) رێککەوتین کە شیعرەکانمانی لەسەر هەڵبسەنگێنین (وەک ئەوەی من هەوڵم بۆ داوە)، ئەوا چیتر شیعر بێدەسەڵات نییە و تەنها شاعیرەکان دەتوانن بینووسن، شاعیریش ئەوکەسەیە کە شیعر دەنووسێت، شیعریش واتە شیعرییەت و شتی تر.

# ١- ڕۆمانسییەتی ژن و عەشقی ناکامڵ:

(ئیرۆس eros) وشەیەکی یۆنانیی کۆنە و گوزارشت لە عەشق دەکات. قسەکردن لەسەر ئیرۆس بۆ نیشاندانی (reference) فۆرمەکانی عەشقە. (ئەفلاتون) ئیرۆسی بە مانایەکی فراوان (baggy) بەکاردەهێنا و مانای ئایدیای جوانی و شادی پرووکێنەر و شێتی مەستانە و کۆبوونەوە و... هتد، دەگەیاند. عەشقی هەندێ لە شاعیرە گەنجەکان بۆ مەعشوقەکەیان سست و بێ چێژە و تەواو پێچەوانەی عەشقی (ستاندال)ە، کە پێی وایە ئەوکاتەی پیاو دەکەوێتە عەشقەوە، دانایی لە ئاست بینینی شتەکان وەکو خۆیان لەدەست دەدا و ئیرۆس بیرکردنەوە (meditation) لە مردن (death) سادە دەکاتەوە و مردن نرخی لەدەست دەدات، چونکە لەو بەهایە (cost) پتر نییە کە مرۆڤ دەیەوێت بیداتە زۆر شت. (ئەبیکۆر ٣٤٢ پ.ز- ٢٧٠پ.ز) پێی وابوو خۆشویستنی چێژ بناغەی ژیانێکی جوان و ماناداره. عەشقی چێژدار پێویستی بە مەشقکردن هەیە. (ئیبن سینا) عەشق بە دیارخەری شتەکانی سرووشت دادەنێت، عەشقیش بۆ دوو جۆر لە عەشق دابەش دەکات. یەکەمیان: سەر بە نەفسێکی ئاژەڵییە و دووەمیان: بە عەقڵ بەستراوەتەوە. بێگومان عەشقی شاعیرانمان لە جۆری یەکەم نییە و هەر ئەوەی شاعیر لە جنسی مرۆڤە لە وەها گومانێک دەمانپارێزێت و کەڵکەڵەی وەها گومانێک یان دروستکردنی پرسیار بە ئامانجی دروستکردنی گومان، بێمانایی لێدەکەوێتەوە و کات بەفیرۆدانە (مرۆڤبوون بەو مانایەی لە باسەکانی پێشووترماندا هاتووە). عەشقی دووەم بە بۆچوونی من بەشێوەیەکی جوان لە لایەن (ئیبن سینا)وە باس نەکراوە، بەهۆی تێکەڵییەک لە تێگەیشتنیدا بۆ فەیلەسوفانی ئەوروپا و بوونی هەندێ قەناعەتی جێگیر کە دونیایەک جیاوازییان هەیە لەگەڵ تێڕوانینی ئەو فەیلەسوفانەی لێیانەوە نزیک بووە وەکو (ئەرستۆ)، (دیکارت) کە دواتر (غەزالی) دێت و دەچێتە سەر زانستی بیرسا و فەلسەفە پشت ئەستوور بە بیرۆکەکانی ( ئیبن سینا) و بەرنامەکەی خۆی کە (بەرنامەی گومان) بوو.

هەوڵ دەدەم عەشقی دووەم کە (ئیبن سینا) بە (عەشقی عەقڵانی) ناوی دەبات، جوانتر شی بکەمەوە لە ڕێگەی کۆپلە شیعرێکەوە (ئەو ئەرکەی ئیبن سینا نەیکێشاوە من دەیکێشم):

**بەڵام کاتێ کەوتە نێو لەپی من...**
**مەمکی چەپی تۆ بوو**
**لەو رۆژەوە دەستم تۆپەڵێکە لە تیشکی خودا**
(رزگار جەباری- دەستی سپی)

بۆ دیاریکردنی مەوقیعی عەشقی شاعیر ئەوەندەی پێویستیمان بە عەقڵ هەیە، دوو ئەوەندە پێویستیمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ نەستی عەشقەکە، یان دەکرێت بڵێین پێویستیمان بە گەڕانەوەیەکی عەقڵانی هەیە بۆ عەشقەکە، نەک بۆ عەقڵ، دواجار گەڕانەوەکە خۆی دەبێتە پاشکۆی ئەرکەکانی عەقڵ، واتە عەقڵ رۆڵی هەبووە لە گەڕانەوەکە و ئێمەش وەکو کائینێکی عاقڵ کردەی گەڕانەوەمان ئەنجام داوە.

گەڕانەوەکەمان خوێندنەوەی لێدەکەوێتەوە (خوێندنەوەش تێگەیشتن)، لە رێگەی تێگەیشتمان بۆ عەشقی شاعیر کە لە تێکستەکانیدا چڕ بووەتەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، عەقڵانییەت لەنێو عەشقی عەقڵانی شاعیردا ناهاوسەنگی دروستکردووە و خۆی فەرز کردووە بەسەر سۆزە عیشقییەکان و لە زۆر لایەنی شیعرەکاندا عەشق عەشقێکی عاقڵانەی خاڵییە لە سۆز (سۆزی دەرەوەی عەقڵ، چونکە لە عەقڵیشدا سۆز هەیە).

وەزیفەی راسیۆنالیزم (عەقڵانیزم) بریتییە لە لەناوبردنی (annihilation) ئەو شتە ناعەقڵانییانەی پێگەی عەقڵ لاواز دەکەن و دەبنە هۆکاری کەمبوونەوەی کارایی پراگماتیکی کردار و بە (شەهوەت) ناودەبردرێن. شارستانییەتی مۆدێرنە ئیش لەسەر سەرکوتکردنی شەهوەت و گەشەدان بە راسیۆنالیزم دەکات، بەبێ ئەوەی جۆرێک لە رێکەوتنی گشتی هەبێت بۆ هەردوو چەمکی (شەهوەت) و (عەقڵانیزم). (جۆن کیتس) کە پێشڕەوی شاعیرە رۆمانتیکییەکانی ئینگلستان دەکات، ئێستاش قەسیدە بەناوبانگەکانی وەکو (قەسیدەی بولبول) و (قەسیدەیەک بۆ پایز)ی دەخوێنرێنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. رۆمانتیکییەکان وەکو کلاسیکییەکان ئایدیالیست نین و لەسەر دوالیزمی (جوان و ناشرین)، (خراپ و باش)، (راست و چەوت)... هتد، کاریان کردووە. پابەندبوونیان بە هەست و خەیاڵپەروەری بە مانای ونبوونی عەقڵ نایەت (هەست پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی بە عەقڵەوە هەیە)، عەقڵ دەخرێتە باری سڕبوونەوە، ئەم هەنگاوە بە ئامانجی کامڵبوونی ئەدەبیات دەنرێت، نەک

بە ئامانجی دروستکردنی کەلێن. ڕۆمانتیک سوودی لە (شکسپیر) و ئەدەبیاتی مەسیحی سەدەکانی ناوەند و ئەفسانەی میللی و ڕێنیسانس وەرگرتووە. ئەوە تەمومژە ڕۆمانتیکییەکان لە کلاسیکییەکان جیادەکاتەوە، نەک سادەبوونەوە و کاڵبوونەوە:

**من لە ئاسمان بەردەبوومەوە**
**باران بە وشکی لەسەر**
**پەڕە کاغەزێکی باریک دەڕۆیشت**
(تەیب قادر- من لە بەینی ئەم بۆشاییانەی خوارەوەم)


تەیب قادر

ڕۆمانسییەت بەو مانایەی خستمانە ڕوو، لە ناوەوە (inside) و دەرەوەی (outside) (تەیب)دا پەراوێزخراوە و عەقڵانییەت شوێنەکەی بەناوی خۆی تاپۆ کردووە. ململانێی (emulation)نێوان عەقڵانییەت و ڕۆمانسییەت لە دەقەکانی شاعیردا ناوەناوە سەرهەڵدەداتەوە. ڕۆمانسییەت هەوڵی وەرگرتنەوەی شوێنە داگیرکراوەکەی دەدات، بێتوانایی ئیحساسی ڕۆمانسییەت کە هۆکارەکەی بۆ شاعیر دەگەڕێتەوە، نەک بۆ ڕۆمانسییەت خۆی، هەر زوو ململانێکە لە بەرژەوەندی عەقڵانییەت بە کۆتا دەهێنێت:

**من دەزانم هەتا ئەم کۆشی تەنهاییەم پڕبێ لە گەڵا**
**نایەیت،**
**دەخیلت بم مەیە**
**تۆ کە سەرداری ئەم کەلاوەیت**
**لە وەرزی ڕژانی خوێنی ئەم کارمامزانە**

**بۆچی هاتیت؟**
(محەمەد قادر یونس- تۆنایەیت... ئیدی شەڕەکان دەست پێ دەکەن).

ئەوکاتەی (سپینۆنزا) کڵێسای مەحکوم کرد، لەبەر ئەوە نەبوو قەشەکان ئاسۆی بیرکردنەوەی خەڵکیان داگیرکردبوو، گەڕاوە بۆ پێکهاتەی سۆزداری مرۆڤ و ئەوەی مرۆڤەکان وەکو خورافە دەبینران، کە ئەمەش لە بەرژەوەندی حوکمڕانەکان (قەشەکان)دا بوو. کوشتنی ڕۆمانسییەت لە شیعردا زەمینە بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕۆمانسییەت بە ئاراستەیەکی تر و بە دیوێکی دروستکراو، نەک ڕاستەقینە بۆ نێو دەق خۆش دەکات، هاوکات جەنجاڵکردنی کرۆکی دەق بە نوتفەی ڕۆمانسییەت (شێوەی دووەمی) دەمانبەستێتەوە بە دونیایەیەک لە وشەی هەڕاجکراو و سواو و نوتەک وەک ئەوەی (موحەمەد قادر) ئێمەی خستووەتە نێو بیری ڕۆمانسییەتی دروستکراو و سەری بیرەکەشی لەسەر داخستووین و ئومێدبڕی کردووین لە دەرکەوتنی دیوی یەکەمی ڕۆمانسییەت، بەبێ کوشتنی دیوی دووەمی. جیاوازی نێوان (تەیب قادر) و (موحەمەد قادر) لەوەدایە، ئەمیان ڕۆمانسییەت بە تیرۆرکەری دەق دادەنێ کە بوونی لە دەقدا ئاماژەیە بۆ کرچوکاڵی و دابڕان لە ئەدەبیاتی نوێ و نغرۆکردنی شیعرە لەنێو وەسیلەکانی توانەوەی وشە و چەمک و ڕستەدا، ئەویان ڕۆمانسییەت یەکسان دەکات بە سۆز (سۆزی خاڵی لە عەقڵانییەت) و بە سەرچاوەی هەناسە و تاقە نامەبەری شیعری دادەنێت کە بەبێ ئەو هیچ نامەیەک ناگاتە خوێنەر. هەردوو تەفسیرەکە هەڵەن و زادەی نەخوێندنەوەی (دیوی یەکەم)ی ڕۆمانسییەت و (دیوی دووەم)ی شیعرن، کە ئەو دیوەیە مامەڵەکردن لەگەڵی شاعیرانە دەکەوێتەوە جیا لە (دیوی یەکەم)ی کە تێپەڕێنراوە و گەڕانەوە بۆی بە زەرەری شیعر و قازانجی سۆزی خاڵی لە عەقڵ تەواو دەبێت، سۆزێک کەماڵیمان دەکات و گریمان دەدات بەجۆرێک ئایدیۆلۆژیای تۆقێنەر.

کلاسیکیاتی شاعیر ئەو کاتە خۆی مانیفێست دەکات، کە ئیش لەسەر عاتیفە و غەریزە دەکات. نزیکبوونەوە لە عاتیفە بە مانای دوورکەوتنەوەیە لە شوناس (مەبەست لە عاتیفەیەکی نائەقڵانییە، چونکە زۆربەی عاتیفەکان لە بۆشایدا دروست نابن و دەبەسترێنەوە بە فکر). شتە چەسپاوەکانیش سوود لە عاتیفە وەردەگرن. گەڕانەوە بۆ لقە ئاڵۆزەکانی ئەدەب و ژانرە جیاوازەکانی بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی یاسایی، بایەخیان نابێت (لێرانەدا باسی یاسا دەکەم و

باسی فکر ناکەم، چونکە یاساکان بەرهەمی عاتیفە و فکرن و عاتیفەش وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە فکر باسیکراوە).

نازییەکان بە بەردەوامی چاودێری (هایدگەر)یان دەکرد، ئەوکاتەی خەریکی وتنەوەی وانەکانی بوو لەسەر (نیتشە)، دکتۆر (هانکە)یان کردبوو بە رەقیب و سیخور بەسەریەوە کە قوتابی (هایدگەر) خۆی بوو. (هانکە) ناچار پێی نا بە رۆحی خۆیەوە و خۆی لای (هایدگەر) ئاشکرا کرد، ئەو خۆ ئاشکراکردنە نەبووە هۆی سڕینەوەی رابردوو، بەڵکو رۆحی (هانکە)ی لە رۆحێکی چەپی سلبییەوە گۆڕی بۆ رۆحێکی راستی ئیجابی. (هایدگەر)خۆی باسی دەکات:

(هانکە) پێی گوتم کە نایەوێت لەوە زیاتر سیخوڕیم لەسەر بکات، ئەوکاتەی خەریکی وانەوتنەوە بووم لەسەر (نیتشە) لە ساڵی ١٩٣٧.

پەیوەندی تۆکمەی نێوان (هانکە)ی عاشق و (هایدگەر)ی مەعشوق و یار لەسەر بنەمای ئاشتبوونەوەی بەر لە زویربوونە. پەیوەندی هەندێ لە شاعیرانمان لەگەڵ یاردا نادیارە و روون نییە لەسەر چ پێوەرێک دامەزراوە (عەشقێکی بێ بنەمایە). عەشقی بێ بنەما: ئەو عەشقەیە کە لە رووکاردا جوان و سەرەنجڕاکێشە و لە جەوهەردا بێ جەوهەرە (جەوهەرێک بوونی نییە):

**لەم نزیکانە باخێک هەیە ژن دەگرێت، بەڵام من لوتم بۆن ناکات**
**ژنێک بەڕێوەیە بۆلام، من بێ ماڵم**
**چەندین جار تەفرە دراوم:**
**کەچی هەر دەست دەبەمەوە بۆ گوڵەباخ!**
(سوارە نەجمەدین- قافییە ونەکانی جێهێشتن).


سوارە نەجمەدین

سادەنووسین دەرەنجامی عەشقە ناکامڵ و بێ بنەماکانە، ئەمەش مەودایەک دەخاتە نێوان شیعری سادە و ئەو شیعرانەی بە پێوەرە شیعرییە مەنتیقییەکان شیعرن. پێوەر بۆ شیعر دانانێم، بەڵام هەندێک پێوەر هەن ئۆتۆماتیکی دروست دەبن لە کاتی ئەزموونکردنی دەقەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، مەبەستم لە پێوەری رەخنەییە و ئێمەش

ئیشمان لەسەر میتۆدی رەخنەیی کردووە. وێناکردنی ژن وەک فریشتە بۆ قانعکردنی بەرامبەر لە شیعردا بۆ تەقدیسکردنی جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاکە، ئەمەش جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە لە تەواوی مەوداکان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت رۆڵی ژن لە کاری ئەدەبیی و هونەری و تەوژمی فەلسەفی نرخی بهێنرێتە خوارەوە. جیاوازی شاعیرێکی وەکو (نەزار قەبانی) لە رووە فیکرییەکەیەوە لەوەدایە، لای (نەزار) ژن جومگەیەکی جەوهەری ژیانە و ناکرێت لە دەرەوەی مەسەلەی بابەتێتی و راستی زانستی، قسە لەسەر فۆڕم و ناوەڕۆکی ژن بکرێت، دەبێت ژن وەکو رەچەڵەک و بنەچە تەماشا بکرێت، بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی بۆی دروستکراون و ژنان ئامادەن بە پاراستنی نهێنی پیاوەکانیان تا ئەو شوێنەی پارێزراو بن، ئەگەر هەستیان بەوە کرد پارێزراو نین و ئازار دەدرێن، پیاوەکەی ناویان دەکەوێتە جموجۆڵ و هانیان دەدا بۆ وەرگرتنی سیفەتە بنچینەییەکەی پیاو کە توندوتیژییە.

وەزیفەی شیعر تەقدیسکردنی مەخلوقێک (ژن) و تەکفیرکردنی خالق (خودا) نییە، دونیای شیعر دونیای رامان و چڕکردنەوەی هەستەکانە، نەک قەتیسکردنیان لەنێو ئایدیایەکی تەسکدا. تەفسیری هەڵە بۆ دین ئەوەیە پێمانوابێت هەرچییەکمان کردبێت رەوایە گەر قسە هاتە سەر رەتکردنەوەی دین. وێنەی خودا وێنەیەکی ناڕۆشنە و خودا (god) وەک هەر بوونەوەرێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە لە شیعری زۆر لە شاعیرە گەنجەکاندا، ئەم ناڕۆشنی و تاریکییەی خوداش لای شاعیرانمان بەرهەمی پەراوێزخستنی ئاینە لە دونیای دەرەوە و ناوەوەی شیعردا:

**یەک کەعبەم هەیە و**

**ڕووی**

**تێدەکەم ئەویش**

**ژنە**

(هاوڕێ رەش- ژن کەعبەی خوایە).

زۆرجار ژن لە شیعردا بێ رۆح و جەستەیە بە تەنها، تەقدیسکردنێک تەقدیسکراوە کە سەرچاوەکەی رەتکردنەوەی بوونی ژنە وەکو ژن (رۆح+جەستە) و بناغەکەی بەئامێرکردنی ژنە وەکو شوێنێک بۆ دامرکاندنەوەی شەهەوەت، شاعیر باسی ئەوەمان بۆ ناکات کە ژنان لە پیاوانەوە فێرە

توندوتیژی دەبن و ژن بەر لەپیاو پەنای بۆ چەک بردووە بۆئەوەی لە زوڵمی پیاو نەجاتی ببێت، ئەوکاتەی لەڕووی هێزی جەستەییەوە دەرەقەتی پیاو نەهاتووە. کەواتە ژنان دروستکەری چەقۆ و شمشێر و تیروکەوان و قەڵغانن و بنچینەی دروستبوونی چەکی ئەتۆمین، یان بە تەفسیرێکی تر بڵێین زوڵمی پیاو بناغەی دروستبوونی چەک و تەقەمەنی و توندوتیژییە لە دونیادا.

ژن بچووککراوەتەوە و بەستراوە بە گوریسی جوانی و کراوە بە بووکۆکە و تواناکانی سنووردارکراون،گوایە ناخی ژن ئەوکاتە تەژی دەبێت لە حەقیقەت ئەگەر درۆی گەورەی بۆ بکەین:

**مەمەکەکان قەبارە جیاوازن**
**دەستم هەمان کێشە بۆ گرتن!**
**زمانم هەمان کێشی قەبارەکانە!**
(بژار حەکیم- هەناری رەش)

(فروغ) ئیشی لەسەر غەریزە کردووە لە شیعرەکانیدا و راست هەنگاوی ناوە، چونکە پیاوبوونی لە بەرامبەر ژنبووندا داناوە، نەک لە دەرەوەی، بەمەش خوێنەرە پیاوەکان لە بەشێکی شیعرەکانیدا هەست بەوە ناکەن لە بەردەم شاعیرێکی ئافرەت دان، بەڵام شیعری زۆر لە شاعیرە ئافرەتەکانمان لە دوورەوە ئاماژە بە نووسەرەکەیان دەکەن کە ئافرەتێکە و خوێنەرە پیاوەکانیش لە رێگەی جوڵانەوەی غەریزەی پیاوەتی لە ناخیاندا هەست بەوە دەکەن نووسەری دەقەکە ژنە. بەرەگەزیکردنی شیعر، زەرەردانە لە شیعر. لەنێوان (فاوست)ی (گۆتە) و (مەدام بۆڤاری)ی (فلۆبیر)دا لێکچوون و جیاوازی هەیە. هەردوو دەق باسی ناخێک دەکەن کە پاشماوەی هەڵەکانە و غەریزە بە دوو ئاراستەی جیاواز پاڵیان پێوە دەنێت، ئەمەش پەیوەندی بەناخی نووسەرەکانیانەوە هەیە، بەتایبەتی (فلۆبیر) کە رەشبینییەکی زۆر بە هۆی نەخۆشییەوە رووی تێکردبوو:

**کە ئێوارە ئەڕژێتە تەنیایمەوە**
**سینگم بە عەتری باران ئەپێچمەوە و...**
**لە هەیوانی پەپوولەدا**
**چاوەڕێی هاتنت دەکەم...**
(گوڵباخ بەهرامی- سەرخۆش بوون لە بەرائەت).


گوڵباخ بەهرامی

ژنێکی وەکو (دۆرۆپی پارکێر ١٨٩٣-١٩٦٧) (doropi parker)، کە لە بواری ئەدەبیاتدا کاری کردووە، وەکو ژنێک تەنز و ساتیری بە کاریگەرترین چەک داناوە بۆ راستکردنەوەی ئەو سەرپێچییانەی مرۆڤەکان دەیانکەن. لە کۆی دەقەکانی (گوڵباخ)دا هیچ تەنز و ساتیرێکی جوانم نەبینی. هەڵبەت من لە خاڵەیکدا لەگەڵ (دۆرۆپی) ناکۆکم، ئەو سەرەڕای ئەوەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی تەقلیدی بەکاری هونەر دانەدەنا، بەڵام باوەڕی وابوو کە هونەر دەتوانێت جۆرێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە زەقی بکات، بە پێچەوانەی من کە ئەو گۆڕانکارییانە بە ئەرکی هونەر و ئەدەب نازانم، مەگەر تیشک خستنە سەر هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی بە دەستکارییەکی ئەدەبییەوە وەزیفەی هەندێک ژانری ئەدەبی بێت لەوانە (چیرۆک)، بەڵام ئەمە بۆ شیعر دروست نییە.

(جیمز گرۆڤێر تێربێر)ی تەنزنووس و کاریکاتێریست، لە رێگەی تەنزە سادەکانییەوە گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگای نیشان دەدات، (گوڵباخ) نەکردووەتە وەسیلەی نیشاندانی شتێک کە شیاوی شیعر بێت:

**شەقام سەرماتیە**
**من و جانتاکەت**

**تا دیتەوە لە سەفەرتین**
**تۆ چەترەکەت بگرە بە سەرماندا**
**با خەون بمباتەوە بۆ خەونەکانمان و...**
(بەهار حوسێنی-هاویە).



بەهار حوسێنی

(ساندرا هاردینگ)ی نووسەری فێمێنیست، رەخنە دەگرێت گوایە ئۆبژێکتڤیزم و پۆست مۆدێرنیزم تاقەتی هەڵگرتنی پرۆژەی فێمێنیستیان نییە و بناغەیان بۆ رەخنەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام (بەهار) ئەرکی هەڵگرتنی ئەو پرۆژەیەی خستووەتە ئەستۆی شیعرەوە. (بەهار) وەکو (گوڵباخ بەهرامی) باسی رەگەزی خۆی دەکات، ئەسڵەن لە شیعری ئەودا نەک هەست بەوە دەکرێت شاعیرەکە کچە، بەڵکو شێوەی کچەکەش بەرجەستە بووە و (بەهار) باسی ژنبوونی خۆی دەکات. (بەهار) وەکو هەڵگرەوەی شوێن پێی ژنبوونی خۆی دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی تەفسیرێکی شیعری جوانمان بۆ ژنبوون پێشکەش بکات. شوێنکەوتنی ئەوی دی بەبێ تێگەیشتن لێی لە شیعردا زیانبەخشە لە دەرەوەشیدا هەروایە. (بەهار) وەکو فێمێنیستێک دەنووسێت. بەشێک لە فێمێنیستەکانی خۆیان بە هەڵگرەوەی شوێن پێی (مارکس) دادەنێن، بەبێ ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی مارکسیان لەبەر چاو گرتبێت.

(مارکس)ی هەژار کە بە کۆمەڵناس و ئابووریناس و فەیلەسوف و مێژوونووس و... هتد دادەنرێت، ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێکی دەوڵەمەند پێکهێنا، وەک دەگوترێت بە زمانە لووسەکەی هەڵی خەڵەتاندووە و فریوی داوە. مامەڵەی لەگەڵ ژنەکەی مامەڵەیەکی وشک و وەڕسکەر بووە، قەت

بیری لە کارکردن و دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی نەکردووەتەوە تا لەو هەژارییەی تێی کەوتبوون نەجاتیان بدات. هەموو کاتی خۆی بۆ نووسینی (سەرمایە) تەرخانکردبوو. خێزانەکەی وەکو گەڕیدە هەر ماوەیەک بارگەی خۆی بۆ وڵاتێک دەگواستەوە. لە هەمووی کاریگەرتر: ئەوکاتەی هاوسەری بۆ دەستخستنی برێک پارە دەچێتە لای (لیۆن فلیبس)ی خاڵی سەرمایەداری (مارکس)، (مارکس) خیانەتی لێدەکات و لەگەڵ ژنە خزمەتکارێکی شۆخ و شەنگ کاری ناشەرعی دەکات بەناوی (هێلین دلمۆس)، ئەنجامی ئەم کارەش خستنەوەی منداڵێکی زۆڵ بوو کە لە لەندەن ژیاوە و لەوێشدا مردووە. لە کاتی ناپاکییەکەدا خێزانی (مارکس) بەدەست ئێش و ئازاری منداڵبوونەوە ناڵاندوویەتی. دەبێت ئەو منداڵە زۆڵەی (مارکس) خستییەوە چۆن ژیانێکی هەبووبێت؟! کەواتە فێمێنیستییەکان و شاعیرەکانیان لەناویان (بەهار حوسێنی)، بەر لە هەرکەسێک پێویستیان بەڕەتکردنەوەی (مارکس) هەیە، ئەگەر مارکسیزمیش ڕەت نەکەنەوە، دەبێت قسەیان هەبێت... (لێرە باسی مارکسمان کرد وەکو نموونەیەک بۆ دونیای دەرەوەی شیعری کە پەیوەندی هەیە بە دونیای ناوەوەی شاعیر).

## ٢- بە فەلسەفیکردنی شیعر و بە شیعریکردنی فەلسەفە خودی و ناخودییەکان:

قۆناغی ئاوێتەکردنی رووباری شیعر و ئۆقیانووسی فەلسەفە لەدوای (هیگل)ەوە نما دەکات، بەبێ ئەوەی شاعیران هەستیان بەو ئاوێتەکردنە کردبێت. لای (ئالان بادیۆ) ئەو قۆناغە لە (هۆڵدرین)ەوە دەست پێدەکات و بە (پۆڵ سیلان) کۆتایی دێت، لە نێوان سەرەتا و کۆتایشدا، (مالارمێ) و (پیسوا) و (ماندلیستام) و (ریمبود) و (تراکیل) دەبینرێن. یەکەمین زەنگی فەلسەفە کە لە سەردەمی گریکییەکاندا شیعر دەستی پێوەنابێت، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە (سوقرات) و بۆ (هێراکلیتس- ئەناکسمندەرس- دیمۆکرێتس)، بەڵام ئەم سیانە نەیانتوانی تایبەتمەندی زەنگ لێدانەکە دیاری بکەن. (هۆڵدرین) پەیوەندی دروستکرد و لە شیعردا پرسیاری لە "بوون" کرد، ئەمەش بناغەی فەلسەفەی (هایدگەر) بوو، کە بە دروستکردنی پردێک لەگەڵ شیعرەکانی (هۆڵدرین)، زەمینەی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە جەوهەرییەکەی "بوون چییە؟" خۆش

کرد، ئەو بوونەی لە لێکۆڵینەوە ئەنتۆلۆژییەکانیدا مانیفێست بووە و بناغەی ڕەخنەکانی بووە لە گوتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوادا، ئەمەش لە (پلاتۆ)وە تا (نیتشە) دەگرێتەوە. لەکن (هایدگەر) بوونەوەر لە دەرەوەی بوون بێ مانایە و بوونیش بەبێ بوونەوەر، پارێزراو نییە.

شیاوە فەلسەفە ببێتە دایکێک و سێکس لەگەڵ هزری نووسەر (کە ڕۆڵی باوک دەبینێت لە ئانی سێکسەکەدا) بکات و منداڵێک کە (ئەدەب)ە، بخاتەوە. دەقی (بەناوی گوڵ) و (بندۆڵ فۆکۆ)ی (ئەمبرتۆ ئیکۆ)ی فەیلەسوفی کەلتوور کە لە ١٩٣٢ لە ئیتاڵیا لەدایکبووە، یەکەمیان باسی بارودۆخی سەدەکانی ناوین دەکات و ئەوی تریان لەبارەی خاوەنی چاپخانەیەکی ئیتاڵییە کە لە فەزایەکی کراوەی فەلسەفیدا نووسراوە (فەلسەفە بەئەدەبی کراوە). کەڵکەڵە ئەدەبییەکان لەژێر گوشاری خوددا سەرهەڵدەدەن. شاعیرە (عیرفانی) و (سۆفییەکان)مانن هەوڵی شیکاری فەلسەفییان داوە لە شیعردا، ئەمەش پەیوەندی نێوان شیعر و شاعیر، خود و گوشارە خودی و ناخودییەکانمان نیشان دەدات.

**تۆم هەبێت**
**بۆ یەکەمین جار سەیری یاری تۆپی پێدەکەم**
**دەبمە هاندەری هەمان یانەی تۆ.**
(داستان بەرزان- تۆم هەبێت).

لە دێڕی دووەمدا هەڵەیەکی ڕێزمانی زۆر سەیر کراوە، کاری (دەکەم) نووسێنراوە بە وشەی (تۆپی پێ)وە، دەبوایە بنووسرێت: (بۆ یەکەمین جار سەیری یاری تۆپی پێ دەکەم)، ئەمە سەرەڕای نەبوونی فەلسەفەیەکی دیاریکراوی سەر بە ڕێبازێکی فکری یان سەر بە (داستان) خۆی، لەم دێڕە و کۆی دێڕەکانی تری شاعیر.

ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانی هەیە باسی عەشقی خواوەندی هەیڤ دەکات بۆ شوانێکی لاو. ئەو ئەفسانەیە بەشیعریکرا ئینجا بووە سەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمی (ئیندیمیۆن)ی (جۆن کیتس ١٧٩٥- ١٨٢١). (کیتس) لە بەرهەمی (شەوی جەژنی سەن ئاگینس- ١٨١٩)دا پشتی بە ئەفسانەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست بەستووە کە دەڵێت: هەر کچێک بەڕۆژوو بێ لە شەوی جەژنی ئاگینس و بەوحاڵەشەوە بخەوێ، لە خەویدا ئەو کەسە دەبینێ کە لە داهاتوودا دەبێتە هاوسەری:

**گەردوون بۆ ئەوە دروست نەبووە**
**مرۆڤ هەناسەیەکی ئاسوودانەی تیا هەڵمژێ**
(سۆران ئازاد- گەردوونێک دوور لە خۆم).

(سۆران) بە قوڵی چووەتە نێو کایەی فەلسەفە بۆ نووسینی دەقی شیعری، فەلسەفە سەرچاوەی شیعرەکانییەتی بەتایبەتی ئەو فەلسەفانەی باسی خود دەکەن، فەلسەفە وەک ئەفسانەیەکی دەستکردی بەشیعری نەکراو دەردەکەوێت. ئەمە هەمان کێشەی (بلّند باجەلان)یش بوو لەو دەقەدا. دەکرێت سوود لەو ئەزموونانەی (کیتس) وەرگرین کە لەسەرەوە خستماننە روو، سوود لە مامەڵەکردنی شاعیرانەی (رامبۆ) لەگەڵ فەلسەفە لە (درەوشانەوە) و (وەرزێک لە دۆزەخ)دا وەرگرین. (ئیلیۆت ١٨٨٨-١٩٦٥) لە شاری ئۆکسفۆرد فەلسەفەی خوێندووە و لە قەسیدەی (وێرانەخاک)دا کە وەرگری خەڵاتی نۆبڵی (١٩٤٨)ە، کەڵکێکی شاعیرانەی لە فەلسەفە وەرگرتووە، نەک فەیلەسوفانە.

(بۆدلێر ١٨٢١-١٨٦٧)ی شاعیر و رەخنەگری فەرەنسی و باوکی مۆدێرنە (بەدیهێنەری مۆدێرنیزمی جوانیناسی)، پێیوابوو جوانییەک بوونی نییە کە هەمووان توانای قبوولکردنیان هەبێت. بۆ خوڵقاندنێکی جوانیی (جوانی)، سەربەخۆبوون (تاکبوون) مەرجە. ئەو یەکێک بوو لەوانەی پێی وابوو هونەر بۆ هونەر خوڵقاوە، نەک بۆ خزمەتی مەبەستی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی (وەک ئەوەی لای سۆران بەدی دەکرێت). (دەیڤید هارڤی) پێی وابوو (بۆدلێر) مۆدێرنەی جوان تەوزیف کردووە:

مۆدێرنە تێپەڕ و ماوە کورت و مەرجدارە، نیوەی هونەرە نیوەکەی تری هەرمان و نەگۆڕە.

هەوڵدان بۆ سادەکردنەوەی ئاڵۆزەکان و ئاڵۆزکردنی سادەکان، وەکو گەمەیەکی زمانەوانی وایە، زۆرجار بوونی پێویستە لە دەقدا. لە دوو ماهییەکانی سەدەی هەژدەیەم چەند کایەیەکی جەوهەری مۆدێرنە کەوتنەوە:

١- زیندەوەرزانی: ئەرکی لێکۆڵینەوە بوو لە بوونەوەرە زیندووەکان.

٢- ئابووری: وەزیفەکەی لێکۆڵینەوە لە سامان و وەبەرهێنان و دابەشکردنی بەرهەم بوو.

٣- زمانناسی: بایەخی دەدا بەراڤەکردنی گۆڕانکاری سیستمە دەلالییەکان.

یەکێک لە گرینگترین مەسەلەکان کە پەیوەندی بە ئەدەب و مۆدێرنەوە هەیە، مەسەلەی زمانە، کە نابێت زمان بچێتە ژێر رکێفی ئەو خەسڵەتانەی لە دەرەوەی دەق بۆی دیاری دەکرێن، بەڵکو دەبێت دەقەکە وەزیفەی زمان دیاری بکات. فەلسەفە وەزیفەی زمانی دیاریکردووە لە شیعری (سۆران)دا.

(سارتەر) پێشەکییەکی بۆ کۆی شیعرەکانی (مالارمێ) نووسیوە و باسی (خۆکوشتنی شیعر) دەکات:

لەلای مالارمێ بە گشتی رەشبینییەکی میتافیزیکی بەدیدەکرێت...

(مالارمێ)ی رەشبین حەزی لە خەیاڵی خۆکوشتن دەکرد و بە تاقە کرداری سەربەستانەی مرۆ ناوی دەبرد.

خۆکوژیی (بەلەعنەتکردنی خود) وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە کتێبی (خۆکوژیی)ی ( دۆرکهایم)دا هاتووە. هۆکارەکانی خۆکوژیی کە تاک دنە دەدەن لای (دۆرکهایم) رەگەز و دیمۆگرافی و تێکشکانی دەروونی و... هتد دەگرێتەوە، کە دواجار ئەو هۆکارانە دەبنە پاشکۆی شتێکی گرنگتر کە نایەکسانییە وەکو پێودانگێک بۆ دۆخە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەوە (دۆرکهایم) کۆمەڵگە بەسەر دوو سیستمی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵگەی میکانیکی و کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی) کە پەیوەندییان بە رادەی پەیوەستبوونی تاک هەیە، دابەش دەکات و پێیوایە دینامیزمێکی بەهێزە بۆ پرسی (collective).

(دۆرکهایم) چوار نموونەی جەوهەری خۆکوشتن دەخاتە روو:

١- خۆکوشتی خۆویستانە.

٢- خۆکوشتنی خۆبەخشانە (egoistic).

٣- خۆکوشتن لەژێر زەبردا.

٤- تێکەڵی.

خۆکوشتنی (رێبین) لە جۆری دووەمە.

دوو جۆری سەرەکی نەمردن هەن، یەکەمیان نەمردنی دوای بێ ئومێد بوون لە ژیان (وەک ئەوەی لای رێبین هەیە).

**هەموو رێگاکانی خۆکوشتنم تاقیکردنەوە**
**خۆفڕێدان لەسەر قەنەفە**
**خۆ خستنە ژێر ئۆتۆمبێلێکی منداڵان**

**سەر خستنە نێو تەشتێکی بەتاڵ...**
**(ڕێبین) لە کۆتایشدا دەڵێت:**
**هەموو ڕێگاکانی خۆکوشتنم تاقیکردنەوە و هەر زیندووم**
**با زیاتر بژیم زیاتر**
(ڕێبین ئەحمەد خدر- ڕێگاکان).

دووەمیان، نەمردنێک کە لە کۆتاییە دوورەکەیدا ژیان خۆی مەلاس داوە، نەمردنی دوای کۆتاییهاتنی ژیان (نزیکبوونەوە لە کۆتایی)ی پێ دەڵێن وەک ئەوەی (نیتشە) لە قۆناغێکدا تووشی هات.

ئەدەب لە سێبەری ناکۆکی مردندا بوونی هەیە وەکو ئەدەب، یان مردن (death) ناسنامەی چەپاندن و ئەدەببوونێکی شلۆقی پێدەدا؟ فکرێک حەز بە مردن بکات و ژیان لای هیچ بێت، ڕەوایە شیعرێک کە لەسەر بنەمای مەعریفەی خەیاڵ بونیادنراوە، بنووسێت و بکەرێکی ئەکتیڤ بێت؟ (عەبدولڕەحمان مونیف) بە ڕێگا سەختەکەی سیاسەت تێپەڕی تا گەیشتە سەرزەمینی تەختی ئەدەب، دەقەکانیشی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ناخ و جەوهەری میللەتەکەیەتی، سیاسەت نزیکی کردەوە لە خەڵک و ئاوێتەی پەژارەکانیانی کرد و لە نهێنی بورجەکانی هەژاری گەیاند، دواجار کە دەستی بە نووسین کرد ئەمەی قۆزتەوە و لە ڕۆمانەکانیدا ئیشی لەسەر کرد. (ڕێبین)یش مردن دەقۆزێتەوە و ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ دەیگوازێتەوە نێو پانتایی هەست و نەستی دەقە شیعرییەکانی، بەڵام گواستنەوەکە بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی و پتەو نییە.

ئیشی شاعیر بەلاوەنانی چەمکە ئاکارییەکان نییە بە مەبەستی شکستهێنان بە سیستمێکی فکری دیاریکراو، لە خودی سیستمە ئەوروپی و ئەمریکییەکەشدا ڕیسوایی ئاکاری فاکتەری ڕووخانی دەسەڵاتە، ئەوەی شکست بە تەقلید دەهێنێت، شاعیرانێک نین کە مردن ئەزموون دەکەن، نایەکسانی تەقلید خۆیەتی.

**هەردوو دەستم بەسەرمەوە گرتووە**
**دەبێ وای بقوپێنم**
**هیچ تەنەکەچییەک بۆی ڕاست نەکرێتەوە**
(هێمن عوسمان عەبدوڵڵا- هیچ).

(هێمن) دەیەوێت وەکو کەسێکی خۆشبەخت و گەشبین و ژیاندۆست شتەکان یەکسان بکات بە هیچ و بە ژیان واتای ژین بگۆڕێت. (مردنی خودا) و (مردنی بکوژی خودا) دەبن بە بناغەی میتافیزیکی هیچگەرایی (نیتشە)، (هێمن) هیچگەرایی کردووە بە گەمەیەکی شیعری یۆتۆپی و لە سیاقە فەلسەفییەی هەیەتی دایبڕاندووە و بێ ئاگایانە گۆڕانێکی رادیکاڵی کردووە. بۆ نووسینی شیعرێکی لەو شێوەیە پێویستیمان بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی قوتابخانە فکرییەکان هەیە (ئەوانەی باسی هیچاندن و هیچبوون دەکەن)، تا نەبینە گەواهێکی هەمیشەیی بۆ زەبوونی و ملکەچی خوێنەر. بۆ تێگەیشتن لە (نیتشە)، پێویستیمان بە خوێندنەوەی کۆی فکرەکانی هەیە، چونکە بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی سیستماتیک و زنجیرەیی دانەڕشتووە تا لە مرۆڤی بەرز (سۆپەرمان) کە ئامانجی (نیتشە)یە لە فەلسەفەکەی بگەین، ئەوانی خستووەتە نێو ئەفۆریزم و لێکچوواندنەوە. لای (هێمن) بوونی مرۆڤ وەکو بوونێکی ئاگامەندانە هاتووە، کەچی لەپڕێکدا یەکسانکراوە بە هیچ. (هێمن)ی شاعیر (دیکارت) و (ئەفلاتون)م بیر دەهێنێتەوە کە لە ئەپسمۆلۆژییەوە چوونە سەر ئەنتۆلۆجی و نەیاندەزانی ئەنتۆلۆجی بناغەی ئەپسمۆلۆژییە.

(لە تافی لاویدا سەردانی مامۆستا و پیاوچاکەکانم دەکرد بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانەی هەمبوون، کۆمەڵێک فاکتەرم دەبیستن، بەڵام لە هەمان ئەو دەرگایەی دەچوومە ژوورەوە، دەگەڕامەوە).

ئەم وتەیەی (خەیام) رەخنەی ئەوەی لێدەگیرا کە ناکرێت مرۆڤ بچێتە لای پیاوچاک و شارەزاکان شتیان لێوە فێر نەبێت، وەک ئەوە وایە لە مزگەوت بچیتە دەرەوە و عەقڵت بە هەمان شێوەی نەعلەکانت بخەیتە ژێر باڵتەوە. رەخنەگر لە سیاقی کاملبووندا درکی بەو شیعرییەتە نەکردووە کە لە وتەکە و رەهەندەکانی رەمزییەتدا خۆی مانیفێست کردووە. شیعرییەت چڕبوونەوەی حاڵەتێکی واقیعی و زانستی نییە و قسەکردن لەسەری خۆگرێدانە بە گوریسی بێمانایی. لە شیعرەکانی (غەمگین)دا شیعرییەت بە وێنە و رایەڵەیەکی فکری و مەعریفی ((familiarity خۆی نەخستووەتە روو و وەکو موعادەلەیەکی تەمومژاوی لە چەندین شوێن بەیان نەبووە، شیعرییەتێکە دەکرێت ببینرێت، بەڵام ناکرێت بکرێتە میکانیزمی بەگەڕخستنەوەی رەخنە، لێدوان لە شیعرییەت رشتنی خوێنی شیعرە (poem) و نووسینەوەی نەهامەتییەکانە بە خوێنی

ئەدەب، ئێمە تەنها قسە لەسەر جۆری شیعرییەت دەکەین. ڕەنگە من بەو بۆچوونەم بکەومە ژێر ڕەخنەی ڕەخنەگرانەوە وەک چۆن (ڕۆلان بارت) لە کتێبی (ئەفسانەناسیدا– fable logy) ڕەخنە لە ڕەخنەگرەکان دەگرێت لەسەر ئەوەی پێیانوایە دەقێک کە ئەوان تێی نەگەن، خوێنەریش تێی ناگات. گرژی ڕەخنەگرە کۆنەکان گەیشتە ئاستێک کە دەقەکانی (بارت) بە بێبەها و سەلیقە لە قەڵەم بدەن، دواجار (بارت) وەڵامی بەشێک لە ڕەخنەگرە کۆنەکانی دایەوە لە کتێبی (ڕەخنە و حەقیقەت). گرنگە ڕەخنەگرەکان گوێ بە بۆچوونی جیاواز بدەن و کار بۆ بەتەختەبوون و بە بەفربوونی عەقڵ نەکەن. (ئەدۆنیس) لەمەڕ عەقڵی جیاوازی (detached) عەرەبەوە دەڵێت: لە قورئاندا خودا (God گوێ بۆ یەکەمین دوژمنی خۆی کە شەیتانە Beelzebub دەگرێت).

**خانووەکان ژیانن**
**مرۆڤەکان کرێچی خودا**
**مردن کرێی هەمووان وەردەگرێ.**
(غەمگین بۆڵی– ڕووتبوونەوەی وشەکان).

ڕەنگە وەزیفەی شیعر وروروژاندنی هەندێک پرسیاری فەلسەفی بێت، بەڵام وەزیفەکەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە نییە وەک ئەوەی (غەمگین) هەڵساوە بە وەڵامدانەوەیان.
دەکرا (غەمگین) بڵێت:
**خانووەکان چین؟**
**مرۆڤەکان کرێچین؟**
**کێ کرێی هەمووان وەردەگرێ؟**

لەکۆی دەقەکانی (غەمگین)دا هەستم بە وروروژاندنی هیچ پرسیارێکی گەورەی فەلسەفی نەکرد، بگرە (غەمگین) زۆر بەشێوەیەکی موتڵەق وەک ئەوەی لە غەیبەوە هاتبێتەوە دەنووسێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەستم بە فەلسەفە نەکردبێت.

(هۆڵۆکۆست) وەکو ڕووداوێکی نامۆڕاڵی و ناهیومانی، بەرهەمی

کۆمەڵگەیەکی راسیۆنال و مۆدێرنە، ئەوانەی لە هۆلۆکۆست گەڕاونەتەوە دەتوانن بیگێڕنەوە، نەک ئەوانەی لە کاتی رووداوەکەدا خەریکی خواردنی پیتزا بوون.

(بڵند) لە رێگەی پرس و میتۆدی تایبەت بە خۆی و سیستماتیزەکردنی هزراندنی شیعرەوە، شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە بە بێ ئەوەی بینیبێتی و بەبێ گواستنەوەی ماناکان لە قۆناغی بەر لە گێڕانەوە و دوای گێڕانەوە. دەقەکە تەسلیمبوونە بە شوناسی کێڵگەی ئەدەبی تەسلیمبوونی رووداوە سەرزەمینییەکان و پساندنی پەتی نێوان ئاسمان و زەمینە.

**بە باڵندەکانم گوت**
**هەمووتان لە زستانی رابردوو**
**بەهۆی نەخۆشییەک کە لە مردنتان گرتبووەوە، مردن.**
(بڵند باجەلان- جیهانی مردووەکانی سەر خاک).

شاعیر لەو ئەزموونەیدا (جیهانی مردووەکانی سەرخاک-٢٠٠٨)، دەیەوێت زۆرترین گەمە بخولقێنێت بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەنجامەکانیان بکات، تێکەڵکردنێک بەدی دەکرێت لەنێوان ئەو رووداوانەی روویانداوە و ئەوانەی روودەدەن و ئەوانەشی روو نادەن. گواستنەوەی دەلالەتەکانی ئەودیو دەقیش بۆ نێو دەقەکە لە هەندێ باردا بە مەبەستی جوانکاری و نووسینی وشەی زۆرتر، زەرەری لە هەیکەلییەتی دەقەکە داوە و تووشی دارمانێکی کاتی کردووە کە دواجار دەقەکە خۆی بینای خۆی دەکاتەوە لە رێگەی مانیفێستکردنی کۆمەڵێک واتای تازە و پراکتیکە شیعرییەکان. شاعیر وەکو ئەوی ترێک دەردەکەوێت کە هەمان بچمی خودی (self) هەیە و خۆی و ئەوی تری بۆ جیاناکرێتەوە. باسی زانستی ئەتۆم و ئەلیکترۆن و سروشت (nature) دەکات و لە باشترین بنەماکانی میتۆدۆلۆژی (methodology) زانستی سروشتی ئیلهام وەردەگرێت، ئەگەرچی زۆر دیاردەی فیزیکی هەن تا ئێستا نەناسراون. ویژدانی کەڵکەڵەی مەعریفی داپۆشیوە و ئاستەکانی مەعریفە شی دەکاتەوە و جیاکاری دەکات لەنێوان زانست لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی گوتاردا. لە رێگەی یاسای میتۆدۆلۆژی، بەڵگەی لۆژیکی راڤە دەکات. لەکوێدا هیچگەرایی رووبدا لەوێدا بیر لە ناوەڕۆک ناکاتەوە. ئەمانە کاری شیعر نین. هەندێ لە

بەها ئەخلاقییەکانی بە نەگۆڕ داناوە، خەسڵەتێکی هەمەکی یان گشتگری پێ بەخشیون، ئەمەش بۆ میتافیزیکی رووناکبین و ئاینەکان دەگەڕێتەوە.

**بەو کلیلە شووشەییەی دەرگاکانی دڵم کردنەوە و پێم بەخشی**
**تۆ دەرگا کە لەمچەکراوەکانتم لێ دادەخەی**
**تا لەنێو دۆزەخی گەڵای کاسبووت**
**لەبەر تیشکی شەوێکی خۆرەشەودا**
**گڕ لە خۆم و برینەکانی گوڵ بەردەم**
(بڵند باجەلان- جیهانی مردووەکانی سەر خاک)

(سارتەر) لە کتێبی (بوون و نەبوون)دا سێ جۆر لە بوون (availability) دەخاتەڕوو:

١- بوون بۆ خود ( availability for self).

٢- بوون بۆ بوون (availability for availability).

٣- بوون بۆ ئەوان.

جۆری دووەم و سێیەمی بوون لە تێکستەکەدا تووشی خرۆشانی ونبوون بوونە "ونبوونی دوو جۆر لە بوون لە پێناوی جۆری یەکەمی بوون، بەدیدەکرێ".

دەق

| | |
|---|---|
| نامۆبوون | **زانا سامان** |
| ئەو شوێن پێیانەی لەسەر بەفر ئەچنەوە... | **پشتیوان عەلی** |
| عەشق نائومێدییەکی خۆشە | **گۆران رەئوف** |
| دڵم کەوتۆتە ناو پێڵاوەکانتەوە | **سیروان کەریم** |
| چەند شیعرێکی کورت | **زمکان عەزیز** |
| چوار کورتەشیعر | **سارا زینەتی** |
| من وا دەڕۆم | **شادی نەوزاد** |
| پرسەی تێپەڕبوونی تەمەن لەچاوەڕوانی هاتنی مناڵیم | **ئەفسانە سروش** |
| لەتێک سێبەر | **فریاد عەلی** |
| شاری قەڵا | **فەرهاد چۆمانی** |
| سێ چیرۆکی زۆر کورت | **عەلی دەسماڵی** |
| ئەو رووبارە بۆ وا دوورە؟ | **قادر عەلی خا** |
| هەڤپەیڤین لەگەڵ مەنسوور کوشان | **سازدانی: بابەک سەحرانەوەرد** |

دەق

# نامۆبوون

زانا سامان



**خەیاڵێک لە بەختەوەری دەنووسمەوە**
**ئیقاعێک لەسەر وەزنی خۆگێلکردن**
**هەتا لەگەڵ ژیانکردندا رابێم.**

*******

**درۆیەکی گەورەیە ژیان**
**تەنانەت بڕوام بە عیشقیش نەماوە**
**بڵێی راستگۆ بم لەگەڵ خۆم...!**

*******

**هێڵێک بەسەر خۆمدا دێنم و**
**کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنم**
**مەزهەلە خانەی خەیاڵە، ئێرە.**

*******

**وردە... وردە**
**بچووک و بچووکتر دەبێتە**
**تێفکرینەکانی خۆم نا**
**دوورگەی شیعرم.**

*******

وەک جەستەیەکی بێڕۆح
لە گۆشەیەکدا گیربووە
جانتاکەی سەفەرم
سێلمانی عاسیکردووم

***

هەوڵئەدەم لە سادەییدا نەمێنمەوە
لە ئێستادا گومانم لە بەردیش هەیە

×××

دەبوو هێندە پارەداربوومایە
گوێ لە هیچ نەوتنەکانیشم بگیرایە
لەم زەمەنەدا.

***

نیوەی عومرێک و
شاعیرێک...!!
لەم دەڤەرەدا دەکوژرێت
جەهەننەم ئێرەیە.

***

خوێنەرێکی دوورەپەرێز و
نووسەرێکی لەخۆبایی
دەبوو من یەکەمیان بوومایە.

***

دڵم پڕدەکەم لە پیسی
دەمامکی جەللادیبوون
ئەکێشم بە ناوچەوانی
شاعیربوونمدا...!!
تاقەتی ئەویشم نەماوە.



سلێمانی
٢٠١٢/٩

# ئەو شوێن پێیانەی لەسەر بەفر ئەچنەوە، ئاسەوارێک جێناهێڵن



پشتیوان عەلی

**ڕێگاکان وەک خۆیانن**
**هەوا نەکەوتۆتە حاڵەتێکی ناکاوەوە**
**شوێن دەستت بەسەر هیچ شوێنێکی ماڵەکەمەوە جێنەماوە،**
**کێ ئەڵێت تۆ هاتوویت؟**
**ئەو شوێن پێیانەی لەسەر بەفر ئەچنەوە ئاسەوارێک جێناهێڵن...!**

**مردووە کان لە خودایان بیستبوو، پەپوولەکانیش لە گوڵەکان**
**نێرگز باوەڕی تەواوی بەوە هەیە، تۆ لێرە بوویت**
**شارە چۆڵەکان هەرگیز نەیانگوت، نا... نەمان دیوە**
**بەم شێوەیە ئاوێنەکان گەشتەکەتیان وەک چیرۆکێک گێڕایەوە.**

**ماڵەکەم ڕێگریت ئەکات**
**وێنەی تۆ ئاشنا نییە بە شتەکان**
**لە پەیوەندیماندا ناڕوونییەک هەیە...**
**ئەوکاتانەی ناوت دێنم، دیوارەکە دەنگێکی گەورەی لێوە دێ!**
**ئەمانە هەموو ساتەکانی من و تۆ نین**

**پەیوەندییەکانمان پەڕیونەتەوە بۆ شارەکان**
**وێستگەکان پردێکن بۆ گرێدانەوەی دونیا**
**ماندوویێتیت بخەرە سەر شانەکانم**
**لێگەڕێ با تەنیاییم جانتاکەت بۆ هەڵگرێ**

**دەنگی هاتنی رۆژگارە دوورەکان ئەبیستم**
**رۆژی کەوتنی ئەم سەردەمانە لەگوێمدا ئەزرنگێتەوە**
**جیهان پیر بووە!**
**بە دواتدا دێمە قوڵایی دەریا**
**نەورەسەکان (کەماڵ) جێدێڵن، بۆ گرتنی ماسی ناچنە کێوەکان.**

**کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە**
**ئەچم بۆ سەیرکردنی دەریا، لەجێی خۆمدا ئەوەستم و سەیری ئاسمان ئەکەم**
**تۆش وابکە...**
**تەختی خەوەکەت بەجێبهێڵە، وەک هەمیشە وەرە بەرپەنجەرەکە**
**ئارام بگرە، پێبکەنە**
**من رانەهاتووم تۆ بەم هەموو ئازارەوە ببینم**
**ئەچم بۆ سەیری دەریا و پڕ ئەبم لە بۆنی بۆشاییەکی شین**
**پێ ئەنێمە نێو بۆشاییەک، کە گووڵەکانی لە رەنگی چەمینەوەی (با) ئەچن**
**جانتاکەم هەڵئەگرم و ئەچمە شارانێک، کە منالانی بێ ماڵ پڕیان کردووە لە لم**

**بەفر رێگاکانی گرتووە**
**باکان بەخێرایی خۆ ئەکەن بەناو قوڵایی ئەم دارستانەدا**
**قرچەی کەوتنی ئەم درەختانە ئارامیم ئەشێوێنن**
**لەباشی ئەم وەرزانە دڵنیام بکەرەوە**
**مانەوەی زۆر لەناو سروشتدا ئازاربەخشە**

**شەوێکە...**
**دەنگی ئاسمان بەناو هەورەکاندا ئەڕوا**

**ماسییە شەکەتەکان بەهرووژم دێنە خەونەکانمەوە**
**ڕۆحم بە بەرزاییەکاندا ئەگەڕێ...**
**قورسایی هاوارکردنم کەوتۆتە سەر پەلکی گیاکان**

**لەبەر پەنجەرەکەدا وەستاوم**
**درەختەکان لەوەدان وێنەیەکی ناڕوون بدەن**
**هێزی بیرکردنەوەم بەر ڕووناکی مانگی گرتووە...**
**کۆڵان دەنگێکی گەورەی لێوە دێ**
**گەورەکان لەدەرەوە تەنەکان ئەکوتن.**

**دەرگاکە بەڕوومدا دابخە**
**پەنجەرەکانم وەک وێرانەیەک نیشانبدە**
**نەفسم لە بۆنی گیا و ئەستێرەکان بتۆرێنە**
**خووگرتنی زۆرم بە شوێنەکانەوە، وا ئەکات جێگاکان بۆگەن بن**

**چاوەڕوان بووم**
**ئەنیشکم خستبووە سەر مێزەکە**
**وردە وردە ئەبوومە بەشێک لە مێزە چۆڵەکەی بەرامبەرم**
**وەختێک، کە خەریک بوو دووکەڵەکە لەسەر شانەکانم قورس ئەبوو...**

P_ali84@yahoo.com



# عەشق نائومێدییەکی خۆشە



**گۆران رەئوف**

-١-

**کە منداڵ بووم**
**کچێکم خۆش دەویست،**
**ئەوکات ئەو لە پۆلی پێنج بوو،**
**من لە پۆلی شەش،**
**ئێستا ئەو پزیشکە و**
**منیش وشەتاش**

**ئێستا ئەو لە نەخۆشخانەیەکی گەورەدا**
**کار دەکات و**
**منیش لەژوورە تەنهاکاندا،**
**نائومێدییەکانم دەژمێرم.**

-٢-

باوکم تووڕەیە...
سیگار دەکێشێ،
دەیەوێت کفرێکیش بکات،
دەیەوێت بەتەواوی دین وەلانێ و
لەم کۆتایی تەمەنەیەوە
کچە قەرەجێک بخوازێ.

دایکم وەڕسبووە لە داواکانی باوکم،
دەیەوێت بەدیار دراماکانەوە بمرێ،



-٣-

هاوڕێ شاعیرەکەم دڵتەنگە!
خەم بۆ کچێک دەخوات...
بەڵام کچەکە ئەوەندەی
سوراوەکەی ئەمی بیر نییە!

-٤-

شەوێک بەتەنها لەدەرەوەم،
بەفر دەبارێت...
سەرمایەکی ئێجگار سەختە
قوتوویەک بیرەم پێیە...
ڕێژەی کهولەکەی سەدا پێنجە!

حەسحەسی بازاڕ و
دوکانەکان گومانیان لێمە...
شێتێک حەزەکات میوانمبێت...
دەیەوێت پێکەوە
لەبەر بارینی بەفردا،
باسی تەنهایی بۆ یەکترکەین.

من دەمویست بفڕم!
دەمویست بێمە بەردەرگای ماڵتان و
بمبینی...
چ عەوداڵێکم!
چ بێدینێکی ڕەنجبەبام!

حەزمەکرد بەو درەنگی شەوە
یەکێک لە هاوڕێکانتم دیبایە و
بەیانی باسی منتان کردایە!

بەڵام
هیچکام لەمانە ڕوونادەن...

ڕۆژ دەبێتەوە و بەیانی
دوکانداریێک بە نووکە قۆندەرەکانی
بێدارم دەکاتەوە.
هێشتا هەر نائومێدییەکان
کۆتاییان نەهاتووە و
هێشتا هەر تەنهایی
پێدەکەنێ.



# دڵم کەوتۆتە ناو پێڵاوەکانتەوە



**سیروان کەریم**

**پێڵاوەکانت دەکەمە تابووتم،**
**گۆرەوییەکان بە کفنم**
**تا شەیتان بە گەمژەییم پێبکەنێت...**

**قەیتانی پێڵاوەکانت روو لە منن،**
**منیش رووم نایە سەیری پێڵاوەکانت نەکەم...**

**هەرکات ژمارەی پێڵاوەکانت**
**یەکسان بوو بە تەمەنی من،**
**ئەوکات زیاتر خۆشم دەوێی...**

**پێڵاوەکانتم لەناو رەفی کتێبخانەکەما داناوە،**
**تا دڵی کتێبەکانم لە لێدان نەکەوێ...**

**ژمارەی پێڵاوەکانت سیوحەوتە**
**تکایە کەس تێل بۆ ئەو ژمارەیە نەکا...**

پێڵاوەکانت بە ملما هەڵئەواسم و دەچم بۆ ماڵی خوا،
تا لە گوناهەکانم خۆش بێ...

پێڵاوەکانت بەر لە خەوتن دەسڕمەوە،
تا خەونی ناخۆش نەبینم...
بۆنی پێڵاوەکانت (میمیتۆ)ی ناو رۆمانی
(زۆربا)م بیردەخاتەوە.
پێڵاوەکانت روو لە قیبلەن،
ئەز بە پێڵاوەکانی پێمەوە،
بە تەنیشت پێڵاوەکانتەوە یەک رکات نوێژ دەکەم...

شەوان پێڵاوەکانت نامێنن،
نازانم لە ئاسمان،
یان لە پێی فریشتەیەکدا لە پیاسەیە...

پێڵاوەکانت سپین... دڵم رەش،
کەچی دڵم
پێت نا، پێڵاوەکانتی خۆش دەوێ...
نا...
پێڵاوەکانت بیری پێت دەکەن،
منیش جوانی نینۆکەکانی پێتم بیر ناچێتەوە.
لە بنی پێڵاوەکانتا نووسراوە
(دڵم کەوتۆتە ناو پێڵاوەکانتەوە)



# چەند شیعرێکی کورت

زمکان عەزیز



-١-

دوای زریانەکە
...خۆر
رژایە ناو ئینجانەکانەوە

... لەناو
یاداشتی ئەو ژنە
گوڵێک وشکبووەتەوە
...گوڵێک
بۆنی یادەوەرییەکی تەڕی
لێدیت

***

بەتەنیشت ئەو ژنەوە
پیاوێکی گەمژە هەیە
... پیاوێک
هەموو گۆرانییەک ئەزانێت
... تەنها
گۆرانی خۆشەویستی نەبێت

-٢-

... ئەو ژنە
لە کەلی شەیتان
نایەتە خوارەوە

... ئەی ژن
ئەگەر لە پیاوەتی من تورەیت
رووبکە خودا و
... بە خودا بڵێ
لەبەر کێ بوو
حەوای دروستکرد

-٣-

... باخچەکەمان
پڕە لە گوڵەتووتن و
بەرسیلە

... ئەگەر هاتیت
جگە لە بۆنی تووتن و
... تامی ترێ
هیچی ترم لا نییە
... ئەگەر دێیت
سەرت خاڵیکە
بۆ بۆنی گوڵەتووتن و
... دڵت پڕکە
بۆ تامی ترێ



***

... من
دڵی خاڵیی تۆ ئەبینم
کە تەپڵەکەکەم پڕئەبێت



... من
دڵی پڕی خۆم ئەبینم
کە تەپڵەکەکەت خاڵییە

***

... هەرگیز
دەرگا لە خەمێک ناکەمەوە
ئەگەر لەسەر مێزەکەم
تەپڵەکێکی خاڵی و
شووشەیەکی پڕ نەبێت

***

تەپڵەکەکەم شاهیدە
کە من توخمی خەمم
ئەگەرنا لەو خەراباتە بپرسە
من ماڵم لە کوێیە

-٤-

... ئاشتی
وەک ئەسپی تینوو
دەمی ناوەتە ناو جۆگەی شەڕەوە

لێرە لای من
... شەڕ
دەستی بە کڵاوەکەیەوە گرتووە و
... بەجێماندێڵێت
لەوێ لای تۆ
... ئاشتی
لەنێوانماندا بە فیقەنەیەکەوە
وەستاوە
لێرە و لەوێ
... من و تۆ
شیروتیرمان لەیەک هەڵگرتووە

**... ئێستا**
**لەناو ئەم کوخە وێرانەش**
**... دابڕان**
**بە تیری تۆ**
**دڵی منی کون کردووە**



# چوار کورتەشیعر

سارا زینەتی



-١-

ئەگەر هاتی
نهێنی ڕێ مەدرکێنە
با ڕەشەباکان تێنەگەن
پەپوولەکانی ئەڤینم
بە کەژاوەی کام ڕێگادا
دێن و دەڕۆن...

-٢-

یان دەبێ ئەم زستانە بمرم
یان خۆت بۆ هێرشێکی پەروانەیی لە بەهاردا ئامادە کە!
چاک دەزانم ژمارەی ئەو پەپوولانەی
لەسەر باڵیان نەقشی دڵتەنگی دەکێشم،
زۆر زیاترە لەو ساتانەی بێ تۆ دەژیم...

-٣-

بڕوانە
بە سێڵاوی لێکدابڕان
وردە ماسی حەزەکانم
چۆن لە دەریای ئەڤینمان
نووقم بوونە ئۆقیانووسی فرمێسکەکان

-٤-

بایەکی سارد تێم ئاڵاوە
کوا هاڵاوی نیگاییێکت
لەم قەتیسییە رزگارم کات؟!



# من وا دەڕۆم

**شادی نەوزاد**



**پێخەفەکەم لێم نابێتەوە،**
**دڵم پەلەپەل دەکات...**
**پەرداخێ شەراب رژایە ئینجانەکەوە...**
**ئەژنۆم شل بوو...**

**... من وا دەڕۆم...**

**کات زۆر زووە،**
**گوڵی بەر هەیوانەکە هەڵوەریوە...**
**پرتەقاڵەکە وشکە...**
**پێڵاوەکان ئاڵۆزکاون...**
**تەزبیحەکەم دەنکەکانی کەم دەکات...**
**هەناسەکانی تۆش وێڵن...**

**من وا دەڕۆم...**

گڵۆپەکان نەکوژاونەتەوە...
دونیا تاریک و روونە...
دەرگای مزگەوتەکە داخراوە...
سنەوبەرەکان هەڵدێن...
ژیان لەبەر هەیوانەکە دانیشتووە و
کۆڵانەکەش دەگری...

من وا دەڕۆم...

وەنەوز دەست لە چاوم هەڵناگرێت...
دێرەکان پرچیان شانە دەکەن...
هەنگاوی گەڵاکان بەرەو زەردبوونە...
حەزم لە دوو پیاڵە چایە...

من وا دەڕۆم...

نامەکەتم دا بە بەبوویەک...
گەنمەکان گوڵی سووریان گرتووە...
ژەنینی باڵی چۆلەکەکان زۆر سادەیە...
هەوریش ئەشکی باراند...
من رۆشتم...



shady.nawzad@yahoo.com
٢٠١٢-١٠-١٥

# پرسەی تێپەڕبوونی تەمەن لەچاوەڕوانی هاتنی منالێم

ئەفسانە سروش- رانیە



تۆ بڵێی لەوبەری کامە
رووبار
چاوەڕوانی پردێک بێ
تا بەسەریا بپەڕێتەوە و
لە ئێوارەیەکی ساردساردا
کە من لەچاوەڕێی ئاوابوونی
خۆری ئەمڕۆ و
تەمەنێکی
بێ منالێم،
کەزی تاڵە سپییە
تێکەڵەکانی رۆژگارە
رەشەکانم دەهۆنمەوە
بدەی لە دەرگای ئاچەر

شکاوەکەی تەمەنم و
بێتە ناو حەوشەی خاڵی
لەچاوەڕوانی،
ئەودەمە
دەبینی سەردەمی
چاوەڕوانی تۆ چەند کۆن بووە و
لەوە درەنگترە بێت و
منی تێپەڕیو لە چاوەڕوانی
بتگرێتە باوەش،
دەبینی
چەندەهاماڵۆچکەی
یاریم لە حەوشەی
چاوەڕوانی مناڵیمدا
دروستکردووە و
هەموو لە خانە خەرابێک نەبێ
لە هیچی تر ناچن ئێستا
هەر شوێنەواریانە.
کە ماون
دەبینی چەند تەرمی
ئاواتی مناڵیم لەبەر هەیوانی



ژوورەکەم نێژراون و
نوێژی مردووشیان لەسەر نەکراوە
کەس فاتیحایەکی درۆشی
بۆ نەخوێندوون،
ئیدی هێدی هێدی
شل دەبن هەنگاوەکانت
بەرەو من و
دەبینی هەموو سێبەرەکانی منالٚیم
پرسەی تێپەڕینی
تەمەنی من دەگێڕن و
لێرە تێدەگەی چەند
درەنگە و دەستی تۆ
ئا دەستی تۆ!
ئیتر من ناناسێتەوە.



# لەتێک سێبەر

**فرياد عەلی**

-١-

**گوێم لە دەنگی بۆقە، بەڵام:**
**من بانگی دێوم کرد،**
**کە ژنێک وەڵامی دامەوە.**

**پیاوێک دەناسم**
**لە هەموو ژیانیدا، یەک جار قسەی کرد:**
**ژیان کە ئاووئاو دەڕوا، لە شەپۆلەکانی دەڕوانم.**

**منداڵەکان گوتیان:**
**نازانین بۆ ژیان ئەوەندە بەپەلە**
**دەچێتە گۆڕستان؛**
**ڕێک وەکئەوەی دایکم گوتی:**
**جوانییەکانمان!**

من دەڵێم:
نا!
هیچ نابێژم!

-٢-

لە ئاسمان کەوتمە خوارەوە، بەڵام:
هیچکوێی لەشم ژانی نەگرت،
بەرزاییەکانم نەبن!

هەمووکات بیر لەوە دەکەمەوە:
بۆ ئەوانەی ناکەونە خوارەوە،
قووڵایی ناناسن؟

-٣-

گوێ لە هەر وشەیەک رابگرە،
کە دەپەیڤێ!
هەر هەموویان راستیت پێ دەڵێن
تەنیا "جوانی" نەبێ!

-٤-

هەرکات
تەماشای چاوەکانت دەکەم،
شیعرێکی تازە لەدایک دەبێ!



-٥-

**چاولەڕێت بووم،**
**بۆ نامەکانت نەهاتن؟**

**دوێنێ باران بوو،**
**تنۆکێکم بەر کەوت.**

**ئەمڕۆ گەرمایە و**
**چ تیشکێک لە تۆوە نامسووتێنێ.**

**بەیانی بەفر دەبارێ و**
**من لە خۆڕا ناڵێم:**
**کێ ناڵێ خەون دەبینم؟!**



چیرۆک

# شاری قەڵا

فەرهاد چۆمانی

وەک ئەوەی بتەوێ شتێک بڵێی ئاورێک دەدەیتەوە، بەڵام دەمت دادەپچکوڕی و هیچ ناڵێیت، پیشێک دەخۆیتەوە و دەڕۆی. من؛ ناحاڵی چاودەبڕمە ریڕۆینت و لەبن لێوەوە دەڵێم "برادەر..." منیش لەوە زیاتر ناتوانم هیچ بڵێم و دەڕۆم.

تێماوم نازانم کامەمان پشتی لەوی دیکە کرد، بەڵام دەزانم ئەو رووبەڕەنگترە لە من کاتێک پشتمان لەیەکترییە و بە پێچەوانەی رێگای یەکتر هەنگاو دەنێین.

مانگەشەوە، دڵم بەوە خۆشە ئاسمانێک هاوبەشمانە و هەیوەشەو ژێرپێی هەردووکمان تریفەبار دەکات، وەسوەسەیەک خەریکە دەمخاتە نێو گێژەنی ترسێکی لەنوێهاتیی، هەست دەکەم تارماییەک بەدوامەوەیە، لە چرپەی پێ هەڵێنانییەوە هەست بە توندی دەستەکانی دەکەم کە بۆ منی مشتکردوون، لە هانکەهانکی هەناسەیشییەوە تامەزرۆیی راونان و کوشتنی خۆم بەڵەد دەبم.

راوم دەنێ، وەک رەشەبا لەدووی من هەڵی کردووە، هێندی رادەکەم ئەو

هەر دێت و بەتین و تاوتر بەدوام دەکەوێ، وەکئەوەی بەشێک بێت لەخۆم، وەکی شەیتانە نەیارەکەی ناخی خۆم بێت و دەدونیا بەربووبێت رێنمام دەکات.

مەحکومم بە هەڵهاتنێکی ئەبەدی... لە ئەزەلەوە تا عەدەم، رێگام تادێ سەختترە، زۆنگ و چەپەر و زێقەت پێشگیریم دەکەن، دەکەومە نێو رەوێک شەمشەمەکوێرە، باڵەفڕکێ دەکەن و خۆیان دەکێشن بە دەموچاوم، بەو قاچە رنۆکن و پێستە شۆڕبووەوەیان خۆیان بە چەناگەمەوە هەڵدەواسن و دەجیکێنن، منیش وەک ئەوەی نیازم بێت بفڕم دەستەکانم لە هەوادا دەجوڵێنم و بەدەوری سەرم باڵدەدەم، پێیەکانم بەدوومدا نایەن، تۆمەز لە زۆنگ و مێرگەڵانێک چەقیوم، هەر چۆنێکە دەربازێک دەدۆزمەوە، لقی دارێکە ئەو دەربازەم، کە لەوەدەچێت دەستێکی بەفریاهاتیی بێت و درەختەکە بۆ منی راداشتبێت.

تاریکی دارستان قانگم دەدات، وەختە بڵێم سەدەیەک بەشی دەرچوونم ناکات لەم زوڵمەتە. هێشتا تارماییەکە نایەوێ بسرەوێ کە شڵپ... دەکەومە گۆمێکەوە، گۆمێک کە ختووکەم دەدات، پێمدا هەڵدەگژێت و هەست دەکەم هەموو لەشم دەرزیئاژن دەبێت، شەپۆل دەدەم من... گۆمەکە نا، گۆمەکە لە شەپۆل کەوتووە، سەرشارە بە زێروو، ئاها... کەوتوومەتە نێو گۆمێک زێروو کە خەریکی خوێنمژینمە، لەو تەنگەتاوی و ئازاری دەرزری ئاژنبوونەدا بیر دەکەمەوە داخۆ دەمەویست چی بڵێم کاتێک وتم "برادەر..."؟ لەبیر کەوتووم، تۆ بڵێی شتێکم هەبووبێت بۆ وتن؟ نازانم، ئەوەش نازانم چۆن دەربازێکی تر هانام دەبێت لەم گۆمی زێرووەدا قوتارم بکات.

***

ئێسکەکانم لەبەر تینی گەرمای ئەم دوا نیوەڕۆ نەفرەتییە بریسکەیان دێت، تا ئەوکاتەی بەتەواوی هاتمەوە هۆش خۆم هەستم بە دەنووکی داڵێکی کەلاکخۆر دەکرد لەسەر سنگم، دواتر گوێم لە پێڕەوتی کەسێک بوو کە تا دەهات لێم دووردەکەوتەوە، بیرم کردەوە داڵە کەلاکخۆرەکەی سەر سنگم هەمان مرۆڤ بێت کە خەریکە دوور دەکەوێتەوە! چاوەکانم لەبەر تینی گەرما دەکزێنەوە و ناتوانم هەڵیانبێنم، دەستەکانم بەسەر سنگمدا دەهێنم وەکی پەنجەکانم رۆبچنە قەفەسی کەوێکەوە؛ رۆدەچن. هەست بە ئازارێکی توند دەکەم لە گەروومدا، دەستم دەخەمە ملم؛ کۆتەرێک ئێسک ماوەتەوە.

لەبەر گەرما وەختە بڕوا بهێنم ئەو دەربازەی لە گۆمی پڕ لە زێروو هاتۆتە هانام بە دۆزەخی سپاردووم، بەڵام نا؛ چاو دەکەمەوە (یان من پێڵوم نەماوە) و دەبینم لە کوچەیەکی شار کەوتووم و قەڵایەک بەسەرسەرمەوە لەسەر تەپۆلکەیەکەوە دیارە... "شاری قەڵا!" ئا ئەوێیە... دەیناسمەوە، بەوە نییە ئێستا لە ئێسکەپەیکەرێک پتر نیم، خۆ چ نەبێت چاوەکانم لەنێو ئەم کەللەسەرە ناوبۆش و بێ رووپۆشەدا دەبینن، بەڵام سەیرم لێدێ چۆنە زێرووەکان چاوێکمیان نەخواردووە؟ بیردەکەمەوە؛ "بینینیش سزایەکی ترە!"

هەڵدەستمەوە؛ چەندی هەنگاو دەنێم نزیکتر گوێم لە هەناسەی تارماییە وەدووکەوتەکەی خۆمە، گوێم لە دەنگێکی دیکەشە، دەیانی تریش... هەزاران دەنگن کە ژاوەژاوێکیان دروستکردووە بۆ ئەوەی کەس گوێی لە هەزاران دەنگی دیکە نەبێت، هەزاران کوچە و پێڕێ و تەنگەڕێیان راداشتوون تاکو تەمەنی چ کەس بەشی پێدا گوزەربوونیان نەکات و هەزاران رێگای دیکە نەگرنەبەر. شارێک کە لە ترسی شارانی دیکە گەورە دەبێ، بۆ ئەوە گەورە دەبێ دەروازەکان تاکو قیامەت دوورەدەست بکات لە شارییەکان، دەنگەکان لە تەنیشت منەوە دەبیسترێن و چ کەس دیار نییە. دەمەوێ تێبگەم، زمانیان بەڵەد نیم، سەرم دەکێشم بە دیواری کۆنە قەڵا وەختە کەللەسەرم بەربێتەوە و خاش بێت، نێوچاوانم درز دەبات و دوو پەنجەی دەستێکم هەڵدەوەرن، هاوار لە دەنگەکان دەکەم، بەڵام دەنگی خۆم نابیستم. دەنگەکان ناڕوونتر، بەڵام بەرزتر دێنە گوێم، دوو پەنجەم دەخەمە کونی گوێمەوە دێتەوە بیرم کە؛ دوو پەنجەی دەستێکم پەلدران و پەنجەی دەستەکەی تریشم بە شوێن پەڕی گوێمدا دەچێتە چاڵی گوێمەوە، لەگەڵ بەکەللەدا چوونی ئەنگوستێکم شەمشەمەکوێرەیەک لە کەللەسەرمدا باڵەفڕکێ دەکات و لە چاڵی چاوی چەپمەوە دەفڕێت.

دێتەوە بیرم؛ سێوێک بوو گەورەتر لە چنگۆڵەی منداڵانەم، دەبوو بێت و بیفڕێنێت بۆ ئەوەی گەمەکە دەست پێ بکات، کۆڵانە و کۆڵان رایدەکرد، (جارێک پیاوێک دەیگوت؛ قەدەری ئێمە هەر وابووە یان دەبێ وەدوو سێو بکەوین، یان راومان بنێت)، ئەوکات وەدوو سێوێک کەوتبووم، لە لاکۆڵانێکی بنبەستدا لەژێر ساپیتەی گەوڕێک بە هەناسەبڕکێوە سێوەکەی دەخوارد و پێدەکەنی، منیش دەستم خستبوونە سەر ئەژنۆکانم و بەدەم هانکە هانکی

ماندووبوونەوە لێیەوە رامابووم، لەوە دەچوو من چاوەدێری چۆنییەتی خواردنی سێوەکەی بکەم، نەک لێی وەربگرمەوە.

ئێستاش بۆنی سێو دێت... "پێدەچێت ئەم شارە شەرم لە بۆنی سێو نەکات".

تا دێ لە دەنگەکان نزیکتر دەبمەوە، دەنگی مرۆڤ لە هەمەچەشنی ئاستی دەنگیدا، دەنگ دێت گڕ و ناخ لەرزێن، دەنگ دێ چریک و گوێ زیککەر، بەڵام هیچ مرۆڤێک دیار نییە. تۆ بڵێی ویستبێتم چی بڵێم کە وتم "برادەر..."؟ نازانم.

با بە نێوانی ئێسکەکانمدا گڤەی دێت، لەوەتی راونراومەتە ئەم شارە، سەرما ناخی قەسراندووم و بەدەم راکردنەوە هەر جارە و تیزماڵێک ئێسکم لێدەبێتەوە...

بیر لە ئادەم دەکەمەوە، یان بیری لێ ناکەمەوە؛ راستتر لەخۆمدا ئادەمێک دەبینم، ئادەمێکی درەنگکەوتە و بەجێماو لە مرۆڤەکان، لەگەڵ هەر هەنگاوێک تیزماڵێک ئێسکم لێدەبێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە حەوا... چیرۆکی ئادەم بوو هەڵەتە بوونی ئێمە، ئەو سێوەکەی خوارد، کەچی من ترۆ کرام، ئەوەتا من هەر دەڕۆم و تیزماڵی ئێسکم لێ دەبنەوە و چ حەوایەک نایەتە بوون!

دەوەستم و چاو لە دەروازەیەک دەگێڕم، بەڵکو لە دوورایییەکانی ئەم کوچە و شەقامە زۆر و زەبەندانە هەبێت و لەم دەنگانە قوتارم بکات... بەڵام...

دەنگێک دەبیستم؛ "مردن هەبوو، چیتر نەما! تەنها شیبایەک نەبێت، کە لە دوورانی دوورەوە بەسەر ئەم شارەی ئێمەدا کە لە گوڵ رەنگینترە، هەڵدەکات"، دەنگێکی تر ئەم دەنگە خامۆش دەکات؛ "خۆر لێرەوە هەڵدێ، ئاوابوونی مردنیش هەر لێرەیە" دەنگێکی تر وەک ئەوەی حاڵی بە قاقاکێشانێکی شەرمهێنەوە گرتبێت؛ "ئەمە دونیای بیرکردنەوەی ئێمەیە... خۆیەتی! ئەم شارە خەیاڵەکانی ئێمەیە لە بەرجەستەییدا... خواستی ئێمەیە شێوەی بەم کوچە و کۆڵان و مرۆڤانەوە گرتووە... ئا ئەمە خۆیەتی... دونیای ئێمە و کەسیتر نا..."

دەنگی گۆرانییەک دێت، لەوە دەچێت لەسەر ریتمی ئەو بایە کۆک کرابێت کە دەنگی یەکەم بەیانی هەڵکردنی دەدا، هەزاران دەنگ... "وەرەوە بۆی، توت، زەنگی تەلەفۆن، دەنگی بانگکردن بۆ کۆڵانێکی سەیر، دەنگی پێڕەوت، غلۆربوونەوەی تەنەکە، قریوەی ژنان و دەنگی ئەڵڵاهو ئەکبەر..."، پێدەچێت کەوتمبە مەیدانی جەنگ و تێکچڕژانی دەنگەکان بەریەککەوتنی شمشێر و رەزمی قسەکردنەکان وێرغەکردنی ئەسپی سواران بێت.

ساتێک دواتر وەک ئەوەی لە مەیدانی واتەواتی شارییە ونەکان رامکردبێت؛ لەناو پاسێکدام. گارەی مریشکێک دێت کە ناوە ناوە وەک ئەوەی بیەوێ خۆی قوتار بکات باڵەفرکێ دەکات، هەست دەکەم تارماییە وەدووکەوتەکەی خۆیشم هەر لەوێ؛ لە ریزی دواوە و لەو شوێنەی گارەی مریشکەکەی لێوە دێت؛ دانیشتبێت، بۆنێکی قورس لە تەنیشتمەوە دێت کە بۆشایی کەللەی سەر و ناو سنگمی پڕ کردووە، ئەگەر بمەوێ لە رێگەی بۆنەکەوە وێنای کەسێک بکەم؛ پیاوێکی کورتەبنە بۆینباغێکی نارنجی ئەستوور و پانکەڵەی بەستووە و چاکەت و پانتەڵۆنێکی نیلی لەبەر کردووە، کە باخەڵی چاکەتەکەی لەبەر دوگمەدانی هەڵدەوراوە، جانتایەکی باریکەڵەی لە کۆش ناوە و پرچی بەجۆرێک بەلادا هێناوە وایکردووە کەمێک خوار بێتە بەرچاو، هەروەها ئەوەشم دێتە بەرچاو کە لەخۆڕا و بەبێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو بزەی سمێڵەکانی دێت، دەنگی ژنێک دێت کە نازانم بۆچی وا هەست دەکەم ژنێکی ریوەڵەی زراڤە و شیمانە دەکەم بیناسم؛ "هەمووماڵەکانی قەڵایان راپێچکرد، وەک پووش بە بایان داین و پرێسکەکانیان ئاخنینە پیکابێکەوە". دەنگی ئامێرێک هەرجارە و لە گۆشەیەکی پاسەکەوە دەبیستم.

هاوکات واتە واتی دەنگی دوو پیاو دێتە گوێم کە باس لە رووداوێک دەکەن، پێدەچێت زووتر لەوە بەرباسیان خستبێت کە من گوێم لە دەنگیانە؛

"دەستێکی ژێربەژێرە، فەرمان کرا دەستنیشانی چەند ماڵێک بکەین کە گومان هەبووە شەوانە تێیدا کۆببنەوە".

"لە قەڵا؟"

"بەڵێ، لەوێ، مەگەر کوێی دیکە؟! من چەندێکە باسی ئەوێت بۆ دەکەم... تۆ گوێت نەگرتووە؟!"

"ببوورە، گوێم لێتە، بەڵام جوڵەی ئەم پیاوە گوماناوی دێتە بەرچاوم".

نەمدەبینی پەنجەی ئاماژەی بۆ کام پیاوە درێژ کردووە تا بزانم لەگەڵ کێیەتی، بەڵام بەپێی خشپە و هەناسەسواری و شنەکردنی بۆنەکە بێت (کە مەزەندە دەکەم لە ئەنجامی جوڵەی بەردەوامەوە بێت) مەبەستی پیاوە بۆینباخ نارنجییەکەی تەنیشت من بێت.

"دەی خۆ هەموویان وا دێنە بەرچاو کە خەریکی کارێکی گرنگ بن، وازی لێبێنە باسەکەم تەواو بکەم؛ باسی چیم دەکرد! ئا... وتم دەستنیشانی چەند

ماڵێکمان کرد، بەڵام ئەو دەمەی لێیان وەڕووڕکەوتین هیچکەسمان نەبینی، ئا، ئا لە زووەوە چاودێری خانووەکە کرا، من و سیانزە پیاوی دیکەیان دانا چاودێری هاتوچۆی پاسارییەکانیش بکەین، هەر من دەزانم ئەو چاوزیتانە چ مرۆڤێکن! پێدەچێت هەر بەکاری چاودێری بێن، بەڵام هیچ کەسێکمان نەبینی!...".

دەنگی گوللەیەک کەشی ناوپاسەکەی شێواند، من سەرم لەسەر تیزماڵی ئێسکی رانەکانم دانا و چاوەکانم بە ئێسکی سەر ئەژنۆکانم داپۆشین، مریشکەکە کەوتەوە باڵەفرکێی سەرشێتانە و خۆکێشان بە شوشەی پەنجەرەکان، پاسەکە بەلاشیپانی رێگاکەوە گیرسایەوە و لەنێو تۆزو دوکەڵ و قیژەی سەرنشینەکانی وەستا... تا ئەو کات هەر وا سەرم لەکۆش نابوو، سەرنشینەکانی دیکە وێدەچوو هەر کەلێنێک بۆ خۆهەڵدانە دەرەوەی پاسە بە دەرگا بزانن وەک مریشکەکە دەنگی خۆکێشانیان بە پەنجەرەکانی پاسەکە دەهات و لێبڕاوانە دەیانقیژاند "ئەها خوێن... خوێن..." وام دەزانی گوللەکە بەر من کەوتووە و هەموو ئەو دەنگانەی تا ئەوسا دەمبیستن دەنگی دونیای ئەودیون... هەستم کرد بەرەو دەرەوە بەکێش دەکرێم، ئەم هەستەیشم ئۆخژنێکی دەدایەوە دڵم کە ئەم دەنگانەی دەیانبیستم دەنگی دونیای ئەودیو نین و هێشتا "زیندووم!".

هانکەهانکی راکردنی پیاوێک دەبیستم، بەردەوامیش لەگەڵ رەزمی دڵەکوتە و هەناسەبڕکێکانی کە لە پێچیدەیی کۆڵانێکەوە راستەڕێی سەر شەقامەکە دەبێت؛ هەڵدەبەزمەوە. هێشتا سەرم پڕە لە هەمان ئەو بۆنەی لەناو پاسەکە تووشی سەرەگێژەی کردبووم... لەخۆم دێمە دەرەوە و لەوبەر ئەو شەقامەی پیاوە کورتەبنەکەی لێوە رادەکات دەوەستم و ئەم دیمەنە دێنمە بەرچاوم و وێنای خۆم بەسەرپشتی پیاوە کورتەبنەکەوە دەکەم... بەوەدا توانای جوڵەی قۆڵ و باسکی راستم نییە وا شیمانە دەکەم رۆچوبێتە پشتملی چاکەتەکەیەوە و لەسەر پشتییەوە هەڵدەبەزمەوە... شەرم لە خۆم دەکەم! بەڵام تازە درەنگە بۆ هەستی شکۆمەندی کە ئەم شەرم و حاڵەی ئێستا تێیدام هەپرووتی کردووە.

***

نازانم چەندساڵ بەسەر رووداوی کوشتنی ناو پاسەکە تێپەڕیوە، بەڵام لەو رۆژەوەی کە بەسەر پشتی ئەوەوە هاتمە ماڵەکەی لەنێو چەندان

کەلوپەلی ئەنتیکی وەک؛ سەری بەوری ئەلاسکایی، حاجی فیلی ئیندۆنیسی، پارچەیەک زیوی پەیکەری دیکتاتۆرێکی کەوتوو، لقی دارێکی پێچخواردووی سەمەرە، بەردێکی سووری نەخشین، ددانی ئاژەڵێک کە هەرجارە و سەربووردێکی هەیە... دەژیم، هەموو ئەمانە لە رووگەی پەنجەرەیەکی والا دانراون کە زۆرترین دیمەنی شاری قەلای لێوە دیارە و لە ژوورەوەش لە پاڵ ریزی درێژی ئەو کەنەفە و مێز و کورسییەدان کە ناوەناوە بەناوی "کۆبوونەوەی دەستەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان" یان "کۆبوونەوەی تیمی نهێنی پاراستنی ئاسایشی حزب" یان "گرووپی رێکخەری بۆنەکان" ژوورەکە پڕ دەکەن لە دەنگەدەنگ و روون نییە باسی چی دەکەن، لەڕاستیدا لە بنەڕەتەوە وێناچێ باسێکیان هەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەری... لەهەموو ئەم کۆبوونەوانەشدا دەبیستم کە پیاوە کورتەبنەکە بەرپرسی یەکەمە.

ئەو رۆژەی گەییشتینەوە ماڵی پیاوە کورتەبنەکە، یەکەم دەنگ بیستم دەنگی ژنێک بوو کە لە رەزمی دەنگییەوە دەمزانی ژنێکی منداڵکارە، سەرشێت و رامنەبووە. دەیویست بەزوویی لە هەموو شتێک تێبگات، لێبڕاوانە؛ بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی کابرا کورتەبنەکەی بێت پرسیاری دەکرد؛ "بەرنامەکەتان تۆمارکرد؟ باسی چیت کرد؟ باسی هاوسەرگیرییەکەشمانت کرد؟"... دەتریقایەوە و دەیگوت؛ "وای گەر دەزانن هاوسەر نین و بە پارە ماوەیەک لات دەمێنمەوە پێستمان دەکەن بە دەهۆڵی هاندانی خەڵکی لێمان!".

بۆ شەو تەلەفزیۆن داگیرسا، من دوای ئەوەی کەوتمە شاری قەلا یەکەمجار بوو مرۆڤ ببینمەوە... تەنیا دەمتوانی مرۆڤ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ببینم، هەندێک مرۆڤێکی جیاواز و تۆکمە، قسەزان و بێهەڵە، کە دەڵێم قسەزان دەبێ ئەوەش بڵێم مەبەستم لە قسەزانی رەوانگوفتارییە، چونکە لەوەتی لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بە مرۆڤ شادبوومەتەوە، گرینگ نییە چی دەڵێن، گرینگ ئەوەیە ئەوەی دەیڵێن رەوان و بێگرێ دەیگەیەننە پایان!

کوڕێکی باریک و بنێس، ئەگەرچی هەوڵی دەدا هێندەی دەتوانێ خۆی زیرەک نیشان بدات، بەڵام هێشتا نەیدەتوانی ساویلکەییەکەی بشارێتەوە؛ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی رەسمی حزب دەرکەوت. دوای ئەوەی تێمابوو بەکامە ناونیشان میوانەکەی بناسێنێ، لەوکاتەدا پیاوێکی گرگنی گۆشتن، لەنێو چاکەت و پانتەڵۆنێکی شین و بۆینباغێکی نارنجی دەرکەوت، هەر وەک

ئەوەی لەناو پاسەکە لە ڕێگای ئەو بۆنەی لێی دەهات، هێنابوومە بەرچاوم؛ بەهەمانشێوە پرچی بەجۆرێک بەلادا هێناوە وایکردووە کەمێک خوار بێتە بەرچاو. بەخەندەیەکی پان و بێهۆ جارێک دەیڕوانییە چاوەکانم و جارێکیش تیزە نیگایەکی بۆ کوڕەی پێشکەشکار دەکرد کە خەریکبوو دەیگوت ئێستا بینەری ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی بەڕێزیان دەبین... پاشان دیمەنەکە گوێزرایەوە و لە دیمەنی دواتردا کابرای کورتەبنە لەنێو پاسەکە دانیشتبوو، لە تەنیشتییەوە چاوم لەخۆم گێڕا، بەڵام ئەوەی دیاربوو من نەبووم! کەسێکی تر بوو کە ڕووخساری بەجۆرێک بۆ پەنجەرەی پاسەکە وەرچەرخاندبوو، ئەستەم بوو ببینم. ئەوسا لەزۆر شت تێگەیشتم: بۆم دەرکەوت دەنگی ئەو ئامێرەی هەرجارە و لە گۆشەیەکی پاسەکە دەهات چی بوو، زانیم بۆچی من جگە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، مرۆڤ لە هیچ کوێەکی تر نابینم، لێکدانەوەم وابوو کە تەلەفزیۆنیش هەموو مرۆڤێک نیشان نادات، ئەوەی دەردەکەوێ تارمایی مرۆڤیمانە نەک خودی ئێمە بە سیما و ڕووخسارمانەوە، ئەوەی منیش بۆچی مرۆڤەکان نابینم ئەوەیش دیارە هەر روونە، بەڵام ئەوەی هێشتا لام روون نەبوو، کوشتنەکە بوو، چۆن ڕوویدا؟ بۆچی ڕووداوی کوشتنەکەش پیشان نەدرا؟ هیچ وەڵامێکم چنگ نەدەکەوت. لە کۆتایی بەرنامەکە کە من وای بۆ دەچم لە دەموساتی ڕووداوی کوشتنەکەدابێت وێنەی کابرا کورتەبنەکەیان لە تافی لاوی و سەردەمی خەبات و بەرخودانادا نیشان دەدا و لە کۆتاییدا لەوپەڕی ویقار و سەرکەشیدا وێنەکەی بۆ چەند ساتێک وا مایەوە...

دوای قەیرێ، کوڕێکی دیکە هات، ئەمیش وێدەچوو تووشی هەمان دەردی کوڕە باریک و بنێسەکە بووبێت، بە دەنگێکی نێر و گڕدراو کە وێدەچوو بەزۆر ئاستی دەنگ و سۆزەکەی ڕاگرتبێت؛ هەواڵی کوشتنی کارمەندێکی هێزی پاراستنی ئاساییشی نهێنی "بە دەستی ڕەشی نەیارانی ئەزموونە پێشەکەوتووەکەمان!"لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لەناو یەکێک لە هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتیدا؛ ڕاگەیاند. لەگەڵ بەردەوامی هەواڵپێدانەکەدا؛ ئاماژەی بە زۆربوونی ئەمجۆرە کوشتنە ناگەهانە دەکرد و ژمارەی کوژراوەکانی بە نزیککراوی بە بیستوسێ کەس کە لەنێویاندا چواریان ژن بوون؛ خەمڵاند... هاوکات لەگەڵ ئەم زانیارییانەیدا دیمەنی بەخاکسپاردنی کوژراوەکە نیشان دەدرا، کابرا کورتەبنەکە لە نزیک گۆڕەکەیەوە قۆڵەکانی تێکئاڵاندبوون و

جارجاره سەری هەڵدەبڕی و سەیرێکی ئەوانی تری دەکرد، لەوەی دەکرد بەهرەی چۆنییەتی خەمباری و تازییەباریان لێوە فێربێت.

ساڵێک لەمەوبەر، لە دەمی کۆبوونەوەی دەستەی "گرووپی رێکخەری بۆنەکان" کابرا کورتەبنەکە بە ئەندامەکانی دەگوت؛ "هەڤاڵان! ئەگەرچی هیچکات پێمخۆش نییە وێنای مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازانەی خۆم لەبەرچاوی هیچکام لەئێوە بشێوێنم، بەڵام هەندێکجار دێمە سەر ئەو بڕوایەی دەستخۆشی لەو دەستە رەشە بکەم کە کارمەندەکانی ئاسایشی لەمەڕ خۆمان دەکوژن، هاوڕێیان کوشتنی ئەوان سزایەکی خودابیە کە بەهۆی گوێنەدان بەپاراستنی نهێنییەوە دەیانگرێتەوە. هەر ئەم کارمەندەی بەم دواییانە شەهید بوو، نموونەیەکی بەرچاوە کە بووە قوربانیی دەمە شڕ و زمانە درێژەکەی خۆی! من زانیاری درووستم هەیە کە لەو رۆژەی لەناو پاسەکەدا کوژراوە باسی نۆبەتگیری و شەوانی چاودێرکردنی ماڵەکانی کردووە. ئەمە ئەڵێم وەک هۆشدارییەک، بەڵکو ئێوە لەبەرچاوی بگرن... سوپاس بۆ ئامادەبوونتان" بەر لەوەی بڵاوەی لێبکەن و بڕۆن منداڵێکی هەڕاش و بزۆز کە ئەگەر کەمێک بەچاوی گریمانەیی بیخەینە تەمەنەوە رێک دەچێتەوە سەر هەمان بیچمی باوکە کورتەبنەکەی و دەبێتە بەرپرسی کۆبوونەوەکانی سبەی رۆژێ؛ شتێکی تیژ و سوژنئاسای رۆبردە ئەو تاکە چاوەمەوە کە شەمشەمەکوێرەکان نەیانخواردبوو. لەو رۆژەوە من بیناییم لەدەست داوە، بەڵام بەردەوام هەمان ئەو شتانە روودەدەنەوە کە لە رۆژی رووداوی ناو پاسەکەوە روودەدەن، هەمان دەنگ دەبیستمەوە، تەنێ دەنگی ئەو ژنانە دەگۆڕێ کە کرێ هاوسەری پیاوە کورتەبنەکەن و لەگەڵ دەنگ گۆڕانیشیان ژمارەیەکی دیکەی کوشتنی ژنان سەرباری ئەو ئامارانە دەبێت کە بێژەرە دەنگ گڕدارەکە دەیانخوێنێتەوە. وا هەست دەکەم ئێستا بزانم کە دەمەویست چی بڵێم کاتێک وتم "برادەر...".

Ferhad.du@gmail.com

# سێ چیرۆکی زۆر کورت

عەلی دەسماڵی- سنە

## باسی مردنی کەسێک

ئەوە یەک حەفتەیە لەم گەڕەکەدا باسی مردنی کەسێک دەکەن. کابرایەکی باڵابەرزی چاوشین، بە هەیبەتی دەروێشان و بە دەنگ و چریکەیەکی غەریبەوە. کابرا لە سێبەری دارچنارەکانی ئەم گەڕەکەدا گۆرانی چڕیوە. خەڵک دەستە دەستە هاتوون و بە مۆبایل و بە کامێرای گەورە فیلمیان لێ گرتووە. دەڵێن کابرا هێدی هێدی بەدەم گۆرانیچڕینەوە خوێن لە زاری هاتووەتە دەر. هەر لەو دەمەدا دەستی وەکو پیاڵەیەک، پەرداخێک، شتێکی بەرزکردووەتەوە وەک بڵێی تینووی بێت و داوای ئاو بکات، بەڵام کەس گوێی پێ نەداوە و هەر خوێن هاتووە و هەر چریکەی بەرزترەوە بووە. یەک دوو ژن لە دوورەوە هاواریان کردووە: دە وس بە! شووشە بە پەنجەرەی هیچ ماڵێکەوە نەما.

پیاوی دەروێش ئاسا، هێدی هێدی روخساری زەرد هەڵگەڕاوە و لە پاڵ چنارەکاندا کەوتووەتە سەر عەرد و بە پەلەقاژێ دواچرکەکانی ژیانی

بەسەرداوە. ئەڵێن لەودەمانەدا لەجیاتی خوێن شتێکی مەیلەو سەوز لە زاری هاتووەتە دەر. چەند کەسێک بە هەڵەداوان بۆ ماڵەوە هەڵاتوون هەتا فیلمەکان بهاوێنە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. کە ئامبولانسەکەش هاتووە چەند کەسی تر هەر فیلمیان گرتووە و جەند ڕێبوارێکیش بە هێما و نیشانەی دوورخستنەوەی بەڵا و نەگبەتی پارەیان هاویشتووەتە سەر تەرمەکە و دواتر هەموو شتێک گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی.

## ئەوانە کێن؟

بەدوای وێنەیەکی کۆندا دەگەڕێم و پەیدای ناکەم. وێنەیەکی ڕەش و سپی پەنجاکان، کە چەند مانگ بەر لە هەڵاتنی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە تاراندا گیراوە و وا دیارە مان و نەمانی شا نەیتوانیوە کاریگەری بکاتە سەر زەردەخەنە و شێوەی نیگا و تێڕامان و وەستانی پیاوەکانی ئەو وێنەیە. میرزا حەبیب لەنێوان هەر دوو کوڕی خۆی سالار و سیرواندا ڕاوەستاوە و وێنەگر وتوویەتی: حاااازززر.

هەر لەو سەفەرەدا لە ڕووداوێکی هاتوچووندا سالار و سیروان لەناو دەچن و میرزا حەبیب دوای گەڕانەوە، لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە دەکەیەک دادەنێ و دەس دەکات بە فرۆشتنی دۆ و خورما و نەجیراو و قەیسی. دواتر ئاوێنەی بچووکی پشت وێنەکەی زوڵەیخا شانە و عەتر و مێخەک و زۆر شتیتریش دێنێ. حەز ئەکات ئەو خەڵکە بین دۆیەک هەنجیراوێک شتێک بخۆن و پاشان دەس ڕاکێشن بۆ دیواری دەکەکە و پرسیار بکەن: ئەوانە کێن؟ ئەویش لە وەڵامیاندا بڵێ: سالار و سیروانی کوڕم بوون. پسڵەوان بوون برا. لەوە کرماشان و تارانا کەس نەیتوانی دەرەقەتیان بێت و پشتیان لە زەوی بدات.

دوای مردنی میرزا حەبیب ئەو وێنەیە بەها و قوربی نەما و دەتاودەست کەوتە ناو کەلوپەلی ڕزیو و بێکەڵکی عەمباری ماڵەکەی من. تا لەبیرم بێت هەر لە سەر فەرمانی دووچەرخە بیستوهەشتەکەی خۆم دانرابوو. یەک دوو جار بۆ کەیوان و سەیوانی کوڕم گێڕایەوە کە ئەوانە خاڵە پاڵەوانەکانی من بوون لە تەواوی ئەم کرماشان و... نازانم لەم ماڵ گواستنەوەیەدا لە چ ڕووداوێکدا

وێنەکە نووقم بوو. لە کەژاڵم پرسی: ئەرێ وێنەی خاڵە جوانەمەرگەکانم چی بەسەر هات؟ وتی: وێنەی چی؟ پاشان لە کوڕەکانم پرسی. سەیوان وتی: وێنەیەکی وام لەبیر نەماوە. کەیوانیش وتی: هەر بە راست پاڵەوان بوون؟

## لەدەسچوونی بێنجی

لەو دەمەیدا کە من و هاوسەرم دەلال، بۆ کڕینی چەند گوڵێک روومان لە گەورەترین گوڵفرۆشی پایتەخت کرد، هەر ژن و پیاو بوون بە باوەشێک گوڵدانی پڕ لە شەمدانی و حوسن یوسف و خەتمی و ئەتڵەسی دەهاتنە دەر، بەڵام کابرای گوڵفرۆش کە چاوی بە سەروسیما و قژی درێژ و ردێنی جیاواز و چاویلکە و کڵاوی من کەوت، وتی: ئێوە دەبێ چەند گوڵدان لە گوڵ و گیا جیاوازەکانی ئێمە بکڕن. پاشان زۆر شتی پێ نیشانداین و چەند ناوی لاتینی هێنا کە هەموویان جوان و جیاواز بوون، بەڵام بەڕاستی گران بوون. لەناو ئەوانەدا بێنجامییەکان هەرزانتر بوون. پێی وتین: ئەمانە بێنجامینی ئەبڵەقن، زۆر تایبەتن. تەنیا بۆ دەفتەری وەزیر و وەکیلەکان دەیانکڕن. هەوای ماڵەکاتان وەک بەهەشتی لێ دێ. بەس بزانن بێنجامین بەڕاستی هەستیار و دڵناسکە و زوو دەتۆرێ. حەزی لە جێبەجێکردنی زۆر و بەپەلە نییە. لەگەڵیا نەرمونیان بن و قسەی لەگەڵ بکەن.

من و دەلال دەسبەجێ شەش گوڵدان بێنجامینی ئەبڵەقمان کڕی، کە هەر کامەیان ئەوەندە نەمامی گێلاسێک بەرز بوون. بە رۆژ و شەو لەگەڵیان قسەمان دەکرد و لە دوورەوە بە هێواشی فوومان لە گەڵاکانیان دەکرد و گەڵاکان بە هێوری سەمایان دەکرد و ئێمە بەو سەمایە شاد دەبووین. لە تەلەفۆندا لە دەلالم دەپرسی: بێنجییەکان تینوو نین: ... بێنجییەکان باشن؟... بێنجییەکان گەڵای تازەیان دەرهێناوە؟ هەر کە دەهاتمەوە ماڵ هاوارم دەکرد: سەلام بۆ دەلال خانم و بێنجییە جوانەکان.

حەفتەیەک بەرلەوەی کامەرانی برای دەلال بە قاچاخی بەرەو ئەورووپا بڕوات، لە ماڵی ئێمە میوانی ماڵاوایی بەڕێوە چوو. میوانەکان زۆر بوون و ئێمە ئاگادار بووین کەسێک خۆی لە بێنجییەکان نەدات و جگەرە لەناو گوڵدانەکانیان نەکوژێنێتەوە. دوای ١٠ رۆژ تەرمی بێ گیانی کامەران

کەوتە سەر ئاوەکانی دەریای ئیجە و من و عەتای خاڵی کامەران چووین بۆ هێنانەوەی جەنازەکە و دەلال گەڕایەوە بۆ لای دایکی. دوو حەفتە دوای ناشتنی کامەران هاتینەوە بۆ تاران. کە چووینە ماڵەوە گەڵای هەڵوەریوی بێنجامینە ئەبڵەقەکانمان کردە ناو تەلیسێکی گەورە و پاشان گوڵدانەکانم بردە بەر دەرکە و ٢ هەزار تمەنم بە کەناسەکان دا کە زووتر بیانبەن و بیانوو نەگرن و نەڵێن ئەمانە قورسن و خاکیان تێدایە. کەناسێکی ئەفغانی پرسیاری کرد: "اینها بنجامین بودند؟ بنجامین بسیار قشنگند. مخصوص اگر ابلق باشند"*.

* کابرا ئەفغانییەکە بە زمانی فارسی دەڵێت: "ئەمانە بێنجامینن؟ بێنجامین زۆر جوانن. بەتایبەت ئەگەر ئەبڵەق بن".

عەلی دەسماڵی لە ساڵی ١٩٧٧ی زایینیدا لە شاری سنە لەدایک بووە.

لە بوارەکانی کورتەچیرۆک، شیعر و وەرگێڕانی فارسی و تورکی ئەستەنبوڵیدا خاوەن ئەزموونە. دوو کتێبی شیعر و چیرۆکی ئەو بە فارسی لە تاران چاپکراوە. کۆمەڵێک شیعری تورکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە هەولێر بە ناوی (تاڵترین قاوە) چاپکراوە. ئێستا لە سنە دەژی و سەرقاڵی کاری رۆژنامەگەری و نووسین و وەرگێڕانە.

# ئەو رووبارە بۆ وا دوورە؟

**قادر عەلی خا- بۆکان**

تاو لە نێوەڕاستی ئاسماندا چەقیوە، دەڵێی لە کولاوکەی ئاسمانەوە چاو لە باڵای زەوی دەکا، رمبی تیرێژە سوورەوەبووەکانی لە سنگی گەرمابردووی خاک دەچەقێنێ. وڵات وەک تەندووری سەرنراوە وایە، زیڕۆح بە دەرەوە نییە، هەموویان لە ترسی گەرما لەبن نیسێی دار و بەرد و بنچکەگیا خزاون، تا چاو هەتەر دەکا پێدەشتێکی وشک و کاتۆرە، هەمووی زەرد هەڵگەڕاوە. با هەناسەیەکی نایە. لە دوورەوە دیارە، بەحاڵ رەش دەکاتەوە. بەلەز بەنێو ئەو پێدەشتە دڕووچنەدا را دەکا، دڕووە ئاسنی و پوڕیشۆکە سەریان لێک داوە و هەر پێیەک دایدەنێتەوە، دەکەوێتە سەر بنچکە دڕوویەک، بەڵام وا ترساو و شڵەژاوە هەر ئاگاش ناکا، کراسەکەی بەری داکەندووە و بەسەر سەریدا دەیخولێنێتەوە. ئاڵۆزی و پەشۆکاوی لێ دەڕژێ. بەدەم هەڵاتنەوە هەر دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە، لە کاتی کەوتنەکاندا بەدەم هەستانەوەشەوە کراسەکەی هەر هەڵدەسووڕێنێ، پانتۆڵەکەی هەتا بن رەفیسکەی هەڵدراوە، دەرلینگەکەی بە دوویدا هەر تەکەی دێ. دڕک و داڵ و لاسکی گیای وشک هەڵاتوو هەموو

پاوپووزی لە خوێن هێناوە. هەنگێکی زۆری لێ ئالاوە. ئەوەندەیان پێوە داوە هەموو گیانی ماسیوە. بە دەنگیدا نەبێ ناناسرێتەوە. دەستی لێ هەڵناگرن. یەک بە دوای یەکدا چزەی لێ هەڵدەستێنن. دەڵێی بارانی دەرزی بەسەردا دەبارێ. هەر جارە و شوێنێکی لەشی دەرزیئاژن دەکرێ. وا سەری لێ شێواوە هەر تاوەی بە لایەکدا هەڵدێ. دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە نێو رووبارەکە.

– هەر بگەمە ئەوێ رزگارم دێ. خۆ لەگەڵم نایەنە نێو ئاوەکەشەوە. خۆم نوقم دەکەم هەتا لێیان بزر دەبم. چاک هەر ئەوەیە، تاقە دەرفەتە. ئاخ ئەو رووبارە بۆ وا دوورە؟ سووتام، ئاورم گرت.

دڵی لە ژێڵلا دێ. هەست دەکا گەیوەتە لێواری رووبارەکە. بەلەز خۆی فڕێ دەدا، لە لێژێکی توندەوە جاڵە دەبێتەوە، بەدەم هەر تلێکەوە بەسەر دووپشکێکدا دەکەوێ و زیڕەی لێ هەڵدەستێنێ. ئەو ژانە تازانە ئازاری هەنگەکانی لەشی دەسڕێتەوە. کراسەکەی فڕێ دەدا و وەک ماری سەر ئاور دەکەوێتە گینگڵ دان. پێیەکانی بڕستی رۆیشتنیان نامێنێ. هەر هەڵدەستێ و بەلادا دێتەوە. هەر کەوتنە و چزەی دووپشکێک ژێر زگی دەتەزێنێ.

لەگەڵ هەر چزەیەکدا دەکەوێتەوە بیر ئەو نەچیرانەی چزەی لە لەشیان هەڵدەستاندن و بە بزەیەکەوە دەیگوت: ئەوەش نەچیری ئەورۆ. هەر ئەو بەیانییەش لەسەر نان و چاییەکە بە خێزانی کوتبوو: سبحەینێ بەیانی بەجێی ئەو پەنیرە وشکە، هەنگوین دەخۆی. کونەمێشێکم هەڵێناوە، سێ چوار کوزووی هەنگوین تێدایە. هەنگوینێکی سرووشتی و پاکوخاوێن.

ئەویش لە وەڵامدا وتبووی کابراکە پیاوی چا بە، بڕۆ بە لای کەسپێکی ترەوە. دەستبەرداری ئەو گیانلەبەرە بەستەزمانانە بە، بۆ هەموویانت قەڵاچۆ کردووە؟ ئاخر راویش بۆتە کەسپوکار؟ خودای ئەوانە دەتگرێ. ئێمە منداڵمان هەیە. ساوان. بەزەییت بە خۆماندا نایە، ئەوان چی؟ بۆ بە ئاوری تۆوە ئەوانیش بسووتێن؟

بەڵام ئەو کوتبووی ژنەکە ئەوانە تیغیان لەسەرە. حەڵاڵن. من بۆخۆم لە خزمەت مامۆستادا بووم دەیفەرموو خودا هەموو گیانلەبەرێکی بۆ خزمەت کردن بە مرۆڤ دروست کردووە. بەزەیی چی و شتی چی؟

تیژ دەستی دابووە ئەسپابەکانی و بەرەو دەرهێنانی ئەو کونەمێشە وەڕێ کەوتبوو. چاوێک لە رووبارەکە دەکا. ئەوەندەی دیکە دوورکەوتۆتەوە. دەڵێی لەبەری هەڵدێ.

– هەر نایگەمێ. چ گوویەکم خوارد! تۆ بڵێ چت بەسەر ئەو کونەمێشەوە

دابوو؟

هاژەی باڵی مێشەکان بە حاڵ دەگاتە گوێی. پێی وایە هاشەی رووبارەکەیە. تەکان لە خۆی دەدا هەستێ، ناتوانێ و لاقەکانی یاریدەی ناکەن. هەموو لەشی بۆتە کفتەی کوتراو. زنچکاو و خوێن تێکەڵ بووە و بە لەشیدا دادەچۆڕێ، خۆڵەکەی بن زگی خووساندووە. ئازار حەجمانی لێ بڕیوە. هەناسەکانی بە ژمارە دەکەوێ. لیک بە لالێویدا شۆڕەی بەستووە. خۆڵەکەی بن چەنەی بۆتە قوڕ و بەدەم و لەوسییەوە نووساوە. مێش و مێروولە هورووژم دێننە سەری، هەموو لەشی دادەپۆشن. جێی جلوبەرگە ریشاڵ ریشاڵەکەی دەگرنەوە. دەم لە گۆشت و خوێنی وەردێنن. لە زۆر شوێن دەیگەیەننە سەر ئێسک، بەڵام ئەو لەشی سڕ بووە، هەستیان پێ ناکا. دوای غڵدە غڵدێک گەوی هەناسەکانی دەپچڕێ. چاوی بە مۆلەق دەوەستێ و ئازار لەشی بەجێ دێڵێ. دوای ماوەیەک بە دەم شەڕی سیسارگ و کەمتیار و رێوییەوە چوار پەل لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە و هەر پێچکەیەکی بە لایەکدا بار دەکا. ئێسەکانیشی خۆیان لەبەر شەویلکەی بەهێزی کەمتیارەکاندا راناگرن و ورد دەبن. تینی گەرمای هەتاو و خوێن زنچکاوەکانی وشک هەڵدێنێ. بەدەم کزەی بڕینەکەوە قژە سەرەکەی وە سەما دەکەوێ. گێژەڵووکەیەکی بەهێز بە سەر جێگاکەیدا تێپەڕ دەبێ. نیشتنەوەی تۆزێکی خەست شوێنەکەی بزر دەکا و نێوەکەی دەکووژێنێتەوە.

٢٠٠٧/٤/١٨
بۆکان

# هیچ نووسەرێک نییە کە یەکەم دەستپێکەر بێت



## "هەڤپەیڤین لەگەڵ مەنسوور کوشان"



**سازدانی: بابەک سەحرانەوەرد**

**پێشەکی:**

مەنسور کوشان شاعیر، نووسەر و شانۆکار، براوەی خەڵاتی "ئازادی پەیڤ"ی ئۆسیسکی ساڵی ٢٠١٠ و بنیاتنەری "یانەی ئازادی پەیڤ"، لە پێنجەمی بەفرانباری (١٩٤٨)، لە شاری ئەسفەهان هاتووەتە دوونیا.

لە دەیەی ١٩٦٠ لە بواری چیرۆک و شانۆ و دواتر رۆمان دەستی داوەتە قەڵەم و هەتا ئێستا کە چلوپێنج ساڵە دەنووسێت، زیاتر لە پەنجا بەرهەمی بەپێز و بەنرخی پێشکەش بە کتێبخانەی فارسی کردووە. ئەم نووسەرە بەهۆی کێشەی سیاسی وەک چەند رۆشنبیری هاوچەرخ، ناچار تەرکەدیار کرا و لە مەنفا لەگەڵ خێزانەکەی ژیان بەسەر دەبات.

ئەمە یەکەم وتووێژە کە راستەوخۆ بۆ خوێنەری کورد سازکراوە هەتا ئەم

رۆشنبیره بەناوه لەنێوان بیروبۆچوونە ئەدەبییەکەی باشتر بناسێت. مەنسوور کوشان کە یەکێک لە رووناکبیره ئاوەزمەندەکانی ئێرانە، لە مەنفایش زۆر تێکۆشەر و چالاکە و تا ئێستا دەیان دەقی شانۆیی کورت و درێژ، حەوت رۆمان، پێنج کۆمەڵەچیرۆک ، هەشت کۆمەڵەشیعر، پتر لە دوانزە بەرهەمی توێژینەوە، دەیان وتاری فەرهەنگی، رامیاری، کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوەیی بڵاوکردووە. هێزی داهێنەری، نوێکاری و ئاگابوونی لە شێوە مۆدێرنەکان، بەشێک لە شێوە تایبەتییەکانی نووسینی مەنسوور کوشانە.

**بەڕێز، وێڕای سوپاس بۆ ئێوە بۆ ئەم وتووێژە وەک دەستپێک باشتر ئەوەیە کەمێک لە رابردوو و ژیانی خۆتان بۆ خوێنەران بدوێن. هەروەها بەگشتی باسی سەرەتای رەوتی نووسین و چۆنییەتی ئەو بارودۆخە کە تێیدا ژیاون بە زمانێکی خۆمانە بکەن.**

باشترین ناسنامەی هەر نووسەرێک، بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەن. هیچ گێڕانەوەیەک تەواوکەرتر لە دەقەکانی دەقنووس ناتوانێت و هێزی ئەوەی نییە تایبەتمەندییە دەروونی، فیکری، هەستی و هەڵویستەکانی نووسەر دەربڕێت، چونکە هەروا کە هەر مرۆڤێک لە هەر قۆناغی ژیان خوویەکی تایبەت بەو تافەی گرتووە، بەرهەمی هەر تافێکیش وەک ئاوێنەیەکە و لەو نووسەره بەرهەمی ئەو تافەی پێ نیشان دەدات و لە سەرجەمی ئەمانە، تەواوی کەسایەتی ئەو نووسەره پێناسە دەکرێت.

جیا لەمەیش پتر لە چل ساڵ قەڵەم لێدان و نووسین، نە لە تاقەتی خوێنەرانی ئەم هەڤپەیڤینەدایە و نە لە تاقەتی خۆم. چونکە بەهۆی چارەنووسێکی لەپێش دانراوە بۆ نووسەرێکی پرۆفیشناڵ بە چەشنێکی گشتی، بەتایبەت لە وڵاتانێ بە ناو جیهانی سێیەم یان لە حاڵی چاکسازی و ئاوەدانی و گۆڕانکاری، منیش ناچاربووم لە تەواوی بوارە وێژەیی و هونەرییەکاندا چالاک بم. دۆسییەی من لەگەڵ زۆرتر لە چل پەرتووک لە قەڵەمڕەوی هەڵبەست، چیرۆک، رۆمان، شانۆنامە، سیناریۆ، رەخنە، توێژینەوە، دەیان وتار لە بواری رۆژنامەوانی، دەیان گەڵاڵەدارێژی و دەرهێنەری شانۆ، دەرهێنەری فیلم و سەرنووسەری چەند گۆڤار و چالاکی دیکە لەگەڵ هەوراز و نشێوی زۆر تێکەڵ بووە و ئەزموونی تاڵ و شیرینی زۆری لە خۆی بەجێهێشتووە، کە هیوادارم کاتێک برەخسێنێت و رۆژێک هەوڵ بدەم بینووسمەوە هەتا ئاکام و ئەنجامی ئەم ئەزموونانە، بۆ خوێنەران و بەردەنگەکانم، بەتایبەت بۆ نەوەی گەنج بگوێزرێتەوە.

**بە بڕوای ئێوە دووربوون لە ئێران کاریگەرییەکی تایبەت لەسەر جۆری نووسین دادەنێت، مەبەستم ئەوەیە کە دابڕاوی و پچڕاوییەک لە نووسیندا بەدی نایەت؟**

دوورکەوتنەوە خۆی لە خۆیدا خراپ نییە، دوورکەوتنەوە لە خۆت و کلتوور و وڵاتی خۆت نەک هەر خراپ نییە، بەڵکو زۆریش بەنرخە، بەڵام دابڕاوی، لە هەردوو چەشنی خۆی کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە، کە ئەگەر وشیاری لەگەڵدا نەبێت، کاریگەری وێرانکەر لەسەر ڕەوتی نووسین دادەنێت. مەبەستم لە هەردوو چەشن، دابڕاویی و دوورکەوتنەوە بە ئیجبار لە مەنفایە و دیارە بە دڵی خۆت بێت، جیاوازی زۆری هەیە لەنێوان دۆخی نووسەرێک کە لەڕووی ناچاری لە مەنفادایە لەگەڵ نووسەرێک کە کۆچی کردووە و هەر کاتێ بیەوێت دەتوانێت بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە و بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی زگماکی و بۆ هاوزمانەکانی بڵاوبکاتەوە.

نووسەری دوورخراوە (تاراندراو)، ئەگەر وشیار و ئاگادار نەبێت و تەکووزی و جەختی خۆی بۆ نووسین، دوو ئەوندە نەکات، ناتوانێت بەرهەمی بەپێز و دەوڵەمەند لە خۆی بەجێ بهێڵێت. بە واتەیەکی دیکە، دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و کلتووری خۆی، ئەگەر لەگەڵ دابڕان و لێکترازانی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرانی بێت، دەتوانێت زۆر بەسوود بێت، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چاک ڕوانین، باش نووسین، دوورکەوتنەوەیە و یەکێک لە پێداویستییەکانی باش بیرکردنەوە، ئاوێتە بوون لەگەڵ کلتووری میللەتانی دیکەیە. واتە ئیمکانێکە کە لە واقیعدا دوورکەوتنەوە باشترین چەشن دەڕەخسێنێت. لە ئەنجامدا دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەمکی "ئاشنایی سڕینەوە" یا نامۆکردن بدەینەوە. بەم مانایە کە پێداویستی نووسین و ئافراندنی بەرهەمێکی بەپێز، بەدەسهێنانی تەکنیکی "ئاشنایی سڕینەوەیە" کە فۆرمالیستە ڕووسییەکان لە بەرهەمەکانیاندا دۆزییانەوە، بەرهەم گەلێک کە بە ڕێکەوت زۆربەیان لە دەرەوەی نیشتمانەکەی خۆیان نووسرابوون.

**پێم خۆشە کە لە نووسەر و شاعیرە خۆشەویستەکانی خۆت بۆ ئێمە بدوێی. چ کەسانێک ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەسەر نووسینی ئێوە کاریگەرییان هەبووە؟**

تەواوی شاعیر و نووسەر و نیگارکێشە مەزنەکان لەسەر من کاریگەری خۆیان داناوە. هەندێکیان بە چەشنێکی گشتی و چەند کەسیش بەشێوەیەکی تایبەتی. بەڕای من ئەم کاریگەرییە حاشا هەڵنەگرە. یەک نووسەری باش لە هەموو چرکەساتەکانی ژیاندا، تەنانەت لە خەونیش، بە شوێن ڕاوکردنەوەیە. کەواتە هەروا کە ڕاوچی لە ڕاوەکانی بەهرەمەند دەبێت، هەر نووسەریش لە دۆزینەوەی چرکە ڕەسەنەکان لە بەرهەمەکانی خۆی بەهرە وەردەگرێت، بەڵام بڕێ جار ئەم بەهرە

وەرگرتنە راستەوخۆ و برێ جاریش ناڕاستەوخۆیە. برێ جار وشیارانەیە کە لەم چەشنە هەر بەو شێوەیە کەڵک وەردەگرێت. نووسەرە ئاگادار و هۆشیارە بەم خاڵە، لە پەندی پێشینان ئاوڕ دەدەنەوە و لە بەدواچوونەوەیەکی پەیتا پەیتا، ئەم کاریگەرییانە گاهەزییەیان ئاڵوگۆڕی دەکەن یان فەرامۆش.

**لەم دۆخەی ئەم چەند ساڵەدا، بارودۆخی ئەدەبی ئێران چۆن لێکدەدەنەوە؟**

هەر بەرهەمێک بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی خۆی پێویستی بە بارودۆخی شیاو و گونجاو هەیە. هەروا کە ناتوانین چاوەڕوان بین لە گەنداو، گوڵی جوان و بۆنخۆش بڕوێت، نایشتوانین چاوەڕوان بین کە لە زەلکاو و گەنداوی تەواو سیابەختی حکومەتی کۆماریی لە ئێراندا، ئەدەب و هونەر پێشکەوتنێکی شیاوی هەبێت. هەڵبەت هەندێ جار گوڵێک لە قەراخێکدا دەڕوێت و سەرهەڵدەدا کە بەهۆی هەر ئەم دۆخە نالەبارە، زۆر زوو تووشی ژاکاوی و دڵمردوویی دەبێت.

**لە کارنامەی کارکردنی ئێوەدا بەر لە چیرۆک و رۆمان چەندین شانۆنامەی درێژ و بە پێز، سەرنجی راکێشاوین و خۆیان زۆر بەرجەستە کردووە. ئێمە لە چلەکان سێ شانۆنووسی هەرە پرۆفیشناڵ و گەورەمان هەبوو (رادی- ساعیدی- بەیزایی). بۆچی ئەمڕۆکە شانۆ وەک دەیەکانی پێشوو**

هیچ نووسەرێک نییە کە یەکەم دەسپێکەر بێت و بە وتەی "سلێمان" لە پەرتووکی "کۆمەڵگادا" هیچ شتێ لەژێر خۆرەتاو تازە و نوێ نییە. هەموو نووسەران حەڵقە ونبووەکانی یەک زنجیرن. زنجیرێک کە لەڕاستییدا سەرەتا و ئەنجامێکی نییە.

**پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە. ئاخۆ ئێوە ئەم مەسەلەیە لە کەمکاری و لاوازیی و بێهێزیی شانۆنووسانی خۆمان دەبینن، یان ئەوەی کە لە لایەن حکومەتەوە کە لە بنەڕەت ڕوویەکی خۆشی بە شانۆ نیشان نەداوە؟**

یەکەم ئەوەیە، کە من لە دەیەی ١٩٧٠دا شانۆم دەنووسی. لەو ساڵانەدا دەیان شانۆی کورت و چەند شانۆی درێژم پێشکەش کردووە کە بڕێکیان بڵاوبوون و چوونە سەر تەختەی شانۆ، یان لە تەلەفزیۆن نمایش کرا. دوای شۆڕشی ١٩٧٩، بەهۆی بەشی دووەمی پرسیاری ئێوە، ئیدی نەمتوانی وەک جاران شانۆ بنووسم. چونکە شانۆنامە، دوایین پێکهێنان و پێداچوونەوەی خۆی لە ڕۆڵگرتنی ئەکتەرەکان، یان بەشێوەیەکی گشتی لە سەحنەی شانۆ بەدەس دێنێت و بەرهەم دێت. شانۆنامەنووسین لە بۆشاییدا هەست بە ئافراندن و بەرهەمهێنان ناکات. شانۆنامەنووس ناچارە کە سەحنە و هەستی ئەکتەرەکان زۆر باش و بەرفراوان لێکبداتەوە و بناسێت. لەگەڵیاندا تێکەڵ بێت. کەواتە، دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی ئایینی دژ بە فەرهەنگ و کلتووری سکۆلار، ئەم دەرفەتە لە من و شانۆنامەنووسەکانی دیکە گیرا کە نەیاندەویست هاوشان و هاوڕابن لەگەڵ ئەم سیستەمە. بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەت تەختەی شانۆ، لە هەموو کوێ کاریگەرتر لە هونەرەکانی دیکەیە. تەماشا بکە، یەک گۆرانیبێژی سەرکەوتوو، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت زۆر بە ساکاری لە وروووژاندن و هەڵخراندنی بینەرەکانی دەستی هەبێت، هەتا دەست بکەن بە شۆڕشگێڕی و خەباتگێڕی. چ کەسێک ناتوانێت بەر بە بزاڤ و بزووتنەوەی دووبەختیبینەرانی کەسێک وەک "مەدۆنا" بگرێت؟ هەر ئەوەی بەسە کە گۆرانیبێژێکی خۆشەویست وەک ئەو و گرووپەکەی لەسەر سەحنە بچنە سەر شەقامەکانی شار هەتا هەزاران بینەر هەمووشتێ لەسەر ڕێگای خۆیان وێران بکەن. ئەمە خەسڵەت و تایبەتمەندیی سەحنەیە کە بۆ شانۆیش دەتوانێت بێتە ئارا و هاوشان لەگەڵ یەک ئەندێشەی یەکپارچە و یەک بەرنامە و ئاهەنگێکی لەپێشەوە ساز کراوە بن. بۆیە سیستەمە تۆتالیتارەکان وەک فاشیستی، دیکتاتۆری و... هتد، پتر لە هەر بوارێ، چاوەدێری کار و کرداری سەحنە دەکات. ئەمڕۆکە یاری تۆپی پێ لە جیهان بەهۆی ئەو کار و کردارە سەحنەیی بوونەی، وەک لۆسەیەکی گەورە و بەکارهێنەر لە خزمەت سیاسەتی دژ بە مرۆڤەدایە. هەر ئەم یاری تۆپی پێیە، ئەگەر مرۆڤێکی خاوەن بیر و ئەندێشە لەم یارییە هەڵکەوێت، دەتوانێت دژ بە بەندەی خۆی بوەستێتەوە، دەتوانێت کار و کرداری دژ بە سەرمایەداری بۆ خۆی دابین بکات و لە خزمەت جەماوەر بێت. کەواتە ڕەوتی شانۆی ئەمڕۆی ئێران دوو لایەنی هەیە. لە یەک

لاوە، کاری حکومەتی ئیسلامییە کە ناتوانێت دەسەڵات و سەربەخۆیی شانۆ ببینێت و هەموو شتێکی دەوێت کە لەخزمەت خۆیدا بێت و دووەم کۆمەڵێک مرۆڤی دۆڕداماوەکە بە هێنانەوەی پاکانەیەکی نەشیاو لەخزمەت حکومەتدان و هاوشان لەگەڵ ئەو ویستانەی حکومەتن و بەم چەشنە شانۆ دەهێننە سەر سەحنە.

**لەبیرمە چەند ساڵ لەمەوبەر لە جێگایەک خوێندمەوە کە نووسەرێک نووسیبووی، نووسەرانی ئێرانی ناتوانن خۆیان لە بازنەی هیدایەت و ئال ئەحمەد رزگار بکەن. روانگەی ئێوە لەمەڕ ئەم وتە چییە؟**

مانای ئەم قسەیە بە باشی تێناگەم، مەگەر نووسەرە رووسەکان توانییان خۆیان لەژێر "خێمەی گۆگۆل دەربێنن. ئەدەبی رۆژئاوایش، لەژێرکاریگەری شانۆنووسانی یۆنان یان گێڕانەوەی تەوراتدا بووە. هیچ نووسەرێک نییە کە یەکەم دەسپێکەر بێت و بە وتەی "سلێمان" لە پەرتووکی "کۆمەڵگادا" هیچ شتێ لەژێر خۆرەتاو تازە و نوێ نییە. هەموو نووسەران حەڵقە ونبووەکانی یەک زنجیرن. زنجیرێک کە لەڕاستییدا سەرەتا و ئەنجامێکی نییە. هیچ دەقێکی چیرۆک بەتایبەت چیرۆکێکی تەنز لە دەرەوەی کاریگەری "دۆنکیخۆتەی" سیرڤانتێس نەنووسراوە و نایشنووسرێت. کەواتە نووسەرە ئێرانییەکان ناتوانن لە هیدایەت یان تەنانەت لە ئالی ئەحمەد تەئسیر وەرنەگرن، بەڵام رەنگە مەبەستی لە بازنەی ئەو نووسەرە، بەرزتر لە کاریگەری بێت و مانای دیلی یان تووشی دۆخێکی زۆر ئاستەم و بێ دەربازبوون مەبەستی بێت. کەواتە ئەم قسەیە زۆر روون نییە. بەچەشنێکی گشتی هەتا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگای ئێرانی، بەتایبەت کۆمەڵگای فەرهەنگی-رۆشنبیری ئێران بە ئازادی نەگات، بە هاوکێشەیەکی کەم تا کورت باش لە کردار و وتە و روانگەی خۆی نەگات، ئەم کیشمەکێشە زەینییە لەگەڵ کەسانێکی وەک هیدایەت و ئالی ئەحمەد بوونی نابێت. دەبێت چاوەڕوانی رۆژێک بین کە هەر نووسەر و رۆشنبیری ئێرانی بتوانێت تەواوی ئەمانە لە دەروونی خۆی بەرجەستە بکاتەوە، ئینجا لەوان تێپەڕێت و بە ترۆپکی سەربەخۆیی بگات.

**بەڕێز کوشان، بابەتی زۆربەی بەرهەمی چیرۆکی ئێمە بۆ پێش شۆڕشی ۱۹۷۹ دەگەڕێتەوە. ئاخۆ ئەمە لە زاتی خۆی نابێتە خۆپارێزیی و رووەوەرگێڕی خوێنەر لە رۆمان و کورتەچیرۆک، هۆکاری لایەنگری ئەم نووسەرانە بە رووداوەکانی پێش راپەڕین لە بەرهەمگەلی خۆیان چییە؟**

ئافراندنەوەی رابردوو یا زەمەنی ئێستا، لە زاتی خۆی ناتوانێت بە عەیب یان

باشی بەرهەمێک بزانرێت، بەڵکو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دەقە چۆن و لە چ روانگە و بە چ زمانێک نووسراوە یان پێکهاتەی ئەو تێکستە چۆن بووە کە تەواوی ئەم مەرجانە دەبنە هۆی ئەوەی کە خوێنەران ئاوڕی لێبدەنەوە یا فەرامۆش بکرێت و کەسێک نەیخوێنێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، بەشێکی زەبەند و هەرە گەورە لە ئەدەبی جیهان، ئافراندنەوەی رابردووە. هەر نووسەرێک بۆ نووسینی یەک بەرهەمی شیاو و شایستە بەتایبەت رۆمان، پێویستی بەتوێژینەوە و بیرکردنەوەی زۆر لەسەر بابەتێکە کە دەیەوێت بەشێوەی رۆمان رەوایەتی بکات. کە واتە، ئەم ئیمکانە پتر لە هەر شتێک، لە نیشانە و دۆکیۆمێنتەکانی رابردووە و لە ناخی مێژوودا بوونی هەیە. نووسین لەمەڕ رۆژگاری خۆت، بەو هۆکارە کە زوو تێدەپەڕێت زۆر دژوارە و دووەم ئەوەیە کە کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە. بە چەشنێکی دیکە، یەکێک لە باشترین و پەسەندترین شێوەکان، سوودوەرگرتن لە زەمەنی رابردووە، وەک سەکۆیەکی پەڕین بۆ دەربڕینی زەمەنی ئێستا. کارێک کە زۆربەی نووسەرە گەورەکان کردوویانە و بەرهەمە هەمیشە زیندووەکان بە زۆریی ئەم خەسڵەت و پێکهاتەیەیان هەیە. بەر لەمە، هەڵبەت قسە لەسەر ئێران دیارە شتێکی جیاوازە. هەروا زۆربەی نووسەرە ئێرانییەکان، نەک بەهۆی ئیمکانی نەبوونی بەڵگە و ژێدەر، کە ئەم جۆرە بەرهەمە نەنووسراون و زۆر بەدەگمەن دەست دەکەوێت کە بەهۆی راکردن لە لاوازی و راکردن لە سانسۆر، ئاوڕیان لە رابردوو داوە. ئەگەر چی ئەو شتە کە لە ئێستادا کێشەی سانسۆری هەیە، ئافراندنەوەی ئەو لە رابردوویش هەر سانسۆر دەکرێت.

**یەکێک لەو رۆمانانەی کە لە دەیەی (١٩٩٠)دا ئاوڕی لە شەڕ و کاریگەرییە وێرانکەرەکانی دایەوە رۆمانی (موحاق) بوو لە نووسینی ئێوە ئەم رۆمانە دژ بەو بەرهەمە ئەدەبییانە بوو کە دەیانویست بە زۆری و بە فێڵی جۆراوجۆر کاریگەری دانێن لەسەر زەینی خوێنەر و هەر لەبەر ئەمەش بوو زوو فەرامۆشکران بەڵام رۆمانی ئێوە بەم چەشنە نەبوو. دەمویست لەمەڕ چۆنییەتی ئەم دەقە زۆرتر بزانین چی بوو کە دەستت دایە ئەم رۆمانە و لە بنەڕەتدا لە چ هەلومەرجێکدا ئەم رۆمانەت بەرهەمهێنا؟**

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، پێش لەدایکبوون، لەبارچوو. ئەمە بەم هۆکارە دەڵێم کە دەمەوێت بگەم بە نەخشی پانتا و باردۆخێک کە لەسەر نووسەرێک زاڵە و ئەو بەرەو لای بەرهەمهێنانی بەرهەمێک هاندەدات. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە بەرهەمی سەربەخۆ و شاکار دەربارەی راپەڕینی ئێران

نەنووسرا، بەهۆی نەبوونی ئەزموونی نووسەری ئێرانی و دەروونی کردنەوەی ئەو فەزای راپەڕینەیە. بە رواڵەت لە ئێران راپەڕین روویدابوو، بەڵام رووداوەکان هێندە توند روویدا، کە هیچکار و کردارێکی بەنرخ لە هیچ نووسەر و هونەرمەندێ نەخولقاند و بەرهەمێکیش نەنووسرا. هەرچی بوو یا لەمەڕ چارەڕەشی ئەم حکومەتە یا لەمەڕ گرووپێک لە مرۆڤی بێ فەرهەنگ و بێ ئەقڵ کە ژیانەکەیان تەنیا لەڕێی کوشتن و دەستدرێژیکردن بۆ ژیانی خەڵکەوە بوو. واتە بەتەواوی بە پێچەوانەی شەڕ، هەشت ساڵ شەڕ، کە لەپێناو ئەو، هەشت ساڵ خۆسەپاندن و کوشتن و وێرانکردن و درووستبوونی ترس و وەحشەت لە کۆمەڵگادا بوو. نەک تەنیا کە فیکر و ئەندێشە و هەست و ویژدانی هەر نووسەر، کە تەواوی ئێرانییەکانی شێواند و هەر بەرهەمێکیش دیارە هەڵقولاوی ئەم کاریگەرییانەیە. بۆیە من ئیمانم هەیە بەر لەو بەرهەمانەی کە بە ئیزنی حکومەت و رێکخراوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەربارەی شەڕ نووسراوە، یان بەرهەمگەلێک کە لە خۆییەوە هەڵقولاوە و بەدیهاتووە وەک رۆمانی من یان رۆمانی "زستانی ١٩٨٣" ئیسماعیل فەسیح یان "لافاوی" مەهدی سەحابی، دەیان بەرهەمی تر نووسراوە، کە ئێستا ئیزنی بڵاوبوونەوەی وەرنەگرتووە. من ناچار بە نووسینی ئەم رۆمانە بووم هەتا دوای بتوانم بەرهەمی دیکەم بنووسم. شەڕ، تەواوی خانە زیندووەکانی منی داگیر کردبوو و هەتا بەرهەمێک لەو بابەتەم نەنووسیایە، ئاسوودە نەدەبووم. بۆیە ئەو کاتەی کە پێکهاتەی گشتیی رۆمان لە زەینم نەخشی بەست، دەسم کرد بە نووسین کە هاوکات بوو لەگەڵ بۆمبارانی شاری تاران. بەجوانی لەیادمە کە کاتێک مووشەک لە گەڕەکی گیشا لە تاران درا، پێنووسەکەم لەسەر کاغز بوو کە لە دەستم ترازا و شووشەی دیوەکەم لە شەقامی ئەمیرئاباد ورد و خاش بوو. زۆر کەس وتوویانە کە بەشی سێیەمی ئەم رۆمانە، ریتم، فەزا و کەشی تایبەتی هەیە. رەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی، نووسین لەم فەزا ناخۆش و پڕ لە مەترسییەدا بوو. تاران، کەم و زۆر چۆڵ ببوو و منیش لەنێوان ترس لە شەڕ، لەگەڵ ئەم رۆمانە خەریک بووم. هەوڵم دەدا کە "بەهرام" کەسایەتی سەرەکی (پاڵەوانی ئەم رۆمانە) پەیدا بکەم و لەم دۆخە رزگاری بکەم.

**ئێوە بەر لە رۆماننووسین، بە شاعیرێکی دیار و جیددی ناسراون. ژمارەیەک لە شاعیران لەو بڕوایەدان کە زمانی شیعر دەبێت لە زمانی ستاندارد، بێگانە و نامۆ بێت. پێمان خۆشە روانگەی ئێوە لەمەڕ ئەم بۆچوونە بزانین.**

ئەگەر بەجێی زمانی ستاندارد، زمانی رۆژانە دانێین، رەنگە باشتر بێبەم پرسیارە

وەڵام بدەینەوە، چونکە زمانی ستاندارد، زمانێکی ناسیاو نییە، کام زمانی ستاندارد؟ لە کام ستانداردبوون قسە دەکەین؟ ستانداردی زانستگایی، جوانیناسانە (ستاتیکی)، شاعیرانە، ڕۆمانتیکی، یا زمانی دیکە؟ هەر بەرهەمێکی بەرز و سەرکەوتوو، هەر بەرهەمێکی مەندۆخ و ڕەسەن، زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە زمانی ستانداردی ئەو بەرهەمە و بەرهەمی دیکە وەک سەرمەشقێکن بۆ ئەو. دەکرێت غەزل لە زمانی ستاندارد ڕەچاو بکەین؟ نا، چونکە نێوان غەزەلی حافز و سەعدی جیاوازی زۆر هەیە. بە چەشنێکی گشتی شێوازکاری ئـەدەب و هونەر کارێکی پووچە کە زۆرتریش لەلایەن زانستگاکان بەدی هاتووە، چونکە کارێکی دیکەیان لەدەست نایەت. ئەدەب و هونەر و بەتایبەت زمان لە بەرهەمی ئافراندنی زۆر ناسک و پاراوەیە و ناکرێت بۆ ئەو پێوەرێک دابین بکەین. ڕەنگە کەسانێک کە لایەنگری لە زمانی ستاندارد دەکەن، مەبەستیان نوێخوازی لە زمانە. ئەگەر ئەمە بێت، بەڵێ، بەشێکی گرنگ لە دڵڕفێنی شیعرێک، بۆ زمانەکەی دەگەڕێتەوە. قسەیەکی تازە بۆ وتن نییە یان زۆر کەمە و ئەمە تەنیا زمانە کە دەتوانێت یەک مانا و چەمک لە دووپاتبوون ڕزگار بکات و بۆ یەک ملیۆن جار ئەو دەقە دڵڕفێن و گەش و خۆش دەکات.

**لە ڕوانگەی منەوە هیچ شیعرێکی ئاشقانە کە سیاسی نەبێت بوونی نییە. شیعر لە یەک پێناسەیەکی گشتی، واتە ڕوانگە هەڵبژاردنی شاعیر بەرامبەر بە دۆخێک.**

**لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەتایبەت دوای راپەڕینی ١٩٧٩ بۆ ماوەیەک ئاوڕی زۆریان لە شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی دایەوە لە ماوەیەکیش لە شیعری ئەڤیندارانە. هۆکاری ئەم ئاوڕدانەوە و ئاوڕنەدانەوەیە لەم دوو جۆر شیعرە لەچیدا دەبینن؟**

ئەم پرسیارە دوو وەڵامی پێویستە، یەکەم ئەوە کە درووستە ئێمە بە شیعرگەلێک ئەڤیندارانە، یان سیاسی دەڵێین، بەڵام لە رونگەی من هیچ شیعرێکی ئاشقانە کە سیاسی نەبێت بوونی نییە. شیعر لە یەک پێناسەیەکی گشتی، واتە روانگە هەڵبژاردنی شاعیر بەرامبەر بە دۆخێک. کەواتە هەر شیعر سیاسی هەر ئەوندە ئەڤیندارانەیە کە هەر شیعری ئاشقانە، یا سیاسی. مەگەر ئەوەی کە پێناسەی شیعر جێبێڵین و بڕۆین بە لای دەقگەلی نیمچە شیعری کە ناوی خۆیان ناوە (شیعر). باشترین غەزەلەکانی حافز هەم سیاسین و هەم ئاشقانە. باشترین شیعرەکانی نیما، فروغ، شاملویش هەروەتر. پێداویستی "دەربڕین" یا نووسینی شیعر یا هەر بەرهەمی ئەدەبی، بەهۆی باسکردن لە کێشەکانەوە ئەرزش پەیدا دەکات. کەواتە، بەشێک لە شیعرە فارسییەکان، هەندێجار لایەنی ئەڤیندارانەکەی بەرجەستە دەبێت، هەندێ جاریش لایەنە سیاسییەکەی. ئەم شتە دەتوانین لە شیعری شاعیرە مەزنەکانی هاوچەرخ وەک شاملوو و ئاتەشی و یەک دوو کەسی دیکە ببینین و بەڕای من، پێوەریش، ئەگەر پێوەرێکی بۆ دانێین، دەبێت خودی ئەم شاعیرانە بن، چونکە شاعیرە لاوەکان، تا کاتێک کە هێشتا بە شیعرییەتی شیعر نەگەیشتوون یا تەنیا وشە و فیکر ئامێری "بەیان" و دەربڕینی ئەوان نەبووە، رێگەی زۆر دەڕۆن کە پێشتر هەڵقولاوی پاڵنەرە هەتا ئەندێشە و بونیادێکی قورس و سەقامگیر.

**هەندێ لە رەخنەگەرەکان لەم سێ دەیە وای بۆچوون کە ژمارەیەک لە نووسەران کە لە مەنفادا دەژین، نەیانتوانیوە بەرهەمێکی بەپێز و هێز ئاراستە بکەن. ئاخۆ ئێوەیش لەگەڵ ئەم بیروبڕوایە هاوبیر نین ئەوەی کە بە چەشنێکی دیکە ئەم مەسەلەیە لێکدەدەنەوە؟**

بەڵێ، هەندێک لە نووسەرانی تەرکەدیارکراو ئیتر هیچیان نەنووسی یا ئەگەر شتێکیشیان نووسی تازەو پێشڕەو نەبوو. بەشێک لەم کارەساتە، بەڕاستی بۆ وڵاتی وەک ئێران، کە دوو نووسەری باشی نییە، بەڕاستی دڵتەزێنە و ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی نووسەر لە تاراوگە و بەشێکیش بۆ توانایی و بەهێزبوونی ئەو کەسە. لەو بڕوایەدام کەسانێک لە تاراوگەن، بەتایبەت دوای یەک دوو بەرهەمی نە زۆرباش، خامۆش بوون و ئیدی بەرهەمێکیان نەنووسی یان بڵاو

نەکردەوە. ئەگەریش لە ئێران بوون هەر ئەمە دەبوو بە کارنامەی نووسینیان. بەگشتی ئێمە میللەتێکین ماڵپەرست و ئاسایشخواز. لە لاویدا ئێمە بڕێک شێلگیرانە دەکەوینە دوای نووسین، ئەگەر سوودی بوو کە باشتر. ئەگەر نەیبوو وێلی دەکەین و شوێن خۆشی و ئاسایشتی خۆمان دەکەوین، چونکە ئەدەب بەدەگمەن بۆ داهێنەرەکەی ئاسایشی هێناوە.

**روانگەی ئێوە لەمەڕ بەرهەمی نەوەی گەنج لە بواری چیرۆک و شیعردا چییە. ئاخۆ فریادەکەون نووسراوەکانی گەنجەکان بخوێننەوە؟**

بەڵێ، وابزانم تەنانەت زۆرتر لەو شتەیش کە دەبێت بخوێنمەوە، دەخوێنم. نووسراوی لاوەکان دەخوێنمەوە. بەتایبەت ئەو بەرهەمانە کە بۆم دەنێرن و بمەوێت و نەمەوێت پابەند دەبم کە بیخوێنمەوە. ئەگەر ئاستەکان ڕەچاو بکەین، کتێبی زۆرمان هەیە، بەڵام کتێبی باشی زۆر کەممان بەدەستەوەیە. ژمارەی بەرهەمە لاواز و خراپەکان هێندە زۆرن کە تەنانەت ناکرێت یەک دوو بەرهەمی باشیش بخوێنیتەوە. هۆکارەکەی روونە و گەنجەکان و ئەو نەوەیە کە ئەمڕۆکە سەرقاڵی نووسینن، خەتایان نییە، هیچ شتێ لە حکومەتی ئیسلامی لە ئێران بایەخی نییە. لە هیچ کوێ چلۆنایەتی و مەندۆخی بەرهەم گرینگ نییە. ئیدی خواناسەکانیش فلسێ بۆ داهاتوو و بەهەشت بایەخ دانانێن، چ بگات بە گەنجێک کە بە چەشنێ لەگەڵ ئەخلاق یا دژ بە ئەخلاق گەورە بووە و بووەتە بەرهەڵستێک بۆ کۆمەڵگاکەی. لە لایەکی ترەوە بڵاوبوونەوەی بێ کێشە لە ئینتەرنێت، بووەتە ئەوەی کە گەنجەکان بایەخێک بۆ بەرهەمی ئەدەبی دانەنێن و ئەو ئینتەرنێتە تەواوی وەختی ئەم نەوەیەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ناهێڵێت بەرهەمێکی بەهێز و پێز بنووسێت.

**بەڕای ئێوە گۆڕانکاری و نوێخوازی لە زاتی ئەدەب لە هەر چەرخ و دەورەیەک شتێکی پێویستە، یا ئەوەی کە لە بنەڕەتدا گۆڕان و نوێخوازی لە سەرچاوەی گۆڕانکارییە سیاسی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگا دەبینن؟**

هەر دوو رستەکەی ئێوە، یەک شت دێنێتە زەین. گۆڕان و نوێخوازی لە زاتی ئەدەب دیارە پێویستە لەبەرئەوەی ئەدەب ناتوانێت جیا لە گۆڕانکارییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا خۆی دەرخات. ئەو دوو چەمکە پەیوەندییەکی ئۆرگانێک و نزیکیان پێکەوە هەیە و هەر دوو لە یەک تەئسیر وەردەگرن. بۆیە هەرچی ئەدەبی میللەتێ زیاتر پەرەبسێنێت ئەو کۆمەڵگایە گۆڕانێکی باشتری

بەسەر دێت و هەرچی بارودۆخی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگایەک باش بێت، دیارە فەرهەنگ و کلتوور و ئەدەبی ئەو کۆمەڵگایە باشتر خۆی بەرجەستە دەکات و سەقامگیر دەبێت.

**لە دەیەی ١٩٩٠دا هەندێک لە نووسەر و رۆشنبیرانی ئێرانی وەک "گۆلشیری" و "دوکتۆر بەراهەنی" کارگەی ئەدەبییان رێخست. لە بنەڕەتدا هەڵوێستی ئێوە بەم کارە چۆن بوو و ئاخۆ لەو بڕوایەدان کە ئەم نووسەرانە توانیویانە لە دەورە و قۆناغێکی دیاریکراو لەسەر رەوتی ئەدەبی کاریگەری دابنێن، یان نا؟**

بەڵێ، ئەم رووداوە بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی بەستراو کە سیستمێکی دیکتاتۆری خۆی بەسەریدا سەپاندووە، زۆر سوودمەند بووە. کۆمەڵگایەک کە لەوێدا ئازادیی نەبێت، میدیا جۆراوجۆرەکان و جێگایەکی دیاریکراو بۆ فێربوون نەبێت، رێگاکانی دیکە بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکان دەدۆزێتەوە. لە ئێران چونکە گۆڤار و رۆژنامەی زۆر بڵاو نەدەبوو و جێگایەک بۆ کۆڕە شیعرییەکان و چیرۆک، یان رەخنە و بیروبۆچوون نەڕەخسابوو، ئەم جۆرە کارگە زۆر کاریگەری دانابوو. واتە کۆڕە ئەدەبییەکان، وەک کۆڕی پێنجشەممە کە دابونەریتی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ "کۆڕەکانی ئەسفەهان" و لەئاکامدا بۆ کۆڕی شاعیران. جێگایەک بوو بۆ فێرکاری و باسە ئەدەبییەکان بۆ گەنجەکان بە مامۆستایی یەک کەس. ئەم کارگە ئەدەبییانە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئەو کەسانەی دانا کە لەو کۆڕەدا بەشداربوون، کە هەڵبەت لەولایشەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە لەم جێگایانە بەدەگمەن دەکرێت بیروبۆچوونە تاکەکەسییەکان کاریگەری دابنێن/ یا جێی مشتومڕ و لێکۆڵینەوە بن، چونکە کۆمەڵگایەک کە داخراوە و یەک بۆچوون بەسەر بۆچوونەکانی دیکە بەبێ هیچ پشتیوانێکی هزری دیارە بە ساکاری زاڵ دەبێت.

٦ی جوونی ٢٠١٢

ستاوانگێر

# وەرگێڕان

## وەرگێڕان

- میراتی نیچە و چیرۆکی پۆست مۆدێرن — **پەرویز زەبیح غوڵامی**
- وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ موویان — **سولەیمان ئەبوبەکری**
- گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە لەگەڵ (گۆنتەرگراس) — **کارزان محەمەد**
- پەپوولەکان — **ئەمین گەردیگلانی**
- ڕێگا — **شەریف فەلاح**

# میراتی نیتچە و چیرۆکی پۆست مۆدێرن



و. لە فارسییەوە: پەرویز زەبیح غوڵامی

ئەمڕۆکە کە بەرهەمەکانی نیتچە لەپاش هایدگەر، دریدا، گادامێر و دۆلۆز دەخوێنینەوە فەلسەفەکەی بە ورووژێنەری هەندێ مەسەلە وەکو سەرهەڵدانی میتافیزیک، مەرگی خودا و هەروەها هەڵوەشانەوەی سووژەی مرۆیی دەهێنینە ئەژماردن. ئەم بابەتەی کە ئایا نیتچە توانای هەبووە لەژێر تیرۆژی هەندێ چەمکدا میناکی دەسەڵاتخوازی، کەڵەمرۆ و گەڕانەوەی هەتایی بەسەر میتافیزیکدا زاڵ ببێت یان نا، بابەتێکە کە شیاوی تێڕوانینە. هایدگەر واتەنی: دەبێ نیتچە وەکی دواکەسی خێڵی مێتافیزیکخوازان وێنا بکەین. رەنگە بیرۆکە و هزری "دوامرۆ"ی ئەو بۆی هەبێت لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم کێشەیەدا یارمەتیمان بدات. لەم رۆژگارەدا کە کۆی پێوەر و بنەما و رێچکە مێتافیزیکییەکان تێکڕا رووبەڕووی

دوودڵی و بەدگومانی بوونەتەوە و پاڵگە دێرینەکانی سوننەت رووخاون وا هەست دەکەین کۆی جێگە و پێگە پاوەجێیەکانی فەلسەفە ترازاون و ئیدی چ پاڵگەیەکی متمانە پێکراو بۆمان نەماوەتەوە. تری ئیگەڵتۆن وتەنی ئێمە هەنووکە لە خەونی مۆتەئاسای مودێرنێتی راچڵەکاوین و خۆمان لە هەمبەر هەندێ داستان وەکی پاش مودێرنێتی، گەمە زمانییەکان و فرەخوازیی فەلسەفیدا دەبینینەوە.

ئێستاکە بەرلەوەی لە ئەندێشەکانی نیتچە بکۆڵینەوە، دەبێ پرسیار بکەین مەبەست لە پاش مودێرنێتی چییە؟ یەکەم شتێک کە لە ئاست پاش مودێرنێتیدا بە زەیندا ختووره دەکات، پێوەندییەتی لەگەڵ مودێرنێتیدا. لە زمانی یۆنانیدا پێشگری post هاوتای پەسای سانسکریتە و دەلالەت لە چەندین شت دەکات: لە لایەکەوە دەلالەت لە تەئخیری کاتی دەکات و لە لایەکی ترەوە بەمانای داکار، پرسوجۆ و بەدواداچوون هاتووە. مەبەست لە تیۆری پۆست مۆدێرن کۆمەڵێ ئایدیا و ئەندێشەیە کە هەڵگری گەلێ سەرچەشن و چەمکی پاش پێکهاتەگەری فەرەنسا و "تارۆزخوازی لیبێراڵی" (liberal ironist) رۆرتین. هۆگرانی هزری پاش مۆدێرن پێیانوایە چەشنە هزرێ لەباوکەوتووە و چەشنێکی نوێ جێگای گرتووەتەوە.

پۆست مۆدێرنێتی وشەیەکی هەرە داپۆشراوە کە بۆ دەربڕینی چەشنێ گۆڕانکاری، پرۆسە و ئەندێشەی جیاجیا بەکار بردراوە. چما یەکەمجار ئەم وشەیە بۆ هونەر بەکارچووە و پاشان پێی ناوەتە هەرێمی فەلسەفەوە. بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە پاش مۆدێرنێتی بزاوتێکە کە تێدەکۆشێ مەردەلۆخی فەلسەفیی رۆشنخوازی و چەمک و پێوەرە کولتووری- زانستییەکانی بخاتە بەر رەخنە و کۆڵشت و بەچەشنێ لە چەشنەکان تێپەڕی بکات. لەوانەیە ژان فرانسوا لیۆتار یەکەم کەس بێت کە ئەم زاراوەیەی هێناوەتە خانەی فەلسەفەوە. لیۆتار واتەنی مەبەست لە پاش مۆدێرنێتی بارودۆخێکە کە لە پاش مۆدێرنێتی هاتووەتە ئاراوە. ئەو لە نامیلکەی رەوشی پۆست مۆدێرندا- کە بەشێوەیەک گوزارشت لە باری زانست دەکات لە سەردەمی نوێدا- تیشک دەخاتەسەر ئەم خاڵەی کە پێش لە روونکاریی مانای پۆست مۆدێرنێتی دەبێ مۆدێرنێتی پێناسە بکەین. لە روانگەی فەلسەفەوە مەبەست لە مۆدێرنێتی کۆمەڵێ روانگە و بۆچوونە، کە بیرمەندانی بزاڤی رۆشنخوازی میناکی لایب نیتس، دەیوید هیۆم، کانت، نیۆتەن، لاک، هابز و بەچەشنێکی گشتی زانستنامەنووسانی فەرەنسی ئاراستەیان کردووە. ئەم فەیلەسووفانە چ ئەوانەی کە "هزرخواز" بوون و چ ئەوانەی لایەنگری "ئەزموونخوازی" بوون لە بیروبۆچووندا هاوڕا و هاودەنگ بوون.

بەڕای ئەوان هزرخوازی و عەقڵانێتی بریتین لە چەشنێ توانایی کە کۆی مرۆڤەکان بەهۆی مرۆڤبوونەوە لەخۆیان گرتووە. زەقترین نوێنەر و دەرخەری هزر، توانای مرۆڤ لە بیرکاریی لۆژیکی- ماتماتیکیدا دەگرێتەوە. ڕەنگدانەوەی ئەم پرۆسە هزرخوازانەیە ماتماتیکی ڕەها و کاربردیەتی لە زانستە فیزیکییەکاندا. لە سێبەری ماتماتیکی ڕەهادایە، کە جیهانی سروشتی وێنە دەکێشرێت. لەڕاستیدا زانستە سروشتییەکان لەبەر هزرکاریی ماتماتیکییە کە هەندێ دەسکەوتی نوێیان بەدەستهێناوە و زەمینەیان بۆ پەرە و گەشەدانی "کۆمەڵگای زانستی" ڕۆژئاوا ڕەخساندووە. مارکسیزمی لەسەدەی نۆزدەیەمی لە بۆچوونی خۆیدا بۆ زانستەکان مزگێنی وەها کۆمەڵگایەکی داوە. بە شێوەیەکی گشتی مۆدێرنێتی پێکهاتووە لە هزر، زانست، بابەتێتی و کارەکانی ئەوان لە پێناو مسۆگەرکردنی حەسانەوە و بەختەوەریی مرۆڤدا. لیۆتار لە کتێبی بارودۆخی پاش مۆدێرندا تیشک دەخاتە سەر ئەو خاڵەی کە ئێمە لەڕووی کۆمەڵناسییەوە گەیشتووینەتە سەردەمێ کەوا تیایدا مۆدێرنێتی تووشیاری تەنگەتاوێکی قووڵتر بووەتەوە، لەم سەردەمەدا خەڵکی لە ئاست موژدەکانی زانستدا ڕەشبین بوونەتەوە و چەشنێ هزرەپەرێزی و زەینخوازی سەری هەڵداوە. لەڕاستیدا پارچەکرداری خەڵکی و ڕۆشنبیران لە ئاست مۆدێرنێتیدا لەژێر ناونیشانی پاش مۆدێرنێتیدا هاتووەتە ئارا. لەم ڕووەوە نابێ پاش مۆدێرنێتی تەنیا مەعنەوییەتی سەردەمی دوای مۆدێرنێتی راڤە بکرێت، بەڵکو بۆ خۆی خوێندنەوە و راڤەیەکی نوێیە لە مۆدێرنێتی. مۆدێرنێتی لەسەر ئەم پێش گریمانەیە داڕێژراوە کە تەنیا ئەندێشەی زانستی هەڵگری ڕەوایی و شەرعییەتی بەرپەرچدانەوەیە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستەم ئەم شەرعییەتەی ڕووبەڕووی پرسێکی بنەمایی کردووەتەوە. هەر بەم بۆنەوەیە کە مۆدێرنێتی بە ناچار جێگەی خۆی داوەتە پاش مۆدێرنێتی، چونکە ئیدی ئەگەری بەدیهاتنی موژدەکانی ڕۆشنخوازی لەئارادا نییە. واتا بایەخ و برەوی هزرخوازی زانستی خراوەتە بەر پرسیار، ئیدی هەندێ مێتالۆژی و زلگێڕانەوەی مۆدێرنێتی و ڕۆشنگەری یانی عەقڵانییەت، حەقیقەت، زانست و... هتد شیاوی پەسەنکردن نین. لە کولتووری پاش مۆدێرندا هەندێ مێتالۆژی گەورە و هەمەگیر بۆ گەلێ وێنای بەرتەسک و ناوچەیی گۆڕاون و وازیان لە کۆی بانگەشەی خۆبەزلزانەکانی ڕۆشنخوازی هێناوە.

لیۆتاریش دەکەوێتە شوێن نیتچە و ئیدعا دەکات کە ئەوشتەی لایەنگرانی ڕۆشنخوازی لەژێر ناوی حەقیقەتدا ئاراستەیان دەکرد، شتێک نییە جگە لە راڤە و شرۆڤە. ڕۆژگارێ سۆفیستەکان لە لۆژیکی ریزپەڕەکان دەدوان و لەئاکامدا

دەرکەوت ئەم لۆژیکە لە هەمبەر لۆژیکی حەقیقەتی یەکەدا هەڵگری برەو و بایەخی زۆرتر بووە، لیۆتار واتەنی ئەمڕۆکە باسکردن لە دواوتەی رەها شتێکی پەسەندهەڵنەگرە و تا رادەیەک پێکەنیناوی و قەشمەرییانەیە.

بەشێوەیەکی گشتی هۆگرانی نووسینگەی پۆست مۆدێرن تێکڕا نیتچە و ئەندێشەکانی بە سەرچاوەی ئیلهامی خۆیان دەهێننە ئەژمار، چونکە ئەوە نیتچەیە بۆ یەکەمجار لە گوتاری فەلسەفیی حەقیقەت، مەعریفە و زانستی نوێ، گشتەکان و یەکێتی بەشێوەیەکی تارۆزئامێز دواوە. پۆست مۆدێرنیزم لەڕاستیدا رەخنەیەکە لە فرەکاریی زانستی نوێ و سەرچاوێتییە کولتوورییەکەی. راستییەکەی ئەوەیە لە سەردەمی سەرهەڵدانی هزرێن گالیلۆ، نیۆتۆن و کۆپەرنیکەوە زانستی نوێ بۆ تاوێکی میتۆلۆژییانە گۆڕا و لایەنگران و هۆگرانی سوجدەیان بۆ برد. نیتچە یەکەمین فەیلەسووفێکە کە لێبڕا بە چەکوشە فەلسەفییەکەی ئەم بتە تێکبشکێنێت.

هەر بەوچەشنەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا نیتچە زانستی نوێ بەچەشنێ دەسەڵاتخوازی وێنا دەکات کە رەگی لە نەهیلیزمی پاسیڤ و ناکارادا داکوتاوە.

ئەمڕۆکە زۆربەی هەرەزۆری رەخنەگرانی ئەندێشەکانی نیتچە هاوڕان لەوەی کە ئەلکساندێر نۆهماس قووڵترین راڤەی لە هزرێن وی ئاراستە کردووە. کتێبە ناودارەکەی ئەو واتا "نیتچە، ژیان وەکی ئەدەبیات" لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاوبووەوە. زەقترین بۆچوونی ئەو بۆ ئەندێشەکانی نیتچە لە باسی حەقیقەتەکاندا کورتدەکرێتەوە. لە پاژی ٤٨١ی کتێبی خواستی دەسەڵاتدا هاتووە، تەنیا راڤەکان لەئارادان و ناگونجێ چ بابەتێکی واقیع بۆ خۆی بە ئاشکرا و سەلماو لە قەڵەم بدەین. دەڵێین "هەمووشتێ زەینییە"، بەڵام تەنانەت ئەمەش راڤەیەکە و بەس. زەین بابەتێکی گیراو و گریمانکراو نییە. شتێکی زیادکراو و داهێنراو و بۆ ئەوپەڕاوە لەودیوی هەبووەکاندا. هەر لەم کورتە وتارەدایە کە نیتچە لە نووسینگەی رەسەنایەتی روانگەکاندا قسان دەکات و دەڵێت: ئەوە نیاز و پێداویستییەکانی ئێمەن کە بۆ راڤەی جیهان یارمەتیمان دەدەن. هەر نیاز و راکێشەرییەک پەیوەستە بە خۆزگە و داخوازیی فەرمانڕەواییەوە. لەم رووەوە هەمووکەسێ بۆ خۆی دەبێتە خاوەنی چەشنە روانگە و دیدگایەک. نیتچە لە پاژی ٤٨٢دا بە راشکاوی رادەگەیەنێت کە رەنگە وشەی "من" وشەی "کردن" و "رەنجبەرێتی" ئاسۆی مەعریفەی ئێمە دیاری بکەن نەک حەقیقەتەکان. نۆهێماس واتەنی "من" شتێک نییە جگە لە کەسێتییەکی رەمزاوی کە بۆ خۆمانی سازدەکەین، رێک کوتومت ئەو کەسێتیگەلەی چیرۆکنووسان دەیخوڵقێنن. وانەی سەرەکی ئەلکساندێر نۆهێماس لە کتێبی "نیتچە، ژیان وەکی ئەدەبیات"دا لەم خاڵەدا کورت

دەکرێتەوە کە هۆی بەکارهێنانی هەندێ شێوازی جیاجیا لەلایەن نیتچەوە ئەمەیە کە خوێنەر توانای نییە ئامادەیی خۆی لەبیر بکات. ئەو پێیوایە نیتچە لە خوێنەری خۆی دەخوازێ تا بە درێژایی ژیانی سیمایەکی ئەدەبی پێک بهێنێ. دەتوانین ئەم بابەتە بە دەرخەری بۆچوونی ئەو بۆ نووسینگەی رەسەنایەتی روانگەکان بهێنینە ئەژماردن. نۆهێماس بە پاڵپشتی پاژی ٤ی کتێبی لە ئەوپەڕی چاکە و خراپەدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە "ناحەقیقەت و ناڕاستی بەخۆی مەرجی ژیانە"، چونکە ئێمە ئاگامان لەم بابەتە نییە کە چۆناوچۆن دیدگاکانی ئێمە شێوەی کورتکراوەی بوونی جیهانن. لەم رووەوە دەبێ بگوترێت سەرجەم روانگەکانی ئێمە بۆ خۆیان بەرهۆ و داکاری راڤە و شرۆڤەن. نۆهێماس واتەنی نیتچە تەنانەت لە ژیانی تاکەکەسیشیدا سیمایەکی ئەدەبی ئافراندووە. رەخنەیەک کە تاقمێ لە کوڵەران بۆ نموونە جیمز ڤینچێستەر لە تیۆریای نۆهێماس گرتوویانە ئەمەیە کە نیتچە خۆی بە تاکەکەسێتییەکەوە سنووردار نەکردووەتەوە. ئەو لە سەرانسەری ژیانی پڕ هەوراز و نشێوی خۆیدا گەلێ دەوری جیاجیای گێڕاوە. رۆژگارێ خۆی بە زماناس، سەردەمێ بە فەیلەسووف و هەندێ جاریش بە پسپۆڕی کولتووری تراژیدیانەی یۆنان و لە گەورەساڵانیشدا خۆی بە رەخنەکار لەقەڵەم دەدا. لەم رووەوە جستوجۆی یەکێتی لە کەسێتی ئەودا رووبەڕووی گەلێ کێشە و دژواریمان دەکاتەوە.

لە کتێبە ناودارەکەی خۆیدا واتا "حەقیقەت و فەلسەفە لە روانگەی نیتچەوە"، مادمێری کلارک بەکاربردی هەندێ بۆچوون و ستراتیژیی فەلسەفەی زمان، رەخنە لە تیۆریای نۆهێماس دەگرێت و دەڵێت: بۆچوونی نۆهێماس لە ئاکامدا خستییە نێو گێژاوی رێژێتیخوازی جڵەوهەڵنەگرەوە.

ئەو سەرەڕای شیتاڵکاریی ئاستە جیاجیاکانی هزرێن نیتچە سەبارەت بە چەمکی حەقیقەت ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد کە لە دوابەرهەمەکانی خۆیدا وازی لە رێژێتیخوازی سەرەتایی هێناوە و تیۆریایەکی تێروتەسەلی سەبارەت بە حەقیقەت ئاراستە کردووە. مادمێری کلارک لەژێر کاریگەریی هەندێ بۆچوونی مەعریفەخوازانەی کەسانێ میناکی ریچارد رۆرتی و هیلاری پانتام دا گەلێ ئەندێشەی نیتچە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. کلارک لیبڕاوە لە باسەکانی خۆیدا لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نیتچە سوودمەند بێت، بەڵام نۆهێماس بە پێچەوانەوە زیاتر پشتی بەستووە بەو دەقگەلەی لەپاش مەرگی بڵاوبوونەتەوە. بەڵگە نەویستە کلارک بەهیچ کلوجێ گومان لە بۆچوونی روانگەخوازانەی (perspectivitism) نیتچە ناکات، بەڵام هەوڵیداوە بیسەلمێنێت کە کۆی

توێژەرانی هزرێن نیتچە سەبارەت بە دیدگەخوازی ئەو هاوڕا و تەبانین.

رابێرت هۆلاب لە دووتوێی وتارێک لەژێر ناونیشانی "کولتووری پاش مۆدێرن"دا تیشک دەخاتە سەر ئەم خاڵەی کە لانیکەم لەدوای چاپ و پەخشی کتێبـی "وەهای وت زەردەشت" نیتچە بۆ فەیلەسووفێکی بڕاوەخواز گۆڕدراوە و هەر بەم بۆنەیەوە هەندێ بایەخی بەرزتر لە بایەخەکانی دیکە نرخاندووە. رابێرت سولۆمۆنیش بانگەشەی ئەوە دەکات کە نیتچە لە دوا نوسینەکانیدا وازی لە هەندێ بۆچوونی روانگەخوازانە و فرەباوەڕانە هێناوە و تەنانەت نالوێ لەم رووەوە لە ریزی پۆست مۆدێرنەکان بیهێنینە ئەژماردن.

لەم دواییانەدا شاخت ئیدعای کردووە کە باسی نیتچە لە مەڕ نووسینگەی رەسەنایەتی روانگەکانەوە زۆرتر روو لە دەرک و تێگەیشتن دەکات تا هەڵوەشانەوەی چەمکی حەقیقەت. ئەمە مانای وایە ئاوڕدانەوەی نیتچە لە روانگەخوازی بە لای دەرکی هەڵوێستەی وشیاریی مرۆڤەکاندا دەچەمێتەوە، نەک بەرەو لای نەفیکردنەوەی چەمکی حەقیقەت.

بەڵگەی ناوێت پێشەنگەکانی بۆچوونی پاش مۆدێرن میناکی پۆل دومان، دریدا، دۆلۆز و تا رادەیەک فۆکۆ و هایدگەر هەرهەموویان چەمکە پەسەنکراوەکانی فەلسەفە بۆ نموونە حەقیقەت و مەعریفەیان ئاوقای پرس و تەنگەتاوی کردووەتەوە. یەکێ لەو سەرچاوە سەرەکیگەلەی ئەوان لە بەرهەمەکانی نیتچەدا پشتی پێدەبەستن "چوار هەڵەی مەزن" لە کتێبـی ئاوابوونی بتەکاندایە، نیتچە بەم پرسیارگەلە کۆتایی بە بەڵگاندنەکەی دەهێنێت کە ئێمە جیهانی حەقیقیمان پەسند نەکردووە، بەم چەشنە چ شتێک ماوەتەوە؟ لەوانەیە جیهانی دیارکەوتە؟ بەڵام نا، ئێمە بە پەسندنەکردنی جیهانی حەقیقی، جیهانی دیارکەوتووشمان رەتکردووەتەوە، چونکە ئەمیان پەیوەستە بە ئەوی دیکەوە. ئەفلاتوون وانەی جیهانی حەقیقی بەرامبەر جیهانی دیارکەوتوو ئاراستە دەکات و هەر لەسەر ئەم وانەیە تیۆریای حەقیقەت لە هەمبەر هەڵە و ناڕاستیدا وێنە دەکێشێت. نیتچە بۆچوونی سوکراتی، کە وای بۆدەچێت مەعریفە بواری گەیشتنە بە سەروەری و سەروەری زەمینە بۆ بەختەوەری و رزگاری دەرەخسێنێت، بە سەرسووڕهێنەر دەهێنێتە ئەژمار. بەڕای ئەو هاوکێشیی ناوبر، مەعریفە و هزر بە هاوتای سەروەری و سەروەری بە هاوسەنگی بەختەوەری ئەژمار دەکات. نیتچە ئەم بڕوایە بە بۆچوونێکی خۆپەرستانە پێناسە دەکات و هەر لەبەر ئەمەیە بیرکارانی پاش مۆدێرن میناکی دولۆز و دریدا ئەو بە دژبەر و نەیاری سوکرات لەقەڵەم دەدەن. نۆهێماس واتەنی سوکرات و ئەفلاتوون بە دەربڕینی هاوکێشی ناوبراو

لێبڕاون جەوهەرێکی بابەتی بە حەقیقەت و مەعریفە و سەروەری ببەخشن، بەڵام نیتچە بە پێچەوانەوە تێکۆشاوە، ئەوە بسەلمێنێت کە حەقیقەت و مەعریفە و سەروەری هەندێ بابەتی تاکەکەسی و زەینین و ناتوانین گشتیان بکەینەوە. ئەو لە کتێبی ئەوپەڕی چاکە و خراپەدا بە راشکاوی رایدەگەیەنێ کە ئەفلاتوون حەقیقەتی ئاوەژوو کردووەتەوە. هەرچەند ئەفلاتوون و سوکرات هەوڵیانداوە چیایەتییەکی بابەتی ببەخشنە بۆچوونی خۆیان بۆ حەقیقەت و مەعریفە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان بۆچوون و ئاراستەی زەینی خۆیان لە جلوبەرگی بابەتیدا خستە پێش چاو. رەنگە ئاراستەکردنی وانەی چیرۆک یا راز (fiction) لەلایەن نیتچەوە بەخۆی تەنز و تارۆزێکە کە لە هەمبەر حەقیقەتی ئەفلاتوونیدا بەکاری بردووە. ئەو لێبڕاوە تا دەستەوستاوێتی ئەفلاتوون و سوکرات سەبارەت بە حەقیقەت و مەعریفە ئاشکرا بکات.

بابەتێکی دیکە لە بابەتەکانی فەلسەفەی نیتچە کە جێگەی باس و لێدوانە بۆچوونی ئەوە بۆ خواستی حەقیقەت بەتایبەت لە پێشەکی کتێبی ئەوپەڕی چاکە و خراپەدا. لەم پێشەکییەدا هاتووە: ئەگەر حەقیقەت ژن بووایە، چ دەبوو؟ ئایا ئەم گومانەی لێ نەدەکرا سەرجەم فەیلەسووفەکان تا ئەو رادەیە براوێتی خواز بوونە کە لە کاری کاتدا گەلێ نابەڵەد و ناکارزان بوون، پاشان دەڵێت: ئەفلاتوون گەورەترین هەڵەی واتا داهێنانی رۆحی سەڵت و خێری رەهای لەبەر مرۆی رۆژئاوایی هەموار کردووەتەوە، بەڵام ئەورووپا بەم دواییانە خۆی لەو هەڵەیە قوتار کردووە. هەنووکە ئەورووپا لەدەست ئەم مۆتەیە رزگار بووە و حەساوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەفلاتووندا شەڕێکی چەندهەزار ساڵانەیە و دەکرێت بگوترێت عیسەوییەتی کلێسایی شێوەی ئەفلاتوونباوەڕی خەڵکانێکە کە دایمە دزەی کردووەتە قووڵایی ژیانی خەڵکانی ئەم وڵاتە. خواستی حەقیقەت ئاوقای چ پرسیارگەلێکی نەکردووینەتەوە! (پاژی١).

نیتچە لێرەدا زیاد دەکات کە لەوانەیە حەقیقەت لە هەناوی هەڵەوە یان حەقیقەتخوازی لە ناخی خواستی وێنا و فریوەوە سەریان هەڵدابێت. لە کتێبی خواستی دەسەڵاتدا حەقیقەتخوازی لە روانگەی دەروونناسییەوە خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لێرەدا نیتچە بە راشکاوی رایدەگەیەنێت بۆمان نییە حەقیقەت بە هێزێکی ئاکاری پێناسە بکەین کە شێوەیەکە لە خواستی دەسەڵات (خواستی دەسەڵات،٥٨٣ج) لە پاژی دواییدا ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد کە بەلاڕێداچوونی فەلسەفە هەر لە سەرەتاوە بەم بۆنەوە بووە کە لە لۆژیک و بابەتەکانی هزردا

بەدوای حەقیقەت و واقیعدا گەڕاوە و لێدوان لە ئامانجە سوودبەخشەکانی حەقیقەتی خستووەتە پشت گوێ. (هەمان، ٥٨٤).

دوایین ڕاڤەکارانی هزرێن نیتچە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نیتچە هەم حەقیقەت و هەم خواستی حەقیقەتی ڕەتکردووەتەوە. ئەم تاقمە زۆرتر لایەنگری بۆچوونەکانی پاش مۆدێرنن. کلاێۆن کۆڵبیش لە ریزی ئەم ڕاڤەکارانەدا هەڵدەکەوێت. کۆڵب دەڵێت: بەدەگمەن کەسێک دەست دەکەوێت کە گومانی هەبێت لە دەور و کاریگەریی هزرێن نیتچە لەسەر بیچمگرتن و پەرەسەندنی نووسینگەی پاش مۆدێرن.

ڕوانگەکانی پۆست مۆدێرن چەمکی حەقیقەت بە کۆسپ و ئاستەنگێ دەزانن لە بەردەم تێگەیشتنی قووڵ لە هەستی و ژیاندا و هەروەها تێپەڕاندنی حەقیقەت بە زەمینەخۆشکەر و ڕچەشکێنی ڕزگاری ئەژمار دەکەن. بەسە کە دەسەڵات لە چەمکی حەقیقەت جیابکەینەوە تاکو سەربەستی تەواو بێتەدی. ئەگەر لامان وابێت کە چ شتێ حەقیقی نییە، بەم جۆرە هەمووشتێ شیاو و پەسەندکراون. ئەمە ئەو خاڵەیە کە نیتچە لە کورتەوتاری سێیەمی ڕەچەڵەکناسی ئاکاردا ئاراستەی کردووە:

ئێستا خودا حەقیقەتە و حەقیقەت خودایە. چ دەقەومێت گەر ئەم بڕوایە ببێتە بڕوا پێ نەکراو. ئەگەر بێت و چ شتێکی دیکە خۆی بە خودایی دانەنێت مەگەر هەڵە و درۆ و کوێرایی بێتە ئەژماردن، چ دەقەومێت گەر خودا، تێر و تەسەلترین درۆی ئێمەی مرۆڤ دیار بکەوێت؟ (پاژی ٢٤).

لە خواستی دەسەڵاتدا هاتووە هەر فەیلەسووفێک بەشێوەی خۆی، دووبارە خۆی بەهێز دەکاتەوە، مەسەلەن بە پاڵپشتیی نەهێلیزم بە خۆی هێز دەبەخشێت. ئەم بڕوایە کە شتێ بە ناوی حەقیقەت لەئارادا نییە، واتا بڕوای هیچخوازانە، پشوودانێکی درێژخایەنە بۆ ئەوکەسەی لەژێر ناوی سەربازی ڕێگای مەعریفە و زانابیدا، بێوچان و ماندوونەناس بەگژی حەقیقەتە دزێوەکاندا دەچێت، چونکە حەقیقەت ناحەز و دزێوە. (پاژی٥٩٨).

دەشێ بگوترێ وانەی خواستی دەسەڵات میناکی تیۆری کۆپەرنیک لە فیزیکدا بۆخۆی دەستەبەری چەشنێ جیهانناسی و مەعریفەناسییە، کە ناکرێت لە پانتایی ئەواندا تەنیا ڕەدووی حەقیقەت و بابەتی واقیع (fact) بکەوین، بەڵکو دەبێ ڕاڤەکان و شرۆڤەکان ڕەچاو بکەین. زەوین تەوەری و هەتاو تەوەری دوو بۆچوونی هاوتان بۆ نێوەرۆکێکی یەکە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئێمە لە سەردەمی هەنووکەدا زەوین ناوەندیی بەتلەمیووسی بە چەواشەکەر و هەڵەکار پێناسە

دەکەین و تیۆریای هەتاوناوەندی بە یارمەتی ئامراز و تەکنۆلۆژیای زانستی بە بەڵگەهەڵگر لەقەڵەم دەدەین. لەم رووەوە تیۆری خواستی دەسەڵات بۆ مایەپووچکردنەوەی بانگەشە ئاکارییەکانی بێدەسەڵاتەکان بەکار دەبردرێ. نیتچە بەڵگاندنەکانی لایەنگرانی هەندێ نووسینگەی سووسیالیستی، کۆمۆنیستی، فێمێنیستی و بەشێوەیەکی گشتی کۆی شێوە و بۆچوونە چەپڕەوەکان بە هاوتای دەقاودەقی ئاکاری ژێردەستەکان و بێدەسەڵاتەکان دەهێنێتە ئەژماردن. گەرچی ئێمە لەم چەند دەیەی دواییدا شایەتی ئەوە بووین کە هەندێ لە چەپخوازەکان و فێمێنیستەکان تیۆرییەکانی نیتچەیان بۆ شیتاڵکاری پێکهاتەی باوکسالاری و دووچاوەکیی چینایەتی بەکاربردووە. لەوانەیە ئوفیلیا شۆت لە کتێبە بەناوەکەی خۆیدا واتا ئەوپەڕی نەهیلیزم: نیتچەی بێ دەمامک لێبڕاوە بۆچوونەکانی ئەو هاوساز و پووڕاو لەگەڵ بۆچوونە ژنباوەڕانە نوێیەکاندا پێناسە بکات. لووس ئەیری گاریش هەندێ وێنای ئێرۆتیکی لەگەڵ بابەتە نیتچەییەکاندا شیکردووتەوە. ئەیری گاری لە نووسینگەی پێکهاتەگەرانەی لاکاندا پەروەردە دەبێت، بەڵام بەرەبەرە بە خوێندنەوەی بەرهەمێن نیتچە، شێوەیەکی نیتچەیی دەبەخشێت بە تێگەیشتنی لە ژن. هەرچەند فەلسەفەکەی ئەو لەمەڕ ژن لەسەر شیکاریی فرۆید و لاکان لە غەریزە دەروونییەکان بیچمی گرتووە، بەڵام خواستی دەسەڵاتی نیتچەش لە واری روونکاریی پێگەوجێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا ئیلهامی پێ بەخشیوە. ئەو کەرەستەی نێرینە بە ئاوزاری خواستی دەسەڵاتی پیاوان دەزانێت و دەڵێت: گشت سیستمی سیمبۆلییانە لەسەر تەوەرەی ئەم هۆکارە بیچم دەگرێت و لەڕێی نەزم و تەکوزی سیمبۆلییانەوەیە کە تراژیدیای جیاوازی رەگەزی، واتا کامڵبوونی کەرەستەی نێرینە و کورتهێنان و نوقسانی کەرەستەی مێینە نومایش دەکرێت. بەڕای ئەیری گاری جنسییەتی ژنان بەردەوام لەسەر هەندێ تایبەتمەندی پیاوانە پاساو و دیاری دەکرێت. لەڕاستیدا ئاوزاری پیاو دەرخەری ئامادەیی و ئاوقایەتییە و کەرەستەی مێینە هێمای غیاب و نائاوقایەتی. ئەو پێیوایە ژن بە مەبەستی بەدەستهێنانی خواستی دەسەڵات دەبێ ئەوشتەی هەڵگری نییە بەدەست بهێنێت و کەموکوڕی کەمایەسیبوونی خۆی قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام دەستخستنی ئاوزاری پیاوانە بە هیچ کلووجێ نوقسان و کورتهێنانە چیایەتیانەکەی بنەبڕ ناکات، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی گشتی گێڕانەوەی ئاوزار تەوەرانە لە خانەی بابەتی سیمبۆلیانەدا ژێروژوور بێتەوە. لەم رووەوە دەبێ ئاخێزگەی چەوسانەوەی ژنان لە خانەی بابەتی سیمبۆلیانەدا جستوجۆ بکەین.

شایەنی تێڕوانینە خودی نیتچەش بە توندی هێرشی بردووەتە سەر ژنباوەڕ و رەخنەی لێ گرتووە و بانگەشە دەکات کە نابێت دەسەلآتخوازی میناکی ئامرازێکی گشتی بۆ پاساو و روونکردنەوەی ئایدیا جیاجیاکان بەکار ببردرێت. ئەو بە راشکاوی دەڵێت: بەهرەی من رێک هاوتا و هاودژی بەهرەی هەڵکاران و لایەنگرانی لێبووردەییە (ئاوابوونی بتەکان "ئەو شتەی قەرزاری پێشینیانم") لەم رووەوە ناگونجێت هزرێن ئەو بە چەشنە ئامرازێ بۆ سەلماندنی هەڵوێستە جیاجیاکان بەکاربهێنرێت. ئەو لە هەمبەر روانگە دژبەرەکاندا گەلێ کەللەڕەقە و بە هیچ لایەکدا ناچەمێتەوە. ئێستاکە پرسیار ئەمەیە: ئایا دەتوانین نیتچە لە بەرگی پاش مۆدێرندا وێنا بکەین؟ سولۆمۆن ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد کە ئاوەها تێگەیشتنێ نەک سەرەنجڕاکێشە و نەک گرینگ و بەرچاو. شاکتیش راڤەیەکی ناپۆست مۆدێرن لە روانگەی فەلسەفی نیتچەوە ئاراستە دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئاوەها بۆچوونێ زیاتر یارمەتی درککردنی هزرێن نیتچە دەدات.

بۆچوونی دریدا بۆ ئەندێشەکانی نیتچە زۆرتر لە کتێبی ئەسپ ئەنگێزەکاندا کۆبووەتەوە. دریدا لەم نوسینەدا تیشک دەخاتە سەر ئەم خاڵەی کە نیتچە لە سەرجەم بەرهەمەکانی خۆیدا گرفتاری چەشنێ ناتوانابیە لە جێبەجێکردنی چەمکەکاندا، لەم رووەوە ناکرێت پشت بە شتێک ببەستین کە بە حەقیقەتی نیتچە یان دەقی نیتچەیی ناونووس دەکرێت. دریدا گوزارە ناودارەکەی نیتچە یانی "من چەترەکەمم لەبیر کردووە"، کردووەتە پێوەری بەڵگاندنەکانی خۆی و بانگەشەی ئەوە دەکات کە کۆی بەرهەمەکانی ئەو میناکی گوزارەی ناڤبر هەڵگری گەلێ شاراوەیی، کینایە و نادیاریکاری ماناکانن. مەبەستی دریدا لە وشەی بێ دەسەلآتی، ناپاوەجێتی و ناجێگیربوونی گوزارەکانین. ئەو پێیوایە بێ دەسەلآتی هەڵگری بارودۆخی لە ئارادابوونی تایبەت بە خۆیەتی. لەڕاستیدا هەر ئەم ناتوانایی و بێ دەسەلآتییەیە کە رێگە بۆ یەقین و بڕاوێتی خۆش دەکات. ئەم مەسەلەیە پێوەست نییە بە گوێگرەوە، بەڵکو لە خودی نوسینەدا شاراوەیە. رەنگە هەر ئەم نابڕاوێتیی ماناگەلە ئامانجی سەرەکیی نیتچە بووبێت. بەشێوەیەکی گشتی دەبێ گونجاندنی نیتچە لە چوارچێوە ئایدۆلۆژییەکاندا بە دژە مەبەست لە قەڵەم بدەین.

دەشێ بگوترێ کە لەساڵی ١٨٦٩دا ریشارد ڤاگنەر نیتچەی بانگێشت کرد تا پێکەوە پشووی زستانەیان لە تریشێندا تێپەڕ بکەن. ڤاگنەر بە هیچ چەشنێ لەگەڵ پێوەرە زاڵەکانی کۆمەڵگەدا ناپێورێت و هەر بەم بۆنەوەیە کە هەست و سۆزی بوێرانەی نیتچە سەرەنجی بۆ لای خۆی رادەکێشێت. نیتچە شێت و شەیدای

هەست و کەسێتی ڤاگنەر دەبێت و هەر لەم رووەوە یەکەم بەرهەمی پێشکەش بە ڤاگنەر دەکات. -بەداخەوە نووسینی ئەم کتێبە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئاڵمانیا و فەڕەنسا زۆر دەخایەنێت. هەر لەم کاتەدایە کە نیتچە بەشێوەیەکی خۆویست دەچێتە سەربازی، بەڵام بەهۆی کەم حوکمی چاو و ناتوانایی جەستەیی لە بەرەی شەڕڤاناندا وەریناگرن و بۆ نەخۆشخانەی سەربازی دەگوێزنەوە.

پاش ماوەیەکی کورت لەبەر هەستناسکی لە بەشی پزیشکیدا تووشیاری خەمۆکی دەبێت و هەر لەم رووەوە لە خزمەت لادەبردرێ. لە ئاکامدا نیتچە لە ساڵی ١٨٧٢ کتێبی لە دایکبوونی تراژیدیا لە چاپ دەدات. ئەگەرچی ئەم کتێبە لە کۆڕ و کۆبوونەوە زانکۆییەکاندا رووبەڕووی رەخنەی توند دەبێتەوە و هەندێ لە توێژەرە زانکۆییەکان بە بەرهەمێکی ئاکادیمیانەی لە قەڵەم نادەن، بەڵام بەگزادە و ناسیۆنالیستە ئەڵمانییەکان پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ دەکەن. چاپی ئەم کتێبە شۆرەت و ناوبانگێکی بێ هاوتای لەلایەن هاوڵاتییە ئەڵمانییەکانەوە بە نیتچە بەخشی. ئەو لەم ناوبانگە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرهەمە تیۆرییانەکانی ڤاگنەر کەڵک وەردەگرێت و دەوڵەتی ئاڵمانیا رازی دەکات کە سەرمایەی پێویست بۆ دامەزرانی تەلاری بایرۆت دابین بکات. هەر لەم تەلارەدایە کە بەرهەمەکانی ڤاگنەر دەخرێنە پێش چاو. لە دوانزەیەمی ئۆگۆستی ساڵی ١٨٧٦ ئیمپراتۆری ئاڵمانیا بۆ بەشداربوون لە نمایشکردنی ئاڵقەی نیبلۆنگی ڤاگنەر، دەچێت بۆ ئەم تەلارە، ڤاگنەر ئەم بەرهەمە بە شاکاری خۆی دەهێنێتە ئەژماردن، بەڵام بە پێچەوانەی رای ئەو نیتچە بە سەیرکردنی ئاڵقەی نیبلۆنگ بە هیچ چەشنێ وەک شاکارێکی هونەری وێنای ناکات و تەنانەت بڕیار دەدات بە بیانووی مۆڵەت وەرگرتن لە شار بچێتە دەرێ. ئەو دواتر راوبۆچوونی خۆی بۆ مۆسیقای ڤاگنەر گۆڕا. لێرەدایە کە نیتچە ڤاگنەر نەوەک برادەرێک، بەڵکو وەک حەریفی کەللەڕەقی خۆی دەهێنێتە ئەژماردن. لەم کاتە بەدواوە نیتچە کۆی بەرهەمەکانی خۆی لەگەڵ هزرێن ڤاگنەردا هەڵدەسەنگێنێت. ڤاگنەریزم یان بابەتگەلێکی لەم چەشنە ئەو شتانەن کە بیرمەندان و هزرڤانان لە ئەندێشەکانی نیتچەدا ئاماژەنیشانی دەکەن. ئەوان لە چ روویەکەوە ئاوڕ لە رەخنەکانی نیتچە لە ڤاگنەر نادەنەوە و ئەو جیاوازیگەلەی کە ئەو لەنێوان هزرێن خۆی و بۆچوونی ڤاگنەردا دەیکێشی، رەچاو ناکەن. ئەو شتەی کە نیتچە لە را و بەرهەمەکانی ڤاگنەردا بە دژبەری ئەندێشەکانی خۆی دەهێنێتە ئەژمار، لەلایەن توێژەرانەوە میناکی بۆچوونەکانی ڤاگنەر وێنادەکرێت. ئەم بابەتە بۆ هێربێرت ئەسپێنسەریش دەگونجێت. بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو تێدەگەین کە تا چ رادەیەک نزیکن لەو ئایدیاگەلەی

وا نیتچە رەخنەیان لێ دەگرێت.

لەبەر ئەمە ئەم بابەتەمان ئاماژەنیشان کرد تاکو بیسەلمێنین هەندێ لە لێکۆڵەرانی بیرکردنەوەکانی نیتچە، لەو ڤاگنەرەی نیتچە باسی لێدەکات نزیکترن لە چاو خودی ئەو. دەتوانین لە "نیتچەی فاشیست" و هەروەها لە "نیتچەی پۆست مودێرن"دا بە دوای بابەتی تەواوی ئەم مانایەدا بگەڕێین. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بێت و نیتچە وەکی پێغەمبەرێکی هزرەپەرێز یا هونەرمەند و شاعیرێکی تەنیا لە قەڵەم بدەین رێک وەکو ئەوە وایە کە ئەو بە ڤاگنەرێکی دیکە بزانین. دەرهەستاندنی لە رادەبەدەری پەیامەکانی ئەو و هەروەها بابەتاندنی نەشیاوی ئەوان هەردووکیان یەک ئاکام و دەرەنجامیان لێ دەکەوێتەوە. بەم چەشنە راڤەی فاشیستی لە هزرێن ئەو هەر هێندە نالۆژیکی و نادادپەروەرانەیە کە بە سۆسیالیست، ناسیۆنالیست و یان پارێزکار بهێنینە ئەژماردن. لەم رووەوە توانامان نییە ئەندێشە و شیکارییەکانی نیتچە لەپێناو پاساوکردنی رووخاندن، خۆکوژی و ناهەنجارییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بەکار ببەین.

ئەو کەسەی تێدەکۆشێت بە کاربردی یەک لایەنەی دیۆنۆسۆسی، پاساوی کەمتەرخەمی و بێ دەربایەستی بکاتەوە و هاوکێشی نێوان ئەم جووتە لە ئەندێشەکانی نیتچەدا بخاتە پشت گوێ، هەر هێندەی ئەو کەسەی کە ئەندێشە سەرەتاییەکان و دوابۆچوونەکانی ئەو تێکەڵاو دەکات بەدوورە لە دادپەروەری و عەدالەت.

تاقمێ لە توێژەرانی نیتچە، ئەو بە لایەنگری زوڵم و بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتخوازیی ئەو بە چەشنێ سادیزم لە قەڵەم دەدەن بۆ نموونە هەندێ کەس، ئاکاری خواکان لە هەمبەر کۆیلەکان لە (هزرێن نیتچە)دا وەک پاساوێک بۆ پشتگیریکردن لە کۆیلەداری وێنا دەکەن. ئەگەر ئەوکەسەی لە هەرێمی هزرێن نیتچەدا هەنگاو دەنێت ئاگای لە پێش زەمینەکانی بۆچوونی نەبێت، لەوانەیە لە زۆنگاوی کەمکاری و فرەکاریدا نغرۆ بێت. هەر بەم بۆنەوەیە هەندێ زانا و بیرکاری وەکی تۆماس مان و هایدگەر ئەندێشەکانی نیتچە بە مەترسیدار لە قەڵەم دەدەن، چونکە ئەوان تەنگەتاوی فاشیزمی ئەڵمانیی نازییان تێپەڕاندووە. لە ئاوەها رەوشێکدا تەنانەت نیشتمانپەروەریش توانای هەبوو خڵەتێنەر و چەواشەکەر بێت. لەوانەیە ئاکار پەرێزی نیتچە لە بارودۆخی مێژوویی- کولتووری تایبەتدا دەورێکی سازندە و خولقێنەر بگێرێت، بەڵام لە هەلومەرجەکانی دیکەدا بەشێوەی ئاوزارێکی رووخێنەر بۆ پاساوکردنی کردە شەیتانییەکان بەکار دەبردرێت. رەنگە هەر بەم بۆنەیەوە بێت کە هەنووکە تاقمێ لە رۆشنبیرانی چین

یان چیک بۆ پاساوی رەوشە کۆمەڵایەتی- کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی خۆیان لە بیرکردنەوەی نیتچە سوودمەند دەبن، چونکە لەم کۆمەڵگەیانەدا ساڵەهایە چەشنێ ئاکاری ژێردەستان لەژێر ناوی پرۆلێتاریا زاڵ بووە و هەرچەشنە لێهاتوویی و بزاڤێکی کولتووری لە ناخەوە خنکاندووە.

ئەنسێل پیەرسۆن نووسەری کتێبی هیچخوازی هەمەلانە یا هیچ باوەڕی تەواوعەیار بانگەشەی ئەوە دەکات کە تێڕوانینەکانی نیتچە هەڵگری هەندێ کاریگەری و داکاری سیاسیی بەرچاون. ئەو زاڵبوون بەسەر نەهیلیزمدا بە ئەرک و کردەیەکی سیاسی پێناسە دەکات. پیەرسۆن لایوایە نیتچە بنەماییترین و گرنگترین پرسەکانی سەبارەت بە بنیات و بناغەکانی کۆمەڵگە ئاراستە کردووە. ئەو شتەی نیتچە لە نوسینەکانی خۆیدا خستوویەتە پێش چاو، دەستەبەری هەندێ ئەنگێزەی نوێیە و بە راڤەی بارودۆخی زاڵ بەسەر سەردەمی خۆیدا دێتە ئەژمار. بەم بۆنەیەوە پەرەدانیان لە دەرەوەی زەمینەی مێژووییدا دەگاتە گەلێ ئاکام و دەرئەنجامی مەترسیدار و هەندێ جار رووخێنەر.

نیتچە داوا لە خوێنەرانی خۆی دەکات بێ چەندوچۆن هزرەکانی پەسەند نەکەن. ئەنسێل پیەرسۆن واتەنی: دەبێ ئەندێشەکانی ئەو لە ئەوپەڕی "ئەرێ" و "نەرێ"دا رەچاو بکرێن. واتا باشتر وایە کە بەشێوەیەکی تێڕوانین بزوێن رووبەڕووی هزرێن ئەو ببینەوە. نیتچە دەڵێت: نووسینەکانی ئەو تەنیا بۆ بیرکردنەوە نووسراون و هیچی تر.

ئەو لە پاژی ١٠٠٨ی خواستی دەسەڵاتدا ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد کە هەر نووسینگەیەک کە هەموو دەسمایە و چەکی پێویستی لە بەردەستدا نییە سەروزیاد و تەنانەت ناپێویستە. داڕشتنەوەی سەرلەنوێ بایەخەکان کاتێ دەگاتە ئەنجام کە هەندێ تەنگەتاو و راکێشەری و تەقەلا لەئارادا بن کە بەری نیازە نوێیەکانن.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کتێبی خواستی دەسەڵاتی نیتچە زۆرتر لە بەرهەمەکانی دیکەی سەرنجی بیرمەندانی پاش مۆدێرن و پاش پێکهاتەخوازی بەرەولای خۆی راکێشاوە. لەڕاستیدا هەندێ کەس ئەم کتێبە بە شاکاری نیتچە ئەژمار دەکەن.

لەم رووەوە کە هەڵوێستێکی دژە ئایدیالیستی زاڵە بەسەر ئەم کتێبەدا ئەم دوا تاقمە زیاترلەچاو دەدەن. هەر ئەم هەڵوێستەیە کە هەلی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت تاکو نیتچە جان لێچت واتەنی بە هزرکاری ئاسۆیی لە قەڵەم بدەین. بیرکردنەوەی ئاسۆیی واتا ئەوەی هزر لە پانتاییەکی یەکەدا هەڵبخەین، ئەمە زاراوەیەکە جان

لێچت بۆ راڤەی خواستی دەسەڵات سوودی لێوەرگرتووە. ئەو پێیوایە نیتچە چەشنێ گۆڕانکاری لە هەرێمی ئەندێشەدا خستووەتە روو. بەم مانایە هزری ئاسۆیی هزرێکە کە لە پانای هزرەکانی دیکەدا هەڵدەکەوێت، بەڵام لە رووی شێوە و ماناوە لە گەڵیاندا بەراورد ناکرێت. لەڕاستیدا هزرێن ئاسۆیی لەسەر بنەمای گۆڕانکاری و ئەویترێتی داڕێژراوە. بەم بۆنەیەوە دەبێ هزری ئاسۆیی لە هەمبەر ئەندێشەیەکدا گریمان بکرێت کە لەسەر ئەم هەر ئەوی داڕێژراوە. بە جۆرێ لە جۆرەکان دەکرێت بگوترێت هزری ئاسۆیی لەسەر بنەمای ئەم نەک ئەوی دێتە دی. بۆنموونە نیتچە لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا یەکسانی ئامانجی دیموکراسی یان مەسیحییەت بە نموونەی دیاری ئاکاری مێگەلەکان دەزانێت. ئەم ئامانجخوازییە بە خۆی لە ئایدیالیزمی فەلسەفی- سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەم چەشنە لە ژیان دەسڵەمێتەوە. نیتچە پێیوایە ناگونجێت ژیان بۆ شتێ دابکێشرێت و کەم بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت وەکی سیستمێ لە گۆڕانکاری و ئەم نەک ئەوی ئەژمار بکرێت. دەتوانین ئەم هەر ئەوی بە هەندێ پێوەر و پیشاندەری هاوبەش نومایش بکەین و رێکی بخەین. وێڕای ئەمەش مەبەست لە بیرکردنەوەی ئاسۆیی نەفیکردنەوەی پێوەر و بایەخێکە لەپێناو هەڵسەنگاندنی گەلێ گۆڕانکاری و جۆراوجۆریدا.

بەڵگە نەویستە هەر کامە لە پۆست مودێرنەکان لایەنێکی هزرێن نیتچەیان پەرە داوە. گاڤێ جولیۆ پرێتی لە فۆکۆ دەپرسێت: "کامە نیتچەت پێخۆشە و بە باشی دەزانی؟" ئەو وەڵام دەداتەوە: "بەڵگەی ناوێت من نیتچەی وەهای وت زردەشت پەسەند ناکەم، بەڵکو نیتچەی زایایی تراژیدیا و رەچەڵەکناسی ئاکاریم پێخۆشە" فۆکۆ بە هیچ چەشنێ وەکی دۆلۆز خوازکار و شەیدای وانەی گەورە مرۆڤ و گەڕانەوەی هەرمانی نییە، بەڵکو سەرنجی رەچەڵەکناسی ئەوی داوە. ئەو نیتچەیەی کە حەقیقەتی رەهای فەلسەفی بۆ مەسەلەیەکی قەیراناوی گۆڕیوە و بە خواستی دەسەڵاتەوە شەتەکیداوە سەرنجی فۆکۆ بۆ لای خۆی رادەکێشێت. سەرەڕای ئەمەش فۆکۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارگەلەی کە پرێتی ئاراستەی دەکات، دەڵێت: یەکێ دیکە لە بۆچوونەکانی نیتچە دەربڕینی کورتە مێژوو و رەچەڵەکی زەینی هزرکارە لە فەلسەفەی دێکارت و کانت دا.

فۆکۆ واتەنی: نیتچە یەکەم فەیلەسووفێکە کە چیایەتی و سروشتی زەینی خستووەتە بەردەم رەخنەیەکی رەچەڵەکناسانە و لێبڕاوە بسەلمێنێت کە باری ئەگەری- مێژوویی بوونی مرۆڤ لە چاو چیایەتییەکەی، هەڵگری گرنگایەتییەکی زیاترە. دەشێ بگوترێت فۆکۆ بە پاڵپشتی نوسینەکانی نیتچە سێ لایەن و

تەوەرەی رەچەڵەکناسانە، واتا حەقیقەت، دەسەلات و سووژەی خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ئەو رێژە و هەڵسوکەوتی نێوان زمان و حەقیقەتی لە کتێبی دێرینەناسی زانستیدا شیکردووەتەوە و بە پاڵپشتی شیکاریی دۆلۆز بە هیچ چەشنێ ناکەوێتە دووی بۆچوونە میتافیزیاییەکان کە هایدگەر لە راڤەی نوسینەکانی نیتچەدا باسی لێدەکات. فۆکۆ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم فەزای دەسەلاتەیە کە بۆچوونە وتەیی و ناوتەییەکان، کە بە بێ رەچاوکردنی توخمە دەرەکییەکان بیچمدەری کەسێتی و شوناسی تاکەکەسن، واتا غەریزەکان و سرۆشتی مرۆیی لێکدەداتەوە.

فۆکۆ دەڵێت: لە حاڵێکدا کە مارکس پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی وەک بنەمای جوڵە و بزاوتی مێژوو و کۆمەڵگا و کولتوور لە قەڵەمداوە، نیتچە لەم بوارەدا گرینگایەتی بە پێوەندییەکانی دەسەلات داوە. ئەو واتەنی: دەبێ نیتچە بە فەیلەسووفی دەسەلات بهێنینە ئەژمار. بەڵگەنەویستە کە ئەو دەسەلات تەنیا بە سنووری هەرێمی زانستە سیاسییەکان و بەشێوەیەکی گشتی سیاسەت سنووردار ناکاتەوە، بەڵکو بەرای ئەو دەسەلات لە کۆی بوارەکانی هەستیدا بوونی هەیە و تەنیا بۆ باسکردن لەسەر دەسەلاتی پاشاکان و سەرۆکەکان و سەروەرەکان بەکار نابرێت.

فۆکۆ لە ساڵی ١٩٧١ لە دووتوێی وتارێکی تێروتەسەلدا لەژێر ناونیشانی "نیتچە، رەچەڵەکناسی و مێژوو" خۆی بە شیکاریی نێوەرۆکەکانی فەلسەفەی نیتچەوە خەریک دەکات و دەرفەتی دەستوورناسییەکی نوێ لە توێژینەوەکانی خۆیدا دەرەخسێنێت. فۆکۆ ئەم دەستوورەی لە چاودێری و سزادا (١٩٧٩) بەکاربردووە. دەشێت بگوترێت توێژەرانی هزرێن فۆکۆ چالاکییە توێژینەوەییەکانی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەن: یەکەم قۆناغی دێرینەناسانە (مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیکدا و لەدایکبوونی خەستەخانە، وشەکان و شتەکان، دێرینەناسیی زانست)، کە تیایدا پێوەندییەکانی نێوان زانست، زمان و حەقیقەت رەچاو کراون. دووەم قۆناغی رەچەڵەکناسی (چاودێری و سزا، مێژووی رەگەزێتی، بەرگی یەکەم)، کە تێیدا مەسەلەی دەسەلات دەبێتە بنەمای توێژینەوەکانی و سێیەم قۆناغ کە تیایدا بۆچوونە ئاکارییەکانی لەبەرچاو گرتووە. بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبی مێژووی رەگەزێتی لە بەری ئەم نێوەڕۆکە دەخۆن. ئەمە مانای وایە کە ئەم دوو بەرهەمەی نیتچە بیچمگرتن و پێکهاتنی "خودی ئاکاری/ رەگەزی"یان شیکردووتەوە.

فۆکۆ پشت بە بۆچوونی نیتچە دەبەستێت و دەڵێت: رەچەڵەکناسی بە لایەنێکی

تازەی نوسینی مێژوویی ئەژمار دەکرێت. هەر لەم رووەوە بە رەچەڵەکناس یا مێژوونووسی نوێ ناونووس دەکرێت. لە چوارچێوەی رەچەڵەکناسیدا گومان لە بەردەوامی مێژوویی دەکرێت و دابڕانی دیاردە مێژووییەکان بنەمای شیکارییەکی سەربەخۆ بونیاد دەنێن. فۆکۆ بە بەکارهێنانی دەستووری رەچەڵەکناسەکان نووسینە مێژووییەکانی نیتچە لە کۆت و بەندی زەینییەتە دێکارتییەکان دەرباز دەکات و بە چەشنێ لە چەشنەکان زەینێتی سڕینەوەی (decentering the subject) کردووە.

فۆکۆ بە تێپەڕین بۆ ئاستی رەچەڵەکناسی بە چەشنێکی تایبەت پێی لەسەر بارودۆخی ماددی گوتار دادەگرێت. ئەو بەشێوەیەکی گشتی گوتار بەپێی هەندێ ناوەند و بنەما، بۆیەری سیاسی، بۆچوون و پرۆسەی ئابووری پێناسە دەکات. سەرەڕای ئەمەش هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونانەدایە کە پێوەندیی نێوان پانتاییە گوتاری و ناگوتارییەکان لێک شیتاڵ دەکاتەوە. هەر بەم بۆنەیەوە ئەو کارکردی دەسەڵات، لە پرۆسەی کاریگەریی بەسەر جەستەی مرۆڤ و بە ناچار بیچمگرتنی زانست و زەینێتی تاکەکەسی، لێکدەداتەوە.

فۆکۆ لە روانگەی رەچەڵەکناسییەوە رەوتی بیچمگرتنی یاسا و رێسا لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەخاتە بەر باس و کۆڵشت و بانگەشە دەکات کە هەندێ ستراتیژیی رێکخستنی، بۆ نموونە یاساکان و دەستوور کارە جۆراوجۆرەکان کە زاڵن بەسەر رەفتار و کرداری مرۆڤەکان و هەروەها چاودێریکردنی کارکردی کەسەکان و ئامادەکردنی هەندێ گوزارشتی رێکوپێک لە بۆچوونەکاندا، زەمینەیان بۆ پاوەجێتی و پەرەسەندنی ئاکاری کاری لە کۆمەڵگا پێشەسازییەکانی رۆژئاوادا خۆشکردووە و ئاکاری سەرمایەدارییان پاڵناوە، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر ریشەی داکوتێ. لەم رووەوە ژیانی خوێندکاران، سەربازان، زیندانیان و نەخۆشە دەروونییەکان، هەر بەپێی ئەم سیستمە رێکخەرانە دەخرێنە بەر چاودێریی هەمەلانە و گشتگیر. لەم کاتە بە دواوە تاکەکەس وەکو پێکهاتەیەکی گوتاری و بەرهەم و داکاری تەکنۆلۆجیای سیاسی دێتە ئەژماردن و زەین و جەستە و داخوازییەکانی لەسەر هەندێ نیاز و پێویستی رێکخەر بیچم دەگرن. فۆکۆ پێیوایە بە سەرهەڵدانی سەردەمی مۆدێرن دەسەڵات نەک لە رێی سەرکوت و راونان، بەڵکو لە رێگای بەرهەمهێنانی هەندێ نیاز و گوتاری تایبەتەوە، کە سازێنەری چیایەتیی رەگەزیین، دەبێتە یاریدەر و پاڵپشتی پەرە و گەشەسەندنی خۆی.

فۆکۆ بە پاڵپشتی هەندێ ستراتیژی رەچەڵەکناسانەی ئاکاری پارێزکارانە،

دادگەری و سزای لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا خوێندووتەوە و هەوەڵجارە کە مێژووی لەبیرکراوان، دوورخراوەکان و کەسە پەراوێزییەکانی لێکداوەتەوە و هەر لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی تایبەتی تیشکی خستووەتە سەر هەندێ گوتاری شێتی، پزیشکی، سزا و ڕەگەزێتی.

بەشێوەیەکی گشتی فۆکۆ، نیتچە بە یەکەمین فەیلەسووفێ دەهێنێتە ئەژمار، کە پرسێکی نوێی سەبارەت بە "حەقیقەت" ئاراستە کردووە. پرسیارەکەی ئەو ڕوو لە ڕێژەی نێوان زانست و حەقیقەت ناکات، بەڵکو بە دەسەڵاتەوە گرێیدەدات و ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە مەنزوومەیەکە لە بنەما وتارییەکان کە لە پێوەندییەکی خولگەییدا حەقیقەت دەبەستێت بە دەسەڵاتەوە.

نیتچە لە پاژی ٢٤ی کتێبی ڕەچەڵەکناسیی ئاکاردا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە دەبێ فەلسەفە، مەسەلەی هاوبایەخی حەقیقەت بەشێوەیەکی تازە بخاتە ڕوو. ئەو یەکەمین بیرمەندێکە کە لە چوارچێوەی ڕژێمە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکاندا سەرنجی حەقیقەتی داوە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش کە ڤاتیمۆ لە کورتە وتارێ لەژێر ناوی "نەهێلیزم و پاش مۆدێرن لە فەلسەفەدا" ئەنگووست نیشانی دەکات ئەمەیە، کە نابێت هایدگەر بە یەکەم فەیلەسووفی پۆست مۆدێرن ئەژمار بکرێت، بەڵکو ئەوە نیتچەیە کە بنەمای پاش مۆدێرنیزمی فەلسەفی داڕشتووە. ئەو بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە پشتی بەستووە بە بەشی دووەمی کتێبی تێڕوانینە ناوەختەکان یانی وتاری "سوودمەندی و ناسوودمەندیی مێژوو بۆ ژیان". وێڕای ئەمەش نابێ لە کتێبی کازیوە و زانستی شاگەشکەکەریش چاوپۆشی بکەین. ئەو لە کتێبی تێڕوانینە ناوەختەکاندا بۆ یەکەمجار سەرگەرمی "ئاگایی مێژوویی" دەبێت و ئیدعا دەکات کە هەر ئەم بابەتە بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژئاواییانی سەدەی نۆزدەیەم بۆیان نەبێت کە ژیانی بەختەوەرانەیان هەبێت، چونکە دیل و یەخسیری تێگەیشتنی مێژوویی خۆیان بوون. نیتچە ئەم بارودۆخە بە "نەخۆشی مێژوویی" ناونووس دەکات.

بەڕای ئەو ڕێگەی ڕزگاریی مرۆی ئەورووپی، ڕزگاربوونە لە چنگی ئەم وشیاری و بیرەوەرییە مێژووییە. ئەو لە جەوهەری مۆدێرنێتیدا بە دوای ئەم نەخۆشییە مێژووییەدا دەگەڕێت. نیتچە جاڕ دەدات کە دەتوانین بە پاڵپشتی ئەم هێزە ئەوپەڕ مێژووییە کۆتایی بە زاڵێتی و سوڵتەی بێ چەند و چۆنی مۆدێرنێتی بهێنین و ئەم کارە لە ڕێی پەرەپێدانی هەندێ پرۆسە و لایەنگریی مۆدێرنیستی ئەگەری جێبەجێکردنی هەیە. ئەو یەکێ لە ڕێگەکانی گەیشتن بەم

مەبەستە لە هونەر و مەزهەبدا جستوجۆ دەکات. ڤاتیمۆ بەشێوەیەکی گشتی پەتای قەیرانی مۆدێرنێتی سەدەی نۆزدەیەم بە ئاماژە بۆ مێتۆلۆژیای ئێپیگونێس شی دەکاتەوە. لە سەرچاوە مێتۆلۆژییانەکاندا هاتووە کە ئەپیگۆنەکان حەوت مندالْ یان پاشماوەی راستەوخۆی حەوت فەرماندەن کە لە شەڕە یەک لەدوای یەکەکاندا زۆریان لێ کوژرا و مندالەکانیان بڕیاریان دا تۆڵە بستێننەوە. ئەوان هێرشیان بردە سەر شار و خانووەکانیان رووخاند و مالْ و مالاْتی دانیشتووانی شاریان تالاْن کرد. ڤاتیمۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەشێوەیەکی گشتی وشیاری مێژوویی بەردەوام دەستەبەری چەشنێ تۆڵەسەندنەوەیە لە بەزین و شکستەکانی رابردوو. بەڕای نیتچە ئەم هەستە مرۆڤە ناڤبرەکانی رابردوو گیرۆدەی چەشنێ نەخۆشی مێژوویی دەکات. لەڕاستیدا ئەم مێژووخوازییە لە هەناوی مۆدێرنێتیدا حەشار دراوە کە هەندێ فەیلەسووفی مەعنەوییەتی هێگڵ و مارکس بە زمانێکی فەلسەفی دەریانبڕیوە. تەنانەت بۆچوونی رۆشنگەریش بۆ مێژوو بارگاوی ئەم پەتا مێژووییەیە. یانێ مرۆڤ پەیجۆری ئەوەیە خۆی لە دەستی مێژوو قوتار بکات و رۆح بگەیەنێتە دەرگانە و ئاستی رەها. ڤاتیمۆ ئیدعا دەکات کە نیتچە رێگەی رزگاری لە بن بەستی مۆدێرنێتی لە توندوتۆڵکردنەوە و بۆ ئەوپەڕبردنی پرۆسەکانی مۆدێرنێتیدا دەبینێتەوە. بەڵگە نەویستە نیتچە لە کاتی نووسینی تێڕوانینە لە ناکاوەکاندا لەسەر ئەم براوایە بووە کە تەنیا لەڕێی گەیشتن لەم هێزە میتامێژووییەی مەزهەب و هونەر و بەتایبەت مۆسیقای ڤاگنەرییەیە کە دەگونجێت لە کۆتوبەندی ئەم نەخۆشییە مێژووییە قوتار بین، بەلاْم بەرەبەرە لە کەموکوڕی ئەم بۆچوونە دەگات و لە کتێبی مرۆی لە رادەبەدەر مرۆییدا تەنیا رێگەی تێپەڕاندنی مۆدێرنێتی لە توندوتۆڵکردنەوەی بۆچوون و پرۆسەکانیدا وێنە دەکێشێت. ئەو دەڵێت: دەبێ بەرزترین بایەخەکانی شارستانییەتی مۆدێرن بخەینە بەر لێکدانەوەی کیمیایی. بە بڕوای ئەو لەم لێکدانەوە کیمیاییەدا دیار دەکەوێت کە حەقیقەت بۆ خۆی زیاد لە بایەخێ نییە و بۆ گەیشتن بەم واقیعە لەبەرێکەوە، ئەم بایەخەش شیتالْ دەبێتەوە. لە پێناوی ئەم لێکدانەوە کیمیاییەدایە کە دیار دەکەوێت مەعریفە و زانست شتێک نین جگە لە مەنزوومەیەک لە خوازەکان و مەجازەکان. لێرەدایە کە بە هەڵوەشانەوەی چەمکی حەقیقەت و مەعریفە خوداش دەمرێت و رێگەی هەڵهاتن لە بن بەستی مۆدێرنێتی هەموار دەکرێت. ڤاتیمۆ واتەنی لەم ئاستەدا پاش مۆدێرنیزم لە فەلسەفەدا لەدایک دەبێت. مەرگی خودا لە پاژی ١٢٥ی زانستی شاگەشکەکەردا هاوڕای گەڕانەوەی هەتایییە. بە تێپەڕاندنی مۆدێرنێتی دالْغە و کەڵکەڵەی نوێبوون (novum) لەنێو

دەچێت. یانی ئیدی بایەخی بابەتەکان بە پێی نوێ و تازەبوون هەڵناسەنگێندرێت. لەڕاستیدا سێبەری "ئەم هەر ئەویی" هەستی و نوێیەتی بەرەبەرە لەنێو دەچێت.

بەشێوەیەکی گشتی پێوەندی و خزمایەتی نێوان مردنی خودا و گەڕانەوەی هەتایی بەخۆی ئاشکراکەری چیایەتی میتافیزیایی مێژووخوازیی مۆدێرن و بە گشتی چیایەتی میتافیزیایی مۆدێرنە. دەشێ بگوترێت کە میتافیزیا بە مانای زانستی بونیاتە سەرەتاییەکانی هەستی لەم سەردەمەدا تەنیا لە چوارچێوەی مێژووخوازیدایە کە درێژ دەبێتەوە و مێژوو بە پڕۆسەیەکی رۆشنگەرانە لە قەڵەم دەدات. هەر لە چوارچێوەی ئەم مێژووەدایە کە بواری پێشڤەچوونی مرۆڤ بەرەو رزگاری خۆش و هەموار دەکات. لێرەدایە کە پێشکەوتن و پەرەسەندن وەکو بایەخێکی باڵا لە شارستانییەتدا دیار دەکەوێت. بەڵگەی ناوێت کە هاوکات لەگەڵ مردنی خودا و دەرکی گەڕانەوەی هەتاهەتایی ئەم بایەخە هەرەس دەهێنێت. لەم رووەوە بە دارمانی بەرزترین بایەخ واتا مەرگی خودا کامڵبوون و پێشکەوتنیش برەوی خۆیان دەدۆڕێنن.

بە مەرگی خودا "فەلسەفەی بەرەبەیان" دەست پێدەکات. ئەمە مانای وایە کە یەکەمین گەڕانی ئەندێشەی میتافیزیایی لە دڵی مێژووخوازییەوە سەر بەرز دەکاتەوە یانی راگەیاندنی مەرگی خودا گێڕانەوەی چیرۆکێکی نوێی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر دان بەوەدا بنێن کە خودا مردووە، بڕوامان بە کۆتایی هاتنی هزرێن بنەڕەتی (foundational thought) کردووە. گاڤێ کە بنەما و پێوەرە بنەڕەتییەکانی میتافیزیا برەوی خۆیان لە دەست دا ئێمە بۆمان هەیە لە مانا و پیتی نزیکی بگەین. لێرەدایە کە ئێمە لە ژێر تیرۆژی هێرمۆنۆتیکدا دەتوانین پەیام Gestel یانی رۆخسار و بونیادی زانست و تەکنۆلۆجیا بە گوێی خۆمان ببیستین. بە وتەیەکی دیکە سەرهەڵدانی هێرمۆنۆتیکی نوێ بە جۆرێ لە جۆرەکان مزگێنیدەری تێپەڕاندنی مۆدێرنێتی و سەرەتای وەرزێکی تازەیە لە ژیانی مرۆڤی مۆدێرندا. ئیدی فەلسەفەی پاش میتافیزیایی (postmetaphysical philosophy) توانای نییە یەکێتییەکی رواڵەتی بە مەنزوومە جۆراوجۆرە مەعریفەییەکان ببەخشێت- رێک بەو چەشنەی کە ئەرەستۆ و کانت و دێکارت لە فەلسەفەکەی خۆیاندا خستیانە بەرچاو. ئەو شتەی کە فەلسەفە لە سەردەمی پاش میتافیزیکیدا بۆی هەیە جێبەجێ بکات ئەمەیە کە لانیکەم روانگەیەکی بەردەنگی و بەڵێنەرمان سەبارەت بە هەستی ئاراستە دەکات. ئیدی یەکێتیی مەعریفەیی و بنەڕەتی مۆدێرنیتی بەدیناکرێت. لێرەدا ڤاتیمۆ باسەکەی فۆکۆ سەبارەت بە کۆتایی ئۆمانیزم ئاماژەنیشان دەکات و ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد کە

به کۆتاییهاتنی مۆدێرنێتی سەردەمی مرۆڤیش کۆتایی هاتووە. دەشێت بگوترێت کە فۆکۆ ئیدعا دەکات مەرگی خودا و بزربوونی مرۆڤ رووداوێکی یەکەیە. جاڕدانی "کەڵە مرۆڤ" بۆ خۆی پیشاندەری مەرگی ئیستەرەمیی مرۆڤە. فۆکۆ بە روانگەی کۆتایی سەردەمی مرۆڤ کۆتایی بە کتێبی وشەکان و شتەکان دەهێنێت. بە مەرگی مرۆڤ، مێژوو بەرەبەرە چییەتی هێڵیی خۆی لە کیس دەدات و رەفتارێکی تەوساوی و تارۆزئامێز لەخۆ دەگرێت. ئەمەیە مانای فەلسەفەی بەرەبەیانی و تێپەڕاندنی چیایەتی هزرێن مۆدێرن.

**سەرچاوە:**

نیتچە لە پاش هایدگەر، دریدا و دۆلۆز، محەممەد زیمەران، چاپ و پەخشی هەرمێس، تاران، چاپی دووەم، ١٣٨٦.

# وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ موویان،

## براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ٢٠١٢



**وتووێژی: یان شوئانگ لیندبلووم**
**و. لە فارسییەوە: سولەیمان ئەبوبەکری**

**سەرەتا پیرۆزباییت لێ دەکەم. چ هەستێکت هەبوو ئەوکاتەی هەواڵی براوەبوونت پێ گەیشت؟**

هەواڵەکەم کە بیست، بەڕاستی لام سەیر بوو، چونکە وام بیر دەکردەوە چەندین فەرسەخ لە خەڵاتی نۆبڵەوە دوورم.

**زۆربەی ئەوکەسانەی کە سەردانی سایتی خەڵاتی نۆبڵ دەکەن، خوێندکارانی لاون، کام لە کتێبەکانت بۆ خاڵی دەسپێک بۆ ئەولاوانە یا کەسانێک کە دەیانەوێت تازە لەگەڵ بەرهەمەکانت ئاشنا بن، دەستنیشان دەکەیت؟**

بە بڕوای من کتێبی (ژیان و مەرگ تەنگیان پێ هەڵچنیوم) دەکرێ کتێبی دەسپێک بێ بۆ خوێنەران، کە هەر ئەمساڵ لە سوید چاپ و بڵاو بووەوە. دواتر دەتوانن کتێبەکانی وەک (سورگومی سور)، (سینگەگەورەکان و رانەفشەکان) و... بخوێننەوە، بەڵام کتێبی (ژیان و مەرگ تەنگیان پێ هەڵچنیوم) پێشنیاری

یەکەممە، چونکە شێوازی نووسین و هەروەها دۆزینەوەم لە بەستێنی هونەری چیرۆکنووسیدا، بە شێوەیەکی پوخت و پاراو لەوکتێبەدا خۆی دەنوێنێت.

**کاتێک لاو بوویت، چ ئیلهامێکی دەروونی ئێوەی بەرەو لای نووسەریی پاڵ پێوە نا؟**

من خوێندنەوەم هەر لە منداڵییەوە دەستپێکرد و هەر ئەم هۆکارە بە خوێندنەوەی کتێبی زیاتر وای لێکردم هۆگرییەکی تایبەتم هەبێت بۆ ئەدەب. وام بیر دەکردەوە دونیایەک وشەم لەسەردایە کە دەبێت بە هەرجۆرێک بێت دەریانببڕم. هەر بۆیە بیرم لە شێلگیرانەترین ڕێ لە ئەدەبیات دا دەکردەوە، کە بەربەستی کەمتری هەبوو، دەستم کرد بە نووسین. هەڵبەت زۆریش حەزم لێبوو، خۆم بە خۆم بسەلمێنم. ئارەزووم ئەوە بوو بتوانم لە چارەنووسمدا گۆڕانێکی بەرچاو بەدی بێنم.

**دەکرێت سەبارەت بە داهێنانەترین بەرهەمی ئەدەبی بۆمان بدوێن؟**

داهێنانەترین بەرهەمم، هەر ئەو کتێبەیە، مەبەستم (ژیان و مەرگ تەنگەیان پێ هەڵچنیوم)، کە لەوەوپێش باسم کرد. یەکەم، ئەم کتێبە باس لە کێشە راستەقینەکانی مێژووی چین، واتە خاوەندارێتی زەویوزار و کشتوکاڵ دەکات. دووەم ئەوەی کە من لەو کتێبەدا کەڵکی زۆرم وەرگرتووە لە ئەفسانە رۆژهەڵاتییەکان.

لەو رۆمانەدا ئینسان و حەیوان جێگای خۆیان دەگۆڕنەوە، هەروەها خوێنەر دەتوانێت لە گۆشەنیگای حەیوانێکەوە، بەئاسانی سەیری ئاڵوگۆڕەکان بکات کە لە ماوەی ئەو (٥٠) ساڵەی دواییدا لە کۆمەڵگا و مێژووی چین روویداوە. بێجگە لەمەش، لەوبەرهەمەدا، تەواو هەوڵی خۆم داوە تا بەشێوەیەک لە زماندا کەڵکیان لێوەرگرم کە فۆڕمی ئازادی هەبێت و بەربەستیشی کەمتر بێت، تا بتوانم قسەی دڵم بە ئاسانی دەرببڕم. وا هەست دەکەم ئەو کتێبە لەچاو ئەوانی تر، پوختەتر بێت. چونکە یەکگرتوویەکی فۆرمی بەربڵاوتر لەنێوان راستییەکان و شێوازی نووسینی داهێنەرانە لەئارادا هەیە.

**لە جێگایەکدا خوێندمەوە کە نووسینی کتێبی (ژیان و مەرگ تەنگەیان پێ هەڵچنیوم) لە ماوەی (٤٣) رۆژدا نووسیوتە. چ شتێک بوو بە هۆکاری ئەوەی کە ئاوا بەخێرایی بە ئەنجامت گەیاند، چ شێوازی نووسینێکت گرتەبەر؟**

بۆ کتێبی (ژیان و مەرگ تەنگیان پێ هەڵچنیوم)، بەخێرایی نووسیوومە؟
باشە، یەکەم لەبەرئەوەی کە ئەم کتێبە لەسەر بنەمای چیرۆکێکی راستییە. چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانێک کە (٦-٧) ساڵان بووم و وەرزێرێک لە دەوروبەری قوتابخانەی ئێمە دەژیا. ئەم وەرزێرە زۆرجار بە پێچەوانەی دەوڵەت و کۆمەڵگا کاری دەکرد، بەپێچەوانەی باوەڕی باوی نێو خەڵک و بە تەنیا تا ئاخرین ساتەکان خۆی لە قەرەی هەرەوەز و کاری دەستەجەمعی نەدەدا. کەسانێکی وەک ئەو لەو سەردەمەدا بە کەسانی توندڕۆ سەیر دەکران و بەردەوام دێوەزمەیەکی ترسناکیان لە سیمای ئەوان بە خەڵک دەناساند؛ خەڵکیش زۆرجار وەبەرپەلاماریان دەدا و مافەکانیان پێشێل دەکرد. ئەو گیانفیدایی زۆری کرد تا شێلگیرانە لەسەر باوەڕەکەی پێداگری بکات، تەنانەت بنەماڵەکەی، لەوانە کچ و کوڕەکەی لە بنەماڵە جیابوونەوە و مەودایان لەو گرت، بەڵام ئەو هەرگیز تەسلیم نەبوو. دواتر مێژوو سەلماندی کە هەق بەو بووە. کاتێکیش کە من دەستم بە نووسینی ئەو رۆمانە کرد، دڵنیابووم ئەو دەورگێڕە درەنگ یا زوو پێ دەنێتە ناو چیرۆکەکەم، هەر لەبەرئەوە بوو کە نووسینی ئەو کتێبە خێرا تەواو بوو.
ئاستی بیرۆکەی پێویست بۆ نووسینی ئەو کتێبە کە تارادەیەک لە ئارادا هەبوو، بوو بەهۆی ئەوەی کە ئیشی نووسینی چیرۆکەکە، خێرا تەواو بێت.

**ئێستا دەتەوێت بۆ ئەم هەواڵە خۆشە چۆن ئاهەنگ بگێڕیت؟**

وابزانم سبەینێ لەگەڵ بنەماڵەکەم لە دەوری یەکتر شیرینی دەخۆین، چونکە بەدڵنیاییەوە سبەینێ هەموویان ئاگادار دەبن و بێگومان (١٠)ی دیسەمبەر بۆ مەراسیمی پێشکەشی خەڵاتەکانی نۆبڵ لە سوید حزوورم دەبێت. زۆر سوپاس، بە هیوای دیدارتان لە سوید.

**سەرچاوە:**
html.2012-www.chouk.ir/maghaleh-naghd-gotogoo/2846

# ئێمە لەم جیهانەدا تەنها نین

## گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە

## لەگەڵ (گۆنتەرگراس)ی خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ



و. لە فارسییەوە: کارزان محەمەد

گۆنتەر ویلیام گراس (لەدایکبووی ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ز)، نووسەر و پەیکەرساز و وێنەکێشی ناسراوی ئەڵمانیایە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٩٩ز) خەڵاتی نۆبڵی بەهۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە پێ بەخشرا. یەکەمین بەرهەمی دەفتەرێکی شیعری بوو کە لە ساڵی (١٩٥٦ز)دا چاپ کرا، دوای سێ ساڵ لەو بەرهەمە، رۆمانی (تەپڵی تەنەکە) بە چاپ گەیاند کە بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدرا و ناوبانگی پەیدا کرد. ئێستاش خاوەنی چەندین رۆمانی وەک (ساڵانی سەگی)، (مشک و پشیلە)یە.

ئەمەش گفتوگۆیەکی هەڵبژاردەیە لەگەڵ گۆنتەرگراس دەربارەی ژیانی نووسین و دیدگاکانی.

**بۆچی بوویت بە نووسەر؟**

پێموایە بەهۆی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەمەوە بوو. ئێمە خێزانێکی مامناوەندی نیمچە هەژار بووین. شوقەیەکی دوو ژووریی گچکەمان هەبوو. من و خوشکەکەم خاوەنی ژوور، یاخود تەنانەت شوێنێکی تایبەت بەخۆمان نەبووین، چونکە دوو ژووری گچکە و کلاوڕۆژنەیەکمان هەبوو کە پەرتوکەکانی من و هەندێ شتی دیکەی وەک تابلۆی نیگارکێشانەکەمی تێدا دانرابوو. زۆربەی ئەو شتانەی دەبوایە هەبن، لە خەیاڵمدا دەمهێنانەدی. لەنێو ئەو هەرا و قەرەباڵغییەدا، زۆر زوو فێری خوێندنەوە و دواتر فێری نووسین و وێنەکێشانیش بووم.

دەرەنجامێکی دیکە کە دۆخی زەمەنی منداڵیمی هەیە، تائێستاش نێو ژوورەکەم کۆدەکەمەوە. هەنووکە چوار هۆڵی خوێندنەوەم لە چوار جێگای جیاواز هەیە، لەوە دەترسم سەرلەنوێ بۆ هەمان ئەو دۆخە بگەڕێمەوە کە لە گەنجێتیدا تیایدا ژیام، ئەو سەردەمەی تەنها کونجێکی گچکەم لە ژوورێکدا هەبوو.

**چی هانیدایت تا لەو هەلومەرجەدا، بەرەو دونیای خوێندن و نووسین هەنگاو بنێی و بەپێچەوانەوە بەرەو وەرزش و سەرگەرمییەکانی دیکە نەچیت؟**

بە منداڵی درۆزنێکی باش بووم. خۆشبەختانە دایکم حەزی بە درۆکانم دەکرد. بەڵێنی سەیروسەمەرەم پێدەدا. کاتێ (١٠) ساڵ بووم، بە باپیرە جینەت بانگی دەکردم. دەیگوت حەز دەکەیت ئەو چیرۆکە مەزنانەم بۆ بگێڕیتەوە کە دەربارەی گەشتەکانتە بۆ نیپاڵ و شوێنەکانی دیکە؟

زۆر زوو دەستم بە نووسینی ئەو درۆیانەم کرد و هێشتاش لەسەر ئەم کارە بەردەوامم! کاتێ تەمەنم (١٢) ساڵ بوو، دەستم بە نووسینی رۆمانێ دەربارەی کاشوبییەکان کرد، ئەو کاشوبییانەی سەروکەللەیان ساڵانێ دواتر لە رۆمانی (تەپڵی تەنەکە)دا دەرکەوت. لەم رۆمانەدا (ئانا)ی داپیرەی (ئۆسکار) هەروەک داپیرەی خۆم سەربە کاسۆلیکە، بەڵام لە نووسینی یەکەمین رۆمانمدا بەهەڵەدا چووم، چونکە لە یەکەمین بەشی رۆمانەکەمدا هەموو قارەمانانی چیرۆکەکەم مردن! ئەمە یەکەمین وانەی نووسەریمە، هەمیشە ئاگاداری کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکانتان بن.

**کام درۆ لای ئێوە چێژبەخش بوو؟**

ئەو درۆیانەی کەس داناچڵەکێنن، ئەمەش لەگەڵ ئەو درۆیانەدا جیاوازن کە بۆ پشتیوانی لە کەسێک و زیانگەیاندن بە کەسێکی دیکەن، ئەو چەشنە درۆیانە

کاری من نییە. زۆرجار واقیع گەلێ ماندوومان دەکات، دەتوانرێت بە چەند درۆیەک یاریدەی بدەیت و هیچ زیانێکی تێدا نییە. من سەرنجم لەوەداوە کە درۆ مەزنەکانیشم هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دونیای دەرەوە نەبووە. ئەگەر ساڵانێ لەمەوپێش لە نووسینەکانمدا پێشبینی بارودۆخی سیاسییانەی ئەم دواییەی ئەڵمانیام دەکرد، خەڵک دەیانگوت چ درۆزنێکە!

**هەنگاوی دوای نوچدانی یەکەمین رۆمانی شکستخواردووتان چ بوو؟**

یەکەمین رۆمانم دەربارەی شیعر و وێنەکێشان بوو. هەمیشە یەکەمین رەشنووسی شیعرەکانم، پێکهاتەیەکە لە وێنە و شیعر. هەندێکجار هەڵێنجانم لەنێو وێنەیەک و یاخود لەنێو زمانەکانی دیکەدا دەکرد. پاشان کاتێ تەمەنم (٢٥) ساڵ بوو و توانیم ئامێرێکی تایپ بکڕم، حەزم دەکرد بەو سیستمە نوێیە تایپ بکەم.

یەکەمین رەشنووسی رۆمانی (تەپڵی تەنەکە)م بەو ئامێرە تایپ کرد، هەنوکەش بەرەو پیربوون دەچم و ئێستا کاتێ دەبیستم هاوڕێکانم بە کۆمپیوتەر تایپ دەکەن، ئارەزووم وایە یەکەمین رەشنووس بەدەست بنووسم!

یەکەمین رەشنووسی رۆمانی (مشکی مێ)م لە دەفتەرێکی گەورەی بێ خەتدایە. هەمیشە کاتێ بڕیارە یەکێک لە رۆمانەکانم بڵاوببێتەوە، رەشنووسێکی لەسەر لاپەڕەی سپی لە دەزگای چاپوپەخشەکە وەردەگرم تا بۆ نووسینی رۆمانی ئایندەم سودی لێوەربگرم. هەربۆیە ئێستا یەکەمین رەشنووس بە دەست دەنووسم، ئاوێتەی چەند وێنەیەکی دەکەم و رەشنووسی دووەم و سێیەم تایپ دەکەم. تا هەنوکەش هیچ رۆمانێکم بەبێ نووسینی سێ رەشنووس، تەواو نەکردووە. بەگشتی رۆمانێک چوار جار پیایدا دەچمەوە و لە زاراوەی دەئاخنم.

**ئایا لە هەر پێداچوونەوەیەکدا، هەموو شتێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەبەرچاو دەگریت؟**

نەخێر، رەشنووسی یەکەم زۆر بەخێرایی دەنووسم. ئەگەر کەموکوڕییەکی هەبێت، چارەی دەکەم. رەشنووسی دووەم بەگشتی زۆر درێژە و پڕ لە وردەکاریی و کامڵێتییە، ئیدی کەموکوڕی تیادا ناهێڵم، بەڵام کەمێ بێ رۆحە. لە رەشنووسی سێیەمدا هەوڵ دەدەم سەرلەنوێ تەڕوپاراوی رەشنووسی یەکەمی تیادا بهێڵمەوە و هەر شتێ لە رەشنووسی دووەمیشدا بایەخدار بێت، ئەوا تیایدا دەیپارێزم، ئەمەش زۆر سەختە.

**بەرنامەی ئەو ڕۆژانەی سەرقاڵی نووسینیت، چلۆنە؟**

کاتێ کار لەسەر ڕەشنووسی یەکەم دەکەم، (٥-٧) کاتژمێر دەنووسم. بۆ ڕەشنووسی سێیەم ڕۆژی سێ لاپەڕە لە ڕۆژێکدا دەنووسم، زۆر بەهێواشی دەچمە پێش.

**بەیانیان دەنووسی، یاخود ئێواران، یان شەوان؟**

هیچکاتێ شەوانە نانووسم. بڕوام بە نووسین لە ساتی شەودا نییە، چونکە زۆر سادە دەبێت و کاتێ بەیانیان دەیخوێنمەوە هەست دەکەم باش نییە. پێویستم بە تیشکی ڕۆژە تا دەست پێ بکەم، لەنێوان کاتژمێر (٩-١٠)ی بەیانیدا نانێکی تێروتەسەل دەخۆم و پەرتوک دەخوێنمەوە و گوێ لە مۆزیک دەگرم. دوای سپێدەی بەیانێ کار دەکەم، پاشنیوەڕۆیان کورتە پشوویەک دەدەم و قاوە دەنۆشم، سەرلەنوێ دەست پێدەکەمەوە و کاتژمێر (٧)ی ئێوارێ کۆتایی پێدێنم.

**چۆن دەزانی پەرتوکێکت تەواو بووە؟**

کاتێ ڕۆمانێکی درێژخایەنی قارەمانێتی دەنووسم، نووسینەکەی (٤-٥) ساڵ درێژە دەکێشێت تا تەواو دەبێت. هەر کتێبێ کاتێک ماندوو بووم، ئەوا کۆتاییەکەیەتی.

**بێرتۆڵد برێخت ناچار بوو بەردەوام بە بەرهەمەکانیدا بچێتەوە، تەنانەت لەو ساتەشدا کە بڵاودەکرایەوە واهەستی دەکرد تەواو نەبووە**

پێموانییە من بتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم. من پەرتوکێکی وەک (تەپڵی تەنەکە) و (لە دەفتەری یادەوەرییەکانی هێلکە شەیتانۆکەیەک)دا تەنها دەتوانم لە قۆناغێکی تایبەتی ژیانمدا بیانووسم.

ئەم پەرتوکانە بەهۆی هەست و سۆزی ئەو سەردەمەوە نووسیم. دڵنیام ئەگەر بڕیاری ئەوەم بدایە دابنیشم و جارێکی دیکە ڕۆمانەکانی (تەپڵی تەنەکە) و (لە دەفتەری یادەوەرییەکانی هێلکە شەیتانۆکەیەک) و (ساڵانی سەگی) سەرلەنوێ بنووسمەوە، ئەوا دەمشێواند.

**زۆرینەی پەرتووکەکانی تۆ وەک (مشک و پشیلە) و (لە دەفتەری یادەوەرییەکانی هێلکە شەیتانۆکەیەک) یاخود (ساڵانی سەگی)... هتد لەسەر یەک گیانلەبەرن، پاساوە تایبەتییەکەی ئەم کارەت چییە؟**

هەمیشە هەست دەکەم ئێمە زۆر دەربارەی بوونییەتی مرۆڤ دەدوێین. ئەم جیهانە پڕە لە مرۆڤ، بەڵام گیانلەبەر و باڵندە و ماسی و جۆرجانەوەرەکانیشی تێدایە. ئەوان بەرلەوەی ئێمە بێینە دونیاوە، لێرە هەبوون و ڕۆژێ دێت کە ئەوان هەر لێرە دەمێننەوە و ئیدی مرۆڤی تێدا نەماوە. جیاوازییەک لەنێوان ئێمە و ئەواندا هەیە، ئێمە لە مۆزەخانەکانماندا ئێسکەپەیکەری دایناسوڕ و گیانلەبەرە جەستە گەورەکانیانمان داناوە کە بۆ چەندین ملیۆن ساڵ ژیاون، کاتێ مردوون بەبێ هیچ گەندەڵییەک زۆر بە پاک و بێگەردی مردوون. ئێسکەپەیکەرەکانیان زۆر خاوێنە. ئێمە دەتوانین بیانبینین. مرۆڤەکان ئەم خەسڵەتەیان نییە. کاتێ ئێمە دەمرین، بۆنێکی ترسناکی گەندەمان لێ دێت. ئێمە پێویستە فێری ئەوە ببین لەم جیهانەدا تەنها نین. ئینجیل وانەیەکی خراپمان دادەدات کاتێ دەفەرموێت مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەر ماسی، باڵندە و گیانلەبەران و هەموو خشۆکێکدا هەیە. ئێمە هەوڵمانداوە جیهان یەخسیر بکەین.

**تائێستا سوودت لە رەخنەکان وەرگرتووە؟**

هەرچەندە پێمخۆشە وەها بیر بکەمەوە خوێندکارێکی باشم، بەڵام رەخنەگرەکان بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایەکی باش نین. وێڕای ئەوەش قۆناغێک بوو کە کۆمەڵێک شت لە رەخنەگرەکانەوە فێربووم، هەندێکجاریش دڵتەنگ دەبم بۆ ئەو قۆناغە. قسەکانم دەربارەی قۆناغی گروپی (٤٧)ە. ئێمە بە دەنگێکی بەرزەوە رەشنووسەکانمان دەخوێندەوە و مشتومڕمان لەسەر دەکرد. ئەوێ شوێنێک بوو منی فێری دیالۆگ لەسەر دەق کرد، لەبری ئەوەی بڵێم (ئەوەم خۆش دەوێ)، پاساوم بۆ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانم بهێنمەوە. نووسەران سەبارەت بەوەی چۆن پەرتوک دەنووسن، بەشێوازێکی لێهاتووانە باسوخواسیان دەخستەڕوو. رەخنەگرەکانیش هەر بەو چەشنە بوون، خاوەنی بیروباوەڕی خۆیان بوون کە بۆ نموونە نووسەر دەبێت چۆن بنووسێت. ئاوێتەبوونی رەخنەگران و نووسەران، بەلای منەوە ئەزموون و وانەیەکی باش بوو.

لەڕاستیدا ئەو قۆناغە بۆ ئەدەبیاتی ئەڵمانیای دوای جەنگ، بەشێوەیەکی گشتی بایەخدار بوو.

دوای جەنگ، دوودڵییەکی زۆر بەتایبەتی لەنێو کۆڕە ئەدەبییەکاندا هاتەئاراوە، چونکە ئەو نەوەیەی لە ساتی جەنگدا گەشەی کرد، مەبەستم لە نەوەی وەک خۆمە، نەیخوێند، یاخود ئاستی خوێندنی خراپ و زمانێکی کاڵوکرچی هەبوو.

نووسەرە کاریگەرەکان وڵاتیان جێهێشت، هیچ کەس چاوەنۆڕییەکی ئەوتۆی لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیا نەدەکرد. دانیشتنی ساڵانەی گرووپی (٤٧) هەلومەرجێکی بۆ ئێمە رەخساند کە دەبێت ئەدەبیاتی ئەڵمانیا لەو دۆخەوە سەری بڵند بکردایە. زۆرینەی نووسەرانی ئەڵمانیای هاوتەمەنی من، کەوتنە ژێر کاریگەری گرووپی (٤٧)ەوە، هەرچەندە هەندێکیان ئەم راستییە نادرکێنن.

**ئەو رەخنانەی لەنێو گۆڤار و رۆژنامەکان، یاخود لە پەرتوکەکاندا دەربارەی تۆ چاپ دەکرێن، چین، ئایا کاریگەرییان لەسەر تۆ هەیە؟**

نەخێر، بەڵام لە کۆمەڵێک نووسەری دیکەوە فێربووم. ئەلفرید دۆبلین کاریگەریی لەسەرم هەبوو، وتارێکیشم دەربارەی ئەو لەژێر ناوی (دۆبلینی مامۆستام)دا نووسی. تۆ دەتوانێت لە (دۆبلین)ەوە فێر ببیت، بەبێ ئەوەی مەترسی لاساییکردنەوەی ئەوت هەبێت.

ئەو بەلای منەوە زۆر لە (تۆماس مان) بایەخدارتر بوو.

رۆمانەکانی (دۆبلین) هەروەک رۆمانەکانی (تۆماس مان) کلاسیک و هاودەق نین، بوێری (دۆبلین) زۆر زیاتر بووە. پەرتوکەکانی ناوبراو، دەوڵەمەند و گشتییانەن و لێوانلێون لە ئایدیا. من دڵگرانم لە ئەمریکا و لە ئەڵمانیاش، ئەو پتر بەهۆی رۆمانی (مەیدانی ئەلیسکاندەر بەرلین)ەوە دەناسن. من هێشتاش وانەی لێ فێر دەبم و زۆر شت هەن ئەو وانەی دادام.

**سەرچاوە:**

مجله نگاه نو، شماره (١)، ص (٢٣-٢٧).

# پەپوولەکان



**فەرزانە بەحرولعولوومی**
**و. لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**

زوهرە، چاوی لە مامۆستاکەی دەکرد کە تەباشیرەکەی بە دەستەوە گرت و گوتی:

-"قوتابییەکان دەفتەرەکانتان دەرهێنن و ئەم مەسەلەیە بنووسن".

پاشان مەسەلەکەی لەسەر تەختەڕەشە نووسی زوهرە خوێندییەوە:

-"حەوت کۆتر لەسەر دارێک نیشتبوونەوە، پێنج کۆتریان هەڵفڕین، چەند کۆتر دەمێنێتەوە؟"

مامۆستا وەرسووڕا و چاوی لە قوتابییەکان کرد:

-"سارا وەرە بەر تەختەڕەشە و مەسەلەکە حەل کە".

سارا لەتەنیشت زوهرە دانیشتبوو هەستا. قژی بەسەر شانیدا پڕژوبڵاو بووبۆوە. بەنێوان کورسییەکاندا ڕۆیشت و چووە بەر تەختەڕەشە.

زوهرە مەسەلەکەی خوێندەوە و بیری کردەوە: "ئەگەر کۆترێک هەڵفڕێ، هەموو کۆترەکان هەڵدەفڕن. وەک کۆترەکانی مامە یەحیا، کاتێک یەکیان هەڵدەفڕێ ئەوانی دیکەش لە شەقەی باڵ دەدەن، هەڵدەفڕن و بەئاسمانەوە دەسووڕێنەوە".

مامۆستا رووی کردە قوتابییەکان و پرسی:

-"نووسیتان؟"

زوهرە سارای دی خەریکە دانەدانە کۆترەکان هەڵدەفڕێنێ.

"کەوایە بۆیە ئەو کاتەی بە مامە یەحیایان گوت دەبێ کۆترەکانی لەنێوبەرێ، چونکە مەترسی ساز دەکەن بۆ فڕۆکە، مامە یەحیا هەڵینەفڕاندن تاکو دەرباز بن و ئیزنی دا هەموویان سەرببڕن، پاشان دانیشت و دەستی کرد بە گریان؟"

گوێی لە دەنگی مامۆستا بوو:

-"زوهرە ئەوە هۆشت لەکوێیە؟"

-"هەر لێرەیە مامۆستا".

زوهرە دیتی هەر پێنج کۆترەکە هەڵفڕین.

مامەیەحیا کاتێک دەگریا چاوی لە پەپوولەکان دەکرد کە بەسەرگوڵ و چیمەنی باخچەکەدا دەخولانەوە. کۆترە بێ سەرەکان لەسەر عەرزەکە خەریکی باڵەپرژێ بوون و نەیاندەتوانی هەڵفڕن.

زوهرە بیری کردەوە:

"ئەگەر ئەم کۆترانەشیان وەدەست کەوێ سەریان دەبڕن. چاک بوو هەڵفڕین"؟

شنەبایەک لە پەنجەرە ئاوڵاکەوە خۆی لە دەموچاوی زوهرە هەڵساوی. چاوی لە پەنجێرەکە کرد. پەردەکان دەجووڵانەوە و دیتی چەند پەپوولە هاتنە نێو پۆلەکەوە. مامۆستا لەنێو پۆلەکەدا پیاسەی دەکرد و دەستی رادەوەشاند. پەپوولەکانیش بەژوور سەرییەوە دەخولانەوە.

زوهرە چاوی لە پەپوولەکان بوو لەسەر کورسییەکان دەنیشتنەوە، یان بەسەر سەری منداڵەکاندا دەفڕین و دەسووڕانەوە. حەوت پەپوولە لەسەر کورسییەکەی بەردەمی زوهرە نیشتبوونەوە. زوهرە دیتی حەوت پەپوولەی دیکەش لەسەر کورسییەکانی تر نیشتوونەوە. هەر لەو کاتەدا پێنج دانەیان هەڵفڕین و دیسان نیشتنەوە. پەپوولەی سەر کورسییەکانی دیکەش هەڵفڕین و نیشتنەوە. رەنگیان سوور و ئاڵتوونی بوو.

مامۆستا پرسی:

-"زوهرە چەند کۆتر هەڵفڕین؟"

-"پێنج دانە مامۆستا، سوور و ئاڵتوونی".

-"خودا بەخێری بگێڕێ، کۆتر کوا سوور و ئاڵتوونییە؟"

منداڵەکان دەستیان کرد بە پێکەنین.

دوودانەیان لەسەر قژەپەرێشانەکەی سارا نیشتنەوە.

-"دابزانم کێ دەزانێ چەند دانە دەمێنێتەوە؟"

-"دوو دانە مامۆستا".

مامۆستا گوتی: "ئافەرین".

پەپوولەی سەر کورسییەکان هەڵفڕیبوون و بەنێو پۆلەکەدا دەخولانەوە؛ سوور و ئاڵتوونی تێکەڵ بووبوون و بەدەوری یەکدا هەڵدەسووڕان و دەچوونە سەرێ و دەهاتنەوە خوارێ.

زوهرە بیری کردەوە:

"ئەگەر مامە یەحیا لەجیاتی کۆتر پەپوولەی راگرتایە زۆر باشتر دەبوو".

مامۆستا لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی:

-"باوکی عەلی دە کۆتری هەبوو، سێ دانەیان هەڵفڕین. چەند کۆتری ماوە؟"

مامۆستا وەرسووڕا:

-"مەسەلەکە بنووسن، شەوێ لە ماڵێ حەلی بکەن و سبەینێ بیهێننەوە".

چەند پەپوولە لەسەر تەختەڕەشەکە نیشتبوونەوە. زوهرە دەستی هەڵێنا.

-"مامۆستا بەیارمەتیت".

-"بەڵێ، زوهرە گیان".

-"ناکرێ بەجێی کۆتر پەپوولە دانێین؟"

منداڵەکان دەستیان کرد بە پێکەنین. مامۆستا گوتی:

-"جیاوازیی نییە، پەپوولە بێ یان کۆتر؟"

-"با مامۆستا جیاوازیی هەیە!"

منداڵەکان دیسان دەستیان کرد بەپێکەنین. مامۆستا گوتی:

-"باشە جیاوازیی نییە، تۆ لەجیاتی کۆتر پەپوولە دانێ".

-"مامۆستا چۆن جیاوازیی نییە، زۆریشی جیاوازی هەیە".

زەنگ لێدرا. منداڵان بە قریشک و هوڕ و ژاوەژاو لە قوتابخانە چوونە دەرێ.

زوهرەش لە قوتابخانە هاتە دەرێ و گەیشتە کۆڵان. پەپوولەی سوور و ئاڵتوونی بەسەرسەرییەوە دەفڕین و لەسەر شان و سەری دەنیشتنەوە. بەهەڵاتن لەگەڵ پەپوولەکان بەرەو ماڵی مامە یەحیا پێی پێوەنا.

**سەرچاوە:**

"داستانهای پنجشنبه" برگزیدەی بیست داستان کوتاه از یازده نویسنده .گزینش: جمال میر سادقی، چاپ اول، ١٣٧٥، انتشارات مهناز تهران.

# ڕێگا



ن: عەباس مەعرووفی
و. لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

ڕێگا درێژ و نەبڕاوە بوو، من لە تەپۆڵکەی ماهوورییەوە سەرکەوتم و لە سەراولێژییەکەدا جارە گەنمێک هەبوو بە گوڵی زەرد و سپی لێرە و لەوێ. خۆریش لە شوێنێک بوو کە نەمدەدیت، یەک دوو دارێکیش لە خوارترەوە لەژێر تینی هەتاودا ئارەقیان دەڕشت. بەدوای جۆگە یان ڕووبارێکی ئاودا چاوم دەگێڕا کە ئاوێک بە سەروچاومدا بکەم، لەبیری ئاوێنەدا بووم. پتر لە گشت بەدوای ئاوێنەدا ئەگەڕام. دەمزانی سەروسەپکم شێواوە و هەتا بە تۆ گەیشتبام، دەبا زۆر ڕێگای دیکەم بڕیبا.

هەموو شوێنێک لە یەک دەچوو؟ هەتا ئێستا نەمدیتووە شوێنێک لە شوێنێکی دیکە بچێ، هەر دارێک بۆ خۆی لق و بەژن و گەڵایەکی هەیە، هەر دەشتێک عەتر و بۆنی خۆی دەپڕژێنێ، تۆ لەگەڵ هەموان جیاوازی، بە چەشنێک کە لە نێوان هەزاران مرۆڤدا بە دەنگی هەناسەکانتدا تۆم دەناسییەوە، دڵەکوتە و شڵەژانەکانت لەو شەوانەی کە لە خەو رادەچڵەکای و یەکڕاست ئەهاتیە ژووری کارەکەم هەتا لە ئامێزت گرم و ئارامت بکەمەوە.

"خەونت بینیوە؟"

"ئەم".

هەروا لە باوەشمدا لە پشت میزەکەوە چاوت دەبڕیە چەند هێڵیک و هەڵم دەگرتی و دەمبردی کە بخەوییەوە.

"تۆ نازنازییە بچکۆلانەکەی منی؟"

"ئەم".

بۆنی کەزییەکانتم لە هێورترین خەونی ژیانما هەڵدەمژی و لە پەناتدا خەونی تۆم دەدیت. سەیر نییە؟ مرۆڤ لە پەنای یەکێک خەوتبێ و خەونیشی پێوە ببینێ، دایم بە حەسرەت و ئاواتی تۆوە بووم و ئیدی تەوفیر (جیاوازی)ی بۆم نەبوو کە بەخەوەر بم یان لە خەو، بوونت وەکوو هەناسەکانم نیشانەی زیندووبوونم بوو، هەبوویت، نەک وەکوو ئەم ڕۆژانەی کە لەبەر دووری و دڵتەنگیت خەوم پێیا نەدەکەوت، کاتێک خەوم پێیا ئەکەوت ئیدی دڵم نەدەهات بەخەوەر بێمەوە. لەناو خەونمدا ڕێت دەکرد و منیش مەست لە تەماشا و دەترسام لەوەی کە بە ئاگا بێم و لەلام نەبیت، هەراسان دەبووم.

ئێستا دوای دوو ڕۆژ بێ خەوی کێشان دڵەکوتە و خولیای بینینت، نەختێ لاواز ببووم، لەڕ و لاواز و نەخۆش، ڕێگا درێژ و نەبڕاوە بوو. جارە گەنمی پان و بەرین، جاری گەنمە شامی لە هەر دوولای کوێرەڕێوە شین دەبوو و من بەرلەوەی کە ببینم، لە بونی گەنم و گەنمەشامی و "شەوەرگ" (شبدر)ەوە تێدەگەیشتم کە ئێستا خەریکم لە پەنای مەزرای ڕۆژیارپەرستەوە تێدەپەڕم.

بارەکەم نەبوو، کۆڵە پشتییەکی قورس و جانتایەکی دەستیی گەورە ئەو شتانە بوون کە بۆ تۆم دەهێنان و هەروەها چەند فایلێک بە توندی لە باوەشم گرتبوون، پەروەندەکانم بوون. ئەو شتانەی کە نوسیومن و تۆ نەتخوێندوونەتەوە، ئەو وێنانەی کە لە تەنیاییدا لە تۆم گرتوون، پەرەوەندەی ژیانم، ماوەی تەمەن، کاتی لەدایک بوون و مەرگ، رابردووم، ئایندە و تەواوی ئەو شتانەی کە لە لای مرۆڤێک هەن، زەین و بیرۆکە، ئەو فکرانەی کە دواتر بە مێشکی مرۆڤدا دێن، بڕیارەکان، نەخشەی جەیتەم کە دەریدەخست چی دەبێتە هۆی ئەوەی کە من بگریم، چی دڵخۆشم دەکات، بۆچی نەخۆش کەوتم و زۆر شتی دیکە.

من ئەم پەروەندەیەم شەوی پێش لە سەفەر سەروبن کردبوو، خاڵ بەخاڵم بە وردی سپاردبووە مێشکم، هەموو شتم دەزانی، بەڵام ئێستا کە لە ڕێگا بووم، هیچ لەوانەم لەبیر نەمابوو. دەڵێی تەنیا دەزانم ڕۆژێک لەدایک دەبم و ڕۆژێکیش دەمرم. شتەکانی دیکەم نەدەزانی. بە تەواوەتی لەبیرم چووبوونەوە. تەنیا ئەوەی

کە دەمزانی دێم تۆ ببینم لە هەموو شتێک گرینگتر بوو. دەمزانی چت لەبەر کردووە و تەنانەت دەمزانی لە کوێ راوەستاوی، لاقێکت بە دارەکەوە هەڵپەساردووە و لە هەر دوولاوە کەفی دەستەکانت لکاندووە بە قەدی دارەکەوە. هەر کە دەمبینی باڵ دەگرییەوە و هەڵدێی کە لە ئامێزت گرم. دەمزانی کە گوڵاوییەکی بچووکت بەدەستەوەیە.

نا، نەمدەزانی. کاتێک گەیشتمە جێ، لە سێبەری دارە بییەک، لە نێوان دوو لقی ئەستوور جێگایەکت دیتبۆوە هەتا چاوەڕێ دابنیشی.

جاکەت و پاتۆڵی سەوزت لەبەردا بوو. وەکوو جارە گەنمە شامی سەوزی سەوز.

وتم: "ئێرە کوێیە؟"

وتت: "دەتەویست کوێ بێت؟" و خۆت خستە باوەشم. نازانم بۆ دەمەویست لە باوەشما بتشارمەوە، داتبپۆشم و دەستەکانم بەدووری جەستە و قەدتدا بسووڕێن.

دیسانەوە هەمان بۆنی هەمیشەیی جاران لە زەینمدا لوولی خوارد و دیسانەوە هەموو شتم لەبیر چۆوە. پەروەندەکان لە بن باخەڵم داکەوتبوون، جانتا دەستی و کۆڵە پشتییەکەش چەند هەنگاو ئەولاتر لەسەر عەرز کەوتبوو. ئەو قسانەی کە لەناو رێگادا بیرم لێیان کردبۆوە، ئێستا نەمدەزانی چن و لە بنەڕەتدا نەمدەزانی چ گرینگییەکی هەیە؟ وەبەرخۆمەوە وتم هەر ئەوەی کە تۆ لێرەیت و من بۆنی جەستەت هەڵدەمژم، یانی هەموو قسە و حیکایەتەکان و ئەمەش یانی هەموو دڵتەنگی و پەرۆشییەکان لەبیر چوونەوە، وەکوو مۆتەکەیەکی لەمێژینە تەواو بوون، دەڵێی ئەو هەموو دووری و چاوەڕوانیانە چاوترووکانێک بووە. لەبیرم چووبۆوە کە چوار مانگ شەو و رۆژ چکە و کاتەکانم پێکەوە گرێ بەستووە هەتا هەتا ئەم رێگایە ببڕم و بگەمە ئێرە چەندە جوانە، بڕوانە.

"شتێکت وت؟"

وتم: "من؟" و دەستتم گرت و لە پەنات دانیشتم. هەروا کە پاڵم بە دارەکەوە دابوو لاقەکانم درێژکرد و حەزم دەکرد بۆت باس بکەم کە لەناو رێگا ئەو شتانەی کە دیتم بەردەوام وەبیری تۆیان دەخستمەوە، بۆ وێنە ئەسپێکم دیت، وەکوو منداڵ وتم: گا. تۆ وتت نا، ئەسپ و من هەر حەیوانێکم دیتبوو وتم ئەسپ، تۆ وتت نا، مەڕ. پێدەکەنین و دەڕۆیشتین و دەمانڕوانی. لەبیرت ماوە؟

درێژیی رێگاکەمان هەر بەو یارییانە بڕی و هەتا چەند گوندێکمان تێپەڕاند وەکوو چاو تروکانێک بوو، وەکوو بریسکەیەک هات و رۆیی، منیش

مەستانە لەگەڵت دەدوام، لە ڕێگای گەیشتن بە تۆدا مرۆڤ هەموو شتی لەبیر دەچێتەوە، لە ماندوویەتی و بارگرانی ناگات، هەندێک هەست و سۆز هەموو دەمارە مردووەکانی مرۆڤ زیندوودەکاتەوە، دەزانی؟ بە تەواوەتی پەشیمانم لە نەبوونت، فێربووم و تێگەیشتم کە مرۆڤ لە یەک جار زیاتر ناژیت، بۆیە باشتروایە هەموو شتێ بکاتە قوربانیی ئەم دەرفەتە، لەوە تێگەیشتم لە کوێ کورتیم هێناوە، لە کوێ هەڵی چاو لێکردنی تۆم لە دەستداوە، لە کوێ بە تەنێ نانت خواردووە، من هەموو ئەو ڕۆژانەی کە بە تەنیا نانم خواردووە هەموو ڕۆژێ پێوەی گریاوم. لە کوێ بەجێم هێشتی، لە کوێ بەجێت هێشتم؟ نەبوونت خراپ بۆم شکایەوە، بووم دڵۆپە ئاوێک و ڕۆچووم، لەوە تێگەیشتم کە درەنگی و مکووڕییەکانی من چەندە دڵتیان ڕەنجاندبوو، ئەگەریش خراپ بووم، بەڵام خۆ دەتزانی هەر هی منی، عەشقی من!

"گیانەکەم؟"

وتم: "هیچ. من شتێکم نەوتووە". ئاماژەم بە پەروەندەکان کرد: "ناتەوێ ئەمانە ببینی؟"

"من خەریکم لەوێ دەڕوانم، دایبنێ بۆ دوایی".

"چاو لە کوێ دەکەی؟ بە منیشی پیشان بدە".

"ئاوا بوونی خۆر".

"ئاوا بوونی خۆر؟ خۆر کە لەوێ نییە، پێموایە لە پشت سەرمانەوە بێت. ئەمڕۆ هەر نەمبینیوە. هەموو شوێنێک خۆرەتاوە، بەڵام خۆرم نەبینیوە". دیسانەوە وەکوو تۆ، چاوم بڕییەوە دیمەنە دوورە دەستەکە. لەو دوورانەوە کەسێک کولارەیەکی فڕاندبۆوە ئاسمان کە نیگای من لەگەڵ لە ئاسمان بگەڕێ، بڕۆینە شوێنێکی دوورتر لێرە. جێگایەک کە با دیار نەبێت دەزووی کولارەکە لە کام لاوە دەکێشرێ. دەزوویەک نابینرێ، تەنیا بەهۆی کولارەکەوەیە تێدەگەی کە کەسێک سەری دەزووەکەی بە دەستەوەیە، دەی لە کوێیە؟ جا چ تەوفیرێکی هەیە؟

بۆ یەکەم جار کە دیتم شین بووی، بچکۆڵانە و شین. هەموو ڕووخسارت شادی و شەرمی کەنیشکانە بوو، بەتاڵ لە هەرچەشنە نیگەرانی و خەمێک. لە باوەشم گرتی و دەستم لەناو کەزییەکانتدا گیری کرد و نەماندەزانی بەرەو کوێ بڕۆین. دەورێکمان لێدا و لە هۆڵەکە وەدەرکەوتین. هەر ئەوکاتە تەکسیەک لەبەردەممان ڕاوەستا. چانتاکانمان خستە سندووقی پشتەوە و من لەلای ڕاستەوە سوار بووم، شۆفێرەکە کە پیرە پیاوێکی سەر ڕووتەڵەی دم بە پێکەنین

بوو دەرگاکەی لای خۆی بۆ تۆ کردبۆوە و چاوەڕێ بوو، بەڵام تۆ خێرا بە دوای مندا هاتی، لە چاوترووکانیکدا دیتم لەبەر دەرگای ماشینەکە راوەستاوی کە سوار ببیت، تەنانەت دەرفەتی ئەوەشم نەبوو خۆم بکشێنمە ئەو لاوە، سوار بوویت و لەسەر ئەژنۆکانم دانیشتی.

پیرەپیاوەکە کە هەر پێدەکەنی، نیشتە پشتی سوکانەکە و کەوتەڕێ. بە درێژایی رێگاکە هەر لە ئاوێنەکەوە لێمانی دەڕوانی و خۆشحاڵ لەوەی کە تۆ لەسەر لاقەکانم جووڵەجووڵ دەکەی و بەخۆشییەوە شتگەلێکم پێ نیشان دەدەیت. تەکسیەکە لە کێوێکەوە سەر دەکەوت و لەو رێگا سەراولێژ و پێچەڵپێچەدا هەرچی زیاتر دەچووە سەرەوە هەوا تاریکتر دەبوو و بەفر قورستر. هەتا ئەوەی کە لە شوێنێک رایگرت و ئێمە رۆیشتینە ناو بینایەکی گەورەوە، ژوورێکیان پێ نیشاندایین کە هی من و تۆ بوو.

وەکوو ریشەیەک کە بە ئاو گەیشتبێ، چاو لێکردنی تۆم دەستپێکرد، هەتا ئەوکاتەی چاوت لە فیلم دەکرد من هەر چاوم بڕیبووە تۆ. لە گۆشەی سێهەمی مۆبلەکە دانیشتبووم کە رێک رووخساری تۆم پێوە دیار بوو.

دواتر لەو رۆژانەی کە نەبووی، نامەیەکی تۆم دۆزییەوە کە ئامادەم تەواوی تەمەنم بدەم هەتا بۆ جارێکی تر، تەنیا یەک جاری دیکە لە کاتی نامەنووسیندا بتبینم. نامەیەک کە هەتا دونیا دوینایە بۆ دڵتەنگییەکانم بەسە. دەڵێی لەبەرم کردووە:

میلی کاتژمێرەکان تێدەپەڕن و دەڕۆن.
بۆ کوێ؟ نازانم،
تۆ نادیاری هەتا هۆیەکیان تێدا ببینمەوە،
هەموو شتێکم بە خەمۆشی دەوێ، تەنانەت هەناسەکانیشم
هەتا چاوەڕەوانییەکانت دوو هێندەی دیکە تێنەپەڕێ و من لە خۆیا نوقم نەکا،
هەمیشە وێنەیەکی چاوەڕوانی بە دیواری چاوەکانمەوە داکوتراوە.
لەبەر ئەوەی کە هیچکاتێ هاتنتم نەبینیوە،
بوونت هەمووی وێنەگەلێکی کێشراوەن کە لە ترسی باران
کشاندوومەتە ژێر تەختەکە.
من لە کوێ ئەم هەموو کل و میلەم بە چاودا هێناوە
کە نە تۆ پێت زانی و نە ئاسمان،
لە کوێرا کوێر بووم کە وێنەکانیشم هیچ هاوارێکیان لێوە هەڵنەستا؟
کە هەموو شت،

که هەموو ئاسمان

تەنیا ئەم دەستانە نییە کە بە سێوێکت بەخشی کە هەموو ئاسمانی منت هەر بەم دەستانە کڕی،

یەخسیرت کرد.

کە نە سێوێک لە زەوی بڕوێ و نە لە بەهەشت

هەموو ئاسمانت هەر بەم دەستانە یەخسیر کرد،

هەتا نە لە زەوی شتێک بڕوێ و نە لە بەهەشت داڕمانێ؟!

وای دابنێ کە هەموو سێوەکانی زەوی و ئاسمانیشم بە تۆ بەخشی

هەتا بەهار بێتەوە

نابێ؟

جا بزانە من بۆ باقی تەمەنم چۆن تاقەت بێنم؟ بڵێی و نەڵێی، ئەم هەستە لە دڵێکدا بووە و ئێستا لە جێگای گلە و گازندە هاتوونەتە گۆڕێ. چ بکەم کە هەموو شتێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم شیعرە و پاشان دونیا لەلای من کۆتایی پێ بێت؟ لە کوێوە دەست پێ بکەم هەتا بگەمە ئەو خاڵە؟ دە تۆ بیڵێ، گوڵە جوانەکەم!

ئاوڕت دایە و بە بزەیەکەوە لە رووخسارم رامای: "چی؟"

وتم: "چەندە جوانتر بووی!" و دەستتم گرت و سەری قامکەکانتم یەک بە یەک ماچکرد.

دواتر هەستامە سەر پێ و جانتا دەستییەکەم نایە بەر پێت: "ناتەوێ بزانی چم بۆ هێناوی؟"

"چت بۆ هێناوم؟ با بزانم".

جانتکەم کردەوە، سەرەتا شووشەیەکی بچکۆلانەم دایە دەستت: "شەربەتی بەلاڵووک کە دڵت نازی بۆی دەکرد". دەرگای شووشەکەت کردەوە و بە شادییەکی منداڵانە چەند قومێکت خواردەوە: "دەمەویست. دەتەوێ؟"

"نا، بۆ تۆم هێناوە، بیخۆوە". دەستم کردە نێو جانتاکەدا و توورەکەیەکی بچووکی سپیم دەرهێنا: "گوڵە ماگنۆلیاکانی باخچەیماڵەوە".

توورەکەت لێم وەرگرت و بۆنت پێوە کرد و نووساندت بە سینگتەوە: "بۆنی ماڵە خۆمان!"، دواتر دەستم کرد بەنێو جانتاکەدا، سندووقێکی بچووکم دەرهێنا کە کاتێ دەرگاکەی دەکەیتەوە، دەنگی دینگ، دینگ لێوە دێت، ئەمەش شوکۆلات، ئەمەش کتێبێک کە هەتا نیوە خوێندبووت، ئەمەش بۆن، ئەمەش نوقڵێک کە هەمیشە کەیفت پێدەهات، ئەمەش ئەو کراسەی کە بەجێت هێشتبووی کە من هەر رۆژە رووخساری خۆم تێدا دەشاردەوە و بیرەوەرییەکانی تۆم تێدا هەڵدەمژی،

ئەمەش چاکەتێک کە پڕ بە بەری تۆیە و ئەمەش شۆکۆلاتێک کە...

چاوت لە هەر شتێک کە دەکرد، لێتم دەستاند و بە لقی دارەکەوە هەڵم دەواسی، تۆش لە نێوان ئەو هەموو رەنگەدا هەڵدەسووڕای و منیش لێتم دەڕوانی. دواتر هاتیە پەنام و سەرت نا بە سینگمەوە و مات بووی. دەستەکانم بە دەورتدا ئاڵقە کرد، بۆ چەند جار سەرت بە سینەمدا هێنا: "دەترسم. دەترسم بەیانی هەموو شتت لەبیر بچێتەوە".

"عەشق کە شتێکی لەبیرنەکراوە!"

"نا. تۆ ئێستا لەبیرت نییە. لەبیرت نەماوە کە هەمیشە من لەبیر دەکرد".

نەتەنیا من، کەس تۆ لەبیر ناکات. پیاوە زاناکەی ناو بازاری باڵندە فرۆشەکانت لەبیر ماوە؟ هەرکات دەڕۆیشتم لێی دەپرسیم هاوسەرە جوانەکەی ئێوە لە کوێیە؟ منیش پێم دەگوت رۆیشتۆتە سەفەر. لەو ماوەیەدا هەموو یەک شەممەیەک دەڕۆیشتمە بازاری باڵندەکان و دەخولامەوە بە لەونێ خۆم پیشانی ئەو پیاوە ژیرە دەدا کە لێم بپرسی هاوسەرە جوانەکەت نەگەڕاوەتەوە؟ هەر ئەوەی کە بێگانەیەک ئەو شەهادەتەی دەدا کە جێگای تۆ لەلای من بەتاڵە و ناکرێ فەرامۆشت کەم، بۆ من بەس بوو. یان ئەو کیژۆڵەیەی کە بە شێوەزاری خۆی بانگتی دەکرد، هەر کاتێ لەگەڵ دایکی دەهاتە ماڵمان، یەک بە یەکی ژوورەکان دەگەڕا، بە خەمێکی قووڵەوە کە لە چاوەکانیدا حەشار درابوو لێی دەڕوانیم و سەری دەلەقان، یانی لە کوێیە؟ پاکەتە شوکولاتەکەم لە پێشی رادەگرت، دانەیەکی هەڵدەگرت، وەک بڵێی تۆم شاردبێتەوە پشت موبلەکانیش دەگەڕا، سۆراخی تۆی لێدەگرتم و منیش پینگم دەخوارد و گریانەکەم دەشاردەوە کە تێنەگات چ بەڵایەک بەسەرمدا هاتووە.

ئەو چاوەی کە تۆی بینیوە و لە بیرەوەرییدا رایگرتووە بۆ من خۆشەویستە، چ بگا بە چاوەکانی تۆ. چۆن پێم دەکرێ لەبیرت کەم؟ چرکە بە چرکەی ژیان ئازیەتبارت بووم.

هێندێ جار کات درێژ دەبۆوە و بە جۆرێک بێدەنگی بەناو مێشکی داگیردەکردم و لەناکاو بەلای داڵانەکەدا وەردەسووڕام و پێموابوو بە خاولییەکی سپییەوە لەوێ راوەستاوی و دەتەوێ کەزییەکانت ویشک بکەیەوە. چاوم دەترووکاند و بەدواتدا دەگەڕام کە رێگا رۆیشتنت ببینم، کە دیارت نەبوو ئازارم دەچێشت، خاتوونەکەم!

دەستت بە باسکمدا هێنا و گوتت: "گیان؟"

گوتم:"هەرکاتێ ویستت چاو لە پەروەندەکانیش بکە کە پاشان کۆڵە پشتیەکەشت

بۆ بکەمەوە".

"چی تێدایە؟"

"باشتر وایە خۆت بیبینی".

"دە ئاخر کاتی زیادەمان نییە".

"یانی چی؟"

"هەر ئەم دوو کاتژمێرە. ئەوپەڕەکەی سێ کاتژمێر کاتمان هەیە کە قسە سەرەکییەکانمان بکەین و بڕیار بدەین، دواتر دەبێ من بڕۆم".

"بڕۆی؟ بۆ کوێ؟"

هەموو توانام خستە گەڕ کە کات بە هێواشی بڕوات، یان رەنگە خێرایی وێنەکان لە چاوەکانما زیاد بکەم هەتا بە هێواشی چاو لە جوولە و حەرەکەتەکانی دەستت بکەم و وێنەی قامکەکانت بسپێرمە زەینم: "لەوبەری رووبارەکەوە کەسێک چاوەڕێمە".

حەپەسام: "کەسێک چاوەڕێتە؟ یانی کێ؟"

"مەپرسە کێ و لەکوێ و چی، کاتی کەممان هەیە".

دیسانەوە ئەو دڵەکوتە و پەرۆشییە لەعنەتییە بۆوە خورەی گیانم، کەوتمە لەترە لەتر و سەرم لە گێژەوە دەهات، تەکان و لەرزەیەک بەناخمدا هات: "لەم زەمەنە کورتەدا چۆن چۆنی من...؟" و بە لاق ئاماژەم بە کۆڵەپشتیە کرد: "ئەدی چ لەمە بکەم؟"

لەسەر چۆک دانیشتی، هەر بەو جۆرەی کە نیگات لەسەر کۆڵەپشتیەکە بوو، پەروەندەکەت بە وردی دەستە دەکرد: "دەبێ لە دەرفەتێکی لەبار و بەکاوەخۆ ئەمانە رێکوپێک بکەم کە پاشان بزانم چی بە چییە". ئەمنیش پاک نوقمی نیگاکردنی قامکە باریکەڵەکەنات بووم، دیسانەوە تاڵە کەزییەکنت رژابوونە سەر رووخسارت و بە فۆکردن لات دایەوە و دیسانەوە دارژانەوە. تاڵە بەنێکی هەورێشمت بە دەوری کاغەزەکانەوە پێچا و لە جانتاکەت خست: "ئێستا دەزانم چمان هەیە و چمان نییە."

وتت: "پێشتر دەترسام دەستەکانم لەسوێی تۆدا بژاکێن، ئێستا ئیتر ترسم لە هیچ نییە".

وتت: "بۆچی وا لێم دەڕوانی؟ ئێستا کە هەموو شتێ لەلای من کۆتایی پێهاتووە؟ لەبیرتە من ئەمنییەتی گیانیم دەویست؟ لەبیرتە ئەو شەوە تاو و لەرزم هەبوو بەجێهت هێشتم و رۆیشتی؟"

گلە و گازندەکانی تۆ و بێدەنگی و بەخششەکانی من بۆ تۆ بوونەتە کێو،

دڵتەنگیی من و چاکییەکانی تۆ بۆ من بوونەتە کێو، بە باڵای دوو کێوی بەرز لە نێوان من و تۆدا مەودا هەیە و ئێستا هەردووکمان نازانین چی لەگەڵ بکەین، ئەو کێوانەم وەبیر دێتەوە کە لە جادەکانی لێواری دەشتی کەویر و لە بیرەوەرییەکانی جادەی مناڵیما لە پێش چاوم باڵای کردووە، یەکیان شینە، یەکێکی تر رەنگی خاک و ئەوی دیکەیان قاوەیی و دیسان شین و رەنگێکی تر. هێندێ جار کە باران دایدەکرد، کێوە شینەکە وەها رەنگی بنەوش دایدەگرت کە نەدەکرا بڵێی ئەمە هەمان ئەو کێوەیە کە دوێنێ لە باوەشی هەتاودا رەنگی شین بووە، کێوە خاکییەکەش دەبووە قاوەیی، و رەنگە قاوەییەکەش رەش دادەگەڕا، وەک رەنگێک لە نێوان سووری مەیلە و تۆخ و رەشی کاڵ. سێبەرە رووناک و نەخشەکانیش دەگۆڕدران کە لەوە خاترجەم بیت کە کێوەکان هیچ لە یەک ناچن. هەمان ئەو بارانە سادەیە وەها رەنگ و رووخساری کێوێکی دەگۆڕی کە وا دەهاتە پێش چاو ئەوەی پێشوویان هەڵکەندووە و یەکێکی دیکەیان لەجێی داناوە.

تەنانەت کێویش کاتێ لە نێوان ئێمەدا مەودا سازدەکات جیاوازیی هەیە کە ئەگەر بێت و کەشوهەوا خۆر بێت، یان باراناوی کە لێرە بەردەوام خەم دڵم داگرێ. ئەمانە هەموویان پێوەندییان بە ئەدەبیاتی ناوچە و نیشتمانە جیاوازەکانەوە هەیە. سەردەمانێک بوو کە باران لە ئەدەبیاتی ئێمەدا سەرچاوەی تەڕ و پاراوی، شادی و جوانی بوو، کە هاتمە ئێرە تێگەیشتم ئەمانە بە هیچ لەونێ لە هێدێ لە رستەکانی ئێمە ناگەن و خووی پێ ناگرن، هەرکە چەند ساڵێک لە هەوای سارد و سڕی باراناویی شارەکەی ئێمەدا بژی، دڵت کەڵکەڵەی خۆر دەکات، دڵت کێوەکانی بە رەنگی خۆیان دەوێ، ئاو وێ نەکەوتوو و باران نەدیتوو و رەسەن وەکوو سەرەتا، خاکی و شین و قاوەیی.

یاریی لەمێژینەی ئاو و خاک، وێنا و وێنە هەردووکیان وا بار دێنێ کە هەر کێوێک دەتوانێ ببێتە چەند کێو، خودا بکات هیچ بارانێک بەسەر ئەو دوو کێوەی من و تۆدا دانەبارێ و رەنگیان لەوەی ئێستا کە هەیە رەشتر نەکات. دەبینی؟ تەنانەت رووخساری مرۆڤیش جیاوازیی هەیە ئێستا کە هەموو شوێنێک خۆرەتاوە، وەکوو خودی خۆ دەدرەوشیتەوە، بریا میوەیەک، ساردەمەنییەک، شتێک لیرە دەسکەوتبا کە بەمجۆرە بەبێ خواردن زەمان تێنەپڕیبا، تێدەگەی ئازیزەکەم؟

هەستایە سەر پێ و بەرەو لام هاتی: "شتێکت گوت؟"

"نا. قەسەیەکم نەکرد". کۆڵەپشتیەکەم خڕەخڕ کردە کێش و هێنامە پێشێ: "دەتەوێ ئەم کارەش تەواو بکەین؟"

چاوێکت لە کاتژمێرەکەت کرد: "کاتێکی ئەوتۆ نەماوە، ئەگەر پێت وایە پێرادەگەین، بیکەرەوە".

"لەکوێ؟"

"هەر لێرە".

"لێرە کە نابێت. با بگەڕێین چاڵێک پەیدا بکەین کە...".

"ئەدی چاڵ و قووڵکە بۆچی؟ کەوایە بیکەرەوە بزانم چی تێدایە؟"

"ئەگەر بیکەمەوە دەبێ لە پەنای چاڵ یان قووڵکەیەکدا بین، دەنا دەبێ هەر بەم دەقە بیگەڕێنمەوە. بەڵام ئیتر نە دەتوانم و نە دەشمەوێ".

پەشۆکاو و بێ ئۆقرە بووی، پێم وابوو ئەگەر چارەیەک، بیانوویەکت دەست کەوتبا، هەر لەوێ بەجێت دەهێشتم و دەڕۆیشتی، بەڵام بە تێڕامانەوە چاوت بڕییە کۆڵەپشتییەکە: "باشە کەوایە وەرە با بگەڕێین و چاڵێک ببینینەوە. بەڵام چاڵ لە کوێیە؟ هەموو شوێنێک ڕێک و تەختایی بوو، تۆ پێت وایە چاڵەیەک دەهێڵنەوە کە خەڵکی تێبکەوێ؟ پێم وا نییە ببینینەوە. تەنیا...". دواتر بێدەنگ بووی.

"تەنیا چی؟"

"ئەگەر پێمەڕە یان کوڵینگێک هەبایە خۆمان دەمانکەند. ئەمنیش یارمەتیم دەکرد کە زووتر...".

"مەگەر دەهێڵم کە تۆ دەست بەم خاکەوە بدەی؟"

لە رووبەڕوومان ریشە دارێک سەری لە خاک دەرهێنابوو، وەک بڵێی کەسێکەو ئەژنۆی لەژێر لێفەوە دەرپەڕیبێ کە خۆی وەرسووڕێنێ و جێگای بەتاڵی ئەژنۆی وەکوو چاڵەیەک دەمی کردبۆوە. گوتم: "چاو لەوێ بکە". کۆڵەپشتییەکەم خڕەخڕە کردە کێش بۆ لای قووڵکەی پەنای دارەکە، بێ ئەوەی کە بیر لە کات بکەمەوە، بیر لە بێ ئۆقرەیی تۆ بکەمەوە، لەناو بازێک دایە لای قووڵکەکە و بە دەست خاکی دەوری قووڵکەکەم خستە دەرەوە، لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و بە دوو دەستان خاکەکەم وەلا دا. لەوێ تاشەبەردێکم دیتەوە کە زۆر بەکارم هات، بە نووکە تیژەکەی چاڵەکەم هەڵکەند و دیسان خاکەکەم هەڵکەند. کۆگایەک خاک لە پشتە سەرم بەرز ببۆوە، بەڵام هێشتا کاری مابوو، دەبوا بە قەد شتێکی نووشتاوە خاکم دەرهێنابا.

ڕۆیشتمە ناو قووڵکەکە و دیسانەکە هەڵم کۆڵی. لەژێر ریشەکانی دارەکە سەری قووڵکەیەکی دیکەم لێ پەیدا بوو کە ئەگەر نەختێ دەوروبەریم هەڵکۆڵیبا دەکرا بە ئاسانی لاقەکان تێدا درێژ رابکێشی.

هەڵم کۆڵی، قووڵکە نەبوو، وەکوو ئەشکەوتێکی سەرەولێژی روو بە ریشەی

دارەکە درێژەی هەبوو. خەیاڵم ئاسوودە بوو. هاتمە سەر لە قووڵکەکە و روانیم، هەی خراپ نەبوو، ئەگەر توانیبام دیسانەکە هەڵمدەکەند و خاکم دەخستە دەرەوە. بەڵام ئیتر ماندووبووم. عارەق بەسەر و گوێمدا دەهاتە خوارەوە، کراسەکەم لە تەڕتەڕ بوو، تۆش بە پەشۆکاویەوە تەنیا دەتڕوانی.

گوتم: "زۆر باشە، ئامادەی؟"

"ئم".

کۆڵەپشتییەکەم کێشایە لای قووڵکەکە و زیپەکەم کردەوە و جەستە لوول کراوەکەم کێشایەدەر، لاقەکانیم بەرەو لای ئەشکەوتی ناو چاڵەکە درێژ کرد و بە پێ شانەکانی تەرمەکەم پاڵ پێوە نا. بە ئاسانی بەسەر خاکەکەدا دەخزا و دەڕۆیشتە خوارەوە. لەڕ و لاواز ببوو، کزۆڵە و یەک جار ئێسک و پرووسک بوو. وتم لەم دوایانەدا نەخۆش بوو، نەخۆش و دڵتەنگ و خەمین.

گوتت: "ئەی هاوار! خۆ ئەوە تۆی!"

"بەڵێ منم".

"دەتەوێ چی لێ بکەی؟"

"لە خۆم بێزار و وەڕەز بووم. دەمەوێ لە گۆڕی نێم".

دیسانەکە زەخنم بۆ شانەکانی تەرمەکە هێنا. بە هێوری چووە ناو قووڵکەکە، دواتر لاقەکانی گیری کرد و هەر لەوێ مایەوە. گوتم: "باشە، ئیتر تەواو، وەرە خاکی بەسەردا بکەین".

"من درەنگمە، زۆر وەدوا کەوتووم".

"ناتەوێ بمێنییەوە کە خاکی بەسەردا بکەین و دایبپۆشین؟"

"نا. من وەدوا کەوتوم. زۆر زۆریش وەدواکەوتووم".

دواتر چاوت بڕیە شوێنێکی زۆر دوور. دەنگێکی نائاشنا و سەیر دەهات، گوتم: "بۆ کوێ؟ ئەوێ کوێیە؟"

"ئەوبەری رووبارەکە".

ئیتر ئەمە چ هاتنێک بوو؟ بریا کاتت دیاری دەکرد شەوی یەکەم لەلای بمێنینەوە. تۆ کە دەزانی لە تەنیاییا لەژێر ئەم خاکە غەریبەدا دەترسێ، بۆچی لووت هەڵدەقورتێنی، بۆچی تەنانەت لێشی ناڕوانی، هەرچی بێت تۆ فێری عەشقت کردووە، بچکۆلانەکەی من!

"چی؟"

"قسەیەکم نەکرد. ئەگەر وەدرەنگ کەوتووی کاتت ناگرم. بڕۆ". دەستم کرد

بە خۆڵ بەسەردا کردن و تەواوی خاک و خۆڵی دەوروبەرەکەیم کردەوە ناو چاڵەکە، سینیم داپۆشی، رووخساریم هێشتەوە بۆ کۆتایی کار. دواتر بۆ چەند ساتێک لە رووخساری رامام، سەر بوو، چاوەکانی تەڕبوون و هەروا زاق لە ئاسمانی دەڕوانی.

گوتت: "دە باشە، کەوایە من رۆیشتم، ماڵاوایی ناکەم. هەتا دواتر".

"ئاگات لە خۆت بێت، هەتا دواتر".

گوتی: "خودات لەگەڵ عەشقی من"، پاشان لە پەنای چاڵەکە چۆکی دادا، ئیتر ئەم جارە بە پێ نا، بەڵکوو بەدەست خاکی بەسەردا کردن. هەناسەکانم پاک بۆنی خاکیان دەدا و هەروا چاوم بڕیبووە ئاسمان و چاوەڕێ بووم قاڵاوەکانی ئەو گۆڕستانە تەریکە بێن و لەسەر لق و شاخەکان بنیشنەوە و جیڕەی کۆتاڵێکی ئەستوور فەزای گۆڕستانەکە پڕ بکات.

پاشان توێکڵە خاکەکە رووخساری داپۆشیم. گوتی: "هەر ئەمە بوو هاوڕێ، بەشی تۆ هەر ئەمە بوو"، دیسانەکە بەدەست خاکی بە رووخسارمدا کرد و هێندە خاکەکە بەرز بۆوە کە تاریکی هەموو شوێنێکی داگرت.

دواتر هەموو ئەو شوێنەی هاوتەرازی عەرزەکە کرد و پاڵی بە دارەکەوە دا، روو بە ئاسۆ دانیشت، رووبەڕووی شاری بەردین کە هەتا چاو بڕی دەکرد سەنگ بوو و دار و پەیکەر و سەنگ.

هێندە دانیشت کە هەتا تاریک داهات. لە پشتە سەری شارە بەردینکەوە لەوبەری رووبارەوە لەناو دەنگە نائاشناکان، ترووسکایی نووریکی کەمڕەنگ لە ئاسۆدا سەمای دەکرد. دواتر وەهەمێکی پێکەنیناوی کەوتە گیانی. ویستی هەڵێت، نەیتوانی. دەترسا لە شوێنی خۆی هەستێتە سەر پێ، وەهەم دەورەی بدات، دەترسا هەر کە بجووڵێ لە ترس و وەهمدا بمرێ. هەر وا دانیشت و چاوەکانی لێک نا. پاشان لەوپەڕی ماندووبووندا خەوی لێکەوت، خەوێک کە لە مەرگ دەچوو، لە خەوی من دەچوو لە پەنای ریشەی دارەکەدا، ئارام و بێ هیچ ئازار و ژانێک.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی سەرەکیی نووسەر

www.maroufi.malakut.org

# هونەر

## هونەر

قوبادی: ئەو فیلمە بۆ من لە دایکبوونێکی ترە — و: جەواد حەیدەری
چریکەی زیندوو، حەمە ساڵح دیلان — جەلال هانیسی
ئەحمەد رەئوف: شانۆ سەنگی مەحەکە — دیداری: شەنکار عەبدوڵڵا
وتووێژی گۆڤاری "گفتوگۆ" لەگەڵ ڤودی ئالێن — و: ئازاد بەهین
هونەرمەند و سەردەمەکەی — و: سەروەر عومەر



# قوبادی:
## ئەو فیلمە بۆ من لە دایکبوونێکی دیکەیە



**و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری**

وەرزی کەرکەدەن نوێترین بەرهەمی قوبادییە کە لە دەرەوەی ئێران دروستکراوە و لە فێستیڤاڵی فیلم لە تۆرنتۆی کەنەدا نمایشکراو سەرنجی رەخنەگرانی بۆلای خۆی راکێشا.

"وەرزی کەرکەدەن"، ناوی نوێترین بەرهەمی بەهمەن قوبادییە کە لە دەرەوەی ئێران بەرهەمهێنراوە و لە فێستیڤاڵی فیلم لە تۆرنتۆی کەنەدا نمایش کرا.

بەهمەن قوبادی کە تازە پێی ناوەتە ناو تەمەنی ٤٣ ساڵییەوە، لەبارەی ئەو فیلمە نوێیەوە دەڵێت: ئەو فیلمە بۆ من لەدایکبوونێکی دیکەیە، جاران پێم وابوو کە مرۆڤ تەنها جارێک لە دایک دەبێت، بەڵام ئێستا لەم ساتانەدا هەست دەکەم جارێکی دیکە لەدایکبووم و ژیانێکی تریان پێبەخشیوم، خۆم وەک منداڵێک دەبینم کە پڕە لە ئومێد و وزە و هیوا. بارودۆخەکە وەها ناخۆش و سەخت و دژوار بوو کە پێموابوو ئەگەر فیلم بەرهەم نەهێنم، دەمرم و گیان لەدەست دەدەم.

قوبادی دەڵێت بۆ یەکەم جارە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ و بەبێ بوونی هیچ سانسۆر و چاودێرییەک فیلم بەرهەمدێنم.

کێشەی سانسۆر و چاودێریکردن و نەبوونی بارودۆخی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سەربەخۆ بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک لە دەرهێنەرانی ئێرانی لە وڵاتانی تر فیلم بەرهەم بهێنن.

سێ ساڵ و نیو بەر لە ئێستا، کاتێک کە بەهمەن قوبادی ئێرانی بەجێهێشت، بەرەوڕووی پرسیارێک بووەوە کە "بۆچی من زیندووم"؟

ئەو سەرزەمینی دایکی خۆی بەجێهێشتووە و لە دۆستان و هاوڕێیان و ناسیاوانی خۆی دابڕاوە و ئەو تیمەکەی کە لەگەڵ ئەودا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلم بوون چی تر یاوەری ناکەن و دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانیش داوایان لێکردبوو کە بارگەو بنە بپێچێتەوە و ئێران بەجێبهێڵێت.

بەهمەن قوبادی لە مانگی مایسی ٢٠٠٩، ئێرانی بەرەو عێراق بەجێهێشت و پاشان رووی کردە تورکیا و چووە ناو ریزی سەدان هونەرمەند و رۆژنامەنووس کە لەپێناو ئازادی و پاراستنی گیانیان روویان کردووەتە تاراوگە.

**یەکەمین فیلمی قوبادی لە تاراوگەدا**

وەرزی کەرکەدەن، یەکەمین فیلمی قوبادییە کە لە غوربەت و تاراوگە بەرهەم دەهێنرێت. ئەو فیلمە ٩٦ خولەکییە چیرۆکی سادق کەمانگەر شاعیری کورد دەگێڕێتەوە کە بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ لە زیندان دەبێت و کاتێک لە زیندان ئازاد دەبێت، دەبیستێت کە بە بنەماڵەکەیان وتووە کە ئەو مردووە.

قوبادی لەبارەی ئەو فیلمەوە دەڵێت: کاتێک کە من بیر لە ئاغای کەمانگەر و باقی زیندانە بێتاوانە ئێرانییەکان دەکەمەوە، ئەو قسەیە وەک گەرایەک لە ناخمدا چەکەرە دەکات و شین دەبێت و گەشە دەکات.

دروستکردن و بەرهەمهێنانی فیلمی کەرکەدەن زۆر سادە و سانا نەبوو، لە

عێراق و تورکیاش ئاسان نەبوو، دەرهێنەر پێویستی بە دەستە و گرووپێک بوو کە ئەوان لە زمانی یەکتر تێنەدەگەیشتن. قوبادی ناچاربوو بۆ بەرەوپێشبردنی فیلمەکەی دەست بۆ لای هاوڕێکانی درێژ بکات و ئەوان بۆ عێراق و تورکیا بانگهێشت بکات، ئەو هاوڕێیانەی پاش ئەوەی کە کاری بەرهەمهێنانی فیلمەکە تەواو بوو، داوایان لە قوبادی کرد لەبەر هەندێک هۆکار ناویان با بەنهێنی بمێنێتەوە و ئاشکرا نەکرێت.

نەیارە توندڕەوەکانی قوبادی، ئەو بەوە تاوانبار دەکەن کە جودایی خوازە و بیر لە سەربەخۆیی کوردستانی ئێرانی دەکاتەوە، لەکاتێکدا قوبادی ئەو تۆمەتە ڕەت دەکاتەوە.

دوایین فیلمێک کە قوبادی لە ئێران بەرهەمی هێنا "کەس هەواڵی پشیلە ئێرانییەکانی نییە" کە بە زمانی فارسی بوو، ئەو فیلمە باس لەو گرووپە موزیکانە دەکات کە لە ئێران بە دزییەوە لە ژێرزەمینی ماڵەکاندا ئیش دەکەن، ئەو فیلمە هیچ پەیوەندی بە کوردستانەوە نەبوو، بەڵام دیسان هەر تووشی گرفت بوو.

قوبادی لەبارەی فیلمی "وەرزی کەرکەدەن" دەڵێت: هەستێکی خۆشم هەیە کە دەرهێنەرێک بتوانێت لەوپەڕی سەربەستی و ئازادیدا فیلمەکەی خۆی بەرهەم بهێنێت و بۆ مۆڵەتدان چەند ساڵێک چاوەڕوان نەبێت و ناچار نەبێت کە هەمیشە هەست بە مەترسی بکات. من هەست دەکەم لە فیلمی "وەرزی کەرکەدەن"دا ئارامی و ئاسودەیی جێگرەوەی هەموو ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانە بوو کە لە رابردوودا یەخەی منی گرتبوو.

لە فیلمی "وەرزی کەرکەدەن"دا بەهرۆز وسووقی ڕۆڵی پاڵەوان و ڕۆڵی شاعیرێک دەگێڕێت.

بەهرۆز وسووقی چوار مانگ بەرلەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ سەرکەوێت ئێرانی بەجێهێشتووە و تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە بۆ وڵات، بەهرۆز وسووقی یەکێک لە باشترین ئەکتەرەکانی سینەمای ئێران بوو بەرلە شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە زیاتر لە ٩٠ فیلمدا ڕۆڵی گێڕاوە. پاش شۆڕشی ١٩٧٩ ئێران بەتۆمەتی ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شای ئێران هەبووە، نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئێران و ئێستا لە دەرەوەی ئێران دەژی.

دوای ئەوەی کە فیلمی کەرکەدەن لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا نمایش کرا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕایگەیاند: من ئەگەر ئێستا بۆ ئێران بگەڕێمەوە پێناچێت دەستگیر و ڕاپێچی زیندان بکرێم، بەڵام دڵنیام قەت ڕێگەم پێنادەن ئەو کارەی کە خۆم حەزم لێیەتی ئەنجامی بدەم.

بەهرۆز وسووقی وتیشی: هەرچەند کەندوکۆسپ لەسەر ڕێگای دەرهێنەرانی

ئێرانی زۆرە، بەڵام ئەگەر ئازادییان پێ بدرێت بەرهەمی باشتر بەرهەمدێنن. ناوبراو سەبارەت بە داهاتووی سینەمای ئێرانیش وتی: داهاتووی سینەمای ئێران رووناک و پرشنگدارە.

وسووقی تەمەن ٧٥ ساڵ لەبارەی فیلمی وەرزی کەرکەدەن وتی: ٣٥ ساڵە دانم بە جەرگی خۆمدا ناوە ئێستا زۆر خوشحاڵم کە لەو فیلمەدا رۆڵم هەیە، ژیان و ماڵی وسووقی هەر وەک ژیانی ئەو کەسە وایە کەفیلمە باسی دەکات.

**ئومێد بە داهاتوو**

لە فیلمی "وەرزی کەرکەدەن"ی بەهمەن قوبادی، مۆنیکا بێلوچی ئەکتەری بەناوبانگی سینەما رۆڵی هاوسەری بەهرۆز وسووقی دەگێڕێت. بەهرۆز وسووقی رۆڵی پاڵەوانی فیلمەکە دەبینێت کە لە زینداندایە و مۆنیکا بێلوچی رۆڵی هاوسەری ئەو دەبینێت. لە فیلمەکەدا یەکێک لە بەرپرسانی زیندان چاوی تەماحی تێدەبڕێت و جارێک لێوی دەمژێت و میکاجی لێوی دەسڕێتەوە و بەڵێنی پێدەدا کە ئەگەر لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە لە زیندان ئازادی دەکات.

مۆنیکا لەبارەی فیلمەکەوە بە ئاژانسی "بی بی سی" رادەگەیەنێت: هەندێک لەبەر ئەوە ئەو فیلمە سەیر دەکەن، چۆن دەیانەوێت فیلمێک لە دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران ببینن، بەڵام من پێموایە ئەو فیلمە لایەنی دیکەشی زۆرە کە دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت. لەو فیلمەدا باس لە سەردەمی حکومەتی شای ئێرانیش دەکرێت و دەبینین کە لە سەردەمی شای ئێرانیش توندوتیژی لە دژی نەیاران و بەرهەڵستکاران هەبووە، ئەم فیلمە باس لە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات دەکات و بە رای ئەو، چەمکێکی جیهانی هەیە.

لە فیلمی "وەرزی کەرکەدەن" دیالۆگ و گفتوگۆی کەم تێدایە و وێنای خۆڵەمێشی زۆر تێدایە، فیلمەکە بەلای دەرهێنەرەکەوە زۆر هیوابەخش و جێی ئومێد و ئارەزووە، ئەو دەڵێت: هەرجارێک کە دەبیستم لە ئێران دۆستێک یان ناسیاوێک تووشی کێشە بووە، هەوڵدەدەم پێی بڵێم نائومێد نەبێت و دەرگاکان هەمووی دانەخراوە و ئومێد هەرماوە و رێگای تر زۆرن، لەڕاستیدا فیلمەکە پەیامی خۆی هەیە.

**سەرچاوە:**

بی بی سی.

# چریکەی زیندوو



# حەمە ساڵح دیلان

جەلال هانیسی

شاری سلێمانی وەک باقی شار و ناوچەکانی تری کوردستان، خاونی هونەری گۆرانی و مۆسیقای بەرز و تایبەت بە خۆیە و وەک قوتابخانەیەک گەلێ ژن و پیاوی پێگەیاندووە، کە جێگا پەنجەیان لە بەرەوپێشبردن و زیندووڕاگرتنی هونەری کوردی دیار و ئایانە.

چەند تیپی مۆسیقای کارامە و چالاکی هەبووە، وەک: مەولەوی کۆن و سلێمانی و... هتد کە لە تەمەنی خۆیاندا گەلێ خزمەتی شایان و بە پێزیان پێشکەش بە هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی کردووە، کە ڕەمزی ناو و ناوبانگ و زیندووبوونیان لە دڵی تاک بە تاکی ئێمەدا، دڵسۆزیی و خەمخۆرییان

بۆ هونەری بۆ کورد و کوردستان بووە، تەنانەت لە بواری مۆسیقای منداڵانیشدا ئەم شارە سەرتۆپ بووە و منداڵانیشیان لەم هونەرە بێبەش نەکردووە.

هەروەها گەلێ ژەنیار و گۆرانیبێژی و باش و بلیمەتی لێهەڵکەوتووە وەک: "مەلاکەریم کە لە (سابلاخ)ەوە هاتووە، رەشۆڵ، رەفیق چالاک، شەماڵ سائیب، قادرکابان، کەریم کابان، برایم خەیات، سەلاح رەشید، حەمە جزا، شەوکەت رەشید، حاتەم سەعید، حەمەی کاکە، نەجات عەبدە، سەردار رەمزی، قادر دیلان، حەمەساڵح دیلان، ئەنوەر قەرەداغی، ولیام یوحنا، عەزولە، خالید سەرکار، زانا مەحموود هەژار، نیازنووری" و سەدان دەست و پەنجە رەنگینی تر کە خزمەتی شیاو و دیاریان بە هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردی کردووە، کە هەمیشە مێژووەکەیان جێگەی شانازیی نەتەوەکەمانە.

کە زۆربەی ئەم کەسایەتییانە لەوپەڕی بێدەنگیدا ماڵاواییان لە ژیان کرد، کە هەتا ئێستا شاکاری ئەم هونەرمەندانە بە باشی نەکەوتووەتە بەر توێژینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ نەوەی نوێ، تەنانەت لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و کیانی سەربەخۆ، کەس نەبووە پشتگیرییان بکات، تەنیا پشتیان بە هەستە نەتەوایەتییەکەی خۆیان گەرم بووە و بەس.

ئەم کەسانە بۆ مامۆستا "ساڵح دیلان" مۆسیقایان ژەندووە:

شەوکەت رەشید، سەلاح رەشید، قادر دیلان، نەجات عەبدە، ولیەم یوحنا، حازم حەداد (عەرەب بوو) عەزولە و چەند هونەرمەندی تر، کە هەر کامیان بەقەد توانا خزمەتیان بە مۆسیقای کوردی کردووە و ناویان لە مێژووی گەلەکەماندا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە.

"محەمەد ساڵح" کوڕی مەلا "ئەحمەدی دیلان" لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لە گەڕەکی" گاوران"ی شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و رووناکبیر چاوی بەڕووی ژیاندا هەڵهێناوە، لە سەرەتای منداڵیدا لە حوجرە قورئان و کتێبەکانی ئەو سەردەمە دەخوێنێت، پاشان دەیبەنە قوتابخانەی" خالدیە" هەتا پۆلی سێی ناوەندیی دەرس دەخوێنێت، لەبەر هەژاریی و قاتی و قڕی ئەوسای ناوچەکە دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت.

چۆن باوکی دەنگخۆش و شیعردۆست بووە، هەروەها زانیاری باشی لە شیعری فارسی و کوردیدا هەبووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای شیعروتن بووە و لەنێو ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی و فارسی و عەرەبی قاڵ بووە، لە تەمەنی لاویدا بەرهەمی شیعریی بڵاوکردووەتەوە، هەر بۆیە ئەم شاعیرە مەزنە بە سوارچاکێکی مەیدانی وێژەی کوردی دێتە ئەژمار، بەردەوام هاوکاریی

رۆژنامەی "ژینی" کردووە و لە بواری رۆشنبیری سیاسیی نەتەوەیی و داکۆکی لە مافی رەوای کورد زۆر بە هەڵوێست بووە، لە خزمەتکردن بە کێشەی رەوای نەتەوەکەی و دژ بە کۆنەپەرەستی جێگەی بەرز و بەنرخی هەیە. بەم بۆنەیەوە "یازدە" ساڵ لە ژیان و تەمەنی پڕباری لە کونجی بەندیخانەکانی داگیرکەرانی کوردستان بەسەر بردووە.

"ساڵح دیلان" سەرەڕای بەهرەی ئەدەبی، لە بواری گۆرانی و مەقام و سروودا گەلێک بەرهەمی باش و شاکاری بەرهەمهێناوە، کە مۆرکی مەکتەبێکی تایبەتی هونەری بۆ خۆی هەڵکۆڵیوە.

"ساڵح دیلان" سەرەڕای ئەوەی کە شاعیرێکی گەورە بوو، دەنگخۆشێکی هەرەباش و ئاوازدانەر و مەقامزانێکی دەگمەن و دانسقە بووە، کە نموونەیەکی بەرجەستە و هەمیشە زیندوو، گۆرانیی حەماسی نەورۆزە، لە شیعری شاعیری گەورە مامۆستا "پیرەمێرد"ە، کە لە ساڵی ١٩٤٨ بە دەنگە زوڵاڵەکەی مامۆستا "حەمەساڵح دیلان" بە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، کە لەنێو خەڵکدا بە سروودی (نەورۆز) ناوی لێ دەبرێت، زۆربەی بەرهەمەکانی بە هاریکاری رادیۆی "خاک" و تۆمارگەی "ئۆسکار" لە شاری "سلێمانی" خراونەتە سەر پێنج ئەڵقە "سی دی"، کە ئەمانەن ١- بەردەقارەمان ٢- زیندان ٣- بەهاران ٤- پاییز ٥- ساقی، کە سەرجەم ٦٢ مەقام و گۆرانی و سروودی لەخۆ گرتووە، کە وەک کۆڵەکەیەک لە رەدیفی مۆسیقادا دێنە ئەژمار، لە بواری مەقامدا میتۆدێکی نوێی داهێناوە کە لەگەڵ مەقامبێژانی تر جیاوازە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە ئاگایی و تێڕوانینی سەردەمییانە و ئاستی رۆشنبیری خۆی ئەو سەبک و ستایلەی داهێناوە.

دەنگی مامۆستا "حەمە ساڵح دیلان"، دەنگێکی زوڵاڵ و رەسەنە کە هەڵقوڵاوی قوتابخانەی هونەری شاری "سلێمانیە"، شێوەی وتنی تایبەت بە خۆیە، ئەگەرچی هەندێک لە لەرینەوەی دەنگی (تەحریر) لەشێوەی فارسی دەچێت "بۆ خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: حەز لە مۆسیقای فارسی دەکەم، نەک هەر حەزی لێ دەکەم، بەڵکو چووەتە خوێنمەوە".

مامۆستا "حەمە ساڵح دیلان"ی شاعیر، ستران بێژ، مەقامبێژ و سروودچڕی کورد، پاش نیو سەدە تێکۆشان لە رێگای وێژە و هونەری نەتەوەکەیدا، لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە رێکەوتی ١٩٩٠/١٠/١٨ی زایینی ماڵاوایی لە گەل و نیشتمان و هونەری کوردی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاک ئەسپەردە کرا.

# ئەحمەد رەئوف: شانۆ سەنگی مەحەکە



دیداری: شەنکار عەبدوڵڵا

ئەحمەد رەئوف، یەکێکە لەهونەرمەندە دیار و پڕ بەرهەمەکانی کوردستان، لەساڵی ١٩٨٢ دەستی بەکاری هونەری کردووەو وەک زۆربەی هونەرمەندەکانی تر لەشانۆوە دەستی پێکردووە، هەرچەندە لەدەیان دراما و شانۆدا کاری کردووە چ وەک ئەکتەر چ وەک دەرهێنەر، بەڵام وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات شانۆ سەنگی مەحەکە بۆ هونەرمەند، لەدیدارێکی تایبەتدا، تیشک دەخاتە سەر ئیش و کارە هونەرییەکانی و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە.

**چۆن دەستت بەکاری هونەری کرد؟**

هەر لەمنداڵیمەوە خولیای تەمسیل بووم، بۆیە لەساڵی ١٩٨٢ بوومە ئەندام لە تیپی نواندنی سلێمانی و بەچەند شانۆییەک دەستم پێکرد، لەوانە (مناڵە بچکۆلانەکەو کەشتی چارەنووس، بۆنتیلاوماتی لە دەرهێنانی فازیل قەساب، مانگی ئاوا بوو، لە دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە، چەند شانۆییەکی تر)، دەتوانم بڵێم بە فیعلی لە ساڵی ١٩٨٢ دەستم بە کاری شانۆ کردووە.

**هونەر بۆتۆ چی دەگەیەنێت؟**

هونەر لای من ئەو وشە جوان و گەورەیەیە، کە من تا مردن خۆم بەقەرزاری دەزانم، چونکە لەڕێی هونەرەوە بوو من بە بینەری کوردستان ناسرام.. ئەو خەڵکە بەڕێزە ئەو هەموو ڕێزو حورمەتەم لێ دەگرن، من چاوی هەموویان ماچ دەکەم، هونەر لای من ئاوە.. هەوایە.. ژیانە.. خۆشەویستییە.

**ئەگەر هونەرمەند نەبویتایە حەزت لەچی بوارێکی تر دەکرد؟**

ئەگەر هونەرمەند نەبومایە حەزم دەکرد ڕۆژنامەنووس بومایە، چونکە زۆرم حەز لە کاری ڕۆژنامەوانییە.

**بەو تەمەنەوەی کە هەتە لەبواری هونەردا هەست دەکەیت چیت بەچی کردووە، بینەر تاچەند رازییە لەکارەکانت؟**

لەکارەکانمدا هەوڵمداوە ئەو میتۆدانەی لەپەیمانگا بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندومە لەکارە هونەریەکانمدا ڕەنگدانەوەی هەبێت و ئەکادیمی کارەکانم ئەنجام بدەم... تا چەند بینەر لەکارەکانم ڕازییە؟ حەزم دەکرد ئەم پرسیارە لەبینەری خۆشەویست بکرایە، بەڵام ئەوەندەی لەسایتەکان و لەپەیجەکەم کۆمێنتم بۆ دەنوسن، خەڵک عەوداڵی ئیشەکانم و سوپاسیان دەکەم.

**بەلای تۆوە شانۆ گرنگترە یان دراما؟ بۆچی؟**

شانۆو دراما هەریەکەیان گرنکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام کاری شانۆم لاخۆشترە، چونکە تۆ بەزیندویی ڕووبەڕووی بینەرەکەت دەبیتەوە، شانۆ لای من سەنگی مەحەکە.

**تێڕوانینت لەسەر دراماکانی ڕەمەزان چۆن بوو، ئایا هەستناکەیت بەلای بینەرەوە زۆر پەسەند نەبوو، بەگشتی فیدباکی بینەر چۆن بوو؟**

ئیشەکانی ئەمساڵی ڕەمەزانمان کە لەکەناڵی کوردسات پێشکەشکران، بێ موبالەغە بینەرێکی لەسەدا سەدی هەبوو، ئەمە قسەی من نییە ڕەقەمەکان لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت شایەتی حاڵن، نەک لەسلێمانی لە هەولێری خۆشەویستیش بینەری تەواومان هەبوو، بڕوا ناکەم کەس هەبوبێت سەیری ئەو ٣٠ ئەڵقەیەی ئێمەی نەکردبێت.

بەخۆشحاڵیەوە خەڵک و بینەر دەستخۆشیان لێ کردوین و گۆڤارو ڕۆژنامە

بەڕێزەکانیش ڕۆماڵێکی باشیان کرد، ئەوەندەی من بەرگوێم کەوتبێت لەبینەر، ئیشی ئەمساڵمان پێشەنگی هەموو ئیشەکانی ڕەمەزان بوو، بێگومان ئەم سەرکەوتنەش بە هیممەتی ئەو هونەرمەندە بە ئەزمونانە بوون کە لە دراماکەدا بەشدار بوون، چاوی هەموویان ماچ دەکەم.

**تێڕوانینت لەسەر بەرنامەی بەرنامە چییە، چۆن بوو چویتە ئەو تیپەوە، لەکارەکانیان تاچەند رازیت؟**

چوونی من بۆ بەرنامەی بەرنامە، لەڕێگەی کاک ڕێبوار ڕەحیمەوە بوو، ئەو وتی حەز دەکەین بەڕێزت بێیتە ناو بەرنامەی بەرنامە و کاک بەرزانیش پێی خۆشە، منیش چووم و قسەم لەگەڵکردن و رازی بووم، بەڕاستی ستافێکی بەڕێزن و ئیشکردن لەگەڵیاندا خۆشە، من خۆم مورتاحم لەگەڵیان.

بەرنامەی بەرنامە ستایلێکی جیاوازی هەیە لە بەرنامەکانی تری کەناڵەکان، بەرنامەیەکی ڕەخنە ئامێزو تەنزاوییە لە ڕێی ئەو کۆمیدیا جوانەوە خاڵ دەخەینە سەر پیتەکان و بە حکومەت، بە حیزب، بە خەڵک، بەگوێی هەموو ئەوانەدا زەنگ لێدەدەین کەکاری نادروست دەکات، بەڕاستی بەرنامەی بەرنامە خەڵک زۆری پێ خۆشە.

**بەردەوام دەورەکانت شێوە کۆمیدییە، هۆکاری ئەمە چییە، یان کۆمیدیا لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

کۆمیدیا ئەو دنیا گەورەیەیە کەکەم لە هونەرمەندان دەرەقەتی دێن، بەڵام بە شێوازی ئەکادیمی نەک (جوملەی ناشرین و جنێو و قسەی ...) کۆمیدیا پێویستە لەسەر بنەما ئەکادیمیاکان بخرێتە بەر گوێی بینەر، بۆ ئەوەی نەچێتە قاڵبی تەهریجەوە، ڕاستە من ڕۆڵەکانم زیاتر کۆمیدین، چونکە حەزم لەو بوارەیە.

**قەت هەبووە توشی کاردانەوەیەکی سەیر بیت لەلایەن بینەرەوە لەدوای درامایەک، یان شانۆیەک؟**

تا ئێستا توشی هیچ کاردانەوەیەکی خراپ نەبووم، بەڵام بینەرەکەم جاری واهەیە کە دەمبینن بە پێکەنینەوە حیوارێکی ناو دراماکەم پێ دەڵێنەوە، پێم ناخۆش نییە ئاساییە لام، بەتایبەتی ئەم وشەیە زۆر دەڵێنەوە کە ئەم ڕەمەزانە لەسەر زمانی خۆم دەموت ( ئەمە عەیب نییەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە؟) هاهەهەهە.



**تاچەند لەم حاڵەی ئێستای هونەری کوردی(دراماو شانۆ) رازیت، ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی لەچیدا دەبینی، بەرنامەکان لەکوێدان؟**

ئاستی هونەری دراما و شانۆ باش دەبینم، چونکە رۆژ بەرۆژ ئیشی جوانتر هەوڵی باشتر موتابەعەی زیاتر داهێنانی جوانتر دەبینم، بەگشتی هەست دەکەمساڵبەساڵ بەرەو پێشتر دەڕوات، بەڵام ئەوەی کەگرفتی لەبەردەم هونەرمەندان و تیپە شانۆییەکان دروستکردووە، کاتێک شانۆیەکیان ئامادەیە بۆ نمایش سەری دنیایان لێدێتەوە یەک، بەهۆی نەبونی هۆڵ، ئەمە جگە لەوەی وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاری ئەو بوارە نییە، من گروپێکی شانۆیی جوان دەناسم لە شارۆچکەی پیرەمەگرون، تائێستا ١٧ کاری شانۆییان پێشکەش کردووە، تائێستا بارەگایەکیان نییە تیا دانیشن، تائێستا هاوکاری نەکراون، بۆ زانیاریشتان سەرۆکی تیپەکە دەرچوی ئەکادیمیایە بەشی شانۆ، تەنها ناحیە نەبێت ئەم جارە ئاوڕێکی بچوکی لێدابونەوە، بەڕاستی وەزارەتی رۆشنبیری نەک پێویستە (ئەمە ئەرک و فرمانی خۆیەتی) ئاوڕ لەتیپە هونەریەکان بداتەوە.

**دوایین کارو پرۆژەی هونەریت چیە؟**

پرۆژەی تازەم لە دوای مانگی ١١، دوو کاری هونەریم هەیە، ئەوانیش شانۆگەرییەکی نوێی کۆمیدی و فیلمێکی ٩٠ دەقیقەیە، بەپشتیوانی خوا لەمانگی ١١ بەرنامەیان بۆ دادەنێم.

**ئەحمەد رەئوف کێیە؟**

لە ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی مەڵکەندی لە دایک بووم، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان لە ساڵی ١٩٨١ چومەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و بەشی شانۆ - دەرهێنانی شانۆییم تەواو کردوە، بەشداری لەدەیان دراماو کاری شانۆیدا کردووە، چ وەک ئەکتەرو چ وەک دەرهێنەر.

# پێشنیاز دەکەم پیر مەبن



## وتووێژی گۆڤاری "گفتوگۆ" لەگەڵ ڤودی ئالێن، دەرهێنەری ئەمریکایی

**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

**ڤودی ئالێن دەتوانێت زیاتر بەختەوەر بێت؟**

لەوکاتەوە کە خۆم دەناسم کەسێکی ڕەشبین بووم. لەبیرمە لە منداڵی بەوجۆرە سەیری دونیام دەکرد. هیچ پەیوەندییەکیشی بە چوونە سەرەوەی تەمەن نییە. ژیان وەکو مۆتەکەیەک وایە. ڕەش و پڕئازار و پووچ. بە بۆچوونی من تەنیا ڕێگای دڵخۆش و شادبوون، کڵاو لەسەر خۆنانە.

**بەڕێز ئالێن، پێم وایە مافی ئەوەم هەیە بڵێم زۆربەی خەڵک بۆچوونیان لەگەڵ تۆ یەک نایەتەوە**

بەڵام یەکەم کەس نیم کە ئەو قسەیە دەکەم، یان کەسێک نیم کە بتوانم ئەم

هەستە بەباشی روون بکەمەوە. نیچەش هەر ئەوەی وتووە، فرۆیدیش بەوجۆرە بیر دەکاتەوە، یوجین ئۆنیلیش دونیا بەو جۆرە دەبینێت. هەموومان بۆ مانەوە لە ژیاندا دەبێت چیرۆکێکی خەیاڵی دروست بکەین. ئەگەر بتەوێت راستەقینانە بژیت، ژیانت لێ تاڵ دەبێت.

**ناتوانم وا تێبگەم کە ڤودی ئالێن ژیانێکی ناخۆش و دژواری هەبووە**

خۆم دەزانم کە کەسێکم چانسم زۆرە و تواناییەکانم بەفیرۆ نەچوون. ژیانێکی ئاڵۆز و دژوارم هەبوو، بەڵام لە حاڵەتەکانی دیکەدا، لە ژیانێکی سادە و شتە ئاساییەکاندا، ناتوانم بەسەریاندا زاڵبم. ئەو شتانەی کە بۆ کەسانی تر وەک ئاو خواردنەوە وایە.

**دەتوانیت چەند نموونە بێنیتەوە؟**

هەر لە سواربوونی فرۆکەوە بگرە تا جێبەجێکردنی ئیشی مانەوە لەناو هۆتێلێکدا. بێزارم لەم ئیشانە. ناتوانم هەنگاوێکی سادە هەڵێنمەوە، یان شتێک کە کڕیومە، بیگەڕێنمەوە بۆ دووکانێک. لە (١٦)ساڵییەوە دەزگایەکی نووسینم هەیە، کە هەموو فیلمنامەکانم بەو دەنووسم. تا ئەم دواییانەش نەمدەتوانی مورەکەب و جەوهەرەکەی بگۆڕم. جارجارە خەڵکم بانگهێشت دەکرد بۆ ماڵەکەم و داوام لێ دەکردن مورەکەبەکەیم بۆ بگۆڕن. زۆر مایەی نیگەرانییە.

**لە ژیاندا باوەڕت بە شتە باشەکان نییە؟**

ژیان پڕە لە ساتی خۆش و شیرین. بلیتی تاقیکردنەوەی بەخت بگری، ژنێکی جوان ببینی، نانی شەوێکی باش بخۆی... پەنابردنە بەر شتێک زۆر دڵنشینە... بۆ نموونە لە فیلمی مۆری حەوتەمی بێرگمەن... ئەمە فیلمێکی داخدارە کە زۆر تاڵ و رەش دروستکراوە... دیمەنێکی هەیە کە قارەمانی فیلمەکە دانیشتووە لەگەڵ منداڵەکان شیر و فراولە کێوییەکان دەخوات، بەڵام ئەم ساتە دڵنشینە زوو کۆتایی دێت و دەگەڕێتەوە سەر ژیانی راستەقینە.

**ئاخۆ هەر بەم رادەیەش بە عەشق رەشبینیت؟**

لە پەیوەندیدا، هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر چانس. خەڵک دەڵێن ئەگەر پەیوەندی باشت دەوێت دەبێت ئیشی لەسەر بکەیت و خۆتی بۆ ماندوو بکەیت، بەڵام تائێستا بیستووتە سەبارەت بە شتێک کە زۆر پێی شاد و دڵخۆشی، ئەوە

بڵێین... بۆ نموونە ئەگەر خەریکی دەچیت یاریی تۆپی پێ سەیر بکەیت، یان دەچیت سواری بەلەم دەبیت، بووە کە بڵێی دەبێت ئیشی لەسەر بکەم و بیری لێ بکەمەوە. نا. زۆر سادە عاشقی ئەو ئیشەی. کەس ناتوانێت بەرنامە و پلان بۆ پەیوەندی خۆی دابنێت یان بیەوێت و بتوانێت کۆنترۆڵی بکات. لە پەیوەندیدا دەبێت تەنیا چانست هەبێت. بە پێچەوانەوە دەبێت ناخۆشییەکان بچێژیت. هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆرێک لە پەیوەندییەکان کێشەیان هەیە و ناخۆش و پڕئازارن. مرۆڤەکان یەکتر قبووڵ دەکەن، چونکە ناچارن. یان لە تەنیایی دەترسن، یان بۆ منداڵەکانیان دەبێت بمێنێتەوە و پەروەردەیان بکەن.

**کەسێکی گرینۆکیت؟**

لە سینەما زۆر دەگریم. پێم وابێت تەنیا جێیەکە کە گریانم دێت... لە فیلمەکانی خۆمدا خۆم بکوژم ناتوانم بگریم و گریانم نایەت. لە سینەمادا هەر دەڵێی تووشی خەمۆکی و دڵتەنگی دەبم. پێم وانییە تا ئێستا لە جێیەکی دیکە گریابێتم.

**پێشتر ئەستێرە و ناوازەی فیلمەکانی خۆت بوویت. دواتر کەمتر لە فیلمەکاندا رۆڵت دەگێڕا و لەم دواییانەشدا ساڵ لە دوای ساڵ کەمتر و کەمتر وەک کاراکتەر بەشداریت لە فیلمەکاندا دەکرد. بۆچی؟**

تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئیتر رۆڵێکی باشم بۆ خۆم نییە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمتوانی رۆڵی پیاوێکی عاشق بگێڕم. ئێستا کە پیر بووم پێم باش نییە رۆڵی دیکەم هەبێت کە پەیوەندییەکی بە کچانەوە نییە... دەتوانیت پێشبینی ئەوە بکەیت چەندە پڕئازار و ناخۆشە دروستکردنی ئەو فیلمانەی کە کاراکتەری وەکو "سکارلێت جۆهانسۆن" و "نئۆمی واتز" رۆڵی تێدا دەگێڕن و دەبێت ئەوە ببینم کە پیاوانی تر دەبێت بەدەستیان بێنن و من تەنیا دەبێت ئیشی دەرهێنەری بکەم؟ من ئەو دەرهێنەرە پیرەم کە لەو سووچە راوەستاوە... بە هیچ شێوەیەک ئەوەم پێ خۆش نییە. من حەز دەکەم رۆڵی ئەو پیاوانەم هەبێت کە لە رێستۆرانی بەرامبەریاندا دانیشتووم، روانیومەتە چاوەکانیان و خەریکم دڵی خۆم خۆش دەکەم، چونکە ئیتر نابێت، هەر لەبەر ئەوە پێم باش نییە لە فیلمەکاندا رۆڵ بگێڕم...

**تێگەیشتنت لە پیری چییە؟**

من حەزم لە ئیشەکەمە. لە کوێ دەتوانم سەرکێشییەکانم و خولیاکانم بێنمە دی لە سینەما باشتر. من هونەرمەندێکم، هەمیشە لە هەوڵی دروستکردن

و خولقاندنی کارێکی باشتردام. کە دەست دەکەم بە دروستکردنی فیلمەکەم، چانسی ئەوە هەیە لەوەی پێشووتر باشتر دەرچێت. ئەگەری شکستخواردن و خراپتربوونی ئیشیش هەیە. من بۆ پارە و سامان فیلم دروست ناکەم. هەمیشە ئامانجم ئەوەیە کە باشتر بم. فیلمی باشتر دروست بکەم. ئەگەر ئەم هاندەرە نەدەبوو، ئەگەر پێم وابوایە کە باشترین فیلمم دروستکردووە، ئەو کات قوڕی کوێم بەسەردا کردبا.



**سەرچاوە:**

سایتی "مرد روز"

www.marde-rooz.com/?p=9277

# ”هونەرمەند و سەردەمەکەی“(١)



**ئەلبێر کامۆ**

**و. بۆ فارسی: سەعید سابت قەدەم**
**و. لە فارسییەوە: سەروەر عومەر**

دانایەکی رۆژهەڵاتی بەردەوام لە نزاکانیدا داوای لە خوداوەند دەکرد لە ژیان، لە سەردەمی سەیر و سەمەرەدا بیبەخشێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە دانا نین، خوداوەندی مەزن بەخششێکی لەمجۆرەی بە ئێمە رەوا نەبینیوە و ئێمە لە سەردەمی سەمەرەدا دەژین. بەهەرحاڵ سەردەمەکەی ئێمە ئەوە قەبوڵ ناکات کە گرنگی پێ نەدەین. نووسەرانی ئەمڕۆ ئەمە دەزانن. ئەگەر رای خۆیان دەربڕن دەکەونە بەر هێرش و رەخنە و ئەگەریش سەریان دابخەن و بێدەنگ بمێننەوە، بە دەنگی بەرز و هەراوهۆریا سەرزەنشت و سەرکۆنە دەکرێن.

لە میانی ئەم هەراوزەنایەدا، نووسەر ئیدی ناتوانێت گوێ بە هیچ شتێک نەدات و سەرقاڵی وێنا و بیرکردنەوە خۆشەویستەکانی خۆی بێت. تا هەنووکە، بە درێژایی مێژوو، دەکرا گوێ بە هیچ شتێک نەدەیت و لە کونجی تەنیاییدا دابنیشیت. ئەگەر کەسێک لەگەڵ شتێکدا ناکۆک بوایە دەیتوانی بێدەنگ بێت، یان باسی شتێکی دیکە بکات. ئەمڕۆ هەموو شتێک گۆڕاوە و تەنانەت بێدەنگییش مانایەکی سامناکی بەخۆوە گرتووە.

کاتێک هونەرمەند خۆی لە هەڵبژاردن بە دوور دەگرێت، ئەمە بەجۆرێک لە هەڵبژاردن بۆی ئەژمار دەکەن و هەر بەم هۆیەشەوە سەرزەنشت یان ستایش دەکرێت. هونەرمەند بیەوێت یان نەیەوێت ناچارە بچێتە نێو مەیدانەکەوە. بەڕای من وشەی "ناچار" لێرەدا لە وشەی "پابەند" دروستترە. لەڕاستیدا بۆ هونەرمەند، پابەندبوونی خۆویستانە لەئارادا نییە، بەڵکو دەبێت بڵێین جۆرێک ئەرکی ناچاری لەئارادایە. هەر هونەرمەندێک ئەمڕۆ چووەتە نێو مەیدانی سەوڵ لێدانی کەشتیی سەردەمەکەی خۆیەوە[٢]. دەبێت ئەمە قەبوڵ بکەین. تەنانەت ئەگەر بزانیین کەشتییەکە بۆنی ناخۆشی رابردووش دەدات، کۆیلەکان سەرقاڵی سەوڵ لێدانن و سەرەڕای ئەمانەش کەشتییەکە بەرەو لایەک دەڕوات کە نابێت بڕوات. ئێمە رێک لە نێوەڕاستی زەریادایین، هونەرمەندیش وەک ئەوانی دی، دەبێت سەوڵ لێبدات، خۆی لە مەرگ بپارێزێت و درێژە بە ژیان و داهێنان بدات.

لەڕاستیدا، ئەمە بارودۆخێکی خوازراو نییە و من باش لەوە تێدەگەم کە بۆچی هونەرمەندان لە حەسرەتی ئەو ئاسوودەییەدان کە پێشتر هەیانبووە. ئەم گۆڕانە، هەندێک جار توندوتیژی لەگەڵدا بووە. هەڵبەتە بەردەوام لە گۆڕەپانی مێژوودا هەم قوربانی هەبووە و هەم شێری برسی. قوربانی دڵی بە ئارامیی هەمیشەیی خۆش بووە و شێریش لەسەر خوانی مێژوو تێکەڵ بە خوێن بووە، بەڵام هونەرمەند تا بە ئەمڕۆ لە ریزی تەماشاچییاندا بووە. گۆرانیی بۆ دڵی خۆی چڕیوە. یاخود لە باشترین شێوەدا، بۆ هاندانی ورەی قوربانی و کوێرکردنەوەی ئارەزووی برسێتیی شێر، بەڵام ئەمڕۆ هونەرمەند لە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکەدایە. کەواتە دەنگیشی وەک جاران نییە. زۆر نادڵنیا و ڕاڕا دێتە بەرگوێ.

بە روونی دەتوانین ببینین هونەر لەوەی کە بەردەوام هەست بە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی خۆی بکات، هەندێک شت لەدەست دەدات. سەرەتا سانایی و پاشان ئەو ئازادییە خوداپێداوەی رەنگدانەوەی تەواوی لە کارەکانی مۆتزارتدا دەبینین. ئێستا باشتر تێدەگەم بۆچی سیمای بەرهەمە هونەرییەکانمان هێندە وشک و بێرۆح دێنە بەرچاو و ئاوا لەناکاو هەڵدەوەرێن و زیاتر راپۆرتنووسمان

هەیە تا نووسەری داهێنەر، زیاتر نیگارکێشی مەشقکارمان هەیە تا "سیزان"، هەروەها بۆچی چیرۆکە ورووژێنەرەکان و ڕۆمانە خراپە پۆلیسییەکان جێگەی "جەنگ و ئاشتی" و "پەرستگەی پارم"یان گرتووەتەوە. هەڵبەتە هەمیشە دەکرێت بە ناڵە و شیوەنە مرۆڤدۆستانەکان ڕووبەڕووی ئەم بارودۆخە ببینەوە و دواجار بگۆڕێین بۆ هەمان ئەوشتەی "ستیپان ترۆفیمۆڤیچ" پاڵەوانی چیرۆکی "دەستلێوەشێندراوەکان"ی "دۆستۆیڤیسکی" دەیەوێت ببێت، واتە سەرکۆنەی بەرجەستە. دەکرێت وەک ئەو بە مالیخۆلیایەکی نیشتمانپەروەرانە بگەین، بەڵام ئەم مالیخۆلیایە هیچ شتێک لە جیهانی واقیعدا ناگۆڕێت. کەواتە بەڕای من باشترە واقیعی سەردەمی خۆمان بناسین، لەبەرئەوەی سەردەم بە سووربوونەوە وەها دەخوازێت. باشترە بەوپەڕی ئارامییەوە قەبوڵی ئەوە بکەین کە سەردەمی مامۆستایانی مەزن و هونەرمەندانی بەڕێز و زانایانی بێ کردار بەسەرچووە. ئەمڕۆکە ئەفراندن، واتە ریسک کردن، بڵاوبوونەوەی هەر بەرهەمێک، واتە کردار و ئەم کردارەش لەگەڵ کارەساتەکانی سەدەیەکدا سەروکاری هەیە کە لە هیچ هەڵەیەک نابوورێت. کەواتە مەسەلە ئەوە نییە بێین بزانین ئایا ئەم کارەمان پێچەوانەی هونەرە یان نا. بۆ تەواوی ئەو کەسانەی ناتوانن بێ هونەر و ماناکانی بژین، مەسەلە ئەمەیە بزانین لەنێوان چاودێران و ڕێکخەرانی ئەم هەموو ئایدۆلۆژیا ڕەنگاوڕەنگەدا، (ئەم هەموو پەرستگە و ئەم هەموو تەنیاییە!) چۆن ئازادیی سەرسووڕهێنەری ئەفراندنی هونەری بواری بۆ دەڕەخسێت؟

لەم بارەیەوە هێندە بەس نییە کە بڵێین بەهێزبوونی دەوڵەتەکان هەڕەشە لە هونەر دەکات. ئەگەر وابوایە پرسەکە سادە دەبوویەوە: هونەرمەند یان خەباتی دەکرد یان خۆی بەدەستەوە دەدا، بەڵام ئەگەر بزانین ئەم خەباتە لە ناخی هونەرمەند خۆیدا بەرپا دەبێت پرسەکە ئاڵۆزتر و جدی تر دەبێت. نەفرەت لە هونەر، کە کۆمەڵگەی ئێمە ئەمڕۆکە نموونەی بەرز و درەوشاوەی نمایش دەکات، تەنها بەم هۆیەوە فراوان بووە کە هونەرمەندان خۆشیان ڕێگەی پێدەدەن. گومان و دوودڵیی هونەرمەندانی پێش ئێمە بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە پەیوەست بوو، بەڵام گومان و دوودڵیی هونەرمەندانی ئەمڕۆ بۆ پێویستیی هونەرەکەیان دەگەڕێتەوە. ئەگەر "راسین" لە ١٩٥٧دا بژیایە نەیدەتوانی بەو ئاسانییە دانیشێت و برنیس[٣] بنووسێت، چونکە دەبوو بۆ بەرگریکردن لە فەرمانی "نانت"[٤] خەبات بکات.

ئەم باس و خواسانەی هونەرمەند سەبارەت بە هونەر هۆکاری زۆری هەیە و پێویستە ئێمە لە گرنگترین ئەم هۆکارانە بکۆڵینەوە. ئەم باس و خواسانە لە

باشترین حاڵەتدا وەختێک شایەنی تێگەیشتنە کە هونەرمەندی هاوچەرخ هەست بکات خەریکی درۆکردنە و قسەی بێسوود ریز دەکات، چونکە ئەو بایەخ و گرنگی بە ئازار و مەینەتییەکانی مێژوو نادات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ئێمە ئەمەیە کۆمەڵانی خەڵک دەبینین بە هەلومەرجی مەینەتبارییانەوە بە سەختی رێگەی خۆیان دەکەنەوە. هەنووکە ئێمە دەزانین شتێکی وا بوونی هەیە، لەکاتێکدا پێشتر لێی بێئاگا بووین. ئەگەر زیاتر بە ئاگاهاتووینەتەوە، هۆکارەکەی ئەمە نییە کە خانەدانەکانی ئێمە، بە هونەرمەند و ناهونەرمەندییەوە، لە جاران باشتر بوون. نا وانییە و نیگەران مەبن، هۆکارەکەی ئەمەیە کە کۆمەڵانی خەڵک بەهێزتر بوون و ناهێڵن تاکەکان لەوان بێئاگا بن.

ئەم خۆبەدەستەوەدانەی هونەرمەند هۆکارگەلی دیکەشی هەیە کە هەڵبەتە هەندێک لەم هۆکارانە گرنگییان کەمترە، چونکە هونەرمەند دەستی لە بەرپرسیارێتی خۆی هەڵگرتووە، بەڵام ئەم هۆکارانە هەرچییەک بن ئامانج یەکێکە: ترساندن و راگرتنی ئەفراندنی ئازادانە لە رێگەی هێرشکردنە سەر بناغە بنەڕەتییەکانەوە، واتە باوەڕ و متمانەی هونەرمەندی داهێنەر بە خۆی. ئیمرسۆن چەند جوانی وتووە: "سەردانەواندنی مرۆڤ لەهەمبەر بلیمەتیی خۆیدا، پاکترین و رەساترین شێوەی بیر و باوەڕە". نووسەرێکی ئەمرکایی دیکەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا وتوویەتی: "تا کاتێک مرۆڤ باوەڕی بەخۆی هەبێت، هەموو شتێک بەدڵی ئەوە، دەوڵەت، کۆمەڵگە، تەنانەت خۆر و مانگ و ئەستێرەکانیش". ئەم گەشبینییە سەرسووڕهێنەرە ئەمرۆ دەڵێی مردووە. زۆربەی کات، هونەرمەند لە هەمبەر خۆی و ئەو سەرتری و تایبەتمەندییانەی کە رەنگە هەیبێت، هەست بە شەرمەزاری دەکات. هونەرمەند دەبێت بەر لە هەر شتێک وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە خۆی دەیکات: "ئایا هونەر رازاندنەوەیەکی فریودەرانەیە؟"

(١)

یەکەم وەڵامێکی راستگۆیانە کە بکرێ بدرێتەوە ئەمەیە: هونەر دەکرێت رازاندنەوەیەکی فریودەرانە بێت. دەکرێت لە شوێنی خەوتنی کەشتییەکی کۆندا بەردەوام دابنیشیت و تەماشای ئاسمان بکەیت و گۆرانی بڵێیت، لەکاتێکدا مەحکومەکان لە نهۆمی خوارەوەی کەشتییەکە بەسەر سەوڵەکانیاندا چەماونەتەوە و خەریکن گیان دەدەن. دەکرێت گوێ بۆ گفتوگۆی تەماشاچییانی مەیدانی نمایش رابگریت لەو کاتەدا کە قوربانی لەنێوان ددانەکانی شێردا ورد دەبێت. زۆر سەختە مرۆڤ دژی هونەرێک بوەستێتەوە کە لە رابردوودا هێندە

پێشکەوتنی تاقیکردووەتەوە، بەڵام بارودۆخ گۆڕاوە و ژمارەی مەحکومان و قوربانییەکان لەسەر رووی زەوی بەشێوەیەکی زۆر زیادی کردووە. لە هەمبەر ئەم هەموو رەنج و ئازارەدا، هونەر ئەگەر بیەوێت هەروا پێ لەسەر رازاندنەوە دابگرێت درۆ و فریودانیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

لەڕاستیدا بابەتی هونەر دەکرێت چی بێت؟ هونەر ئەگەر خۆی لەگەڵ خواستەکانی زۆرینەی کۆمەڵگە هەمئاهەنگ بکات، بەشێوەی سەرگەرمییەکی بێبەها و بێمانای لێدێت. ئەگەر کوێرانەش کۆمەڵگە رەت بکاتەوە، ئەگەر هونەرمەند بڕیار بدات خۆی لە خەونەکانی خۆیدا گۆشەگیر بکات، ئەوکات جگە لە رەتکردنەوە و نکوڵیکردن هیچ شتێک دەرنابڕێت. بەم شێوەیە ئێمە بەرهەمێکمان دەبێت کەڵەکەبوو لە جۆرێک سەرگەرمی، یاخود هونەری فەرمی باو، کە لە هەردوو بارەکەدا، سەروکارمان لەگەڵ هونەرێکدا دەبێت دابڕاو لە واقیعی پایەدار و زیندوو. نزیکەی یەک سەدەیە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە تەنانەت کۆمەڵگەی پارەش نییە. (کۆمەڵگەیەک کە تیایدا پارە و زێڕ ئارەزووە جەستەییەکان دەوروژێنێت)، بەڵکو کۆمەڵگەی نیشانە و سیمبولە ئینتزاعییەکانی پارەیە. کۆمەڵگەی مامەڵەکاران دەکرێت بە کۆمەڵگەیەک پێناسە بکرێت کە تیایدا کاڵاو شتە مادییەکان ون دەبن و ریزێک نیشانە و سیمبول جێگەیان دەگرنەوە. کاتێک چینی فەرمانڕەوا سامان و دارایی خۆیان بە دۆنمەکانی زەوی یان قاڵبی زێڕ ناخەملێنێت، بەڵکو بە ریزێک ژمارە دەپێوێت کە نیشاندەری ژمارەیەکی دیاریکراو کاری ئاڵووێر و پارەیە، ئەم چینە خۆی بە جۆرێک لە خۆفریودان لە ناوەندی کاری ئەزموونی و ئەو دونیایەدا کە بۆ خۆی دروستکردووە، مەحکوم دەکات. کۆمەڵگەیەکی بونیاتنراو لەسەر نیشانە و هێماکان لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەیەکی ساختەیە کە تیایدا بەشێوەیەکی دەستکرد مامەڵە لەگەڵ واقیعی جەستەیی مرۆڤدا دەکرێت. ئیدی جێگەی سەرسووڕمان نییە وەها کۆمەڵگەیەک، جۆرێک نشانە و پەیمانی ئاکاری فەرمی وەک رێبازی خۆی هەڵبژێرێت و هەروەها جێگەی سەرسووڕمانیش نابێت کە لەم کۆمەڵگەیەدا وشەکانی وەک "ئازادی" و "بەرابەری" هەم لەسەر دیواری زیندانەکان بنووسرێت و هەم لەسەر دیواری پەرستگە بازرگانییەکان، بەڵام سوودوەرگرتنی نابەجێ لە وشەکان دەرئەنجامی ناخۆشی هەیە کە لە سەردەمی ئێمەدا بە خراپ کەڵکیان لێوەردەگیرێت، وەک خراپ بەکارهێنانی وشەی "ئازادی". مرۆڤە خۆش زەینەکان (من هەمیشە رام وابووە کە دوو جۆر هۆشمەندیمان هەیە- هۆشمەندی زیرەکانە و هۆشمەندی گەوجانە). فێرمان دەکەن ئازادی شتێک نییە جگە لە بەربەستێک

لەسەر ڕێگەی پێشکەوتنی ڕاستەقینە. ئەمجۆرە قسە گەوجانە گۆڕەپانی نمایش و گەڕانی دۆزیوەتەوە، چونکە کۆمەڵگەی بەکاربەر بە درێژایی سەدان ساڵ بەشێوەیەکی تایبەتمەند و یەکلایەنە سوودی لە ئازادی وەرگرتووە زیاتر وەک مافێک بینیویەتی تا ئەرک و بەرپرسیارێتییەک و تەنانەت لەوەش زیاتر پێی لێ ڕاکێشاوە و چەندین جار تا ئەو جێگەیەی توانیویەتی جۆرێک ئازادی نموونەیی خستووەتە ڕاژەی ستەم و نادادگەریی فەرمانڕەواکانەوە. کەواتە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە پێویستی و خواستی کۆمەڵگەی بەکاربەر ئەوەبێت هونەر لەجیاتی ئەوەی لە ڕاژەی ئازادیدا بێت بۆ کارێکی سادە، یان بێ سەرئەنجام و سەرگەرمکەر بگۆڕێت.

کۆمەڵگەی شوێنکەوتووی مۆد، کە غەمی سەرەکی پارەیە و غەمە دەروونییەکان کەمتر کاری تێدەکەن، چیرۆکنووسانێک بەرهەم دەهێنێت کە بە بێهودەترین جۆری هونەرەکان لە جیهاندا ڕازی و دڵخۆشن. ئۆسکار وایڵد بەر لەوەی بچێتە زیندانەوە دەیگوت: "خراپترین نەریتە نائاکارییەکان، ڕووپامایییە" و لەوکاتەدا ئەو بیری لەخۆی دەکردەوە.

ئەوانەی لە ئەورووپای بۆرژوایی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هونەریان بەرهەم دەهێنا (هێشتا نەموتووە هونەرمەند) نابەرپرسیارێتییان قەبوڵکردبوو. بەرپرسیارێتی پێویستی بەوە بوو کە ئەوان بەشێوەیەکی تەواو لە کۆمەڵگە دابڕانایە (ئەوانەی بە تەواوەتی لە کۆمەڵگە دابڕان بریتی بوون لە ڕامبۆ، نیچە و ستریند بێرگ و دەزانین کە چ باجێکیاندا) لەم کاتەدایە کە تیۆری "هونەر بۆ هونەر" جێگەی خۆی دەدۆزێتەوە و ئەم تیۆرییە تەنها جۆرێک دەربڕینی نابەرپرسیارێتییە. هونەر بۆ هونەر، بە تەواوەتی سەرگەرمیی هونەرمەندێکی تەنیایە، کە لەڕاستیدا هونەری دەستکردی کۆمەڵگەیەکی ساختە و ناواقیعییە. تیۆرییەکی هونەری لەم شێوەیە یان پەیوەستە بە گرووپێکی بچووکی کۆمەڵگەوە، یاخود دەبێتە هونەرێکی تەواو گرێبەستیی کە تەنها خۆدەرخستن و ئینتیزاعێکە و دەبێتە هۆی وێرانبوونی واقیع بەمپێیە هەندێک لەم بەرهەمانە، هەندێک کەس کەمەندکێش دەکات و لەکاتێکدا زۆربەیان خاو و توندوتیژن و ئەوانی دی خراپ دەکەن. دەرئەنجام هونەر لەدەرەوەی کۆمەڵگە شێوە و قەبارە وەردەگرێت و لە ڕەگە زیندووەکانی خۆی جیادەبێتەوە. کەم کەم، تەنانەت ناودارترین هونەرمەندیش تەنیا دەمێنێتەوە. یاخود لانی کەم لەنێوان نەتەوەکەی خۆیشیدا ناسراو نییە مەگەر لە ڕێگەی نێوەندگیری بڵاوکراوەکانی ڕۆژ یاخود ڕادیۆوە بناسێنرێت، کە ئەوانیش وێنەیەکی سادە و نەخەملێنراو پێشکەش

دەکەن. هەرچی هونەر تایبەتی تر دەبێت، بە جەماوەری کردنیشی سەختتر دەبێت. بەمشێوەیە، میلیۆنان مرۆڤ وا هەست دەکەن هەندێک هونەرمەندی گەورەی سەردەمەکەیان دەناسن، چونکە لە رۆژنامەکاندا خوێندوویانەتەوە، ئەو هونەرمەندە کەناری رادەگرێت، یان هەمیشە شەش مانگ دوای زەماوەند لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە. ئەمرۆکە زۆرترین ناوبانگ کاتێک بەدەست دەهێنیت یان ببیتە جێگەی سەرزەنشت، یاخود ببیتە جێگەی گرنگی پێدان و پیاهەڵدان، بێئەوەی بەرهەمەکانت بخوێنرێنەوە. هەر هونەرمەندێکی تامەزرۆی ناوبانگ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەبێت بزانێت ئەوە ئەو نییە ناوبانگ پەیدا دەکات، بەڵکو کەسێکی دیکەیە بە ناوی ئەوەوە، کەسێک سەرئەنجام خۆی لە بوونی هونەرمەند ئازاد دەکات و رەنگە رۆژێک هونەرمەندی راستەقینە لە ناخیدا بکوژێت.

کەواتە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە نزیکەی تەواوی ئەو بەرهەمە بەهادارانەی لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا لە ئەوروپای سەوداگەردا ئەفرێنراون -بۆنموونە لە مەیدانی ئەدەبیاتدا- ناڕەزاییەک بوون لە دژی کۆمەڵگەی سەردەمەکەی خۆیان. دەکرێت بوترێت تا سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا، ئەدەبیاتی باو بەزۆری ئەدەبیاتی رازیبوون بووە، بەڵام دوای شۆڕش، ئەوکاتەی چینی نێوەڕاست وەک بەرهەمی شۆڕش سەرپێ دەکەوێت جۆرێک ئەدەبیاتی بەرهەڵستکاری دروست دەبێت. بۆ نموونە لە فەڕەنسادا، لەلایەن ئەو کەسانەوە کە پابەندی بەهاکانی شۆڕش بوون، لە رۆمانتیکەکانەوە تا رامبۆ، بەها فەرمییەکان رەت دەکرێنەوە، لەم بارەیەوە ئالفرێد دوڤینی و بەلزاک دوو نموونەی باشن. هەم جەماوەری خەڵک و هەم خانەدانەکان، -کە دوو سەرچاوەی هەرجۆرە شارستانییەتێکن- لە دژی کۆمەڵگەی ساختە و ناواقیعی سەردەمەکەی خۆیان شۆڕش دەکەن.

بەڵام ئەم بیرکردنەوانە وشک بوون و چەقیان بەستووە، چونکە ماوەیەکی زۆر دەستیان پێوە گرتبوو، کەواتە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان بوونەتە ساختەکاری و رواڵەتبازی و سەرچاوەی جۆرێکی دیکە لە نەزۆکی و بێبەرهەمی. ناوەرۆکی ئەو شیعرە ئاوارتەییانەی لەسەر بنەمای پەیوەندییە بازرگانییەکان بەدی دێت "شاتر تون[٥] بەرهەمی ئەلفرێد دو ڤینی باشترین نموونەیەتی"، گریمانەیەکی پێشتر دیاریکراوە باس لەوە دەکات کە مرۆڤ ناتوانێت ببێتە هونەرمەندێکی گەورە مەگەر ئەوەی کە دژی کۆمەڵگەی سەردەمەکەی خۆی بوەستێتەوە، ئێستا ئەم کۆمەڵگەیە هەر چییەک بێت. دەربڕینی ئەوەی هونەرمەندێکی راستەقینە ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی پشتبەستوو بە پارە سازش بکات، سەرەتا دروست دەهاتە

بەرچاو، بەڵام ئەمە ڕێسایەکی گشتی دروست نییە و ئەم دەرئەنجامگیرییەی کە هونەرمەند ناتوانێت ببێتە هونەرمەند، مەگەر بەشێوەیەکی گشتی دژی هەموو شتێک بێت، نادروستە. هەربۆیە زۆرێک لە هونەرمەندانی ئێمە حەز دەکەن جیاواز بن و ئەگەر وانەبێت هەست بە گوناه دەکەن. ئەوان هەوڵ دەدەن هاوکات هەم ستایش بکرێن و هەم ڕەتبکرێنەوە. بەمپێیە، لە کۆمەڵگەی هیلاک و گوێ پێ نەدەری ئەمڕۆدا دەربڕینی ستایش و ڕەتکردنەوە جارجارە ڕوو دەدات. ڕۆشنبیری سەردەمی ئێمە هەرچی زیاتر هەوڵ دەدات تا خۆی گەورەتر نیشان بدات، بەڵام هونەرمەندی ئەمڕۆ لە ڕێگەی نکوڵیکردن لە هەموو شتێک، تەنانەت ڕێوڕەسمی هونەریی خۆیشی، دووچاری ئەم وێنا هەڵەیە دەبێت کە بەدیهێنەری ڕێسا تایبەتەکانی خۆیەتی و دواجار خۆی لە جێگەی خودا دادەنێت. هاوکات، پێی وایە دەتوانێت واقیعی تایبەتی خۆیشی بەدیبهێنێت، بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە تەنها چەند بەرهەمێکی گرێبەستی و ئینتیزاعی بەدی دەهێنێت. ئەم بەرهەمانە بەری ئەزموون و تاقیکردنەوەن و ئەو بەروبوومەیان نییە کە هونەری ڕاستەقینە هەیەتی و ئامانجەکەی بەدیهێنانی پەیوەندییە. بەکورتی لەنێوان بەرهەمە پیشەیی و ئینتیزاعییەکانی ئەمڕۆکە و بەرهەمی کەسانێکی وەک تۆلیستۆی یان مۆلێر بە هەمان ئەندازە جیاوازی هەیە کە لەنێوان چڵە گەنمێکی خۆڕسکی نادیار و کێڵگەیەکی پڕ بەرهەمی سەر خاکێکی بەپیتدا هەیە.

(٢)

بەمشێوەیە هونەر دەکرێت ڕازاندنەوەیەکی فریودەرانە بێت. جێگەی سەرسووڕمان نییە کە لەوەو بەدوا خەڵکان و هونەرمەندان خوازیاری تێڕامان بن و بۆ حەقیقەت بگەڕێنەوە. ئەوان هەر ئەوەندەی کە ڕاوەستان مافی تەنیایی و خەڵوەتی خۆیان ڕەتکردەوە. تەنیایی دەبێت بۆ هونەرمەند ڕوویەکی بابەتی هەبێت نەوەک ڕوویەکی خەونئامێز، بابەتێکی واقیعی کە بوونی هەیە و هەمووان لەگەڵیدا دەژین. ئەوان دڵنیا بوون کە "هونەر بۆ هونەر" چ لە ڕێگەی بابەتەکان و چ لە ڕێگەی شێوازەکەیەوە، بۆ کۆمەڵانی خەڵک مایەی تێگەیشتن نییە یان بەهیچ شێوەیەک حەقیقەتی ئەوان دەرنابڕێت، هەربۆیە داوایان لە هونەرمەند دەکرد سەبارەت بە زۆربە و بۆ زۆربە قسە بکات. ئەگەر هونەرمەند دەربڕی ڕەنج و ئازاری هەمووان بێت و بە زمانی گشتیی خەڵک قسە بکات، هەموو دونیا لێی تێ دەگەن. سەرئەنجام لە پاداشتی وەفاداری تەواویدا بۆ واقیع، دەتوانێت لەگەڵ هەمووان پەیوەندی دروست بکات.

ئامانجی تەواوەتی، واتە سەرکەوتن لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا، لەڕاستیدا ئەمە خواستی هەموو هونەرمەندێکی مەزنە. بە پێچەوانەی بیروباوەڕی باوەوە، ئەگەر بمانەوێت کەسێک بدۆزینەوە کە مافی تەنیایی و گۆشەگیریی نەبێت، ئەوە کەسێک نییە جگە لە هونەرمەند. هونەر ناتوانێت مۆنۆلۆگ بێت. تەنانەت گۆشەگیرترین و نەناسراوترین هونەرمەند کاتێک قسە بۆ نەوەکانی ئایندە دەکات، خەریکە جەخت لەسەر مەیلی بونیادی خۆی دەکاتەوە. کاتێک دەبینێت گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکانی گوێنەگر یان هزری پەرێشانی سەردەمەکەیدا ناکرێت، روو دەکاتە گفتوگۆ لەگەڵ نەوەکانی ئایندە.

بەڵام بۆ قسەکردن لەگەڵ هەمووان و بۆ هەمووان، دەبێت باس لەو شتە بکرێت کە هەمووان دەیزانن و واقیعی هاوبەشی هەموومانە. زەریا، باران، نیازەکان، خواستەکان، ئارەزووەکان، خەبات لەگەڵ مەرگدا ئەمانە ئەو شتانەن کە لە هەمووماندا هاوبەشن. ئێمە لەوشتانەدا کە پێکەوە دەیانبینین و لەو شتانەدا کە پێکەوە ئازامیان لەبەردا دەگرین، لەیەک دەچین. بەڵێ، وەک یەکین. خەونی تاکەکان لەیەک ناچێت، بەڵام واقیعی جیهان، بۆ هەموومان یەکێکە. کەواتە هەوڵدان بە ئاڕاستەی ریالیزمدا لە پەیوەندی بە سەرکەشی هونەرییەوە تەواو هەوڵێکی رەوایە.

کەواتە ئێمە دەبێت واقیعگەرا بین. یان باشترە بڵێم وەرن هەوڵ بدەین ئەگەر دەتوانین وابین. ئاخر زۆر دڵنیا نیین کە جیهان مانایەکی هەبێت؛ دڵنیا نیین ریالیزم، ئەگەر داواکراویش بێت، لە هونەردا بکرێت. ئەگەر باوەڕمان بە قسەی ناتۆرالیستەکانی سەدەی نۆزدە هەبێت، دەبێت بزانین کە ئەوان دەربڕی دروستکردنەوەی وردی واقیعن. کەواتە پەیوەندی ریالیزم لەگەڵ هونەردا وەک پەیوەندی وێنەگرتن وایە لەگەڵ نیگارکێشاندا. یەکەمیان دروستی دەکاتەوە و دووەمیان هەڵی دەبژێرێت، بەڵام وێنەگرتن چی دروست دەکاتەوە و واقیع چییە؟ کاتێک باس لە دروستکردنەوە و گواستنەوەی وەفادارانە بە واقیع دەکەین، تەنانەت باشترین وێنەکانیش نەک تەنها بەدیهێنەرەوەی وردی واقیع نین، بە ئەندازەی پێویست ناتوانن واقیعگەرایانەش بن. بۆ نموونە چ شتێک لە جیهاندا واقیعیترە لە ژیانی مرۆڤ؟ ئایا جگە لە فیلمێکی واقیعگەرایانە رێگەیەکی باشتر بۆ نیشاندانی ئەم ژیانە هەیە؟ بەڵام لە چ کاتێکدا هەلومەرج بۆ دروستکردنی فیلمێکی وا دەلوێت؟ لە هەلومەرجێکی تەواو خەیاڵیدا. دەبێت وای دابنێین کامێرایەکی خەیاڵی شەو و رۆژ لەسەر ئەم مرۆڤە زووم کراوە و بەردەوام جوڵە بە جوڵەی تۆمار دەکات. دروستکردنی وەها فیلمێک تەمەنێک درێژە دەکێشێت

و تەنها کەسانێکیش تەماشای دەکەن کە ئامادە بن تەمەنیان بۆ تەماشاکردنی وردەکارییەکانی ژیانی کەسێکی دیکە تەرخان بکەن. تازە بەمشێوەیەش، دیسان فیلمێکی لەمجۆرە ریالیستی نابێت. لەبەر ئەم هۆکارە سادەیە کە واقیعی ژیانی کەسێک سنووردار نابێت بەو شوێنەی ئەو بە ویست یان بێ ویستی خۆی تێیدایە. واقیعی ژیانی ئەو، بەرهەمی واقیعی ژیانی ئەوانی دیکەشە کە شێوەی پێ دەبەخشن، لە هەمووشی گرنگتر دەبێت ژیانی ئەو کەسانەش کە ئەم خۆشی دەوێن، بکرێتە فیلم؛ کەسانی نەناسراو، گرنگ و نا گرنگ، هاولاتییەکان، پاسەوانەکان، مامۆستاکان، ئەو هاورێ نەبینراوانەی لە کانەکان و کارگەکان ئیش دەکەن، دیپلۆماتەکان و دیکتاتۆرەکان، چاکسازە ئاینییەکان، ئەو هونەرمەندانەی ئەفسانەگەلێک دروست دەکەن کە کاریگەریی لەسەر ژیانمان دادەنێن. بەکورتی، نوێنەرانی ئەو بەختە کۆنترۆڵ نەکراوەی کە بەسەر بونیادیترین بەشی بوون و ژیاندا فەرمانرەوان. کەواتە تەنها یەک فیلمی ریالیستی دەتوانێت بوونی هەبێت، فیلمێک کە بێ راوەستاتان لە بەرامبەرماندا بە کامێرایەکی نەبینراو لەسەر پەردەی جیهان نیشان دەدرێت. کەواتە تەنها هونەمەندی ریالیست هەمان خودایە. تەواوی هونەرمەندانی دیکە کەسانێکی بێوەفان بەرامبەر بە واقیع.

ئەو هونەرمەندەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی و هونەرە فەرمی و گرێبەستییەکەی رەت دەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنها دەبێت قسە لەسەر واقیع بکرێت، لە بنبەستێکی بەئازاردا گیر دەخوات. دەبێت ریالیستی بێت، بەلام ناتوانێت. دەیەوێت هونەرەکەی شوێنکەوتەی واقیع بێت، بەلام بێ رووبەرووبوونەوەی هەڵبژاردنێک، کە واقیع دەکاتە شوێنکەوتە و گوێڕایەڵی بنەما سەرەتاییەکانی هونەر، ناتوانێت باس لە واقیع بکات. بەرهەمە جوان و تراژیکەکانی یەکەمین ساڵەکانی شۆڕشی روسیا بە روونی نیشانی دەدات چەندێک ئەم کارە بەئازارە. ئەوەی ئەو کاتە روسیا لەگەڵ بلوک و پاستەرناکی مەزن، مایا کۆفسکی، یەسەنین، ئایزنشتاین و یەکەمین رۆماننووسەکانی چیمەنتۆ و ئاسن پێشکەشی ئێمەی کرد، ئەزموونگەیەکی درەوشاوە بوو لێوانلێو لە فۆرم و ناوەرۆکەکان، نائارامی، دڵەڕاوکێی پڕبەرهەم و جۆش و خرۆشی دۆزینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا سەرئەنجام پێشکەشکردنی ئەم پرسە و ئەوەی چۆن دەکرێت واقیعگەرا بین، سەرەڕای ئەوەی واقیعگەرایی تەواو کارێکی نەکراوە، بووە پێویستییەک. دیکتاتۆرییەت بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەی دا: لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە ریالیزم سەرەتا کارێکی پێویست و پاشان مومکین بوو، بەلام بەو مەرجەی سۆسیالیستی بێت. مانای بەیاننامەیەکی لەمجۆرە چییە؟

ئەم بەیاننامەیە لەڕاستیدا و بە راشکاوی دانپێدانانێکی راستگۆیانەیە بەوەی کە ناتوانرێت بێ دەستدانە هەڵبژاردنێک، واقیع دروستبکرێتەوە و تیۆری ریالیزم بەوشێوەیەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا فۆرمالیزە کراوە رەت دەکاتەوە. کەواتە تەنها شتێک کە پێویستە دۆزینەوەی بنەمایەکە بۆ هەڵبژاردن کە شێوە بە جیهان دەدات و وەها بنەمایەک نەوەک لەو واقیعەدا کە ئێمە دەیناسین، بەڵکو لەو واقیعەدا کە دواتر دێت، دەدۆزرێتەوە. بەکورتی، لە ئایندەدا بۆ دروستکردنەوەی ئەوەی هەیە، دەبێت وێنەی ئایندە بکێشرێت. بە گوزارەیەکی دیکە، ئامانجی راستەقینەی ریالیزمی سۆسیالیستی بە وردی شتێکە هێشتا هیچ واقیعییەتێکی نییە.

دژوازییەکی تاڕادەیەک جوانە، بەڵام هەرئەم زاراوەی ریالیزمی سۆسیالیستییەش خۆی دژئامێز بوو. لە کاتێکدا واقیع تەواو سۆسیالیستی نییە، ریالیزمی سۆسیالیستی چۆن مومکینە؟ بۆنموونە، واقیع نە لە رابردوودا سۆسیالیستی بووە و نە بەگشتیش لە کاتی ئێستادا. وەڵامەکە سادەیە: دەبێت لە واقیعی ئەمڕۆ یان دوێنێ شتێک هەڵبژێرین کە موژدەدەری شاری نموونەیی ئایندە و لە راژەی ئەودابێت. کەواتە لە لایەکەوە، دەبێت هەر لایەنێک لە واقیع کە سۆسیالیستی نەبێت رەتبکەینەوە و لەلایەکی دیکەوە، ئەوشتەی کە سۆسیالیستییە یان دواتر دەبێت بە سۆسیالیستی بەرز رابگرین. جگە لەمشێوەیە، بە جۆرێک هونەری پڕوپاگەندە دەگەین، بە پاڵەوانە باش و خراپەکانییەوە؛ بە گوزارەیەکی دیکە، ئەدەبیاتێکی ئاڕاستەکارمان دەبێت کە رێک بە ئەندازەی هونەری فۆرمالیستی لە واقیعی دژوار و زیندوو بەدوورە. سەرئەنجام، ئەم هونەرە سۆسیالیستی دەبێت، چونکە ریالیستی نییە.

ئەم جوانیناسییە کە هەوڵ دەدات ریالیستی بێت، دەبێت بە جۆرە ئایدیالیزمێکی نوێ کە بە هەمان ئەندازەی ئایدیالیزمی بۆرژوایی بۆ هونەرمەندی واقیعگەرا بێ بەرهەمە. واقیع لە رواڵەتدا دەبێتە خاوەن سەنگەرێکی زۆر باش، تەنها بۆئەوەی زیاتر ئامادە بێت بۆ تووڕهەڵدان. هونەر بە رادەیەک کەم دەبێتەوە کە ئیدی بە گشتی دەبێتە هیچ و بە بینینی رۆڵی خزمەتکارێک دەبێتە بەندەیەک. تەنها ئەو کەسانەی خۆیان لە وەسفی واقیع بەدوور دەگرن بە ریالیست ناودەبرێن و رێزیان لێ دەگیرێت. بە پشتگیری هەمان ئەو کەسانەی بە ریالیست ناودەبرێن، ئەوانی دی سانسۆر دەکرێن. ئەو ناو و ناوبانگەی لە کۆمەڵگەی بۆرژواییدا بە نەخوێندنەوە یان خراپ خوێندنەوەی شاکارەکانەوە بەدی دێت، لە کۆمەڵگەی تۆتالیتاردا یەکسان دەبێت بە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەوانی دیکە. دیسان لێرەدا بارودۆخەکە بە شێوەیەکە هونەری راستەقینە دەشێوێندرێت، دەمی هونەرمەندی

ڕاسته‌قینه دادەخرێت و پەیوەندیی جیهانی لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە کە بە جۆش و خرۆشەوە هەوڵیان بۆ دەدا، ئەستەم دەکرێت.

لە هەمبەر وەها شکستێکدا، سادەترین کار ئەمەیە کە قەبوڵی بکەین ئەم ریالیزمە بە زراراوە سۆسیالیستییە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هونەری باڵا نییە و شۆڕشگێڕەکان بۆ ڕاژەی بەرژەوەندییەکانی شۆڕش دەبێت بەدوای جۆرێکی دیکەی جوانیناسیدا بگەڕێن. لەلایەکی دیکەوە هەروا کە هەمووان دەزانین بەرگریکارانی تیۆری ریالیزمی سۆسیالیستی بە دەنگی بەرز پێمان دەڵێن لە دەرەوەی ئەم تیۆرییە هیچ هونەرێک مومکین نییە بوونی هەبێت. بەکردەوە دەنگیان بەرز دەکەنەوە، بەڵام من باوەڕی قووڵم بەوە هەیە کە ئەوان باوەڕیان بەشتێکی لەمجۆرە نییە. ئەوان لەناخی دڵیانەوە بڕیاریان داوە بەها هونەرییەکان دەبێت شوێنکەوتووی چالاکییە شۆڕشییەکان بێت. ئەگەر ئەمە بە ڕاشکاوی دەربڕێت، باسکردن لەبارەیەوە ئاسانتر دەبێت. ئەو مرۆڤانەی لە دژوازی بەدبەختی خەڵک و ئەو تایبەتمەندییانەی جارجار بەر هونەرمەند دەکەوێت، ئازاری زۆر دەچێژن، شایستەی ڕێزگرتنن. ئەوان ئەم مەودا تەحەمول نەکراو و تاقەتپڕووکێنەی نێوان کەسانێک کە بەدبەختی ناچار بە بێدەنگبوونیان دەکات و ئەوانەی کە هەمیشە دەتوانن خۆیان دەربڕن، قەبوڵ ناکەن. مرۆڤ دەبێت بتوانێت لەم کەسانە تێبگات و هەوڵ بدات دیالۆگی لەگەڵیاندا هەبێت. بۆ نموونە دەبێت بتوانرێت دەستنیشان بکرێت کە خستنە ژێر فشار و سەرکوتی ئازادی داهێنەرانە ڕێگەی دروستی زاڵبوون بەسەر کۆیلایەتیدا نییە و بێبەشکردنی هەندێک کەس لە ئازادی ڕادەربڕین بەم بیانووە کە هەمووان لێی بەهرەمەند نین، کارێکی گەوجانەیە. ریالیزمی سۆسیالیستی دەبێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ ریالیزمی سیاسیدا بپارێزێت و بزانێت کە ئەم دووانە دوو برای دووانەن. ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە هونەر دەکاتە قوربانی ئامانجێک کە لەگەڵ هونەر بێگانەیە، بەڵام دەکرێت وابێتە بەرچاو کە لە ڕووی بەهاوە لە پلەیەکی بەرزتردایە. بەکورتییەکەی هونەر بەشێوەیەکی کاتی ڕادەگرێت تا سەرەتا دادپەروەریی بەرقەرار بکات. وەختێک دادپەروەریی هەبێت- لە هەلومەرجێکدا کە ئایندەی دادپەروەریی هێشتا نادیارە-، هونەر دیسان دەگەشێتەوە. بەمپێیە، ڕێسای زێڕینی عەقڵی هاوچەرخ لە ناوەرۆکی هونەریدا بەکاردێت. ئەم ڕێسایەی کە دەڵێت بەبێ شکاندنی هێلکەکان ناکرێت هێلکەوڕۆن دروستبکرێت، بەڵام دەبێت وریا بین ئەم هەستە هاوبەشە گومڕامان نەکات. بۆ دروستکردنی هێلکەوڕۆنێکی باش، شکاندنی هەزاران هێلکەش بەس نییە، چونکە ژمارەی هێلکە

شکاوەکان، لێهاتوویی چێشتلێنەرەکە دیاری ناکات. بەپێچەوانەوە، چێشتلێنەرە هونەرییەکانی سەردەمی ئێمە دەبێت ئاگادار بن کە زیاد لە ئەندازەی پێویست هێلکە نەشکێنن. ئەگەر وانەبێت رەنگە هیچکات هێلکەورۆنی شارستانییەت ئامادە نەبێت و هونەر هەرگیز زیندوو نەبێتەوە. توندوتیژی و بەربەرییەت هەرگیز زووتێپەڕ و کاتی نییە و هیچکات لە ناوچەیەکی تایبەتدا سنووردار نابێت و ئۆتۆماتیکی بە سروشتی خۆی لە قەڵەمڕەوی هونەرەوە بۆ قەڵەمڕەوی ئەخلاق دەگوازرێتەوە. ئەوسا دەتوانرێت ببینرێت کە لە خوێن و ئازاری مرۆڤەکان جۆرەها ئەدەبیاتی نزم بەرهەم دێت؛ چاپەمەنییە ئاستنزمەکان، ئەو نیگارانەی لە وێنە دەچن، نمایشنامەی بێتام کە تیایاندا نەفرەت جێگەی بیر و باوەڕ دەگرێتەوە. هونەر بە جۆرێک گەشبینی ناچاری بە لوتکەی خۆی دەگات، ئەویش لە نزمترین شێوە و پێکەنیناویترین جۆری دەربڕینی نادروستدا.

چ پێویستی بە سەرسووڕمانە؟ ئازار و رەنجی مرۆڤ هێندە بابەتێکی فراوانە وادێتە بەرچاو کە کەس نەتوانێت دەستی لێبدات، مەگەر کەسێک کە وەک جان کیتس[٦] هەستیار بێت. ئەو، وەک دەڵێن هێندە هەستیار بوو کە دەیتوانی بە دەستەکانی ئازار بگرێت. بابەتەکە کاتێک روونتر دەبێتەوە کە ئەدەبیاتی رامکراو هەوڵ بدات ئازار و خەم بە دڵدانەوەی فەرمی ئارام و هێور بکاتەوە. دەربڕینی نادروستی "هونەر بۆ هونەر"یش وا دەهاتە بەرچاو کە لە رواڵەتدا لە ناشیرینییەکان بێئاگایە و دواجار بەرپرسیارێتییەکەی دەخاتە ئەستۆی خۆی. دەربڕینی نادروستی ریالیستییانە، تەنانەت ئەگەر بتوانێت بەدبەختییەکانی مرۆڤیش قەبوڵ بکات، فریویکی جدی دەبێت، چونکە بەدبەختییەکان بە ئاڕاستەی ستایشی خۆشبەختی ئایندە بەکار دەهێنێت، ئایندەیەک کە هیچ کەس هیچی لەبارەوە نازانێت و رێگە بە هەموو جۆرە فریوێک دەدات.

دوو جۆر تەرزی بیرکردنەوە و تێڕوانین لەمەڕ جوانیناسی ماوەیەکی زۆر رووبەڕووی یەک بوونەتەوە، یەکێکیان سەرپێچی و یاخیبوونی تەواوەتی لە قەبوڵکردنی ژیانی واقیعی پێشنیاز دەکات و ئەوی دی بانگەشەی ئەوە دەکات هەر شتێک ژیانی واقیعی نەبێت، قەبوڵی ناکات. ئەم دووانە لە کۆتاییدا دوور لە واقیع رێک دەکەون– دەربڕینی نادروست و سەرکوتی هونەر. تیۆردانەرانی راست تەنانەت دانیش نانێن بەو مەینەتی و رەنجەی تیۆردانەرانی چەپ جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵام بەهەرحاڵ لەهەر دوو بوارەکەدا، هاوکات لەگەڵ رەتکردنەوەی هونەردا، رەنج و مەینەتی توندتر دەبێتەوە.

(٣)

ئایا دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم دەربڕینە نادروستانە ناوەڕۆکی خودی هونەرن؟ من لە بەرامبەردا دەمەوێت بڵێم ئەو بابەتانەی تا ئێرە قسەم لەبارەیانەوە کردووە، جۆرێک دەربڕینی نادروستن کە پەیوەندییەکی کەمیان بە هونەرەوە هەیە. کەواتە هونەر چییە؟ وەڵامدانەوەی ئەمە شتێکی سادە نییە. لەنێوان هاواری ئەم هەموو خەڵکەدا کە دەیانەوێت هەموو شتێک سادە بکەنەوە، دۆزینەوەی وەڵامەکە قورستر دەبێت. لەلایەکەوە بلیمەتەکان دەبێت بەرجەستە و تەنیا بن، لەلایەکی دیکەوە داوایان لێ دەکرێت کە وەک خەڵکی وابن. بەداخەوە راستییەکە لەمە ئاڵۆزترە. بەلزاک لەمبارەیەوە دەڵێت: "بلیمەت لە هەمووان دەچێت، بەڵام هیچ کەس لەو ناچێت". هونەریش هەر وایە، بەبێ واقیع هیچە و واقیعیش بێ ئەو بێمانایە. لە راستیدا هونەر چۆن دەتوانێت بێ واقیع بژی و چۆن دەتوانێت گوێڕایەڵی بێت؟ هونەرمەند بابەتی خۆی هەڵدەبژێرێت، رێک بە هەمان ئەندازەی کە بابەت هونەرمەندی خۆی هەڵدەبژێرێت. هونەر بە مانایەک شۆڕشێکە لە دژی هەموو شتێکی زووتێپەڕ و ناتەواو لە جیهاندا. لەم رووەوە، تەنها ئامانجی ئەوەیە شێوەیەکی دیکە بە واقیع ببەخشێت. لەگەڵ ئەوەشدا هونەر دەبێت واقیع لەبەرچاو بگرێت، چونکە واقیع سەرچاوەی هەستەکانە لە هونەردا. بەمپێیە هەموومان ریالیستین و لەهەمانکاتدا هیچ کەسیش ریالیست نییە. هونەر لە بەرامبەر ئەو شتەدا کە هەیە نە رەتکردنەوەی تەواوە و نە قەبوڵکردنی تەواویشە. هونەر هاوکات رەتکردنەوە و قەبوڵکردنە، هەر بۆیە دەبێت بە گۆڕینی ناچاری و هەمیشەیی سەنگەرەکەی ژیانێکی تازە بە خۆی ببەخشێت. هونەرمەند هەمیشە لە وەها حاڵەتێکی تەمومژاویدا دەژی؛ بێ توانا لە رەتکردنەوەی واقیع و لە هەمانکاتدا مەحکومە بە خستنە ژێر پرسیاری واقیع و دەبێت لایەنە ناتەواوە هەمیشەییەکانیشی لەبەرچاو بگرێت. بۆ کێشانی تابلۆیەکی سروشتی بێ گیان دەبێت لەنێوان نیگارکێش و بۆ نموونە سێوێکدا رووبەڕوو بوونەوە بەدیبێت. شێوەکان بەبێ بوونی رووناکی لە دونیادا هیچ نین، بەڵام بە نۆرەی خۆیان شتێک دەخەنە سەر ئەم رووناکییە. دونیای واقیعی کە بە رووناکی و درەوشانەوەی خۆی ژیان بە جەستە و پەیکەرەکان دەبەخشێت، هاوکات، خۆیشی لەوانەوە رۆشنایی وەردەگرێت کە کاریگەری دەکاتە سەر رووناکی ئاسمان. سەرئەنجام شێوازە باڵاکان لە نیوەی رێدا لەنێوان هونەرمەند و بابەتەکەیدا دەدۆزرێنەوە.

بەمپێیە بابەتەکە ئەوە نییە کە بزانین ئایا هونەر دەبێت لە واقیع خۆی بە دوور بگرێت یاخود نا، بەڵکو بابەتەکە پەیوەستە بەوەی چەندێک قورسایی واقیع

بخرێتە نێو باڵۆنی بەرهەمی هونەرییەوە تا نە لەنێوان هەورەکاندا ون ببێت و نە لەبەر زۆریی سەنگینی بەسەر زەویدا بخشێت. هەر هونەرمەندێک ئەم بابەتە بەپێی گونجان لەگەڵ توانا و لێهاتوویی خۆیدا چارەسەر دەکات. هەرچی شۆڕشی هونەرمەند لە دژی واقیعی جیهان زیاتر بێت، قورسایی واقیع بۆ هاوسەنگکردنی ئەم شۆڕشە دەتوانێت قورستر بێت، بەڵام ئەم قورساییە هیچکات ناتوانێت پێویستیی هونەرمەند بە خەڵوەت لەنێو بەرێت. باشترین بەرهەمەکان، وەک بەرهەمی تراژیدی نووسانی یۆنانی، ملویل، تۆڵستۆی و مولێر، بەردەوام ئەو بەرهەمانەن کە جۆرێک هاوسەنگی لەنێوان واقیع و رەتکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئەم واقیعە بەرقەرار دەکەن. ئەم گونجان لەگەڵ واقیع و رەتکردنەوەیەی بەشێوەیەکی گشتی لە گۆڕەپانی ژیاندا ئاڵوگۆڕ بەیەک دەکەن؛ هەروەک شادی و غەم. پاشان جارجارە دونیایەکی نوێ دەردەکەوێت کە جیاوازە لەگەڵ ژیانی رۆژانە و بەڵام هەمان دونیایە، تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە و لێوانلیوە لە نائارامی و ئازادە لە گوناه. ئەم دونیایەی باسمان کرد بەرهەمی هێز و هەستی حەزێکی زۆری بلیمەتێکە بۆ ماوەیەکی کورت. ئەم دونیایە وایە و هاوکات واش نییە. ئەمە هاواری دژئامێز و ماندوونەناسانەی هەموو هونەرمەندێکی راستەقینەیە، هاوارێک کە ئەو بەچاوی هەمیشە کراوەوە لەسەر پێ رادەگرێت. لەنێوان ئەم جیهانە خەوتووەدا، ئەم هاوارە، وێنەیەکی زوو تێپەڕ، بەڵام پایەداری واقیعێک زیندوو دەکاتەوە کە ئێمە دەیناسین بێئەوەی هیچکات لێی تێـگەیشتبین.

هەر بەمشێوەیە، هونەرمەند نە دەتوانێت لە سەردەمەکەی روو وەربگێڕێت و نە دەتوانێت لەنێویدا ون ببێت و بەلاڕێدا بڕوات. ئەگەر روو وەربگێڕێت، وڕێنە دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا کاتێک واقیعی بەرچاو قەبوڵ دەکات، بوونی خۆی وەک بابەت رادەگەیەنێت و نابێتە پاشکۆی. بە گوزارەیەکی دیکە، هونەرمەند هەر لەوساتەدا کە بڕیار دەدات لە چارەنووسی هەمووواندا بەشدار بێت، خۆی وەک تاکێک رادەگەیەنێت و لەم تەمومژ و ناڕوونییە رزگاری نابێت. هونەرمەند ئەوەی هەڵی دەبژێرێت لە رەوتی مێژوو دەرکی دەکات، یان ئەزموونی تاکەکەسی خۆیەتی. بە گوزارەیەکی دیکە، رووداوە هەنووکەییەکان و کەسانێک کە ئەمرۆ زیندوون دەبینێت و ئەزموون دەکات، نەوەک پەیوەندی ئەم رووداوە هەنووکەییانە لەگەڵ ئایندەیەکدا کە بۆ هونەرمەند پێشبینیکراو نییە. داوەریکردن لەبارەی مرۆڤی هاوچەرخەوە بە ناوی مرۆڤێکەوە کە هێشتا بوونی نییە، کاری پەیامبەرانە، بەڵام هونەرمەند دەتوانێت ئەو ئەفسانانە هەڵسەنگێنێت کە لە پەیوەندییەکی کاریگەردان لەگەڵ مرۆڤە زیندووەکاندا. پەیامبەرێکی ئایینی

یان سیاسی، هەروەک دەزانین، لە کارەکەی خۆیدا زۆر ورد و پارێزکار نییە، بەڵام هونەرمەندێک ناتوانێت ئەم کارە بکات. ئەگەر ئەو بەم رەهاییە داوەریی بکات، دەبێت واقیع بەسەر باش و خراپدا بەش بکات و دواجار دەرگیری یارییەکی زیاد لە ئەندازە نمایش ئاسا دەبێت، بەڵام ئامانجی هونەر ئەمە نییە یاسا دابنێت، یان فەرمانڕەوایی بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەپلەی یەک ئامانجی ئەمەیە تێبگات. هەندێکجار هونەر بەرەو جۆرێک دەسەڵات دەڕوات کە بەرهەمی هەمان تێگەیشتنە، بەڵام هیچ بەرهەمێکی هونەری هیچکات لەسەر بنەمای رق و نەفرەت بونیات نەنراوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە هونەرمەند دواجار ئازادکردن لە مەحکومکردن بە باشتر دەزانێت. دادوەریی ناکات، حەق دەبەخشێت، بەرگریکاری هەمیشەیی بوونەوەرە زیندووەکانە، لەبەر ئەوەی زیندوون. لەڕاستیدا برەوپێدەری عەشقە بە دراوسێ، نەوەک عەشق بە نامۆیەکی دوورەدەست کە مرۆڤدۆستی هەنووکەمان بۆ ئەوێ دەبات و دەیگۆڕێت بۆ جۆرێک پرسیار و وەڵام لە دادگەدا. بەرهەمێکی هونەری مەزن دواجار دادوەرییەکان دەگۆڕێت. ستایشی سیمبولە مرۆییەکان دەکات و لە هەمبەر خراپترین تاوانبارەکاندا سەر دادەنەوێنێت. ئۆسکار وایڵد لە زینداندا دەنووسێت: "لەنێوان ئەم چارەڕەشانەدا کە هاوڕێ لەگەڵ من لەم شوێنە مەینەتبارەدا زیندانیین، تەنانەت یەک کەسیش نییە کە لەگەڵ رازەکانی ژیاندا پەیوەندییەکی سیمبولیکی نەبێت". بەڵێ، ئەم رەمز و رازەی ژیان لەگەڵ رازەکانی هونەردا هاوئاهەنگە.

لە سەدوپەنجا ساڵی دواییدا، ئەو نووسەرانەی لە کۆمەڵگەی بازرگانیدا ژیاون، جگە لە چەند ئاوارتەیەک، پێیان وابووە دەتوانن لە هەلومەرجێکی نابەرپرسیارانەدا بە خێر و خۆشی بژین. لەڕاستیدا ئەوان ژیان، بەڵام لە تەنیاییدا مردن، هەر بەوشێوەیەی لە تەنیاییدا ژیابوون. ئێمەی نووسەرانی سەدەی بیستەم نابێت ئیدی لە تەنیاییدا بمێنینەوە. بە پێچەوانەوە، دەبێت بزانین ناتوانین لە بەدبەختی گشتی هەڵبێین و تەنها کاری شیاوی ئێمە (ئەگەر کارێکی شیاو بوونی هەبێت) ئەمەیە تا ئەو شوێنەی دەتوانین، لەجێگەی ئەو کەسانەی کە ناتوانن، دەنگی خۆمان بەرز بکەینەوە. ئێمە دەبێت پشتگیریی تەواوی ئەو کەسانە بکەین کە لەم ساتەدا ئازار دەچێژن. لەبارەی هەموو ئەوەی کە هەیە قسە بکەین، لەمەڕ شانازییەکانمان، رابردوو و ئایندە، دەوڵەتەکان و ئەو پارتانەی ستەمیان لێ دەکەن. بۆ هونەرمەند ئەشکەنجەدەری باشتربوونی نییە. هەر لەبەر ئەمەیە کە جوانیی تەنانەت ئەمڕۆ و بەتایبەت ئەمڕۆ، ناتوانێت لە راژەی هیچ پارتێکدا بێت. جوانیی چ لە درێژماوە و چ لە کورتماوەدا ناتوانێت لە راژەی هیچ

شتێکدا بێت جگە لە ڕەنج یا ئازادیی مرۆڤەکان. تەنها هونەرمەندی بەڕاستی پابەند کەسێکە سەربەخۆ کار بکات و ئەگەر بەشداری خەباتیش نەکان نەچێت ریزی لەشکرە ڕێکخراوەکانەوە. ئەوەی ئەو لە جوانیی فێری دەبێت، ئەگەر بە ویژدانەوە وێنەی بکێشێت، خۆپەرستانە نابێت، بەڵکو دەبێتە هەستێکی قووڵ سەبارەت بە دۆستایەتی جۆری مرۆڤ. جوانیی هەر بەوشێوەیەی کە دەیزانین هەرگیز کەسی بەرەو زیندان نەبردووە. بەپێچەوانەوە هەزاران ساڵە کە جوانیی، هەموو ڕۆژ و هەموو ساتێک، دڵی میلیۆنان مرۆڤی ستەمدیدەی داوەتەوە و جارجارە هەندێک لەوانی بۆ هەمیشە ئازاد کردووە.

لە بنەڕەتدا گەورەیی هونەر هەر لە کێشمەکێشی بەردەوامی نێوان جوانی و ئازاردا شاردراوەتەوە؛ لەنێوان عەشقی مرۆڤ و شێتیی ئەفراندندا؛ لەنێوان تەنیایی تاقەتپڕوکێن و جەنجاڵیی خەڵکدا؛ لەنێوان ڕەتکردنەوە و قەبوڵکردندا. هونەر لەنێوان دوو هەڵدێرگەی گەورەدا دەچێتە پێشەوە، یەکێکیان بێهوودەیی و ئەوی دی پڕوپاگەندەیە. لە لووتکەی ئەم دوو هەڵدێرگەیەدایە کە هونەرمەندە گەورەکان دەچنە پێشەوە و هەر هەنگاوێک جۆرێک ریسک کردن و سەرکێشیی گەورەیە، بەڵام ئازادیی هونەر لەم ریسک کردنەدایە و بەس. ئەم ئازادییە زۆر دژوار بەدەست دێت و بەکارهێنانی ئاسان نییە و زیاتر لە جۆرێک دیسپلینی زۆر توند دەچێت. کام هونەرمەند نکوڵی لەمە دەکات؟ کام هونەرمەند دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە بێوچانە هەمیشەییە بە تەواوەتی پێگەیشتووە؟ ئەم ئازادییە تەندروستی جەستە و عەقڵی دەوێت، شێوازێک کە ڕەنگدانەوەی بەهێزیی ڕۆح و ڕووبەڕووبوونەوەی ئارامگرانە بێت. ئەم ئازادییە، وەک هەموو ئازادییەکان، ریسک کردنێکی بەردەوامە، سەرکێشییەکی بێکۆتایی و هەر بەم هۆیەوەیە خەڵکی ئەمڕۆ خۆیانی لێ بەدوور دەگرن. هەر بەوجۆرەی لە ئازادی و بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان بەدوور دەگرن تا لانی کەم ئارامییەکیان دەستبکەوێت و بە هەر جۆرە سنووردارییەک ڕازین.

بەڵام ئەگەر هونەر جۆرێک سەرکێشی نییە کەواتە چییە و چ ئاراستەیەکی هەیە؟ ئاسایش و ئارامیی هونەرمەندێکی ئازاد ناتوانێت لە ئەندازەی ئازادییەکەی زیاتر بێت. هونەرمەندی ئازاد کەسێکە بە کاری سەخت و تاقەتپڕووکێن، سیستمی خۆی بەدی دەهێنێت. هەرچەندێک بەدیهێنانی دیسپلین لەم ئەفراندنەدا گرانتر بێت، کارەکەی دژوارتر و بەرگریکردنیشی لە ئازادی زیاتر دەبێت. من هەمیشە لەگەڵ ئەم وتەیەی ئەندریە ژێد هاوڕابووم. هەرچەندە دەکرێت بە ئاسانی هۆکاری بەدحاڵیبوون بێت. وتوویەتی: "هونەر بە گیروداو و سنووردارکردن

زیندووە و بە ئازادی دەمرێت". ئەمە راستە، بەڵام نابێت والێکبدرێتەوە کە دەتوانین هونەر رام بکەین. هونەر تەنها بەو گیروداوانەی خۆی بۆخۆی دروست دەکات، دەژی. بە هەر گیروداوێکی دیکە دەمرێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر خۆی سنووردار نەکات رێگە بۆ پاشاگەردانی و شپرزەیی زەینی دەکاتەوە و دەبێتە کۆیلەی خەیاڵاتی پەتی. هونەرێک کە لە هەمووان ئازادتر و شۆڕشگێڕانەترە هەمان هونەری کلاسیکە کە باڵاترین هەوڵەکان دەنرخێنێت و پاداشت دەکات. تا کاتێک کۆمەڵگەیەک و هونەرمەندەکانی ئەم هەوڵە دوورودرێژ و ئازادانەیە قەبوڵ نەکەن؛ تا کاتێک لە سنووری سەرگەرمییەکاندا یان هاودەنگی و گوێڕایەڵیدا ئاسوودە بن و لە یارییەکانی هونەر بۆ هونەردا یان ئامۆژگارییەکانی هونەری ریالیستیدا بەشوێن ئارامییەوە بن، لە پووچگەرایی و بێبەرهەمیدا، سەرگەردان دەمێننەوە. هەموو ئەمانە مانای ئەوەیە کە ئەمڕۆکە، ژیانەوە لە گرەوی دلێری و خواستی ئێمەدایە بۆ رووناکی و گەشبینی.

ئەم ژیانەوەیە لە دەستی هەمووماندایە. ئەگەر بڕیار بێت رۆژئاوا "دژەئەسکەندەرێک" بەدیبێنێت تا گرێ کوێرەی شارستانییەت، کە بە شمشێری ئەسکەندەر کرایەوە، گرێبداتەوە، ئەم کارە لە ئەستۆی ئێمەدایە. بۆ ئەمکارە دەبێت هەموو جۆرە مەترسی و زەحمەتێک لە رێگەی ئازادیدا قەبوڵ بکەین. پێویست ناکات بزانین ئایا بە هەوڵدان بۆ پاراستنی دادپەروەریی دەتوانین ئازادی بپارێزین یان نا. ئێمە پێویستە بزانین بەبێ ئازادی بە هیچ شتێک ناگەین و هەم دادپەروەریی ئایندە و هەم جوانیی دێرین لەدەست دەدەین. ئازادی بە تەنیا دەتوانێت مرۆڤەکان لە گۆشەگیریی دەربهێنێت. دیکتاتۆرییەت بەسەر تەنیاییەکاندا دەسەڵاتی هەیە و کۆیلەیی لێکمان جیادەکاتەوە و هونەر بە هۆی زاتە ئازادانەکەیەوە یەکمان دەخات. جێگەی سەرسووڕمان نییە کە ئازادی دوژمنی هەڵبژێردراوی هەموو زۆردار و ستەمکارەکانە و هونەرمەندان و رۆشنبیران یەکەمین قوربانییەکانی دیکتاتۆرییەتی مۆدێرن بوون، بێ گوێدانە ئەوەی کە سەر بە راست بوون یان چەپ.

ستەمکاران دەزانن لە کارێکی هونەریدا هێزێکی رەهایی بەخش هەیە تەنها بۆ کەسانێک نهێنیئامێز و سەرسووڕهێنەرە کە ستایشی ناکەن. هەر بەرهەمێکی هونەری مەزن، سیمای مرۆڤ جێگەی ستایشتر و پڕماناتر دەکات و تەواوی رازی هونەر لەمەدایە. بە هەزاران ئۆردوگای چاودێری و زیندانی تاکەکەسیش ناتوانێت ئەم گەواهییە راتەکێنەرە لەمەڕ سەربەرزی و پایە بڵندیی مرۆڤ بشارێتەوە. هەر بەم هۆیەوە راست نییە ئەگەر بڵێین دەتوانین کەلتوور، تەنانەت

بە شێوەیەکی کاتیش رابگرین، تا رێگە بۆ کەلتوورێکی نوێ بکەینەوە. گەواهی بەهێزی مرۆڤ لەسەر رەنج و گەورەیی ئەو راناگیرێت. ناتوانین هەناسەدان رابگرین. هیچ کەلتوورێک بەبێ میرات بوونی نییە و ئێمە ناتوانین و رێگەمان پێ نەدراوە بەشێک لە میراتی کەلتووری رۆژئاوایی خۆمان رەتبکەینەوە. بەرهەمە هونەرییەکان هەرچییەک بن هەمان رەمزورازەیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەمەش بەرهەمی دلێری و ئازادبیرکرنەوەی هەزاران هونەرمەندە لە تەواوی قۆناغەکاندا.

بەڵێ، کاتێک دیکتاتۆرانی هاوچەرخ نیشانی دەدەن هونەرمەند تەنانەت کاتێک کە ئازادیش نییە دوژمنی خەڵکە، تەواو لەمە تێدەگەین، بەڵام بەم پێیە دیکتاتۆرییەت، لەڕاستیدا لە رێگەی هونەرمەندەوە ستایشی ئەو وێنەیەی هونەرمەند دەکات کە تا هەنووکە هیچ شتێک نەیتوانیوە تێکیبشکێنێت.

بەکورتی ئەوەی دەمەوێت بیڵێم لەنێوان ئەم هەراوزەنا و توندوتیژییە لە مێژوودا ئەمەیە: "لێگەڕێن با شاد بین".

لەوەی کە بینەری دارمانی ئەوروپایەکی نادروست و خۆشگوزەرانیخواز بووین و لەگەڵ حەقیقەتە تاڵەکاندا رووبەڕوو بووینەتەوە، بەڕاستی هەست بە شادی بکەین. لەوەی کە فریوێکی درێژخایەن لەنێو چووە و دەتوانین ئەو شتەی هەڕەشەمان لێ دەکات بە روونی ببینین، وەک مرۆڤێک هەست بە شادی بکەین. لەوەی کە لە خەو هەستاین و توانیمان ببیستین، لەوەی کە ناچار بووین لە بەرامبەر هەژاری، زیندان و خوێنڕشتندا راوەستین، وەک هونەرمەندێک هەست بە شادی بکەین. ئەگەر یادەوەری ئەم رۆژانە و ئەم رووخسارانە لە یاد نەکەین، ئەگەر کاتێک لە هەمبەر جوانییەکانی جیهاندا رادەوەستین ئەوانەی کە زەبوون کراون لەیاد نەبەینەوە، ئەوکات هونەری رۆژئاوا هێز و پایەی خۆی کەم کەم بەدەست دەهێنێتەوە. نموونەگەلی ئەم هونەرمەندانە کە لەگەڵ ئەم ئاریشانەدا رووبەڕووبوونەتەوە لە مێژوودا هەیە، بەڵام کاتێک کە تەنانەت سادەترین وشەکان و گوزارشتەکان بە بەهای ئازادی و خوێن بۆ هونەرمەند تەواو دەبێت، ئەو دەبێت فێربێت کە بە پارێز و سنووردارییەوە بەکاریان بهێنێت. مەترسی، مرۆڤەکان بۆ سەردەمانی کلاسیک دەگێڕێتەوە، چونکە مەزنایەتی لە قەبوڵکردنی مەترسیدایە.

سەردەمی هونەرمەندانی نابەرپرسیار بەسەر چووە. کات و ساتێکی خۆش بوو، بەداخەوە، ئیدی کۆتایی هاتووە، بەڵام دەبێت قەبوڵی بکەین ئەم ئەزموونە دژوارە یارمەتیمان دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەرزش و متمانە، ئێمە ئەم

نەبەردخوازییە قەبوڵ دەکەین. ئەگەر تەنها ئامانجی هونەر دابینکردنی ژیانێکی خۆش و ئاسوودە بێت بۆ هونەرمەند ئەوسا ئازادیی هونەر بەهایەکی گەورەی نابێت. بۆئەوەی بەهایەک یان بەرژەوەندییەکی باش لە کۆمەڵگەیەکدا رەگ داکوتێت، نابێت فریویێک لەئارادا بێت، بە دەربڕینێکی دی ئێمە دەبێت هەرجارێک کە دەتوانین بەهاکەی بدەین. ئەگەر ئازادی کارێکی مەترسیدار بێت، دووچاری گەندەڵی و بێبەهایی نابێت. بۆ نموونە، من لەگەڵ ئەوانەی سکاڵا لەدەست کەوتنی مەعریفە دەکەن، هاوڕا نیم.

بەڕواڵەت لەسەر حەقن، بەڵام لەڕاستیدا مەعریفە هیچکات بە ئەندازەی ئەوکاتە روو لە ئاوابوون نەبووە کە رووبەڕووی هیچ مەترسییەک نەبووەتەوە و تەنها پەیوەست بووە بە ژمارەیەک مرۆڤگەراوە و بە تەپوتۆزی کتێبخانەکان داپۆشرابوو، بەڵام ئەمڕۆ دواجار پاش ماوەیەکی زۆر مەعریفە و حیکمەت ناچارە لەگەڵ ریسکە واقیعییەکاندا رووبەڕووبێتەوە، ئەم ئەگەرە بوونی هەیە کە بتوانێت هەستێتەوە سەرپێ و رێز بۆخۆی بگەڕێنێتەوە.

دەڵێن نیچە دوای پچڕانی پەیوەندیی لەگەڵ لو سالومە[٧]، لە تەنیایی تەواوی خۆیدا زۆر دڵشکاو و هاوکات لەو کارە گەورەیەی کە دەیویست بێ هیچ یارمەتییەک ئەنجامی بدات زۆر خرۆشاو بوو. شەوان بەسەر ئەو کێوانەدا کە بەسەر دوورگەی جەنەوادا دەیانڕوانی پیاسەی دەکرد و بە گەڵا و لقی درەختەکان ئاگری دەکردەوە و تەماشای سووتانی ئەو گەڵا و لقانەی دەکرد. من زۆرجار کەوتوومەتە بیری ئەم ئاگرانە و بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان و بەرهەمەکانیان هەندێکجار ئەوانم لە بەرامبەر ئەم ئاگرانەدا وێنا کردووە. بەڵا، سەردەمی ئێمە یەکێکە لەم ئاگرانە کە تینی تەحەمولنەکراوی بە دڵنیاییەوە زۆرێک لە بەرهەمەکان دەکاتە خۆڵەمێش! بەڵام ئەو بەرهەمانەی بە سەلامەتی دەردەچن و گەوهەر و ناوەرۆکەکەیان بە دەستلێنەدراوی دەمێنێتەوە، دەتوانین چێژ لە بینینیان وەربگرین و بێ هیچ جۆرە سنووردارییەک "ستایش"یان بکەین.

مرۆڤ دەتوانێت ئارەزوو بکات، هەروەک من چۆن ئارەزوو دەکەم، ئاگرێکی گونجاوتر و دەرفەتێکی کورتمان دەستبکەوێت تا بتوانین تێپەڕین، بەڵام رەنگە هیچ ئارامییەک بۆ هونەرمەند نەبێت جگە لەو ئارامییەی لە گەرما و تینی خەباتدا دەیدۆزێتەوە. ئیمرسۆن جوانی وتووە: "هەر دیوارێک دەرگایەکە". دەبێت لەو دیوارەدا کە لە بەرامبەرماندایە بە دوای دەرگا و رێگەی چوونە دەرەوەدا بگەڕێین. وەرن لەو شوێنەدا کە هەیە بۆ دەرفەتی هەناسەدان بگەڕێین، لەنێو جەرگەی خەباتدا، ئەمە قسەی کۆتایی منە. دەڵێن بیرۆکە گەورەکان لەسەر پێی باڵندەکان

دێنە دونیاوە. ئەگەر گوێ رادێرین رەنگە لە نێوان هاتوهاواری ئیمپراتۆری و نەتەوەکاندا، بتوانین دەنگی ناسکی باڵی باڵندەکان و دەنگی ئارامی ژیان و ئومێد ببیستین. هەندێک دەڵێن ئەم ئومێدە لە نەتەوەیەکدایە و هەندێکیش دەڵێن لە تاقەکەسێکدا. من لەو باوەڕەدام ئەم ئومێدە لەلایەن ملیۆنان مرۆڤی تەنیاوە بەدیهاتووە، ژیانی بەبەردا کراوە و گەشەی کردووە؛ لەلایەن ئەو کەسانەوە کە بەرهەم و کارەکانیان هەموو رۆژێک سنوورەکان و خاوترین چەمکەکانی مێژوو رەت دەکاتەوە. سەرئەنجام، ئەو حەقیقەتە هەمیشە هەڕەشە لێکراوە کە تاک تاکی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای رەنج و شادییەکانی خۆیان بونیاتی دەنێن، بە مەشخەڵە شەکاوەکەیەوە دەدرەوشێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەم وتارە لەژێر ناونیشانی "هونەرمەند و سەردەمەکەی" لە مێژووی ١٤ی دیسامبەری ١٩٥٧دا لە تالاری گەورەی زانکۆی ئۆپسالا پێشکەش کراوە.

٢- دەزانین تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم "سەوڵ لێدان لە کەشتیدا" جۆرێک بووە لە سزادان بەکاری قورس.

٣- Bérnénice یەکێک لە تراژیدییەکانی راسین.

٤- فەرمانێک کە هێنری چوارەم پادشای فەرەنسا لە ساڵی ١٥٩٨دا لەسەر بنەمای پێدانی هەندێک ماف بە پرۆتستانەکان دەریکرد و لویی چواردەیەم لە ساڵی ١٦٨٥دا هەڵیوەشاندەوە.

٥- Chatterton

٦- Keats شاعیری ئینگلیزی

٧- Lou Salome

**سەرچاوە:**

نامە هایی بە یک دوست المانی و هنرمند و زمان او، البر کامو، سعید پابت قدم، چاپ اول ١٣٩٠، نشر گل مهر، ص ٤٩-٧١.

# چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٢ی

# بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




ناسیۆنالیزمی کوردی و
هۆکارەکانی کامڵ نەبوونی
ئازاد تۆفیق خەیات
لێکۆڵینەوە

---




بۆتیقای پێکهاتەخواز

محەمەد تەرەغە
فیکری

---




شتێ لە گیرفانی دایکمدایە

جەلیل کاکەوەیس
چیرۆک




## پریستڕۆیکای بەهاری عەرەبی

**ئەنوەر حسێن(بازگر)**

**وتار**

---




## پێشتربوونی دیمۆکراسی لە فەلسەفە

**فاتح سەعیدی**

**وتار**

---




## رۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی

**ئا. شەریف فەلاح**

**فۆلکلۆر**




**چنینی دەق لە شیعرەکانی (نالی)دا**

**ئاڤان عەلی میرزا**
**لێکۆڵینەوە**

---




**چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی**

**ناڵە حەسەن**
**لێکۆڵینەوە**

---




**شاسوارێک بەسەر پەرشتی باوە**

**و. محەمەد کەریم**
**ڕۆمان**




## شوناسی ئۆلی و فەلسەفی نەتەوەی کورد

**محەمەد حیجازی**

لێکۆڵینەوە

---




## کلیلی ژیان

**زاهیر زانا- زانست زانا**

رۆشنبیری گشتی

---




## گفتوگۆکان

**شوان ئەحمەد**

دیمانە




**پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەراییدا**

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

فیکریی

---




**جەللادێکی قوربانی**

پشتیوان هەڵەبجەیی

کورتە چیرۆک

---




**دیبلۆماسییەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا**

ئاراس ڕەفیق زەینەل

مێژوویی




**شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی بۆ سەرچاوەکانی ئاو لە ناحیەی سیروان**
میقداد عەلی ئەحمەد
لێکۆڵینەوە

---




**کاریگەری سەوزایی لەسەر ژینگەی شاری سلێمانی**
ڕزگار ڕەسوڵ عەبدولرەحمان
زانستی باخچەکان

---




**کورتەیەک لەسەر جینۆساید و تاوانکاری نێودەوڵەتی**
ئەحمەد فاتیح محەمەد
یاسایی




## لە پەراوێزی مەرگی شاپەڕوەردا

**برایم محێدین عارف**
کەلەپوور

---




## لەپێناو ئاواتەکاندا

**ئیقبال سەفەری**
ڕۆمان

---




## نەمری و گێڕانەوە

**ئارام سدیق**
لێکۆڵینەوە

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە